
QASIMLU




# قاسملوو: ڕێبەر و زانای ئاشتیخواز

## لە یادی ٢٧ ساڵەی شەهید د. قاسملوو دا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟............................................... مستەفا شەڵماشی ...................... ٥
٢- قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و رێبەرێکی بەهەڵوێست................................... عەزیز شێخانی ........................ ٩
٣- قاسملووی ئاکادێمیک........................................................................ سۆران عەلیپوور ...................... ١٢
٤- قاسملوو، رێبەرێکی واقیعبین.............................................................. برایم چووکەڵی ...................... ١٥
٥- هەموو ژیانی قاسملوو حیزبی دێموکرات بوو!............................................. کۆسار فەتاحی ...................... ١٨
٦- بۆ یادی ٢٧ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو................................................... دەبابەی کۆڕێ ...................... ٢١
٧- ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی سەرکەوتنی مەزنەئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ............... ڕەزا فەتحوڵلانژاد .......... ٢٥
٨- لە ڕێبازی قاسملوودا، ڕێبەران، سەنگەری پێشەوەی بەرگرین"........................... فواد خاکی بەیگی ..................٢٧
٩- دکتۆر قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەری سیاسی و.................................. محەممەد سلێمانی .................. ٣١
١٠- قاسملوو هەروا ڕێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە............................................ مەجید حەقی ......................٣٣
١١- رازی هەرمانی دوکتور قاسملوو............................................................ ئازاد کەریمی ...................... ٣٥
١٢- بۆ دەبێ ٢٢ی پووشپەڕ لە کوردستان، مانگرتنی گشتی بەڕێوەبەرین؟.................. ڕەحیم ڕەشیدی ...................... ٣٨
١٣- ٢٣ی پووشپەر - راسان و یەکگرتنەوەی دووبارەی دێموکرات............................. مەجید حەقی ......................٤٣
١٤- لە یادی د.قاسملوو دا.......................................................... ئامادەکاری; ڕۆژنامەی کوردستان ............ ٤٦
١٥- بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا............ کوردستان و کورد ............... ٥٠
١٦- دوکتور قاسملووی مەزن و هەموو ساڵێ یادکردنەوە..................................... کەریم ئەڵڵاوەیسی ..................٥٣
١٧- قاسملوو، رێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان................................................ حەتەم کێلەشین ...................... ٥٥
١٨- نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەلکساندر واندێبێلن ......... کوردستان و کورد .................٥٩
١٩ - وتووێژی رۆژنامەی بە ناوبانگی ئوتریشی Die Presse لە لەگەڵ بەرێز عەتا نەسیری............ ئارەزوو ........ ٦١
٢٠- وتووێژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ.......................... ئیبراهیم قاسمی‌زاد ............... و: هیوا میرزایی .....٦٤
٢١- بەیتی* قاسملوو یان حەدیسی کونەجەرگ بوون و بەرەوپیری مەرگ چوون............................ عارف سەلیمی ...... ٦٧
٢٢- ئێمە قاسملوومان تیرۆر کرد.......................................................................... ناسر فەتحی ....... ٧٣

٢٣- ئێران و قەتڵ لە ڤیەننا............................................... مایکڵ ڕۆبن ............ کامێنتری مەگەزین ....... ٧٦

٢٤- دکتۆر قاسملو: "بیرمەندە شۆڕشگێڕەکە" ............................................................ شەریف هەژاری ......... ٧٨

٢٥- بۆ پووشپەڕی خوێناوی و کۆترە زامدارەکەی ڤیيەن................................................ قادر وریا ............. ٨١

٢٦- نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین.......................................................... عەبدوڵڵا حیجاب ....... ٨٣

٢٧- د. قاسملوو لە پێناو "مانەوە"دا بەرەو مەرگ هەنگاوی نا....................................... ئاگری باڵەکی ......... ٨٥

٢٨- لە نێوان خۆبەخت کردنو هەلپەرستیدا،........................................................... کەریم پەرویزی ......... ٨٨

٢٩- تایبەتمەندییە بەرزەکانی شەهید دوکتور قاسملوو،................................................حوسێن نازدار .......... ٩٢

٣٠- قاسملوو، لە ڕێبازی ئازادی دا............................................................... عومەر غولام عەلی ..... ٩٥

٣١- قاسملوو، وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو................................................ وریا ڕەحمانی .......... ٩٩

٣٢- لە ٢٣ی پووشپەڕەوە بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ........................................................ مەجید حەقی ............. ١٠١

٣٣ - وتووێژێکی د. قاسملوو لەگەڵ چەتین چەکۆ ................................ لە تورکییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی .........١٠٤

٣٤- قاسملوو و بۆسەی ڤیيەن.............................. کریس کۆچێرا ........... لە فەرەنسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی ....... ١١٠

٣٥- ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون........ بە قەڵەمی کریس کۆچێرا...... و: قادر وریا.....١١٦

٣٦- قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان لە .............. کوردستان و کورد ................ ١٢١

٣٧- هە راوهوریای ژیانێک و بێ دە نگی مە رگێک........... ئامادەکردنی ئاسۆ ساڵح ............... و: ڕەشید زەرواوی .......١٢٤

٣٨- ٢٥ ساڵ پێش گەلی کورد قاسملوویەکی مەزنی لە دەستدا........................................... عارف باوەجانی ........ ١٣٣

٣٩- قاسملوو ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەر قاسملوویەو خەونی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەیەتی........... حیسام دەست پیش ....... ١٣٥

٤٠- بۆ قاسملوو............................................................................. کەریم فەرخەپوور ....... ١٣٧

٤١- د.قاسملوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیکدا.................................. هەژیر عەبدوڵلاپوور ..... ١٣٩

٤٢- د.قاسملووڕێبەرێکی دێموکراتو سیمای بەرزی مرۆڤایەتی....................................... حوسێن نازدار ............ ١٤٢

٤٣- وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حدک.......................................................... ١٤٥

٤٤- ساڵڕۆژی تیرۆری د.قاسملوو و بەرپرسیارەتی ئەخلاقی........................................ مادح ئەحمەدی .......... ١٤٧

٤٥- تێڕوانینێک لەسەر چەمکی قاسملوویيسم لەکوردستان............................................. هادی عارفی ............ ١٥٠

٤٦- دکتۆر قاسملوو، بیرمەندە شۆڕشگێڕەکە.......................................................... شەریف هەژاری ......... ١٥٩

٤٧- دوکتۆر قاسملوو، ڕێبەرێکی کاریزما و سیاسەتمەدارێکی ئاشتیخواز............................... هیوا ئەحمەدی .......... ١٦٢

٤٨- قاسملو هێمای نەتەوەیەک یان خودی نەتەوە.!.................................................. حیسام دەست پیش ....... ١٦٩

٤٩- مەرگی قاسملوو ، مەرگی خۆرە تاوە.............................................................. ئەحمەد شێربەگی ....... ١٧٣

٥٠- ژیان و تێکۆشانی خەباتکاری شەهید کاک عەبدوڵا قادری ئازەر لە ڕێگایەک بەروخۆڕدا.................................. ١٧٦

٥١- لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟....... قادر وریا ........... ١٨٢

٥٢- مانگرتنێکی جیاواز! (لە پەراوێزی بانگەوازەکەی ئەمساڵی حدک بۆ ٢٢ی پووشپەڕ)............ ناسر باباخانی ...........١٨٤
٥٣- کۆماری ئیسلامی چۆن بەرەورووی ٢٢ی پووشپەڕبۆوە؟!.......................................... کوردستان و کورد .........١٨٦
٥٤- میراتی قاسملوو........................................................................ ئیدریس ئەحمەدی ........ ١٨٩
٥٥- کاک دوکتور........................................................ ئەحمەد ڕەئفەت ....... و: هیوا میرزایی ......... ١٩٣



# چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟



**مستەفا شەڵماشی**

لە کەسمان شاراوە نییە کە شەهیدی رێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تائێستاش هەیە. بەتایبەت لە نێو ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا ئەوکاریگەرییە زۆر بەرچاوە و هزری قاسملوو لە راستیدا بە سەر رێڕەوی خەباتی دێموکراتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە بەگشتی، لە نێو رێڕەوی خەباتی چەندین ساڵە و شێوەی لێکدانەوە و سیاسەتسازی و رێبەری کردنی دوکتور قاسملوودا وانەی زۆر گەورە هەن کە دەکرێ رێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لێیان فێر بن و بیانکەنە چرای رووناککەرەوەی قۆناغە تاریک و بەرتەسکەکانی خەباتی خۆیان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەریان و بۆ زاڵبون بەسەر پلانی نەیارانی کورددا، کە بە داخەوە هەر چوار دەوریان تەنیوە.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەموو رێبەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەی پڕکێشە و ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەداخەوە لە هەریەک لەو بەشانەی کوردستاندا لە خەباتدا بی، هەر چوار دەورت دوژمنی فکری و هزری مەسەلەکەی تۆیە. هیچ کام لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، لە راستیدا مواڤقی چارەسەری مەسەلەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا نین. رێژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا لە باشترین حاڵەتدا بە هۆی رکەبەریی ناوچەیی رەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەباتدا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وڵاتەکەی دراوسێیان بێنن و لە کۆتاییشدا مامەڵەی پێوە بکەن. هونەری رێبەرانی کورد لەوە دایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکی نێوان دژبەرەکانیان کەڵک وەرگرن و هەم بەکردەوە نەچنە ژێر باری داخوازییەکانی

ئەو وڵاتانە کە لە کۆتاییدا بە زیانی هەموو نەتەوەی کوردن. دوکتور قاسملوو لەو پەیوەندییەدا فۆرمولێکی زۆر کاری و بەهێزی دیبۆوە. لە فۆرمولی دوکتور قاسملوودا فاکتەری هێزی کورد بۆخۆی رۆڵێکی گەورەی پێدرابوو و لە راستیدا بەدەستهێنانی ئەنجامی هاوکێشە سیاسییەکە درابوو بە هێزی جووڵانەوەی کورد. بۆ وێنە سەرەڕای پەیوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هیچ کاتێک دوکتور قاسملوو تای تەرازوی دۆستایەتی بەلای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا نەشکاندەوە، هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە باشوور راگرت و تەنانەت یارمەتی دا و هیچ کات قبووڵی نەکرد کە لە رێگای ئەو و حیزبەکەیەوە بچوکترین فشار بۆ جووڵانەوەی کورد لە باشوور بێ. مەسەلە ئەوە نەبوو کە داوای لێنەکرێ، بەڵام وەڵامی ئوسوولی هەبوو، ئەو هێزی جووڵانەوەی کوردی دەبردە تەشکی ئاسمان لە بەرامبەر نەیاراندا. لە کاتی فشارهێنانێدا ئەو مەرجی بۆ نەیاران دیاری دەکرد و بە ئاشکرا پێی رادەگەیاندن کە ئەگەر فشار بێنن خەباتی رۆژهەڵات و باشوور لێکگرێ دەدەن. هاوکێشەی قاسملوو ئەوە بوو کە بەردەوام داوا بکا کە مەسەلەی کورد بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکەن و ئەگەر ئەو کارە نەکەن، کێشەی خۆیانە و، کوردی رۆژهەڵات ئامادە نییە دژی خوشک و براکانی بوەستێتەوە. ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی بە جۆرێک جێگیر کردبوو کە لە کۆتاییدا وای لێهاتبوو بە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەباتگێڕانی باشوور دەهاتن و زەڕیەیان لە حکوومەتی بەعسی فاشیست دەدا و بە نێو بنکە و بارەگاکانی دێموکراتدا دەگەڕانەوە، بەڵام دەوڵەتی عێراق هەر باسیشی نەدەکرد، چونکە وەڵامەکەی دەزانی.

دەرسێکی گەورەی دیکە بۆ هەموو کورد کە قاسملوو هێنایە بەرباس، پەیوەندیی دیپڵۆماسی بوو لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش. ئەو دەرسی داین کە سەردەمی پەیوەندی کۆڵۆنیالی، یا بەزەیی مرۆڤایەتی، یا برایەتی ئیدئۆلۆژیکی بەسەر چووە. کورد نابێ تەسلیمی پەیوەندیی کۆڵۆنیالی بێ و تەنیا بۆ پاراستنی گیانی ببێتە داردەستی هێزی دەرەکی، یا بچێ وەک قوربانییەک بپاڕێتەوە یارمەتی بدەن، یا خۆی بە ئیدئۆلۆژیەکەوە ببەستێتەوە و چاوی داخا و هەرچی پێی دیکتە کرا بیڵێتەوە. بەڵکوو دەبێ بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنی بەرامبەر تاووتوێی بکا و هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە کە بەرژەوەندیی هەردووک لا بگرێتەوە و بەم جۆرە مامەڵە و دۆستایەتی بکا.

سێهەم هزری گەورەی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بۆخۆی بە پێی هەلومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی رەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکەی دیکەی کوردستاندا دەستێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر رێبەرایەتیی ئەودا حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەورەترین حێزی کوردی و، جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو. بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە حیزبی دێموکرات و نە جووڵانەوەی کوردی رۆژهەڵات بچوکترین دەخالەتیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نەکرد. دەستێوەردانی هێزی پارچەیەک لە پارچەکانی دیکەدا لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا کێشە دروست دەکا و ئەمەش مەترسییەکە لە سەر پرسی کورد بە گشتی.

چوارەم وانەی گەورەی قاسملوو ئیمان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە، پێکەوەژیانی مرۆڤانەی نێوان گەلانی ناوچە، وەلانانی رق و تۆڵە و کارکردن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و ئاشتی بوو. کە بەداخەوە گیانی خۆشی لە سەر دانا. لە روانگەی دوکتور قاسملووە چەک

تەنیا بۆ بەرگری بەکار دەهات، بە توندوتیژی هیچ کێشەیەک چارەسەر نەدەکرا و کۆتایی هەموو گرفتێک لە سەر میزی وتووێژ ئیمکانی هەبوو. کە مخابن لە وڵاتانی دیکتاتۆریلێدراو و تا سەر ئێسقان پربوغز و غەرەزی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو رێڕەوە جاریٚ زەمینەی زۆر کەمە و بەداخەوە زۆر جار لایەنگرانی دەبنە قوربانیی بیروبۆچوونە ئینسانی و دێموکراتیکەکانی خۆیان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە داهاتوو هەر هی ئەو بۆچوونە ئینسانیانەیە.

لە رێبازی پڕسەروەری قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕزانستی ئەودا دەکریٚ دەیان وانەی دیکەش هەڵێنجین، بەڵام لێرەدا بەو چوار وانە گرنگە بەسندە دەکەم و دەچمە سەر ئەو بەشەی کە ئێمەی دێموکرات دەبیٚ چۆن مامەڵە لەگەڵ هزر و کەلەپوورێک بکەین کە قاسملوو بۆی هێناوینە نێو گۆرەپانی خەبات.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چوار وانەیە پێویستە بکەینە رێبازمان، دەبیٚ لە ژیانی سیاسیی رۆژانەشماندا وریا بین کە لە کۆتاییدا بە جۆرێک هزر و بیرەکانی قاسملوو بەکار بێنین کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خەباتی ئەمڕۆ و داهاتوومان دابنێن. ئەوکاتەیە کە نرخی تەواویشمان داوە بەو کەلەپوورە سیاسییە دەوڵەمەندەی کە بۆی بەجیٚهێشتووین. ئەوەش چەند میتۆد و میکانیزمێکی پێویستە.

یەکەم: پێویستە هەموومان لەوە خۆ بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیروبۆچوونەکان و شێوەی رێبەریکردنی شەهید قاسملووە بکەین. قاسملوو بەشی هەموو کوردی تێدایە وەک ئەندامێکی بەرهەمهێن لە نەتەوەیەک. هەروەها رێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو رێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی لە سەر هەموان باندۆری هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانیٚ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانیٚ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیشدا هیچ کەس ناتوانیٚ تەنیا خۆی بە درێژەدەری رێگای قاسملوو بێناسە بکا و ئەوانی دی بە دژبەری ئەو رێگایە. قاسملوو بۆخۆی درێژەدەری رێگایەک بووە کە پێش خۆی شەهیدی وەک پێشەوا قازی محەممەد و دەیان شەهیدی پایەبەرزی دیکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی رێبازی دێموکراتیش لە رابردوو، لە ئێستا و لە داهاتوشدا هەر رێبواری ئەو رێگایەن. بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ئەگەر ببێتە سەد ماڵیش هەمووی هەر رێبواری ئەو رێگایەن، کە دیارە شەهیدی رێبەر قاسملوو باشترین ریٚنیشاندەری ئەو بنەماڵەیە بووە و وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجیٚ هێشتووین.

دووەم: مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزرەکانی شەهیدی رێبەر قاسملوو بکەینە جۆرێک مەزهەب یا ئیدئۆلۆژی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن، یا نەکریٚ ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بیٚ و لەگەڵ هەلومەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بیٚ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لە سەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان داڕێژراون و رەنگە (بەشێک لە)ئەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیوریەکی سیاسی و تەنانەت هیچ تیوریەکی زانستیش نەگۆڕ نییە و دەکریٚ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بیٚ.

سێهەم: لە هەڵسەنگاندنی مێژوومانداد غەدرە پارێزراویی بۆ کەس دانێین، بە رێبەرانی گەورەی وەک، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور

قاسملوو یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. رووداوە میژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ رۆڵی سەرەکی تێیدا هەبووە. ئەگەر لەو رووداوانەدا تەنانەت رێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

چوارەم: نابێ بە دایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ئەگەر ئێمە ئاوا لەو سیمبۆلە بەنرخەی گەلەکەمان بکەین، ئەوە بێگومان بە باری نەرێنیدا بەکارمان هێناوە. نابێ رێبەرانی ئێستامان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ رێگای بڕیاردان لە رێبەرانی ئێستامان بەربەست بکەین و بەدایم لەگەڵ رابردوو بەراوردیان بکەین. بەهەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبورین بە پێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت دارێژین و هەنگاو هەڵێنین.
پێنجەم: خەیانەتێکی گەورەمان بە سیمبۆلەکانی خەباتمان کردووە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دا بیهێنێتە نێو سیاسەتی کوردییەوە، پلۆرالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە رێبازی قاسملوو لایان داوە، دژی بۆچوونەکانی قاسملوون. سەنگەر گرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبییەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە و حیزب و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەرییان بمێنێ. ئەوەیە رێزلێنانی راستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە رێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆرییەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەڵک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە دارێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆیدا هەڵسەنگێنین و ئەگەر دەلیلی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت رێبەرانی وەک شەهید قاسملوو سەنگەر نەگرین.

ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بە پێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەڵک وەرگرین. لە هێڵە گشتییەکانی رێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بە پێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا یەک بگرنەوە، بەرنامەی کارمان دارێژین.

لە ٢٧ ساڵەی شەهیدکرانی رێبەری شەهیدمان قاسملوودا سڵاو دەنێرم بۆ رووحی پاکی و، هیوادارم بتوانین ئامانجەکانی وەدی بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦

# قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و ڕێبەرێکی بەهەڵوێست



عەزیز شێخانی

بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و زۆر بزووتنەوەی دیکە لە ڕەوتی کار و تێکۆشان و تەنانەت مانەوەدا پێویستیان بە ڕەمز و سەمبولە. کاریزما و سەمبولە گەلیی و نەتەوەییەکان بە گوێرەی سەردەم، جۆغرافیا و کولتوور دەردەکەون و ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن. بەکارهێنانی سەمبول و ڕەمزە جیاوازەکان بەشێکی سرووشتی و نەپچڕاوە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی‌یە. لە قۆناخی خەباتی ڕزگاریخوازانەدا سەمبولەکان کۆکەرەوەن و لە سات و کاتی دژوار و ئاڵۆزدا دەبنە هۆی یەکگرتوویی زیاتر و ڕێبەرایەتیی بەرەی دژبەر لە ئەستۆ دەگرن. لە ژێر تیشکی بوون و بیر و لێکدانەوەی ڕەمز و کاریزماکاندا وێنەیەکی کۆکراوەتر دەخوڵقێ. کاریزما چەمکێکی فرەمانا و هاوکێشەیەکی کراوە و ئازاد و دەرکەوتەیەکی چەند ڕوخساری‌یە. کاریزما جۆری زۆرە و لە شیکردنەوەی ئەو چەمکەدا باس لە کاریزمای ئەرێنی و نەرێنی و هەروەها زڕەکاریزما دەکرێ. شایانی باسە، کە بەشێکی زۆر لە سیاسەتکارەکان هەوڵدەدەن لە کاتی پێویستدا خۆیان بە خاوەن کاریزما پێشان بدەن.

خەباتی ڕزگاریخوازنەی گەلانی جیهان و تەنانەت قوتابخانەی ئایینی و کولتوری‌یەکان تەژین لەو ڕەمز و خەباتکارانەی، کە بە نرخی ژیانی خۆیان ڕێبەرایەتیی ڕەوت و پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کولتووریان کردوە. سەمبولەکان بە وێنە، گێڕانەوە و پەیامەکانیان وێنەیەکی کورت و پوخت لە بارودۆخەکان پێشان دەدەن. بەشێک لە کاریزماکان لەگەڵ قوربانیدان و فیداکاری لە پێناوی گەل، ئازادی و خاکدا گرێدراون و تایبەتمەندیی گەورە دەبەخشنە مرۆڤە خاوەن بەهرە و ڕەمزەکان. ئەو جۆرە لە کەسە کاریزماکان سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی گەیشتن بە دوارۆژێک دەکەن، کە لەمڕۆ باشترە و هەڵگری ویستی زۆرایەتیی نەتەوەیەک یان کۆمەڵە خەڵکێکە. کاریزما نەتەوەیی و خەڵکی‌یەکان جیاوازن و هەر سیاسەتکار و ڕێبەرێک خاوەنی مەرجی بوونە کاریزما و سەمبولی

گشتی نییە.

پرسی نەتەوەی کورد خاوەنی ڕەوایەتی یاسایی و سرووشتی‌یە، کە پاڵپشتی بەهێزە بۆ سەمبولە ئازادیخواز و نەتەوەییەکان. کوردەکان لە بەر نەبوونی دەوڵەت نەبوونە خاوەنی ڕەمز و سەمبولە فەرمی‌یە دانپێدانراوەکان، بەڵام وەک نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک ڕەمز و سەمبولن، کە لە یەکتر جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. قاسملوو یەکێک لەو ڕەمز و کاریزمایانەی کوردە، کە بە زۆر هۆکار لە دوای تیرۆرکرانی بە دەستی غەدر و خەیانەت، جێگە و پێگەی شیاوی پارێزراوە. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٩٨٩ی زایینی، دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی دیالۆگ لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی لە پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەلاڵی خوین کرد. لەو ڕووداوەدا، ستراتیژی ستەم و سیاسەتی ڕەشەکوژی دەوڵەتی ئێران و مەزڵوومییەت و ڕەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەست کەوتنە بەرامبەرکێ.

کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو لە پرۆسە و ڕەوتێکی درێژخایەندا شکڵی گرت. ناوبراو لە بۆتەی کار و تێکۆشان و خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەیدا تایبەتمەندی‌یەکانی کاریزمایەکی ئەرێنی دەستەبەر کرد. کاریزمابوونی ناوبراو لە سەر بەستێنی بیری نەتەوەیی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی مرۆڤ هەڵچنراوە. قاسملوو لە هەموو سیاسەتمەدارە کوردەکان جیاوازە، چونکە ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و ناوچەیی هەڵسوکەوتی دەکرد. حیزبی دێموکرات و پاشخانی مێژوویی ئەو حیزبە، ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی نارەوا و داگیرکەر لە ئێراندا، هەڵوێست و سەربەخۆیی سیاسی ناوبراو و حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێری ناوبراودا و کەیسی تیرۆرکرانی ( ئەگەرچی هەڵەی تکنیکی لە وتووێژەکەدا هەبوو)، ناوبراوی کردە یەکێک لە سەمبولە ناسراو و دیارەکانی بزووتنەوەی کورد.

قاسملوو حیزبی دێموکراتی بووژاندەوە و کولتورێکی تازەی لە حیزبایەتی و سیاسەت کردن هێنایە نێو ڕیزی حیزب. ناوبراو ئەندازیاری دیپلۆماسی کورد لە جیهانی ڕۆژئاوا و لێکگرێدەری خەباتی کوردان لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو. ئەو داهێنەری ڕەچاوکردنی هاوکێشەی ئەخلاق وسیاسەت و پاراستنی سەربەخۆیی بۆ حیزب بوو، کە هێشتا لە کوردستاندا کەمتر ڕەچاو دەکرێ. کاریزمابوونی قاسملوو لە خۆناسینی ڕژدی ناوبراو لە نەتەوەکەی، ناوچە و جیهان سەرچاوە دەگرێ. ئەو لە ڕێگای گەورەکردنەوەی خۆی و بیرۆکەکانی بەو پلەیە نەگەیشت، بەڵکو بە تێکۆشان دژی تاک پەرەستی و خۆپەرەستی، ناو و ڕێبازێکی لە دوای خۆی بەجێهێشت. ناوبراو لە سێ قۆناخی ژیان و لە سێ گۆڕەپانی نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و حیزبی‌دا دەرفەتی دەرکەوتن و دەربڕینی بۆ ڕەخسا. ئەو ئازادی و نیشتمانەکەی خۆشدەویست و بەشێکی سەرەکی تەمەن و ژیانی بۆ تەرخان کردن. بایەخ و ئامانجەکانی قاسملوو لە گەڵ بایەخە جیهانی‌یەکان و چەمکە مرۆڤی‌یەکان یەکانگیر و هاوتا بوون. ئەو بە تێکۆشان و مەرگی، وێنەیەکی ساکار، لە مانا و بایەخە ئینسانی و مافە ڕەواکانی کورد دەخاتە بەرچاو.

پرسی بوونە کاریزما پشت بە هەست و کف و کوڵ دەبەستێ، بۆیە پێویستی بە خەملاندن و عەقڵاندن هەیە. ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی قاسملوو یان بزووتنەوەیەکی خاوەن کاریزما و جیاکردنەوەی خاڵە ئەرێنی و نەرێنی‌یەکان لە یەکتر، بە ڕێچکەی زیندوو هێشتنەوەی بیروباوەڕ یان ڕێباز و کولتووری ڕێبەریکی خاوەن بەهرە دەناسرێن. کاریزما تایبەتمەندی‌یەکی دیاری هەیە، کە

کەسانی لایەنگر و هاورێی هەوڵدەدەن وەک ئەو دەربکەون. بە واتایەکی دیکە، ئەرکەکان جیاوازن و کاریزما زیندوو و کۆچکردووەکان لە دوو دۆخی جیاوازدا دەژین، کە تەفسیرکردن و هەڵسەنگاندیان جیاوازە. رێبەرە کاریزماکان خاڵ و یاساکان دادەرێژن و دواکەوتوو و جێبەجێکەری خاڵ بە خاڵی یاسا و رێسا نووسراوەکان نین. لە هێزێکی سیاسیدا مرۆڤی کاریزما دەربڕی وزە و توانای کۆمەڵە فاکتەر و ئەکتەرێکە، کە دەرفەتی دەرکەوتن و خۆدەرخستنیان بۆ رەخساندوە.

سەمبول و رەمزەکان بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کورداں و درێژەی تێکۆشان و کارکردن بۆ گەیشتن بە مافەکان پێویستن، بەڵام ناکرێ کەڵکی نەرێنی لە وان وەرگیرێ. پرسی کاریزما کۆچکردووەکان ئاڵۆزترە و رێبوار و لایەنگرەکانیان لە سەر گواستنەوەی ئەو کاریزمایە بۆ جێگرەوەکانیان بە ئاسانی هاورا نابن. لە نێو حیزبی دێموکراتدا چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسایەتیی قاسملوو و میراتی کاریزماتیکی ناوبراو نەچۆتە چوارچێوەی پلان و بەرنامە و فازی تازە. چۆنیەتی درێژەدان یان گواستنەوەی کاریزما لە نێو رێکخراو و پارتێکی رزگاریخواز تایبەتمەندی خۆی هەیە. کەسایەتی کاریزماتیکی سەرکردەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێوەندی بە چەندایەتی و چۆنیەتی رەچاوکردنی رێنوێنی و خوێندەوەکانی هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوودا، گرینگە کە جێگرەوە و بڕیاردەرەکانی حیزبی دێموکرات، لە درێژەدان بە رێبازی کار و تێکۆشانی کاریزما کۆچکردووەکەیان مکوڕ و وەفادار بن. رەچاوکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و کارکردن بۆ بە کولتووورکردنی ئازادی و مافە رەواکانی کورد لەو ئەرکانەن، کە دەکەوێتە ئەستۆی میراتگرانی قاسملوو.

قاسملوو هێشتا لە نێو رێڕەوان و ئەوگرانی حیزب و ئامانجەکانیدا بە کاریزمایەکی تاقانە دەناسرێ. باوەڕ و کولتوری سیاسەت و دەرهاویشتەی بەهرەکانی لە نێو کۆڕی رێبوار و لایەنگرانیدا بڕوا بەخۆبوون زیاتر دەکا و وزەی رێکخراوتر دەداتە تێکۆشانی بە کۆمەڵ. قاسملوو رێبەرێکی ورەبەخش و ئەرێنی لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە، بەڵام هەوڵدان بۆ دوور راگرتنی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی لە رەخنەی لۆژیکی و خوێقێنەر زەبر لە پرێستیژ و کەسایەتیی کاریزماتیکی ناوبراو و رێبوارانی دەدا. کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو خۆکردە و تێکەڵ بە خوێن و فرمێسکی کوردانە. فیداکاری ناوبراو تەمەن سەوزە، بەڵام لایەنگر و ئەوگرانی نابێ رێڕەوێکی بە درووشم بن، بەڵکو هاورێ و لایەنگرێکی خاوەن کردەوە و سۆزدار کە بە هەموو تواناوە وانە باشەکانی قاسملوو لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا رەچاو بکەن.

بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بەو رەمز و سەمبولانەیە، کە بە سەرمایەی مەعنەوی و کۆکەرەوەی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەناسرین. قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییانەی کوردە، کە بە زۆر پێوانە و پێوەر کاریزمای گەلێکی ژێر دەست و چەوساوەیە. هێز و تاکە خاوەن کاریزما مێژووییەکان لە رەخنە و هەڵسەنگاندن ناپرینگێنەوە و رەمز و رێبەرەکانیان دەبەنە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک و لە بازنەی حیزبدا قەتیسی ناکەن. خەڵکی کوردستان و نەوەی تازە چاوەڕوانە، کە دێموکراتەکان چەندە و چۆن درێژەدەری رێگا و رێبازی یەکێک لە رەمزە دیار و روخسارە ناسراوەکانی سیاسەت لە کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ۲۱ جووڵای ۲۰۱٦

# قاسملووی ئاکادێمیک



سۆران عەلیپوور

که ناوی قاسملووی شەهید دێته سەر زمانان، بەبێ ویست وێنەی کەسایەتی‌یەکی سیاسی له زەینی بەردەنگدا دەنەخشێ، ئەوەش بەبێ هۆ نیه، قاسملوو زۆربەی ژیانی خۆی بۆ سیاسەت یان به دەربڕینێکی دیکه وەک بۆخۆی دەڵێ بۆ لابردنی ستەم تەرخان کردبوو. سیاسەت و سیاسەتکاری بۆ کوردان له یەکەم تێڕوانین‌دا هونەری بەڕێوەبردنی وڵاتێک نیه، بەڵکو زیاتر هونەری بەرەنگاربوونەوە و چەسپاندنی ناسنامەیە. گوتاری باڵای بەرەنگاریی زۆربەی مەودا مەدەنی و فەرهەنگی‌یەکانی دیکه و تەنانەت ژیانی ئاسایی خەڵکیش دەباته ژێر کاریگەری خۆیەوە، لانیکەم له رووی ئەزموونی‌یەوە ئەو بانگەشەیه پشتیوانی زۆره. لەوانەیه د. قاسملووی شەهید نموونه و بەڵگەیەکی بەرچاو بێ. ئەو لەگەڵ ئەوەدا که له مەیدانی ئاکادێمیادا ئەسپی خۆی تاو دابوو و له سەردەمێکدا نامەی دوکتوراکەی بۆ لێکۆڵینەوە له سەر کوردستان پێشکەش کردبوو، که کتێبخانەی کوردی لەو بارەوە یەکجار دەستکورت و هەژار بوو، ئەو له خەباتی سیاسیی خۆشی‌دا به نەفەسێکی ئاکادێمی دەینووسی و دەئاخاوت، له کتێبی چل ساڵ خەبات له پێناوی ئازادی‌دا تەنها مێژووی سیاسی حیزبێک نانووسێتەوە بەڵکو هاوکات به شێوەیەکی بابەتیانه تێکستێکی دەوڵەمەندی پڕ له فاکت، لێکدانەوە و ئەنجامگیری پێشکەش به خوێنەری کوردی دەکا.

لەوانەیه له بنەڕەتەوە لێکجیاکردنەوەی قاسملووی ئاکادێمیک که سەردەمانێک له زانکۆکانی پراگ ، فەرانسه و بەغدا خەریکی لێکۆڵینەوە و وانەبێژی بوو له گەڵ قاسملووی سیاسی که له دەریای پڕ گێژەن و تۆفانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەیویست کەشتی کوردان بگەیەنێته کەنار، زۆر ئاسان نەبێ، ئەوەش به چەند هۆکارێک: یەکەم ئەوەی که له کوردستاندا گوتارێکی زاڵی بەرەنگارخوازی نەتەوەیی هەیه، ئەو گوتاره لەوانەیه کەوتبێته ژێر کاریگەری ئیدۆلۆژی جۆراوجۆر، بەڵام نێوەرۆکی ناسنامەخوازی خۆی ون نەکردووه. د. قاسملووش نەک هەر له ژێر کاریگەری ئەو گوتاره زاڵەدا بووه بەڵکوو له تیۆریزەکردنی ئەو گوتاره و خەباتی

***سیاسیی کوردەکانی رۆژهەڵاتدا بەشی شێری وەبەرکەوتووە. هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە د. قاسملوو نووسینە ئاکادێمیەکانی بە نەفەسێکی کوردانە نووسیوە و نووسینە سیاسیەکانیشی بە نەفەسێکی ئاکادێمی دارشتووە، ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیە لە نێوان قاسملووی سیاسی و قاسملووی ئاکادێمیکدا لە ژیانی ئەو کەسایەتی‌یەدا رۆڵێکی گرینگ دەگێرێ. دوایین هۆکار کە هۆکارێکی سوبژێکتیوە، پەیوەندی بە توانایی د. قاسملوو لە راگرتنی باڵانس لە نێوان دژبەرەکان‌دا هەیە، ئەو هاوکات لە چەندین پانتایی‌دا کاروچالاکی دەکرد، بۆیە ئاکادێمی‌بوونیش یەکێک لەو خەسڵەتە بەرچاوانەی بوو، کە نەدەکەوتە دژایەتیی لەگەڵ شۆرشگێربوونێکی رادیکاڵانە. مارک کراوێتز لە وتارێکدا لە ژێر سەردێرِی "قاسملووی ژیر و زانا، سەفیرێکی هەڵسوور بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر"دا دەنووسێ: ئەو بە هاسانی دەیتوانی تووندوتیژی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی – چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستی خۆی ئاوێتە و یەکانگیر بکا" (رۆژنامەی لیبراسیۆن،٧ی ئوتی ٨٩). ئەو هۆکارە سۆبژێکتیڤە کاتێک دەبێتە ئەرگۆمێنتێکی بەهێز کە بە دیدێکی بەربڵاوترەوە لە کەسایەتیی قاسملوو بروانیین، ئەو لە یەککاتدا ئازادیخوازێکی رادیکاڵ، ئاشتیخوازێکی دێموکرات، مرۆڤێکی ئەدەبدۆست و خۆش‌راوێژ، سیاسی‌یەکی وردبین و دیپلۆماتێکی زمانزان بوو، کەواتە تەنیا قاسملووی ئاکادێمیک نەبوو کە ئەو کەسایەتیەی گەیاندبووە لوتکە، لەگەڵ ئەوانەدا دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆنتێکستێک کە قاسملوو چالاکی تێدا دەکرد لەبەرچاو بگرین.***

***باکگراوندی ئاکادێمی د. قاسملوو لە چەند ئاستدا خزمەتێکی گەورەی بە خۆی، بە حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بە پرسی کورد کردووە، ئەو پاشخانە زانستی‌یە و کاریگەری‌یەکانی لە زۆربەی نووسین و ئاخاوتنەکان، کۆرِ و کۆبوونەوەکانی‌دا هەست پێ دەکرێ و دەناسرێتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەموو بنەماکانی نووسینەوەیەکی زانستیانەی مێژوو رەچاو دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی شاخ و دووردەستی لە سەرچاوە و بەڵگەکان کێشەی بۆ دروست دەکا، بەڵام بێلایەنی و ئۆبژێکتیڤ بوونی خۆی لە گێرانەوەی رووداوەکان دەپارێزی، هەرچەند پێی وایە ئەو بێلایەنی‌یە کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەت ئەگەر مێژووی حیزبێک بنووسیەوە و بۆخۆشت ئەندامی ئەو حیزبە بی. د. قاسملوو لەو کتێبەدا هەلومەرجی پێش رووداوەکان بە خوێنەر دەناسێنی، هۆکار و کاریگەریەکان بە میتۆدێکی لۆژیکی و ئاوەزمەندانە دەستنیشان دەکا و ئەنجامگیری دەکا. ئەو رەواڵی کارکردنە لە دەقی "کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک" و راپۆرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەکانی حیزبدا و زۆر وتاری دیکەش‌دا بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ. ستراکتۆرێک لە دابەش‌کردنی بابەتەکان‌دا هەیە، دەقەکان چرِوپرِن و بە زمانێک نووسراون کە خوێنەر پەیامەکان وەردەگرێ، گرێ و گۆڵ لە نووسینەکان‌دا نین و سەر لە خوینەر ناشێوێنێ. باسەکان پۆلێن دەکا و دەیانناسێنێ. کەواتە ئەزموونی زانستیی بەرچاوروونی‌یەکی زۆری بە د. قاسملوو داوە لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی‌دا، باڵانسێک کە لە نێوان جەمسەرە سیاسی و شەپۆلە ئیدۆلۆژیەکان‌دا دروستی دەکرد، ریشەی لە خوێندنەوەی ئاکادێمی ئەو مرۆڤە بۆ رووداو و دیاردەکان دا هەبوو.***

***ئەو سەرمایە بۆ حیزبی دێموکراتیش بەکەڵک بوو، وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقگەرایانە، باوەرِ هەبوون بە دێموکراسی نەک هەر تەنیا وەک ئیدۆلۆژی بەڵکو وەک فەرهەنگ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باوەرِهەبوون بە مافەکانی ژنان، چۆنیەتیی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان بکەین. ئەو بە هەمان نەفەسی پێداگۆگیانە کە وانەکانی ئابووری لە زانکۆ دەکوتەوە، لە چیاکانی کوردستان‌دا بەشداری دەورەکانی سیاسی پێگەیاندنی کادری دەکرد***

و لەوێش ڕۆڵی مامۆستایەکی دەگێڕا، باسەکانی لەسەر ئابووریی سیاسی بەڵگەیەکی دیارن بۆ ئەو بانگەشەیە.

لە سەر ئاستی نەتەوەیش‌دا جێ‌پەنجەی سەرمایەی زانستی و ئاکادێمی د. قاسملوو لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی‌دا دیارە و پەیوەندی‌یە تایبەتیەکانی لەگەڵ کەسایەتی‌یە ئاکادێمیەکان‌دا و ئەزموونی کارکردن و توێژینەوەکانی تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی بۆ کورداندروست کردبوو. کاریگەریی ئەو پەیوەندیانە لە نەهادینەکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای زیاتر لە دوو دەیە بە ئاشکرا دەبینرێن. ئەرکێکی دیکە کە د. قاسملوو بە سەرکەوتوویی‌یەوە بەجێی گەیاند چۆنیەتیی ئاوێتەکردنی خەباتێکی ناسیۆنالیستی لە فۆرمی چەکداری‌دا لەگەڵ ئەرزش و بەها جیهانیەکان‌دا بوو، ئەوە یەکێک لە کارە ئەستەمەکانی ئەو سەردەمە بوو، د. قاسملوو لێرەش‌دا دەبوو بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە زانستی‌یەکانی و سنوورەکانی نێوان بزووتنەوەیەکی چەکداری دێموکراسیخواز لەگەڵ ئامانجەکانی گرووپە تیرۆریستی‌یە چەکدارەکان لێک جیا بکاتەوە، لەوانەیە لە نێوخۆدا ئەوە باسی ڕۆژ نەبووبێ، بەڵام سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە بە دنیای دەرەوە لەو سەروبەندەدا کارێکی دژوار بوو.

جیاوازی‌یەک کە د. قاسملوو لەگەڵ زۆر ئاکادێمیکی دیکە هەیبوو ئەوەبوو کە ئەو بۆ گەیشتن بە ویستەکانی تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی زانکۆ و تیۆری و کتێب دا نەمایەوە و بە پراکتیکیش رووی کردە چیاکانی کوردستان و ئەوەی لە تیۆری‌دا باوەڕی پێی هەبوو لە پراکتیکیش‌دا هەوڵی بۆ دەدا. وەک هەر کەسایەتی‌یەکی ئاکادێمی ئاواتی د. قاسملوو ئەوە بوو کە بتوانێ خەریکی توێژینەوە و خوێندن و نووسین بێ و کاتی خۆی بۆ ئەدەب و مێژوو تەرخان بکا، بەڵام ئەو ئاواتە بە بێ وەدیهاتنی مافە سەرەتاییەکان زیاتر لە خەونێک دەچوو، ئەو وەک کوردێک بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەتری لە ئاست کوردستان‌دا هەبوو، لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ هەواڵنێری بی بی سی بێهروز یوسف زاددا پەردە لەسەر ئەو خۆزگە و ویستە تاکەکەسیانەی خۆی هەڵدەداتەوە دەڵێ:

"من ئەگەر ئێستا بمیتوانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، پێم خۆش بوو خەریکی زانست بام و کارم لە سەر مەسەلە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکان کردبا، هیوادارم هەلومەرجێک بێتە پێش کە وڵاتەکەمان ئارام بێتەوە و ئەمن لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان‌دا بۆ وێنە گوندی قاسملوو، رەنگە ئێوە نەزانن کە گوندێکی ئاوا هەیە. ئێمە ناوی خۆمان لەو گوندە وەرگرتووە، دانیشم و هەتا ماوم بخوێنمەوەو بنووسم." (کوردستان .ژ٥١٤)

سەرەرای ئەوەی کە ئەو خۆزگەیەی د. قاسملوو تا ئێستاش هەر وەک خۆزگەیەک ماوەتەوە، بەڵام ئەو لە ژیانی سیاسی خۆی‌دا کەڵکی لەو سەرمایە زانستی و پاشخانە ئاکادیمیە وەرگرت و لەو ڕێگەیەوە گوتاری سیاسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بە شێوەیەکی مۆدێرن و دێموکراسیخوازانەی گونجاو لەگەڵ پێوەر و بەها جیهانی‌یەکان‌دا داڕشتەوە، تەنانەت لە دوایین دانیشتنەکانی‌دا لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی‌دا ئەو تۆنە ئاکادێمیە لە روونکردنەوەی داواکانی حیزبی دێموکرات‌دا و باس لە داهاتووی ئێران‌دا بە روونی دێتە بەرگوێ، تۆنێک کە لەوێ دوای چەند دەنگی کپکراوی دەمانچەیەک بێدەنگ دەکرێ، بەڵام بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەتەوەیەک دا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦

# قاسملوو، ڕێبەرێکی واقیعبین



برایم چووکەڵی

ئێوارەیەکی درەنگی ئەنگوستە چاو، پێشمەرگە بە لا پاڵێکی دەڤەری حەوتەوانەی بانە بە بەرزاییەکی کە ٥ ناوچەی بانە، سەردەشت، سەقز، مەهاباد و بۆکانی لێوە دیار بوو، ریزیان بەستبوو، بەرەو گەورکایەتی مەهاباد دەرویشتن، لەو بەرزاییە شۆقی چراکانی شار و گوندەکان بریقەبریقیان دەدایەوە، پێشمەرگە خەیاڵ هەڵیگرتبوو و بیری لە نان و ئاو و چوونە نێو خەڵک دەکردەوە کە بە دیتنیان هەموو دەحەسانەوە. سەعات دووی شەو بوو لە دۆڵەدرێژی پشتی مووسێ لە چۆمی "بناوەرەشان" وەک هەمیشە بارگەوبنەیان کردەوە و لە تاشەبەردێک دەگەڕان کە بەیانی سەریان لە بن سێبەرەکەیدا بێ، بەڵکوو خۆر زوو لە خەو راستیان نەکاتەوە. بەیانی رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ جیژنی قوربان بوو پێشمەرگەکان نەک هەر نانیان پێ نەبوو، بەڵکوو لەو شوێنە ئاوێکی زۆر خاوێنی فێنکیشی لێنەبوو، سەرەڕای ئەوە چەند ئاژەڵیکیان هێنا و راستەوپاستەیان کرد و بێنان دەستیان کرد بە برژاندن، وەک عادەتی هەموو رۆژێ سەعاتی ١٢ و نیوی نیوەرۆ لە چەند رادیۆی بچوک کۆدەبوونەوە کە گوێ بۆ هەواڵەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان رابگرن، بە نەبوونی دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە و خوێندنەوەی سروود، پێشمەرگە کەوتنە دەنگەدەنگ، کەمێک دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە ناو دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی پڕشوورەییدا لە سەر مێزی بەناو وتووێژ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید کردووە. بە روودانی ئەو کارەساتە خوێناوییە کە لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش روویدا، دۆستان و لایەنگرانی گەلی کوردی لەسەرانسەری جیهان بەگشتی و گەلی کوردی بەتایبەتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەژاند، تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٣ کەس بوون، راستەوخۆ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تیرۆری رێبەرانی حیزب و هاوڕێیانی رەوانە کرابوون. ئەگەر بمانهەوێ باسی کارنامەی کۆماری ئیسلامی بکەین تا ئیستا زۆر باس لە کردەوە تێرۆریستیەکانی کراوە و بە دەیان و سەدان بەڵگەی روون بۆ ئەو کردەوە قێزەونانەی خراوەتە روو، هەروەها لە سەر شەهید بوونی رێبەری شەهیدمان زۆر لایەنی ئەو جینایەتە سامناکە باس کراوە، بەڵام بە پێویستی دەزانین لە سەر هێندێک خاڵی گرینگی روانگەی رێبەری شەهیدمان لە ساڵیادی شەهید بوونیدا

پێدابگرینەوە. شەهید دوکتور قاسملوو تا کاتی شەهیدبوونی خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەی کورد کرد و شەهیدبوونەکەشی ئەو ڕاستییەی دەرخست کە کەسایەتییە گەورەکان بە مردنیان شوێنەواری زۆر گەورە لە سەر خەڵک و نەتەوەکەیان دادەنێن، ئەو لە سەردەمی خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا خزمەتێکی گەورەی بە حیزب و نەتەوەکەی کرد، کاردانەوەی شەهیدبوونەکەشی هێندەی دیکە گەلی کوردی بە دنیا ناساند. نامەی هاوخەمی گەلانی دنیا و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان سەبارەت بە کارەساتی ڤییەن دەری دەخا کە نەمر دوکتور قاسملوو خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز سیاسی لە ئاستی جیهاندا بووە.

## پاراستنی روحیە لای دوکتور قاسملوو

تایبەتمەندیی ڕێبەری کارامە لەوە دایە کە لە کاتی تەنگانەدا، میتۆد و میکانیزمی دەربازبوون لە تەنگوچەڵەمەکان بخاتە ڕوو. کاتێک بزووتنەوە یان میکانیزمی دیپلۆماسی و تەنانەت بزووتنەوەی چەکداری، کارایی ئەوتۆی نامێنێ یان لە کزی دەدا، ئەوە سەرکردەی لێزان و کاریزمایە کە دەبێ روحیەی خۆی بپارێزێت و وره بە هاوسەنگەرەکانی ببەخشێ؛ ئەو هاوسەنگەرانەی لە ڕەوتێکی دێموکراتیکدا بڕیاریان داوە ئەو سەرکردەیە سەرکردایەتییان بکا. دوکتور قاسملوو لە گۆڕینی میکانیزم لە دۆخە جیاوازەکاندا کەسێکی کارامە و لێهاتوو بوو. هەمیشە ئەو کردەوەیەی سەرکردەیەک دەبێ لەکاتی پێویستدا بیکا، ئەگەر تەنانەت گیانیشی لە پێناویدا فیدا بکردایە، جێبەجێی دەکرد. وره بەخشین بۆ پاراستنی روحیەی هاوسەنگەرەکانی یەکێک لەخسڵەتە بەرزەکانی نەمر دوکتور قاسملوو بوو. دوکتور قاسملوو دەیویست بە هاوسەنگەرەکانی بڵێ کە دێموکراتێکی ڕاستەقینە هەم دەتوانێ دیپلۆماتێکی کارامە بێ، هەمیش پارتیزانێکی نەسرەوتوو. ئەو لە واقیعدا درێژدەری ڕاستەقینەی ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد بوو، چونکە هەردووکیان شەهیدبوونیان نەک نائۆمێدی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکوو روحیە و ورەی نەتەوە و هاوسەنگەرەکانی بەرز کردەوە و، ئەوەی بەکردەوە سەلماند کە شۆڕشگێڕ بوون و دیپلۆماتبوون و تەنانەت شەهیدبوونیشی دەبێتە هۆی بەرهەقبوون و زیاتر ناساندنی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان. هەر ئەوەش وایکردووە کە درێژەپێدەرانی ڕێگەکەی ئێستاش لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو روحیەدان بە ئەندامان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی هەموو گیانفیدای و لەخۆبردوویەکن. شەهید دوکتور قاسملوو لە سەرەتای لاوییەوە هەوڵی بۆ لابردنی زوڵم و ستەم داوە تا کاتی شەهیدبوونی ئەو تایبەتمەندییەی ئالوگۆری بەسەردا نەهاتووە و بەردەوام خەباتی بۆ کردووە، ئەو هەمیشە خۆشبین بووە لە سەخترین هەلومەرجدا روحیەی خۆی پاراستوە.

## دێموکراسی وەکوو کردارێکی شۆڕشگێڕانە

لە مێژووی سیاسیی جیهاندا دەگمەنن ئەو ڕێبەرانەی دێموکراسی وەکوو میکانیزمی ڕزگاری و ڕێبازی دوای ڕزگاربوون سەیر بکەن، زۆربەی بزووتنەوەکان لە جیهان ڕەواییان بەهەموو توندوتیژی و کردەوەیەکی نادێموکراتیک لە پێناو بەئەنجام گەیشتنی خەباتەکەیان داوە، هەمیشەش و یان لانیکەم زۆربەی کات شۆڕشگێڕەکان پاش گەیشتن بە دەسەڵات بوونەتە دیکتاتۆر و، لە سەر میراتی خەباتە ڕەواکەیان بوونەتە سەرکردەیەکی داپڵۆسێنەری خۆسەپێن، بەڵام دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەوە دێموکراسی وەکوو ڕێگەی ڕاستەقینە بۆ ڕزگاری و ڕێبازی ژیان بۆ بەختەوەرکردنی گەل لەدوای ڕزگاری چاو لێدەکرد. لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب،

باوەڕێکی پتەوی بە دێموکراسی وەکوو میکانیزمی سەرەکیی خەبات هەبوو، لە نێوخۆی حیزب هەموان دەیانتوانی هەموو قسەیەک و هەموو پێشنیارێک بۆ سەرخستنی خەبات بکەن و، کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکرات سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. جاری وا هەبوە لەژێر تۆپبارانی دوژمن و لە تاراوگە و لە نێو شاخ و بەندەندا، کۆنگرە بەستراوە. لە دەرەوەی حیزبیشدا دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە دەبێ لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم هاوفکر و هاوخەبات بدۆزێتەوە و لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران کار بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا بکەن. دوکتور قاسملوو باش لەوە تێگەیشتبوو کە ئەگەر کورد لەئێراندا بمێنێتەوە، دەبێ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پێشوو و تەنانەت حاکمییەتی ئێستادا بکا و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەکگرتوو و هەماهەنگ بێ، جا ئەگەریش کورد بڕیاری جیابوونەوە و بوون بەدەوڵەت بدا، پێویستی بەدراوسێی دۆست هەیە. هەر بۆیە دێموکراسی لای دوکتور قاسملوو هەم میکانیزم بوو، هەمیش ئەنجام.

## کوردستان وەک سەنگەری ئازادی

ڕێبەری شەهیدمان پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە خەڵکی کوردستان داوای دێموکراسی و مافی چارەنووسی خۆیان دەکەن، سەرکردە و حیزبێک کە باسی مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت- نەتەوە دەکا، هەرگیز کوردستان بە مەبەستی ئێرانچییەتی ناکاتە سەنگەری ئازادیی هەموو ئێران، بەڵکو ڕێباز و کرداری حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوکتور قاسملوو وایکردبوو کە هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی نێو جوغرافیای ئێران، کوردستان بە شوێن و زەمینەی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی خۆیان بزانن و، هاوکات بیروڕا و فیکری دوکتور قاسملوویان بەو دەروازیە دادەنا، کە ئازادی ئێرانی لێدەبینرا و هەست پێدەکرا. چونکە باوەری دەولەت - نەتەوە و مافی چارەی خۆنووسینی دوکتور قاسملوو لە سەر حیسابی هیچ نەتەوە و جوغرافیای هیچ لایەکی دیکە نەبوو، کوردستان سەنگەری ئازادیە لەبەر ئەوەی هەر کەس و لایەنێک لە ڕوانگەی کوردەکانەوە سەیری خەبات بکات، هەم مانەوەی لە نێو ئێران بە ڕزگاری دەبینێ و هەمیش دابەشبوونی ئێران بە ڕزگاربوون دەزانێ و، ڕێک لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە دێموکراسی، دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرز کردبۆوە. هەروەها ئەو باوەڕی وابوو خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری ئێران هەر ئەوانە نین چەکیان لە شانە و لە بەرەکانی شەڕدا دژی ڕێژیم شەڕ دەکەن بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیم بەشدارن، تێکۆشەری ڕێگای ئازادین. ٢٢ی پووشپەڕ کە ڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوویە، لە ڕاستیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێبەرە مەزنەی لێئەستاندین کە لە کردەویەکی تێرۆریسیدا لە گەڵ هاوڕێیانیدا شەهیدیان کرد، بەڵام ڕێبازی قاسملوو، ئامانجەکانی قاسملوو، هەر لە مەیدان دایە، حیزبی قاسملوو و نەتەوەی قاسملوو هەر زیندوون، هەر بە ڕێگای قاسملوودا بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانی قاسملوو هەنگاو دەنێن. بە شەهیدبوونی قاسملوو نە خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبی قاسملوو وەستا، نە کۆماری ئیسلامی بە ئاواتی گەیشت، چونکە کۆماری ئیسلامی خەونی یەکجاری نابوودیی حیزبی قاسملووی بینیبوو، بەڵام خەون و ئاواتەکانی بوونە بڵقی سەر ئاو، خەڵکی قارەمانی کوردستان و قوتابییەکانی قاسملووی شەهید لە خەبات نەوەستان و هەر بە ڕێبازی ئەودا دەڕۆن. لەم یادەشدا بەڵین بە ڕێبەری شەهیدمان دەدەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی دەست لە خەبات هەڵنەگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦

# هەموو ژیانی قاسملوو حیزبی دێموکرات بوو!



کۆسار فەتاحی

دەور و نەخشی کەسایەتی‌یەکی وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد لە ئێراندا ئەوەندە کاریگەر و شوێندانەر بووە کە هەڵدەگرێ باسێکی تێر وتەسەلی لە سەر بکرێ. مرۆڤێک کە دەیتوانی وەک هەر مامۆستایەکی زانکۆ لە فۆرمی ئاکادیمیکی خۆی نەترازێ و لە سەر کورسی دەرسوتنەوەکەی نەیتە خوارێ و خۆی لە خەتەر و مەترسی خەباتێکی راستەقینەی سیاسی‌یەوە نەگلێنێ. دیارە ئەوکاتیش هەر دەیتوانی قاسملوو بێت "منهای" چارەنووسێکی خوێناوی! بۆچی ئەمەی نەکرد و چۆن ژیانی خۆی گرێ دا بە ژیانی پڕهەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتەوە؟ و گەلێک پرسیاری دیکەی لەم چەشنە زەین و مێشکی بە هەزاران ئینسانی تەنیوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان قاسملوو بە کاریگەرترین کەسایەتیی سیاسی و مەعنەوی لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا دەزانن.

ئەگەرچی ئەوە بۆ بیست و حەوت ساڵ دەچێ کە کەسایەتی‌یەکی هەڵکەوتوو و بیرمەندێکی وەک د. قاسملوو بە جەستە لە نێو جەرگەی خەباتی سیاسی- چەکداری کورددا نەماوە، بەڵام قورسایی مەعنەوی و کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ئەو لە بواری سیاسەتدا بە تەواوی هەست پی دەکرێ. ڕەنگە ئەگەر ئەو تیرۆرە نگریسە رووی نەدابا و قاسملوو شانسی ئەوەی هەبایە درێژە بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بدا، زۆر کێشە کە ئەمڕۆ بەرۆکیان بە حیزبی دێموکرات گرتووە، بە بوونی ئەو، کاریگەری و قورساییان لە سەر رەوتی کار و خەباتی حیزبەکەی دانەدەنا. ڕەنگە مرۆڤ بۆ چەسپاندنی ئەم ئیدعایە بتوانێ هەزار ویەک دەلیل بێنێتەوە، بەڵام لیرەدا تەنیا دەلیلێکی سادە بۆ باشتربوونی دۆخی ژیانی سیاسیی حیزب لە ژێر قورسایی رێبەری قاسملوودا دێنمەوە کە دەتوانێ ئەو وێنایەمان لا دروست بکا کە خوێندنەوەی پێشوەختی رووداوەکان، بنەماکانی شرۆڤەی سیاسی هەلومەرجی لە زەین و بیری قاسملوودا

پێک دەهێنا. بەو واتایە کە نەخشە رێگای قاسملوو بۆ بە گژاچوونەوەی رووداوە نەخوازراوەکانی دوارۆژ، پشتیان بەو شرۆڤانە دەبەست کە ناوبراو بۆ هەلەمەرجەکەی دەکرد. وەک ئاماژە دەتوانم باسی دوایین وتاردانی د. قاسملوو بکەم بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری لە شیمالی کوردستان. ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێتە ئەو قسانەی کە قاسملوو لە وێدا بۆ پێشمەرگەکانی دەکا، ئەو راستییە دەردەکەوێ کە ئەو خوازیاری بەرفراوانکردنی مەیدانی کار و چالاکی هێزی پێشمەرگە بووە و قسە لەوە دەکا کە ئەو جیگایانەی لە شیمالیترین ناوچەی کوردستانی ئێرانەوە تا جنووبیترینی کە تا ئێستا پێشمەرگە دەستی پێرانەگەیشتووە، دەبێ ببێتە مەیدانی جەولە و عەمەلیاتی هێزی پیشمەرگەی حیزبی دێموکرات. بێگومان ئیدەی بە سەرانسەریکردنی خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ناو زەینی ئەو سکرتێرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبووە.

لە سۆنگەی ئەم کورتە ئاماژەوە دەتوانم بپرژێمە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ د. قاسملوو بکەین؟ پێم خۆشە بە خاڵبەندی روانینیەکانی خۆم بخەمە بەرباس:

یەکەم، نەخش و دەوری ئەو رێبەرە تەنیا وەک هی سکرتێرێک نەبوو کە حیزبەکەی لە کۆنگرەیەکەوە بۆ کۆنگرەیەکی دیکە بگوازێتەوە. قاسملوو مێعماری حیزبی دێموکرات بوو. بە شاهیدی تەواوی ئەو ئەدەبیاتە نووسراوەی کە مێژووی حیزبی دێموکراتی لە خۆ گرتووە قاسملوو لە بەرنامەرێژی و هەیکەلبەندی و دانانی ستراتیژییەکی روون و دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژ و دێموکراتیزەکردنی رەوتی هەڵبژاردنە دەروون حیزبییەکانەوە بگرە تا موتوربەکردنی بەرنامەی سیاسی حیزب لەگەڵ بەها بەرزەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو وەک یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا، بە رێکخراوکردنی هێزی پێشمەرگە کە لە فیرگە و ئامووزشگای نیزامییەوە پێ بنێتە نێو جەرگەی خەباتی چەکدارییەوە و، هەروەها بایەخدان بە چینی هەژار وکرێکار و جیگیرکردنی تێزی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە بەرنامەی حیزبدا و کردنەوەی دەرگا بۆ هاتنەناوەوەی نەوەی نوێ و خویندەواری کورد و دوورکەوتنەوە لە رادیکالیزمی سیاسی هتد وەک تیۆریسیەن و ستراتیژیستێکی هەڵکەوتوو هاتە مەیدانەکەوە. سەرباری ئەمانە دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ دیپلۆماسی کە جورئەتێکی گەورەی بە رێبەرایەتیی حیزبەکەی بەخشی تا لە پێوەندییە سیاسییەکانیان لەگەڵ حزب و لایەن ودەوڵەتەکاندا سەرکەوتووانە دەربکەون. بە تەعبیرێکی سادەتر قاسملوو حیزبی دێموکراتی بە سەرمایەیەکی گەورە دەبینی کە ریشەیەکی قووڵی لە دڵی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبوو، بۆیە لە سەر بنەمای ئەو سەرمایە مەزنە حیزبی دێموکراتی لە فۆرمێکی نوێدا بووژاندەوە کە توانی لە سبەینێی دوای شۆڕشی خەڵکی ئێراندا ببێتە گەورەترین حیزبی کوردستانی و تەرەفی راستەقینەی ململانێکان لەگەڵ حکوومەتی کوماری ئیسلامیدا. حیزبی دیموکراتی پێش قاسملوو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو کە د. قاسملوو وەک مێعمارێکی لێزان حیزبی دێموکراتی نۆژەن کردەوە.

دووەم، روانینی قاسملوو بۆ مێژووی دروستبوونی حیزبی دێموکرات، دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حیزبەکەی سەردەمی پێکهێنانی کۆماری کوردستان، دەستبردن بۆ بەئازارترین زامەکانی جەستەی حیزب بە مەبەستی سارێژکردنیان و رەخنەی ریالیستیانە و بوێرانە لە کەموکوڕییەکانی ئەو حیزبە، دەستەویەخەبوونی فیکری لەگەڵ مەیل ورەوتە ناسیونالسیتە توندئاژووەکان و دەستە و تاقمە بەستراوەکانی حیزبی تودە و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای خوڕاگری حیزب لە بەرانبەر هێژموونیخوازی ریکخراوی

موجاهیدین‌دا و دەرکەوتنی سەربەرزانە لە هەلومەرجی قەیران و لە دەمی کارەساتدا کارێکی وای کرد کە ئەم حیزبە بتوانێ درێژە بە ژیانی سیاسی خۆی بدا. بۆیە مانەوەی حیزب لە دوای برینی ریگەیەکی درێژی پر کەند و لەندی زیاتر لە 70 ساڵ قەرزاری زیرەکی قاسملوویە. قاسملوو حیزبەکەی خۆی فێرکردبوو کە پشت بە سیستەمی بەرێوەبەری ببەستێ نەک بە رێبەر و سکرتێر. بۆیە ئەمە میراتیکی گەلێک دەولەمەندە کە بۆ تێکۆشەرانی حیزب ماوەتەوە.

سێهەم، ئەوەندەی بە کولتووری سیاسی حیزبی دێموکراتەوە دیارە، فەردپەرستی دیاردەیەکی بێگانەیە بەو حیزبە. رەسەنایەتیی میراتی قاسملوو لە فەردپەرەستی بەرییە. بۆیە نزیکبوونەوەی عاتیفی لە قاسملوو بە بێ دەرکی پەیام وئامۆژگارییەکانی ناتوانێ دەرکێکی دروستمان لەو رێبەرە بۆ بەدەستەوە بدا. ئەگەرچی ناکرێ و ناتوانین خۆشەویستی کەسانی وەک ئەو لە ناو دڵی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان‌دا بە کەم بگرین، بەڵام بەکاربردنی ناوی د. قاسملوو بۆ داخستنی دەمی رەخنەگران نەک خزمەت بە گەشەکردنی ئازادیی رادەربڕین ناکا، بەڵکوو راست لادانە لە رێرەو و رێبازی فیکری و سیاسیی ئەو. ئەرکی گەورەی رێبوارانی ریگای قاسملوو ئەوەیە کە لە ریگای وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە ئەندێشەکانی‌دا بتوانن ئەو رەگە بەهێزانە پەیدا بکەن کە لەگەڵ پلورالیزمی سیاسی، فرەچەشنی لە بیرکردنەوەدا، شیوازی موناقشەکردنی مابەینی بیروڕاکان، بە رەسمی‌ناسینی پێگەی رەخنە لە دەرەوە و ناوەوەی حیزبدا وهاوکات پتەوکردنی بنەماکانی دێموکراسی لە ژیانی سیاسی حیزبی دێموکراتدا، هەم کولتوورێکی دێموکراتیک و سەردەمیانە کە ریشەکانی لە نێو خودی حیزبدا دەبینرێن گەشە پێبدەن و هەم تاکی کورد لەگەڵ ئاسۆکانی روانینی قاسملوو و ئەو رێبازەدا ئاشنا بکەن کە قاسملوو لە پێناوی‌دا گیانی بەخت کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦



# بۆ یادی ٢٧ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو



## دەبابەی کۆڕێ(لە ناوخۆی وڵات)

دوکتور قاسملوو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازەو تێکۆشەرەی کورد لە تەمەنی لاوەتیەوە ئاوێتەی سیاسەت دەبێ و یەکەم ویستگەی ژیانی سیاسی لە نێو حیزبی توودە دەست پێدەکات. ئەو ئاوێتەبوونەی قاسملوو بە سیاسەت گەر بە هۆی بارودۆخی ئەو کاتی ئیران بێت (یا) بە هۆی پێکهاتەی بنەماڵەکەیەوە( یا) خود بە هۆی خوێندن لە قوتابخانە و هاوپیوەندی لە گەل هاوپۆلە ئازەریەکانی بێت، سەرچاوەی لە دەرک و شعوری ئەو ئینسانە گرتووە وەگەڕکەوتنی ژیانی سیاسیی ناوبراو تا کاتی شەهیدبوونی ناوەستێت.

کاک دوکتور باش ئاشنابوونی بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پەیوەندیکردن بە تێکوشەرانی سیاسی ئەو سەردەمی حیزب، ویستگەی ژیانی سیاسی دێنێتەوە نێو بزاڤی میللی دێموکراتیکی رۆژهەلاتی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەر زۆر زوو بە هۆی هەڵسووڕان و تێکۆشانی دەبێت بە ئەندامی چالاک و هەڵسووڕو دیار لە نێو حیزبدا.

دوکتور قاسملوو ئینسانێکی بیرتیژ و ستراتیژزانێکی بەهێز بوو بۆ ئەو سەردەمی کە سەرو ٩٠% خەڵک نەخۆێندەوار بوون، خەڵک بە گشتی وەرزێر بوو، سیستمی عەشیرەیی هەبوو ئاغا و دەرەبەگ رۆڵی ئەساسیان دەگێڕا، لەم بارودۆخە سەقەتەدا پرسیاری زۆری لە مێشکی دا موتوربە دەبن کە بێ وەڵامن. بۆیە دەست بە خۆیندنەوەی سۆسیۆلۆژی، ئابووری، سیاسی کۆمەڵگاکەی دەکات و لە کۆتایدا بەو قەناعەتە دەگات کە هۆکاری هەر هەموو ئەم نەهامەتیانە سیستمی بەرێوبەری وڵاتە(پاشایەتی).

کاک دوکتور ئیسانێکی زمانزان، سیاسەتڤان، دیپلۆماتکارێکی باشی سەردەمی خۆی بوو. بە تایبەت لە نێو جوڵانەوەکانی سەردەمی خۆی بە سەرکردەیەکی خاوەن بڕیاری واقعبینانە دەناسرا. پاش گیران و ئاشکرا بوونی تێکۆشەرانی حدک لە سەردەمی پاشایەتیداو،

هەڵوەشانی ڕێکخستەکانی حیزب و بە نهێنی کارکردنی ئەو ئەندامانەی مابوونەوە، کاک دوکتور لەسەر بڕیاری بنەماڵەکەی دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات بۆ درێژەپێدان بە خوێندن، بەڵام لەوێیش لە تێکۆشان ناوەستێت؛ کتێبی بیرمەندانی وەک لاک، هابز، مۆنتسکیۆ و زۆریتر دەخوێنێتەوە و دەرسیان لێ وەردەگرێت تاکو بتوانێ لەو ئاراستە فکریەی ئەوان پێشکەشیان کردوە ژیانێکی نوێ بۆ نەتەوەکەی بەرهەم بێنێت. پاش وەرگرتنی دوکتۆراکەی، دەست دەکات بە وانە وتنەوەی لە زانکۆکانی ئورووپاو لەو سەردەمەدا کتێبە بەناوبانگەکەی"کوردستان و کورد" دەنووسێت. مانەوەو وانەگوتنەوەی لە زانکۆکانی ئورووپاو خۆپێگەیاندنی لە بواری هزری ڕۆشنبیریەوە پۆختەتری دەکات بۆ بوون بە قارەمانێکی وەک نێلسۆن ماندێلا و مهاتما گاندی و چێگوارا لە پێناو نەتەوەکەی دا.

تا ئەو کاتەی شۆڕشی گەلانی ئیران دژی ڕێژیمی حەمەڕەزا شاە دەست پێ دەکا و کاک دوکتور بە پەلە خۆی دەگەیەنێتەوە ناو بازنە نهێنیەکانی حیزبی دێموکرات تاکو تاکتیک و ستراتیژێکی باش و واقعبینانە بۆ بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دابڕێژن و گەلی کوردیش بە مافە ڕەواکانی بگات. بۆیە هەر زۆر زوو شۆعاری"دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" ی هەڵگرت. چوون کاک دوکتور باش دەیزانی تاکوو ئیران وڵاتێکی دێموکراتیک نەبێ، خود موختاری لە کوردستان پیادە ناکرێت، بۆیە پاش رووخانی ڕێژیمی پادشایەتی لە کاتی دانووستاندن داوا ڕەواکانی گەلی کوردیان بۆ دەخاتە روو،بەڵام بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو تا ئەو کاتەی ئاشیان بە باشی نەدەگەڕا، دژایەتیان لە دژی مافەڕاوەکانی گەلی کورد دەرنەبڕی و بۆ کاتبەفیرۆدان و کاتکڕین هەنگاوبەهەنگاو لە گەڵ داخوازییەکانی کورد بە بێ ئەوەی باوەڕیان پێی هەبێ دەڕۆشتنە پێش.

کورد و حیزبی دیموکرات باوەڕیان بە خەباتی ئاشتیخوازانە لە نێو خۆی ئیران‌دا هەبووە و تا ئێستایش هەیە، بۆیە لە یەکەم هەلبژاردنی مەجلیسی خوبرەکان د. قاسملوو خۆی پاڵاوت، دەنگی پێویستی هێنا بەڵام کاتێک لە پیلانگێڕیەکەی خومەینی و ڕێژیمەکەی تێگەیشت و نەچوو، خومینی (پیاوی ناخ ڕەش و دڵ پڕ لە قینەکەی دژی کورد) سەبارەت بە دوکتور قاسملوو دەڵێت: "ای کاش می‌آمد". ئەم وتە قیزەونە، سەرچاوەی گرتوو لە ناسینی باشی کاک دوکتور لای خومەینی گەیاند، چوون باش دەیزانی قاسملوو بیر و باوەڕەکەی لە گەڵ جەهل و خورافات و دیکتارویەتی خومەینی هەڵناکات. بەو هەڕەشەیش گەلی کورد حیزبی دێموکرات و ڕێبەری شەهیدمان وازی لە خەباتی ئاشتیخوازانە نەهێنا و سەر لە نوێ بەشداری هەلبژاردنەکانی مەجلیسی نوینەران کردو لە کوردستان هەموو بەربژێرەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد بۆ مجلیس لە لایەن خەڵکەوە دەنگی متمانەیان پێ درا. بەڵام حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی پیادەکردنی بنەماکانی دێموکراسی لە ئێراندا هەر زوو بڕیاری شەڕی دژی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو دا. بۆیە حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو مەجبوور بە شەڕ لە گەڵ حکومەت بوون، شەڕێک کە بە سەر میللەتی کوردسو حئیزبی دێموکرات دا سەپێندرا.

دوکتور قاسملوو پاش کۆنفرانسی سێهەم و لە کۆنگرەی سێهەم دا کە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، خەباتی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی و دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش دژ بە دەسەڵاتی سەرزۆی کۆماری ئیسلامی ئێران دریژە پێدا. شەهید دوکتور قاسملوو هاوکات لە گەڵ ڕێبەرایەتی کردنی جووڵانەوەیەکی چەکداری ، دیپلۆماتکارێکی بەتوانا و لێزان بوو. ئەو کاتەی کە لە گەرمەی شەڕی چەکداری دا بوو، دیسانیش پێی وابوو ئاشتی و مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە لوولەی تفەنگدا

بەدی نایەت. بۆیە لە یەکێک لە ڤیدیۆکانی دا کە بۆ پۆلیک لە پیشمەرگەکان قسە دەکات دەلێت: "ئیمە باش دەزانین کۆماری ئیسلامی بە هێرشەکانی ئێمە ناروخێت، بەڵام ئەوەندەی سەرئێشە بۆ درووست دەکەین تاکوو دەڵێت چیتان دەوێت؟ ئەوکات ئێمەش لە سەر مێزی وتووێژ باسی مافە زەوتکراوەکانی خۆمانیان لەگەڵ دەکەین." لیرەدا جورێک لە فەلسەفەی دانووستاندن دێنێتە نێو شێوازەکانی خەبات.

کاک دوکتور شورشگێڕێکی نەتەیی و عەداڵەتخوازێکی واقعی بوو. بۆیە لە رێبەرایەتی حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتی دەکرد. عەدالەتخواز بوو بۆیە باسی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکی هینایە نیو پێرەو و پرۆگرامی حیزبەکەیەوە. ئەو کاتەی هەموو ئۆپۆزیسیونی کوردو ئێرانی هەر جارەو بەلایەکدا دەیانشکاندەوە: (یا بەرەو ئیمپرالیزم یا بەرەو سۆسیالیزم) بەڵام بە بۆچوونی من تێکەڵکردنی جیهانبینی و خوێندنەوەو فکری حیزبی دێموکرات و رێبەرەکەی لە گەڵ هەرکام لەم دوو بەرەیە هەڵەیە. شەهید قاسملوو پێی وا بوو ئەو دونیایەی سۆسیالیزم داوای دەکات (یوتوپایە)، یا وەک ئەرستوو دەڵێ: (مەدینەی فازلە)یە. کاک دوکتور پێی وا بوو ئاویتەبوونی هەر حیزبێک بە ئایدۆلوژیەکەوە ئەو حیزبە لە قالب دەداو تووشی جۆرێک لە داخراوی فکریی دەکات. بۆیە خۆی لە هەر ئایدئۆلۆژییەک بۆ حیزبەکەی دەپاراست و سیاسەتی بە پێی "ئەمری واقیع" دەکرد.

کاک دوکتور باوەڕی بە جودایی دین لە دەوڵەت هەبوو. بۆیە لە حیزبەکەشیدا هەم پێشمەرگەی سوفی تێدابوو هەم خەڵکی لاییەک و باوەڕمەند بە ئایین و ئاینزاکانی دیکە. هەمووشیانی لە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێکەوە کۆ کردبۆوە. لە روانگەی ئازدی تاکیشەوە(فردی) مرۆڤێکی لیبراڵ بوو، باوەڕی بو ئازادی تاکەکان هەبوو، تا ئەو ئاستەی سنووری ئازادیەکانی لایەنی بەرامبەر پیشل نەکرێ. بۆیە دەتوانیین بڵێین لە ژیانی تایبەتی خۆشیدا مرۆڤیکی فرەرەهەند بووە.

کاک دوکتور قاسملوو لە بۆ دەستەبە کردنی مافەکانی گەلی کورد، درگای هەموو دەوڵەتان،NGO، رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی دەکوتا. یەکێک لەو رێکخراوە نێودەوڵەتیانە، ئەنترناسیونالڵ سۆسیالیست بوو. پێی وابوو دەبێ لە رێگای ئەو هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازانەی کە لە نێو ئەم رێکخراوەدا فشار بخاتە سەر حکومەتەکانیان بۆ بە رەسمی ناساندنی مافە رەواکانی میللەتەکەی و هاوکات فشار بخەنە سەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەسمی ناسینی مافی کورد.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کەسیی و حیزبیی کاک دوکتور"سەربەخۆیی سیاسی"بوو. نمونەی هەرە بەر چاو لەم پێوەندییەدا پێوندی حیزبی دێموکرات و کاک دوکتور لە گەڵ رێژیمی بەعسی عێراق بوو. لە سەردەمی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەل کۆماری ئیسلامی کە هاوکات بوون لە گەڵ شەڕی نێوان عێراق و ئێران. بەڵام حیزب و دوکتور قاسملوو سەرەرای ئەو پەیوەندییە هیچکات نەبوونە ئامرازێک بۆ رێژیمی عیراق کە بە نیسبەت شەڕ لە گەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە یەک بەرە دابوون (بوونی دوژمنی هاوبەش).


لە لایەکی تریشەوە شەهید دوکتور قاسملوو هیچکات باوەڕی بە دیکتاتوریەتی حیزبی نەبووە. بۆیە باشترین هەوڵەکانی بۆ درووست

کردنی بەرەیەک لە گەڵ هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. کە بۆ جاری یەکەم توانی بەرەیەک ویران موجاهیدین خەلق و چەند هێزیکی تر دژی رژیمی ئیران دروست بکات، بەڵام مەخابن بەرژەوندی تەسکی حیزبی و هێژموونیخوازیی لایەنێکی دیار و، جیاوازی لە دید و بۆچوون بۆ خەباتی ئیستا و چۆنییەتی ئیدارەکردنی داهاتووی ئێران وای کرد(بەرە)لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە.

کۆماری تێرۆر و سێدارەی ئیسلامی ئێران وایزانی بە تیروری کاک دوکتور قاسملوو یادو رێبازەکەی فەراموش لە نێو دەچێ و فەرامۆش دەکرێن و خۆی و حیزبەکەی لە یادی تێکۆشەرانی شۆرشگێڕ و قوتابیانی بیرو رێبازی دەچنەوە. بەڵام بە خوێندنەوەی ئەمڕۆی حیزب و گەلەکەی دەبێ باش بزانێت کورەی خەبات دژی زوڵم و دیکتاتۆریەت لە هەر کات بە تینترە، قەلای جەهل و خورافەیان لە هەموو کات زیاتر لەرزۆکترە و هەر دلۆپە خوێنێکی کاک دوکتور ئێستا مەشخەڵی رێگای تێکۆشانمانە.

لە کۆتاییدا بە بیر و باوەڕێکی چەسپاو و بە وەرەی پوڵایین بە شەهید کاک دوکتور قاسملوو دەڵێین: کاک دوکتور گیان! تا بە دەستی پڕ لە ئازادی لە سەر گۆڕی تۆی رێبەرمان و هەموو شەهیدان گوڵە شلێرە نەڕوێنین، لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین. بڕیاریش بێت لە سەر وەسیەتی خۆت: بۆ شەهیدەکانمان نەگرین و درێژە بە رێگاو رێبازیان بدەین. هەور وەک خۆت فەرمووت: "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی رێگایانە" و وەک بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەفەرمووی: " کاک دوکتور قاسملوو گیان تۆ لە وێژدانمان دا زیندووی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٢٣ جووڵای ٢٠١٦



## ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی سەرکەوتنی مەزنەئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ



**ڕەزا فەتحوڵڵانژاد**

لە ٢٧ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور قاسملووی نەمردا، زۆربەی شار وشارۆچکەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەسەر داوای حیزبەکەی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەی جۆراوجۆر و بەتایبەت بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

مانگرتنی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان لە باری ڕادەی بەشدارییەوە بەرینتر و لە باری گەیاندنی پەیامەوە بەرزتر و بەربڵاوتر بوو.

یەکەم مانگرتنی گشتی ٢٢ی پووشپەڕ لە ساڵی ١٣٨٤ دا بوو، کاتێک خەڵکی شاری مەهاباد لە جەرگەی ڕاپەڕینە بەشکۆکەی هاوینی ٨٤ی ڕۆژهەڵاتدا، بە تێکڕایی بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، بێزاریی خۆیان لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل نوێ کردەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٥ - ١٣٩٠ دا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر دووکاندار و کاسبکارانی کورد ساڵ بە ساڵ زیاتر و زیاتر دەبوو، بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پەیوەستبوون بەم مانگرتنە گشتییە، ئاستی ئامادەیی خەڵکیان بۆ وەڵامدانەوە بە بانگەوازەکانی حیزبی دێموکرات و بەهێزیی پێگەی جەماریی ئەم حیزبەیان زیاتر و زیاتر نیشان دا. بەڵام مانگرتنی ئەمساڵ، جگە لەو پەیامە بەنرخ و کاریگەرانەی باس کران، پەیامێکی دیکەی لەگەڵ بوو، ئەویش وەڵامدانەوەی شار بە خەباتی شاخ بوو، وەک چۆن لە بانگەوازی ئەمساڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبدا هاتبوو.

هەر لە پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە وەرچەرخانێکی مەزن لە شێوەی تێڕوانین بۆ

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڕۆژەڤکردنەوەی پرسی کورد لەو بەشە و بەکردەوە بەرەوپێشبردنی بەرخۆدانی نەتەوەیی هاتە ئاراوە، وەرچەرخانێک کە بەرهەمی بڕیارێکی مێژوویی بوو، واتە ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ نێو گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵات پاش نزیک بە بیست ساڵ و هاوتەریب لەگەڵی، گرێدانی خەباتی شار و شاخ. حیزبی دێموکرات ڕاسانی مێژوویی هێنایە ئاراوە و لەو پێناوەشدا تا هەنووکە یازدە کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی پێشکەشی بارەگای ئازادیخوازی کرد. دواتر نۆرە گەیشتە شار و پێویست بوو شار و گوندیش وەڵامی شاخ بدەنەوە، جا بەو بۆنەوە چ ڕۆژێک پڕماناتر و گرینگتر لە ٢٢ی پووشپەڕ بوو. هەر بۆیە ٢٧ەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتی وەکوو ڕۆژی وەڵامدانەوەی شار بە شاخ دیاری کرا. لە ئاکامدا هەر بەو جۆرەی دۆست و دوژمن چاوەڕێیان دەکرد و حیزبی دێموکرات لێی دڵنیا بوو، شار وەڵامی ئەرێنی بە خەباتی شاخ دایەوە. ورمێ، پیرانشار، شنۆ، مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، سەقز، دیواندەرە، مەریوان، سنە، پاوە و کرماشان وەڵامێکی بەرزیان دایەوە، بەرز بە قەد دەنگی تەقەی بەرگری لە نیشتمان کە لەم ڕۆژانەدا زایەڵەکەی دنیای تەنیوە. پێگەی جوگرافی و حەشیمەتی ڕاسانی نوێ لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا بۆ ئەو هێز و لایەنانەش کە لە ڕووی نائاگاهییەوە یان بە ئەنقەست ئەوەندەی پێیان کرابا حاشایان لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکرد، دەرکەوت، پێگەیەک کە بەهێزترین هۆکاری بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان و شەکاوە ڕاگرتنی ئالای خەبات بۆ ڕاسانی هەنووکە بوو.

خاڵێکی بەرجەستەی دیکەی ئەم مانگرتنە گشتییە، هەر بەو جۆرەی کە ئامانجی سەرەکیی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخە، بەشداریی چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان لە ڕەوتی خەباتدایە کە ئەمەش هەرەتۆقێنەرترین مۆتەکەی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە. کاتێک تاکێک لە هەر ئاستێکدا بەشداری خەبات دەبێت و دەبینێ ئەو بەشدارییە بووەتە هۆی بەهێزیی بەرەی گەل و دەربڕینی بێزاری لە بەرەی دژەگەل، کاتێک جۆش و خرۆشی سەرکەوتن لە نێو نەتەوە زوڵملێکراوەکەی و کزیی و دەستەوەستانی زاڵمان دەبینێ، ئیدی ئەو تاکە پێ دەنێتە قۆناغی چەشتنی بەکردەوەی حەز و چێژی بەرخۆدان، جا ئەمەش بە جۆرێک لە دەروونیدا چەکەرە دەکات و ئاوێتەی ڕۆح و جەستەی دەبێ کە هەردەم چاوەچاوی دووبارەبووەنەوەی دەکات. لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین خەبات، خەبات دەهێنێ، هیواخوڵقاندن هیوا دەهێنێ و سەرکەوتن، سەرکەوتن دەهێنێ. کەواتە، پیرۆزە سەرکەوتنی مەزنە ئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٢٣ جووڵای ٢٠١٦

# "لە ڕێبازی قاسملوودا، ڕێبەران، سەنگەری پێشەوەی بەرگرین"




"فواد خاکی بەیگی"

زیاتر لە ٧٠ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دابین کردنی ئاشتی وئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە هیچ چەشنە خەبات و قوربانیدانێک درێغی نەکردووە.

ئەوەی لەم کورتە باسەدا جێگای سەرنج و تێڕامانە، ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە دەور و ڕۆڵی ڕێبەرایەتی حیزب لە هەلومەرجە سەخت و دژوارەکاندا کە شان بە شانی پێشمەرگە و بە کردەوە، خوێنی سووریان دەبێتە وەزە و بڕوا و ئیمانیان دەبێتە هاندەر، تاکوو هەموو لایەک بە شکۆیەکی چیاییەوە هەنگاوی بە بڕشت و لەو ڕاستە ڕێیەدا هەڵبگرین.

شاراوە نیە، دامەزرانی حیزبی دێموکرات، نوختە گۆڕانێکی بنەڕەتیە لە بزاڤی نەتەوەیی، دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان کە بڕیاری تاک بە کردەوە ببێت بە بڕیاری جەمعی، ڕێبەری حەرەکەتێک لە چوار چێوەیەکی داخراودا نەمێنێتەوە و مەوداکان لە نێوان ڕێبەر و بەڕێوەبەر تاکوو بتوانرێت کەم بکرێتەوە.

یەکەم چەخماخەکانی نەمانی جیاوازی لە نێوان پێشمەرگە و ڕێبەری بۆ گەیشتن بە مەقامی بەرزی شەهید بوون، لە سەرکردە و سەرکۆماری یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماری‌دا، واتە کۆماری کوردستان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دەستی پێکرد، ئەویش لەسێدارەدانی ڕێبەری ئەم بزاڤە خۆنەویست و خەڵک ویستە، پێشەوا قازی محەممەد بوو.

پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، وانە و ئامۆژگارییەکیان بۆ هاوڕێیانیان لە حیزبی

دێموکرات بەجێهێشت کە بۆ هەتاهەتایە هەم پێشمەرگەی حیزب و هەم ڕێبەریی حیزب شان بە شانی یەکتر، لە پێشکەش کردنی ئازیزترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیانە، بۆ سەرخستنی بزووتنەوە ڕەواکەمان درێغی نەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زیاتر لە ٧٠ ساڵە نیزیک بە ٧٠ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی شەهیدبوون کە نەتەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە کەمتر بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا هاوتای دەبینرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشانی داوە، هەتاکوو بمێنێ، دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی، ئەگەرچی هەڵبژاردن لە بچووکترین ئۆرگانی خوارەوە بۆ سەرووترین ئۆرگانیەتی و بڕیارەکان دواتر لە ڕێبەریدا گەڵاڵە دەکرێن و بۆ بەڕێوەبردنی، بەدەنەکەی و کادر و پێشمەرگەکانی ئەرکدار دەکرێن، بەڵام لە مێژووی ئەو ٧٠ساڵەدا ڕوون و ئاشکرایە کە لە هەلومەرجە دژوار و ئەستەمەکاندا، ڕێبەریی حیزب و پێشمەرگەکانی حیزب، مەرگ بە چۆکدا دێنن و وەڵامی سەرجەم ئەو جاش قەڵەم و دڵ ڕەش و نیشتمان فرۆشانە کە بەردەوام باس لەوە دەکەن حیزبی دێموکرات ڕێبەری و پێشمەرگەکانی لە دوو ژیانی جیاوازدا دەژین، بە کردەوە و بە ڕۆژی ڕووناک دەدەنەوە.

شۆڕشی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، کە وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی پڕ سەروەریی حیزبدا بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی بایەخە مرۆڤانییەکاندا دەمێنێتەوە، یەکێکی دیکە لەو قۆناغە هەستیارانەیە کە سامی بەناو ژاندارمی ناوچەکە و ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی شکاند، کاتێک ڕێبەرانی ئەم بزاڤە چەکدارییە پاش باس و ڕاوێژ لە گەڵ کومیتەی ساخکەرەوەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات وەک ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی دیاریکران و شەهیدی هەردەم زیندوو، "سمایلی شەریف زادە"، پێشمەرگە و خوێندکار و ڕێبەر سەرقافڵەیی ئەم حەرەکەتە مەزنەی گرتە ئەستۆ و هاوشان لەگەڵ هاوڕێیانی، ئاوارە و موعینی داستانی خۆڕاگری و خۆنەویستی و قارەمانەتیان تۆمار کرد کە هەنووکە وانەیەکە لە زانکۆی پڕسەروەریی مەکتەبی دێموکرات بۆ قوتابیان و درێژەدەرانی ئەم خەباتە ئاشتیخوازانەیە.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵان بردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و وەڵام نەدانەوە بە داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و بیری چەق بەستوو و سەدە نێوەڕاستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا هاتە ئاراوە کە حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد کە لە ڕێگای دیالۆگ و لە یەکتر تێگەیشتن هەوڵی چارەسەری ناکۆکییەکان بدرێت، کە نەورۆزی خوێناویی سنە و خاپوورکردنی کوردستان، وەڵامی نیەتی ئاشتیخوازانەی حیزب لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە بوو.

پیلان و پلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، ئانەوەی ئاژاوە و تەماح وەبەرنان بە مەبەستی پێدانی پۆست و پایە و لادانی تاقمی ٧کەسی، حیزبی دێموکراتی لە ویستە ڕەوا و مرۆڤ تەوەکانی پاشگەز نەکردەوە و کوردستان بوو بە سەنگەری لەگیراننەهاتووی سەرانسەری ئێران و حەماسە و قارەمانیەتیەکانی ساڵانی ٦٠ی هەتاوی، هەزاران چیرۆک و ڕۆمانی خۆڕاگری و نەبەزییان تۆمار کردووە. بە دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری لە ئاگری تا تاقەوستان، هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە

قارەمانەکانی حیزب و گەل، وەک فەرماندەرانی هێز بە هێزەکانی ئاگری و سپی‌سەنگ و ٢ی ڕێبەندان و شاهۆ و دالاهۆ و...هتد و جەنگاوەرانی خۆرەتاوی کومیتەی سەرجەم شارستانەکان لە قوولایی خاکی ڕۆژهەلاتی نیشتمان‌دا شەهید بوون و گلکۆ پیرۆزەکانیان قیبلەگای عاشقانی ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە.

شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگە و دەیان ئەندامی ڕێبەری، چۆکی بە حیزبی خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و داهێنەری ناوی پێشمەرگە و دامەزرێنەری یەکەم هێزی پێشمەرگە و دیاریکەری ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دانەدا.

ئەوجار و لەبەرزترین ئاست و پلەدا کە کەسایەتی کاریزماتیکی مەکتەبەکەمانە، گیانی پاکی فیدای بەرژەوەندیی خاک و خەڵکی کوردستان کرد.

قاسملووی ڕێبەر، قاسملووی مامۆستا و ڕێ‌نیشاندەر بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی منداڵە شەهیدەکان، بەدڵێکی پاک و تەژی لە ئینسان دۆستی، مێزی وتوویژ و دیالۆگی لەگەل دەسەلاتدارانی کۆماری سێدارە هەڵبژارد.

گوێگرتن لە تۆمارە دەنگیەکانی، چرکەساتەکانی کۆتایی ژیانی پڕسەروەریی کاک د. قاسملوو و باس کردن لە داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە مەرگیش چۆکی بە ڕێبەر دانەدا و ویست و داخوازیی خەڵکی کوردستان لە سەرووی سەرجەم داخوازییەکانیەتی.

جێگری مەزنی کاک د. قاسملوو، کاک د. سەعیدی هەمووکات سادق، بەڵێنی خۆی بردە سەر و ئەو پەیمانەی کە لە چیا سەرکەشەکانی قەندیلی مەکۆی دێموکرات و هەمیشە سەربەرزەوە دابووی، کە "یان سەردەکەوین و یان دێین لە پەنات و لە باوەشت دەگرین"ی بە خوێنی خۆی لە میکۆنوس مۆر کرد و پێکەوە و هاورێ لەگەل هاوڕێیانیان پێرلاشێزیان کردە قیبلەگای ئەویندارانی دێموکرات و ڕێبەرانی ڕووناکی، ڕێبازێکی پڕ چراخانیان هەیە.

شۆڕە سوارانی دێموکرات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییە بالاکانی کورد، قەندیلی هەمیشە سەربەرزیان بەجێ‌هێشت و لە هەوارگەی نێو دڵیاندا قەندیلێکی دیکەیان بونیات نایەوە و قۆناغێکی دیکە لە مێژووی حیزبی دێموکرات، لاپەرە زێڕینەکانی تۆمار کرد.

ڕێبەران بە هەزاران کیلومیتر دوور لە زێدی خۆیان، جڵەوی کاروانی شەهیدانیان گرتە ئەستۆ و نیشانیاندا کە دێموکرات لە پێشەواوە فێربووە سەرداران پێشەنگ بن، شەهیدانی دەروازەی کۆیە وتیان ئێمە هاوکات ڕێبەر و پێشمەرگەین.

زیاتر لە ٢٠ ساڵ بەرژەوەندییەکانی باشووری نیشتمان پارێزرا و کاتێکی زیاتر لە پێویستیش لە بەردەم کۆماری ئیسلامیدا بوو تاکوو بیرێک لە چارەسەری داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بکاتەوە. نەتەنیا داخوازییەکان وەڵامی ئەرێنییان وەرنەگرت، تیرۆر، زیندان، ئەشکەنجە و پەرەدان بە مادە هۆشبەرەکان، کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی داگیر کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەست بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە نەتەوە و نیشتمان قۆناغێکی دیکەی لە خەبات دژی پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستپێکردووە، قۆناغێک لە چەمکی پڕ بە مانا ئەرخەوانی، شورشگێرپی "ڕاسان" لە پەیامی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە جێژنی نەورۆزدا، هێمای هەرمانی کوردستان و کورد وەک ڕەمز و هێمای ڕاپەرین بە گۆیی تیرۆریست پەروەرەکانی جەمارانـدا چرپا. ڕاسان کۆتا باسی ئەم کورتە باسەیە.

ڕاسان لە قەرەسەقەلی شنۆ چەخماخەکەی لێدرا، تێکۆشەرانی دێموکرات حەماسەیەکیان خوڵقاند کە دەسەڵاتدارانی تارانی تووشی شۆک کردووە و بە دنیا نیشانیان دا کە کۆماری ئیسلامی دورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناڤین نیە و نیەتی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بە ئەندیشە مۆدێرن و بەها مرۆڤانیەکان، لە پشت بەرجام حەشارداوە.

ڕێبەریی بزاڤ، هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە، لە قووڵایی خاکی کوردستان گیرسانەوە، بازەکانی کۆساڵان خەویان لە چاوی بڕیاردەرانی تیرۆریزمی دەوڵەتی تاران تاراند، لە بەرزترین ئاست کەوتنە هەڕەشە و گورەشە و قسەسواوەکانی جارانیان دووپات دەکردەوە کە هەوڵی پاک کردنەوەی بەشێک لە زەوی لە سەر نەخشەی جۆغرافیا دەدەن.

داستانی قارەمانیەتی ئەم قۆناغە، وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە شەهید بوونی هاوڕێی ڕێبەر کاک کاوە جەوانمەرد خۆی دەرخست. شەهیدی ڕێبەر باوەڕی وابوو کە هەنووکە خاکی نیشتمان هەناسە ئەدات و ئەوە ڕەمزی پێشمەرگەیە.

نارنجۆک بوو بە دووهەمین ڕەمزی "ڕاسان" و ڕایانگەیاند کە نیشتمان باوەشی ئاوەڵا کردووە و شەنگە سواران دەبێ شەپۆلی بۆ بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٢٠ جووڵای ٢٠١٦

# دکتۆر قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی نەتەوەی بوو!



محەممەد سلێمانی


٢٧ ساڵ لەمەوەبەر، ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران لە ڤییەن پایتەختی وڵاتی ئوتریشدا، دیارترین و کاریگەرترین تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکاری بەئەزموون و نەتەوەی، دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر مێزی وتووێژی ئاشتی بە دەستی پیاوکوژەکانی شەهید دەکا و بەوجۆرە بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانی گەورەی پێدەگات. بەداخەوە بە هۆی تێوەگلانی حکوومەتی ئوتریش و داموودەزگائەمنیەکانی ئەو وڵاتە، بکرەکانی ئەو کردارە نامرۆڤانەیە بە سڵامەتی ڕادەستی تاران دەکرێنەوە و خەباتی گەلێکی بندەست و ستملێکراوی وەک کورد، فیدای کۆمەڵێک دەسکەوتی پچووکی ئابووری و بازرگانی دەکرێت و لەوێدا حیساب بۆ مافی سیاسی و نەتەوەی مرۆڤەکان لە بەرچاوناگیرێت. لەو ڕۆژەوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ساڵێک بە ئازار و نارەحاتیەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر یاد دەکاتەوە و پەیمان و بەلێن لە گەڵ روح و ڕێبازی پڕ لە شانازی و بنەما دێمۆکراتیکەکانی خەباتی دکتۆر قاسملوو نوێ دەکەنەوە کە هەتا بەدی هاتنی ئاواتەکانی تێکۆشان و بەرخۆدان لە کوردستان بەدژی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی درێژەی دەبێت. بێگوومان دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا، جێ بەجێکردنی یەکێک لە تاکتیکە کورتخایەنەکانی ئەو شێوە شۆڕش و تێکۆشانە بەرین و گشتگیریە کە ڕێبەری چاونەترس و ناوداری گەلی کورد قاسملوو بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ڕایگەیاندبوو و وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی. دیارە کاتێک ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و ئەمنی وڵاتێک هەوڵدەدات بە ڕێگای سەرکووت و لەنێوبردندا، دەنگی ئازادیخوازی نەتەوەیەک کپ بکات، باشترین بژاردەی رووبەرووبوونەوە بۆ گەشەپێدان و بردنە پێشەوەی بەرخۆدانی نەتەوەی، تێکۆشانی سیاسی و چەکداریە هەتا ناوەند ناچاربکرێ، بێت لەگەڵدا کۆبێتەوە و گوێ بۆ داواکاریەکانت بگرێ. ڕێژیمی ئاخوندی هەتا ئەو جێگای دەرەتانی هەبێت و فشاری نێوخۆ و دەرەوەی لەسەر نەبێت، ئاوڕ لە مەسەلەی کورد و کێشەی فرەنەتەوەی بوون لە وڵاتدا ناداتەوە و هەوڵدەدات ئەو واقعیەتە سیاسی و فرەنەتەوەی و فرە ڕەنگی لە وڵاتدا بشارنەوە و وەک خۆیان دەیان هەوێت

حوکمڕانی بەسەر ئیرادەی گەلانی ئێراندا بکەن. حیزبی دێمۆکڕات بنەمافیکری و نەتەوەیەکانی لەسەر ئەساس و پێوەرە دێمۆکراسیەکان دامەزراوە و هەرگێز لە خەباتی خۆیدا، کەیفی بە پێکدادانی چەکداری و توندوتیژی نەهاتووە و ناچارکراوە کە بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی پیرۆزیەکانی نەتەوەی کورد، چەک بگرێتە دەست. ئێستایش کە تێکۆشانی چەکداری دەستپێکراوەتەوە و کادر و پێشمەرگەکانی حدکا لە نێوخەڵکدا کاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەنجامدەدەن و لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان لە گەڵ سپای پاسداران توشی شەڕ هاتوون و زیانی زۆر گەورەشیان بەڕێژیم گەیاندوە، بەدڵنیایەوە هیچ لایەک و لانیکەم حیزب و خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەو پێکدادانە نیزامیە نین و، ئەوە کاربەدەستانی تارانن کە گەلی کوردیان ناچارکردوە بۆ جارێکی دیکە لە مێژووی سیاسیدا، پەنا بەرێتەوە بەر خەباتی چەکداری. چوونکی ڕێژیم هەوڵنادات بێت بە ڕێگای تردا پرسی نەتەوەی کورد لە ئێراندا چارەسەربکات و ئارامی و ئاسایش بۆ گەلانی بندەستی وڵات بگێڕێتەوە. حکوومەتی ئاخوندی کاتێک دکتۆر قاسملوویان وەک کاریگەرترین نەیاری خۆیان لە دەرەوەی وڵات لە نێوبرد، پێیانوابوو، ئیدی تازە شۆڕشی خەڵکی کوردستان بڵاوەی پێدەکرێ و بزووتنەوەی سیاسی بەتەواوی پەکیدەکەوێت. بەڵام مێژووی سیاسی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەڵماندی کە قوتابیانی ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو بە شێوەیەک پەروەردەکراون کە بەرگەی سەختی و ڕۆژە ڕەش و تاریکەکانی قۆناخە جۆربەجۆرەکانی خەبات بگرن و لەکات و جێگای پێویستدا بڕیاری نوێ و چارەنووسسازبدەن و مەیدان تێکۆشان چۆل نەکەن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی خەبات بدەن.

سەرچاوە ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٣ای جوولای ٢٠١٦



# قاسملوو هەروا ڕێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە



مەجید حەقی

ڕێبەری و بەڕێوەبەریی سیاسی یەکێک لە بناغەکانی هەر کۆمەڵگایەکە. کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە جارێ نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی کیانی سیاسی خۆی، خاوەنی ڕێبەرگەلێک بووە کە توانیویەتی تەواویەتی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر توانەوە، داپلۆسین، ئاسیمیلاسیۆن و لەنێوچوونی ناسنامەیی و مرۆڤی بپارێزێت. ڕێبەران ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگادا. یەکێک لە گرینگییەکان و هۆیەکانی بەنرخیی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕۆڵێکی کلیدیی لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، دیاردەی ڕێبەری و شوێندانەریی ڕێبەریی دوکتور قاسملوو بەسەر ئەو حیزبەدایە. پرسی ڕێبەری هەم هۆی داهێنانی جوڵانەوە و شۆڕش و هەم هۆی ڕاگرتن و لەجێدا مانی شۆڕشەکانە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی لەناوچوونی ڕەوتی بەرەوپێش چوون و گۆڕانکاری و نەگۆڕدرانی سیستمی ڕێبەریی ڕێکخراو لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی جیهان. دوکتور قاسملوو لەو ڕێبەرە دەگمەنانەی کورد بوو کە توانی شۆڕشی کوردستان بکاتە جوڵانەوەیەکی بەهێز و خاوەن دینامیزم و پێشی هەرجۆرە لادان و کۆنەپەرەستی و خۆبەدەستەوەدان بگرێت.

بۆیە کۆماری ئیسلامی ٢٧ ساڵ دوای تیرۆری ناجوامێرانەی دوکتور قاسملوو هەروا هەوڵ دەدات بە پێکهێنانی کەشی ترس و خۆف، نیشاندانی هێزی نیزامی و سەرکوتی خۆی، دارشتنی پلانی جۆراوجۆر و پێکهێنانی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆ خەڵکی کوردستان و خوڵقاندنی ڕووداوی ناخۆش و تاڵ بۆ خەڵکی کوردستان وەک شەهید کردنی ڕۆڵەکانی، کوشتنی کۆڵبەران و زەحمەتکێشانی کوردستان، ئاسەواری شوێندانەریی ڕێبەریی قاسملوو لە سەر کۆمەڵگا کەم ڕەنگ بکاتەوە.
شۆڕشێک کە ڕێبەرەکەی قاسملوو بووبێت و بنەمای تیۆری و فەلسەفەی ئەو لەسەر خۆشەویستیی ژیان و ژین ویستی دامەزرابێت، سەرەڕای هاتنە پێشی کارەساتی قەرەبوو نەکراو، ناتوانێت ببێتە هۆی دڵساردیی ڕێبوارانی ڕێبەران و خەباتکاران تووشی شک و گومان بکات لە بەرخودان و پاراستنی ئەو بایەخە نەتەوایەتی و مرۆڤایییانیەی کە قاسملوو داهێنەری بووە.

**لێرەدا زۆر بەکورتی ئاماژە بە هەندێک تایبەتمەندی و ڕۆڵی قاسملوو لە ڕێبەریی جووڵانەوەی کوردستان دەکرێت:**

١- ڕۆڵی قاسملوو لە سەرهەڵدان و درێژەی جووڵانەوەی کورد

٢- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە جووڵانەوەی کۆمەڵگا

٣- ڕۆڵی قاسملوو لە بەرخۆدان و خۆڕاگری لە بەرانبەر سەختیەکان

٤- ڕۆڵی قاسملوو لە پاککردنی کۆمەڵگا لە ناپاکییەکان

٥- ڕۆلی قاسملوو لە پاراستنی بایەخە نەتەوایەتیەکان و پێشگیری لە لادان لە بنەماکانی شۆڕشی کوردستان

٦- ڕۆڵی ڕێبەری لە پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی کوردستان

٧- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێوشوێنەکانی شۆڕشی کوردستان

٨- ڕۆڵێ ڕێبەری لە بەرخودان و شەڕی چەکداریی پێشمەرگەکانی کوردستان

٩- ڕۆڵی ڕێبەری لە پێکهێنانی ڕێک و پێکیی کۆمەڵایەتی

١٠- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە وەدیهێنانی هەستی ئەمنیەتی تاکەکەسی و ئارامیی کۆمەڵگای حیزبی

١١- ڕۆڵی ڕێبەری لە خەبات دژی دیاردە نەخوازراوە کۆمەڵایەتیەکان

١٢- ڕۆڵی ڕێبەری لە پەروەردەی مرۆڤەکان (تەندروستی تاکەکەسی و کۆمەڵگا)

١٣- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە گەشەکردنی پەروەردەی زانستی لە ناو ڕیزەکانی حیزبدا

١٤- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە یەکیەتی ڕیزەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا

١٥- ڕۆلێ ڕێبەری لە بەرەوپێش بردنی خەباتی هومانیستی و مرۆڤ پەروەر

١٦- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە پێکهێنانی مودیریەتێکی تەندروست و چاکسازی لە ڕێبەری و بەڕێوەبەریی حیزبیدا

١٧- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە بەڕێوەبردن و باشتر بوونی باری دارایی و ئابووریی جووڵانەوە

١٨- ڕۆڵی ڕێبەری لە گەشەسەندنی بنەما ئەخلاقیەکانی شۆڕش و جووڵانەوەی کورد.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندیانە و ڕۆڵی گرینگی ڕێبەری لە کۆمەڵگادا بوو، قاسملوو هەرگاڤ لە بیری بەرەوپێش بردنی ڕێبەریی بە کۆمەڵ و بەکۆمەڵ کردنی ڕێبەری بوو. ئەمڕۆ ٢٧ ساڵ دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، قاسملوو هەروا لە سەر بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان شوێندانەرە، بنەماکانی بیروباوەری و ڕێکارەکانی ڕێبەریی ئەو، ڕێبەڕی کۆمەڵگا دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتیەکان و مرۆڤییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرنجە، هەرچی لە مێژووی تیرۆری دوکتور قاسملوو دوورتر دەکەوینەوە، شوێندانەریی قاسملوو لەسەر کۆمەڵگا قووڵتر دەبێتەوە. کۆماری ئیسلامی لە پلانی گەندەڵی تیرۆری ڕێبەری خەڵکی کورد تووشی هەڵەی لێکدانەوە بوو. قاسملووی شەهید لە سکرتێری حیزبی دێموکراتەوە بوو بە ڕێبەری سەرانسەری جووڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێمای بەرخودان و ئازادی ویستی و مرۆڤ پەروەری هەموو خەباتکارانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٦

# رازی هەرمانی دوکتور قاسملوو



ئازاد کەریمی

لە مێـژووی مرۆڤـایەتـیدا هەوڵـدان بـۆ بەدووربـوون لە کوێربـوونەوەی ناوونیشـان، ناوبانـگ، بـنەچە و بنەماڵە لە تاریکاییەکـانی لەبیرکـردنەوەی هـزری زەمـان و هەڵپێچـان لە سـووڕی رووداوەکـان بـاو بـووە. ئەمەش نەریتـی ئەو کەسانەیە وا خـاوەن بەهرەیەکـی تـایبەتی مـاددی یـان مەعنەوین. بەڵام دوای پەیـدابوونی تێڕامـان و بیرکـردنەوە، مـانەوەی ناوبانـگ بـۆ بەرگـری کـردن لە نەریـتە ئەخلاقـییەکان وەک نرخێکی رەوشت بەرزانە لە فەرهەنگی ئەندێشەگەری وزانـاییدا رەگی داکوتا.

لائوتێسێ، کۆنفۆسیوس، زەردەشت، بـودا، مەسیح، هـۆمێر، ئەفلاتـون، هێـرمێس، مـانی وئەرەستو، بەنـاوبـانگترین کەسایەتـییەکانی جیهـانی کەونـارن. ئەوان ناوبانگیـان زۆرزیـاترە لە دنیـاگرێکی وەک ئـاتیلا، ئەسکەندەر، نێـرۆن، سـتالین وهیتلێـرکە جیهـانی مرۆڤایەتـییان لە کونترۆڵ کردنی ئیرادەی بەشەریدا مانا دەکرد و دەیانویست جیهان و دانیشتوانەکەی بەشێک لە داراییەکـانی ئەوان بێ و تەنانەت شەرەف وبەها مرۆڤایەتـییەکان و رەوشت بەرزی و ئـەخلاق بە گـوێرەی پێوەرەکـانی ئەوان پێناسە بکرێن. بەڵام دەوری کاریزماکـان یـان سـەرکردە نەمرەکـان لە تۆمـار کردنـی لاپەڕە رەنگینەکـانی مێـژوودا بە قەد گەورەیـی واتـای ژیـانی پڕبـایەخ و هزرمەندانەی مرۆڤایەتی گرنگە، لە بەر ئەوەی هەم پەرەپێدەری هـزری رەوشتبەرزانەن و هەم رێبەرایـەتیی کۆمەڵگەکـان بـۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری دەگرنە دەست. کاریزماکان رەفیقی رۆژانی تەنگانەی خەڵکی خۆیانن و لە فیدا کردنی گیانی خۆیان ناترسن، هەر بۆیە خۆشەویستن و تەنـانەت جۆری ژیـان و رێبـازی کاریزمـاتیکی ئەوان دەبێتە هەوێنـی بیرکـردنەوە و بەدواداچون و لایەنگـری کردنـی ئەوان لە لایەن بەشێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگەکـانەوە، بـۆ وێـنە جـۆرج واشینگتۆن ،جۆزێـف گـاریبـاڵـدی، ئابراهـام لینکـۆڵن، مهاتما گاندی، چێ گێڤارا، مارتین لوتێرکینگ و نێلسۆن ماندێلا.

له ناو ئێمەی کوردا چەند کەسایەتی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، مەلا مستەفا بارزانی، شێخ سەعید پیران، سەید رەزا دێرسیمی و... نموونەی کەسایەتی‌یە کاریزماتیکەکانن. ئەوان لە سەردەمدا ژیان و، سەرۆکایەتیی کۆمەڵگەی خۆیان لە ئەستۆ گرت.

کاریزما کوردەکان و زۆربەی کەسایەتی‌یە کاریزماتیکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئاکامێکی دڵتەزێن و تراژێکیان هەبووە و تۆماری ژیانیان بە خوێن و مەرگ و تێرۆر و کوژران کۆتایی پێهاتووە. ئەم جۆرە هەڵبژاردنەی رەوشی ژیان لە لایەن کاریزماکانەوە هەڵبژاردنی ژیانێکی ریسکئامێزە و تەنانەت لە نێو رێبەرەکانیشدا، تەنیا کەسانێک ئەو ریسکە بە ژیانیان دەکەن و بۆ رزگار بوونی کۆمەڵگەکەیان لە نەهامەتی و ئازار و هەژاریی، ژیان و گیانی خۆیان دەخەنە مەترسی‌یەوە.

یەک لە کارێزما کوردەکان، شەهید دوکتورعەبدورەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەو حیزبەی کە هەژدە ساڵ کەسایەتیی یەکەمی بوو و رێبەرایەتی کرد. دوکتور قاسملوو لە ساڵانی هەرە دژواری ژیانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان بلۆکی کاپیتالیستی و بلۆکی کۆمۆنیستی‌دا بوێرانە رێبەرایەتی حیزبەکەی کرد.

دوکتور قاسملوو دوای هێرشی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ئازایانە بڕیاری بەرخۆدان و خۆڕاگری دا. دوکتور قاسملوو بیرمەندێکی پراگماتیست بوو و تیۆری‌یەکانی "معطوف" بە کردەوە بوون.

دوکتور قاسملوو لە مەنتق و هێنانەوەی بەڵگە و بەڵگاندنی وتە و بیرۆکەکانی‌دا، بە توانا بوو و هێزی ئافراندنی ئەندێشەی نوێ و هێنانەئارای بیرۆکەی تازەی هەبوو. بەم هۆیە دوژمن لێی دەترسا و لە ئاکامدا بە فێڵ و تەڵەک، خۆی وا نیشاندا کە تەسلیمی حەقیقەت و حەقانییەتی داخوازییەکانی کورد بووە و دەیەوێ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی پێوەندی‌یە خوێناوی‌یەکانی لەگەڵ گەلی کوردا هەڵبداتەوە و بەداخەوە ناجوامێرانە شەهیدیان کرد.

دوکتور قاسملو بۆ ئەوەی ناسنامەی کورد بسەلمێنێ هەوڵی زۆری داوە. هاوسەرەکەیان دەگێڕێتەوە زۆر جار لە بەر دەرکی فڵانە رێکخراوی کولتووری لە فەڕانسە چاوەڕوان بووە تاکوو بچێتە ژوورەوە و سەبارەت بە پەرتووکێک یان بابەتێک کە پەیوەندی بە کەسایەتیی کورد و کوردستانەوە هەیە و دەیسەلمێنێ کورد خاوەن کەسایەتیی فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیەتی، بۆ کاربەدەستانی ئەو شوێنە کولتووری‌یە قسە بکا؛ بۆ ئەوەی بتوانێ پاڵپشتیی مەعنەوی بۆ دۆزی کورد پەیدا بکا و رێگەیەک بۆ رزگاربوونی کورد لە ستەمی بێگانەکان بکرێتەوە.

لە کاتێکدا بە هەزاران کەس لە مەیدانی دیفاعی چەکدارانەدا حزووریان هەبوو بەڵام دوکتور قاسملوو شەڕخواز نەبوو، خۆی و ئەندامانی حیزبەکەی بۆ پاراستنی خۆیان و نەتەوەکەیان چەکیان هەڵگرتبوو. لەبەر ئەوەی کە رێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران تەنیا بیری لە سڕینەوە و سەرکوت دەکردەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی کوردی دەکرد و بەتایبەت دوای ئەوەی خومەینی فتوای


***جیهادی له دژی کورد دەرکرد دوکتور قاسملوو بڕیاری بەرگریکردنی رەوای گەلی کورد لە گیان و ماڵ و ناموس وخاک و کوولتور و نیشتمانی خۆی دا و بە بیانووی ئاشتیخوازیی و نیشاندانی ژێستی مرۆڤدۆستیی ئیدەئالیستی، خۆی و خەڵکەکەی نەدا بە دەستەوە. بەباوەڕی وی لە کاتێکدا دوژمن بە هەموو شێوەیەک پەلامارت دەدا بەرگری چەکدارانە بە تەواوی رەوایە و دەبێ بەکار بهێنرێ. دوکتور قاسملوو هەرچەند ساڵانێکی زۆر لەتاراوگە ژیا، بەڵام هەمیشە کورد و کوردستان چەقی بیروهزری ئەو بوون. ئەو شۆڕشگێڕانە ژیانی ئاسوودەی ئورووپای جێهێشت و لە پێناو گەلەکەیدا ژیانی سەخت و پڕشانازی پێشمەرگانەی هەڵبژارد.***

***رێباز و ژیانی پڕ لە شانازی دوکتور قاسملوو ئۆلگوو و رێنیشاندەری هەزاران رێبواری ریگە و رێبازی ئەون. خۆڕاگری و متمانە بەخۆبوون وانەیەکە کە قاسملوو بە رێبوارانی داوە.***

***دوای ٢٧ ساڵ لە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، یاد و بیرەوەریەکانی لە هزر و بیری کۆمەڵگەدا زیندووە و سەرەڕای شانتاژ و شارلاتانیزمی کۆماری ئیسلامی بۆ داخستنی پەروەندەی تێرۆری دوکتورقاسملوو لە دادگای ئوتریش و پەردەپۆشکردنی راستیەکانی تراژیدیای تێرۆری دوکتور قاسملوو لە پێش چاوی رای گشتیی جیهاندا، بەڵام لە دوایین هەڵوێستی رێبوارانی رێبازی دوکتورقاسملوودا لە کاتی سەردانی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ ئوتریش لە چەند مانگی رابردوودا وهەڵوەشاندنەوەی ئەم دیدارە فەرمیەی حەسەن روحانی بۆ ئەم وڵاتە، نارەوابوونی بەرەی دژەکورد و کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێرانی بۆ هەموو جیهان جارێکی دیکە سەلماندەوە و ئەو راستیەی سەلماند کە خوێنی شەهید دوکتور قاسملوو ون نەبووە و پەروەندەی تیرۆری رێبەرەکەیان لە دڵ و ویژدانیاندا کراوەیە و هەتاهەتایە کراوە دەبێ. رۆژی ١٣ای جولای ١٩٨٩ رۆژێکی رەشە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا، لەم رۆژەدا دوکتور قاسملوو شەهید کرا، بەڵام خەڵکی کورد رووسوورن بە هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمای وەک ئەو گەورە پیاوە و، هیوادارن رۆژێک دابێ ئامانجەکەی وەدی بهێنن؛ ئەو ئامانجەی کە کەرامەت وماف بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٦***

# بۆ دەبێ ٢٢ی پووشپەڕ لە کوردستان، مانگرتنی گشتی بەڕێوەبەرین؟



**ڕەحیم ڕەشیدی**

چەند ساڵێکە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بۆتە دەرەتانێک بۆ دەربڕینی هاوپێوەندیی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و پێداگریی یەکگرتووانەی وان بۆ بەدیهاتنی ماف و ئازادییە ڕەواکانیان، ئەم هاوپێوەندییە لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا لە ئیلام و کرماشانەوە تاکوو خۆی و ماکۆ، کەم و زۆر لە هێندێک شوێن، بەڵام لە زۆربەی کوردستان تۆخ بەڕێوە چووە و دەچێ.

ساڵانێکە، کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان، لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، یان باشترە بوترێ ٢٢ی پووشپەڕیان کردۆتە دەرەتانێک تا لەو ڕۆژەدا و لە ئاستێکی بەرین و یەکگرتوودا، بە تیرێک چەند نیشانە بپێکن.

لە لایەک ٢٢ی پووشپەڕ بۆ وان، لوتکەی وەفاداری و بەجێهێنانی وادە و بەڵێنی ئەو ڕێبەرە تاقانەیە، تاکوو سەرو و دواین هەناسە، وەفادار بە ئامانج و خواستە ڕەواکانی بزووتنەوەی کورد مایەوە.

ئەو ڕێبەرە بلیمەتەی بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ پسانەوە و ماندوویی نەناسانەی خۆی لە سەردەمێکی دژوار و پڕ گرێ و گۆڵی ئەوتودا کە دونیا بەسەر دوو جەمسەردا دابەش کرابوو، سیاسەت و دیپلۆماسی لە ژێر سێبەری قورسی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزدا بە زەحمەت بەدیار دەکەوت، لەبەر ئەوەی ئەوان هەموو شتێکیان لە بازنەی تەنگەبەری بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا پێناسە دەکرد، ڕێبەرە تاقانەکەی کورد، کورد و کوردستانی لە پێناسە و خوێندنەوەیەکی قووڵی سەربەخۆدا کردە ئامانج، ئەو ڕایگەیاند کە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و دابین بوونی ماف و ئازادییەکانی، لەسەروو هەموو دۆستایەتی و هاوپێوەندییەکەوەیە، هەر بەم ڕوانینەوە زۆر درگای کوتا و لەبەر ئەوەی دەریایەک بوو لە زانست، نەدەکرا گوێی نەدرێتێ، قسە، ڕاڤە و بۆچوونەکانی لە هەمبەر

ڕوودا و ئاڵوگۆڕەکان بە گرینگ وەرنەگیرێت، مرۆڤێک کە هەموو توانا، زانست و لێهاتوویی و ئەزموونی ژیانی خستە خزمەت ئەو پرۆسەوە کە دەبێ کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی بە بیروڕای گشتیی جیهان و ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە بڕیاردەرەکانی دونیا بناسێنێ و ویستی دێموکراسی خوازیی ئەوان بە گوێچکە کڕ و کپەکاندا بخوێنێ و بانگی ئەوە هەڵبدات کە کورد هیچی لە گەلانی بەختەوەر و پێشکەوتوو و سەربەخۆی دونیا کەمتر نیە و مافی خۆیەتی لەسەر خاک و لە نێو نیشتمانی خۆیدا سەربەست بژی. کەواتە مانگرتنی گشتی لە بیستودووی پووشپەڕدا، بانگەوازێکی دیکەی یەکگرتوانەیە بۆ پاتە کردنەوەی ئەو ویست و ئامانجانە.

بەڵێ، خەڵکی کوردستان لەم دەرفەتەدا و لە ٢٢ی پووشپەڕدا بە مانگرتن و داخستنی دوکان و بازاڕەکانی خۆیان لە بەستێنی ئاڵوگۆڕە خێراکانی دونیای ئەوڕۆدا دەیان هەوێت کە ئەو ڕاستییە دووپات بکەنەوە کە خوازیاری دابین بوونی ماف و ئازادییەکانی خۆیانن و ئامادە نین بۆ ساتێک لە درێژەدان بە خەبات بۆ وەدی هاتنی ئەو داخوازییانە غافڵ بن. ئەوان بە مانگرتن و بێدەنگی، بۆ جارێکی دیکە ڕادەگەیەنن کە لە توندوتیژی و سیاسەتی زەبروزەنگ بێزارن، بابەتێک کە هەوێنی دەستەوەستانیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە کوردستانە.

بەڵام نەتەوەی کورد بە بێدەنگی گەورەترین پەیام بە گوێی دونیادا دەداتەوە، پەیامێک کە دونیا ناچارە بیبیستێ و ئەوە دەبینین ئەوڕۆ لە باقی ناوچە و دەڤەرەکانی دیکەی ئێراندا دەسبژێر و ڕووناکبیران هەوڵ دەدەن لەم هەلومەرجەدا خەباتی نافەرمانیی مەدەنی بکەنە پێویستیی دەسپێکی هەموو بزووتنەوە جەماوەرییەکانی خۆیان، خەباتێک کە لە کوردستان مێژوویەکی پڕ شکۆی هەیە و کورد و کوردستان لەو مەیدانەشدا هەر پێشەنگ و داهێنەرە.

کۆمەڵانی تێکۆشەر و مافویستی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەرە مەزنەکەیان دەکەنەوە بە دەرەتانێک تاکوو وێڕای پێداگری لەسەر باوەڕەکانی ئەو، کورەی نەفرەت و بێزاری لە تیرۆر و توندوتیژیی دەوڵەتی تێڵ دەنەوە، گرینگ ئەوەیە ڕاستیی ئەم بابەتە بە قوڵی تێبگەین و بزانین کۆماری ئیسلامی لەم بەستێنەدا دەستەوەستان و داماوە و ناتوانێ ماشێنی سەرکوت و داپڵۆسینی، دژی ئەو خەباتە یەکگرتوانە جەماوەرییە وەکار بخات. چوونکە بەم کردەوە بە دونیا ڕادەگەیەنێ کە بکوژی دوکتور قاسملوو ئەوە، کارێک کە ڕێژیم لە بارودۆخی ئێستادا بە هیچ جۆرێک بە قازانجی نیە کە وەکوو ڕاستییەکی تاڵ قبووڵی بکات.

هۆکارێکی دیکەی مانگرتنی جەماوەی ٢٢ی پووشپەڕ کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە سەرکوتی دەپرنگێنەوە و ئامادە نین بە هیچ جۆرێک خۆ لە قەرەی بدەن، ئاشکرا بوونی ئەو بەڵگانەیە کە سەبارەت بە دەستتێدابوونی ڕێبەرانی هەرە سەرەوەی دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ لەو ڕەشە کوژییە قیزەوەنەدا بە دەستەوەن. کۆماری ئیسلامی لە دادگای میکۆنۆسدا ڕووسیاییەکی ئەوتۆ و ساکاری بە بەرۆکدا نەکراوە کە وەگەڕ کەوتنەوەی پەروەندەی شەهیدانی ویەن ترس و خۆفی لە هەموو جومگەکانی نەخزاندبێ.

بەم خوێندنەوە، دەگەینە ئەو ئاکامە، هەر بۆیە ڕێژیم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە شێوەیەکی خێرا و تێروتەسەل هەوڵی داوە لە ڕێگای فەرمانداری و ناوەندەکانی ئیسنافەوە بازاڕیان و دوکاندارەکان ڕازی بکات بۆ ئەوەی لە ڕۆژی بیستودووی پووشپەڕدا لە

داخستنی دووکان و بازاڕ خۆ ببوێرن، سەرنج ڕاکێشە لەو ڕاستییە ورد بینەوە، ڕێژیم لە حاڵێکدا بە زمانی نەرم و تکا و پاڕانەوە و لالانەوە ئەم داخوازییە پڕ لە شوورەییەی دێنێتە گۆڕێ کە بە بێبەزەییانەترین شێوە کاسبکاران و کۆڵبەرانی وڵات دەداتە بەر دەسڕێژ و ئەوان برینداد یان نەقوستان دەکات و لە زۆربەی کاتەکانیشدا گیانیان لێ دەستێنێ.

کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندەکانی و لەق و پۆپە دارزاوەکانی لە بارودۆخێکدا بە هێمنی ئەو داوایانە دەێنە گۆڕێ کە ڕۆڵەکانی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی واندا لە ژێر قورسترین ئازار و ئەشکەنجەدان و هەر لەو کاتەدا بارودۆخێکی تاقەت پڕوکێنی پۆلیسیی بەسەر شارەکانی کوردستاندا زاڵ کردووە.

ئەوان باش دەزانن کە بە هۆی ئەوەی بازار شوێنی دابین کردنی پێداویستیی ڕۆژانەی خەڵک و مەیدانی کۆبوونەوەی جەماوەر و بازرگانی کردن و داهات و دەرکەوتە و داخستنی، زۆر زوو لە هەموو ئێران و ناوچە و دونیادا دەنگ دەداتەوە، داخستنی دووکان و بازاڕ یانی ڕاوەستانی پڕ مانای ژیان بۆ چەند ساتێک، ئەو چەند ساتەی کە قەڵای زۆرداری وەلەرزین دەخات. ئەو چەند ساتەی کە مەیدانی هیچ مانۆڕێک بۆ دوژمن ناهێڵێتەوە، ئاخر کەس بەدەرەوە نیە، ئیدی کێ سەرکوت بکرێ، خۆ ناشکرێ وە ماڵان کەون و ئەو هەموو خەڵکە لە ماڵ بێننە دەرەوە. ماڵی خۆمە و ئەورۆ پێم خۆش نیە دەرکەوم!

ناساخم، میوانم هەیە، لەسەفەرم، سەردانی دۆستێکمم کردووە و لە ماڵ نیم و نەبووم. کارێک کە هەموو کەس دەرەتانی ئەوەی هەیە بیکات، کارێک کە خەباتێکی پڕ مانا و شوێندانەرە.

خەڵکی کوردستان بە گشتیی و دووکاندار و بازارییە خۆشەویستەکان بە تایبەتیی دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن کە داخستنی دووکان و بازاڕەکان لە چەند لایەنەی دیکەشەوە جێگای بایەخ و لێورد بوونەوەیە. یەکەم ئەوەی کە هێندێک لە دووکاندارەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن دامودەزگاکانی دەسەڵاتی جەهەندەمییەوە بانگ کراون و پێیان وتراوە کە نابێ لەو ڕۆژەدا دووکان و بازاڕەکانیان دابخەن، ئەم هەوڵە نەزۆکە بۆ ئەوەیە کە ئەوە بکەنە دەرەتانێ بۆ ئەوەی ساکارتر بەوانی دیکە بڵێن ئەوە فلانی یان فلانە بەش دایناخات و ئێوەش نابێ ئەو کارە بکەن، بە مانایەکی دیکە ئامانج شەقکردنی ڕیزی یەکگرتووی خەڵکە و پێکهێنانی نێوانناخۆشی و دوژمنایەتی و دوڕدۆنگی لە نێوانیاندا.

لە لایەکی ترەوە، بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا نەتوانێ ئەوەندەی دەسەڵات هەبێ کە ڕۆژێک بە دڵی خۆی، ئەویش بۆ ئەرکێکی ئاوا گرینگ و پێویست دوکانی خۆی دابخات، یانی ئەوپەڕی دەستەوەستانی و داماوی کە ئیدی ئەوەیان، بە تایبەت پاش ئەو هەموو خەبات و بەرخۆدانە شیاوی مرۆڤی کورد نیە.

خاڵێکی دیکە کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گوشار هێنان بۆ سەر هێندێک دووکاندار دەیهەوێ ڕەمزی مانگرتنی گشتیی لە ڕۆژی بیست و دووی پووشپەڕدا کە لە سەردەمی ئێستادا بەڕاستی بۆتە نەریت و کولتوورێکی مەدەنی تێک

بشکێنێ و نەهێڵێ مەرگی سووری قاسملوو ببێتە ڕەمزی یەکیەتیی و هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی ئەوتۆ کە کورد وەکوو نانی شەو موحتاجیەتی.

نابێ لەبیرمان بچێ، کۆماری ئیسلامی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە سەرنەگرێ، خاڵێکی گرینگ کە ڕێژیم لێی دەترسێ ئەوەیە کە قاسملوو نەبێتە هێمای خەباتێک کە باوەڕ بە خۆبوون و شایی بەخۆبوون بە مرۆڤی کورد دەبەخشێ. چوونکە نموونە مێژووییەکانی وەکوو بزووتنەوەی مەدەنی هێند، دژ بەداگیرکاریی بریتانیا ڕێبەرێکی سیمبولیکی وەکوو گاندی هەبوو.

خەباتی دژی هەڵاواردن و ئاپارتاید لە ئافریقای جنووبیدا پێویستی بە تێکۆشەرێکی وەکوو نێلسۆن ماندێلا و تێکۆشانی خەباتگێڕانی ڕەش پێستی ئامریکا بۆ دابین بوونی بەرابەری و مافی وەکوو یەک لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە کە ڕەنگی پێستیان ڕەش نەبوو، لەو وڵاتەدا پێویستی بە پێشەنگایەتیی کەسێکی وەکوو مارتین لوتر کینگ هەبوو.

دەبێ هەمووان ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە لایەنەکانی ئەم خەباتە بە تایبەتی شی کراوەتەوە و هەوڵ دراوە کە هیچ زیانێکی گیانی و مادی لێ نەکەوێتەوە، چوونکە سەر و ماڵ و گیانی هاووڵاتیان بایەخی هەیە، هاوکات ئەو خەڵکە لە هەموو هەلومەرجێکدا ئامادەیە ئەگەر پێویست بێ سەر و ماڵ و ژیانی لە پێناوەی دەستەبەر بوونی ئازادیدا دابنێ، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم شێوازە لە خەبات و سەرکەوتنی دەسکەوتێکی گەورەیە و ئەگەر هەمووان وێکڕا دەستی بدەینێ، بێ گومان سەرکەوتنی مەزن و بەرچاو بەدەست دێنین.

لەبەر ئەوەی ڕێژیم بە هۆی ئاڵۆزی و کێشە و گرفتی شارە گەورەکان بە گشتیی و تاران بە تایبەتی، ئەو ڕووڕەشییەی لەم بوارەدا و بە هۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتی شەلم کوێرم نابوێرمی خۆی، بۆی هاتۆتە گۆڕێ و تێیدا چەقیوە، بە هیچ جۆرێک ناخوازێ کە لە ناوچەیەکی دیکەی وڵاتدا ئەویش بە تایبەتی لە کوردستان کە هەموو کات سەنگەری بەهێزی بەرخۆدانو نەسرەوتن بوە، هیچ دژ کردەوەیەک بەرانبەر بە دەسەڵات بێتە ئاراوە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ببێ بە چەشنێک کە هەم ببێتە پاڵپشتێک بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری کە ئەم ڕۆژانە لێبڕاوە بە گەرموگوڕی و بە هەر شێوەیەکی بۆی بلوێ یادی ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی دەکاتەوە.

هەر بۆیە بە پێچەوانەی سیاسەتی فەرمیی خۆی، لە زمانێکی زبر کەڵک وەرناگرێ، هەوڵ دەدات بە پاڕانەوە خەڵک گوێی لێبگرن، بێگومان ئەزموونی سیاسیی خەڵکی کوردستان و ئاگایی و وشیاریی ئەوان لەسەرەوەیە و ئەم بۆشایەی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەکەنە پردە بازێکی گرینگ بۆ بەرەوپێش چوونێکی شوێندانەرانە.

جیا لە تەواوی ئەمانە، بەڕاستی لە هەلومەرجێکدا کە دۆست و دوژمن چاوی لێمانە، لە بارودۆخێکدا کە ناوەندەکانی بڕیاردەری دونیا بە سەرنجەوە چاو لە هەنگاوی یەکگرتووانەی ٢٢ی پووشپەڕ دەکەن، دەبێ لێبڕاوانە شان بدەینە ژێر ئەم ئەرکە و سەرەڕای

هەموو جیاوازییەکانمان، لەگەڵ هەموو بیر و بۆچوونێک کە هەمانە، یەکگرتووانە هێمای ئاشتی خوازی خەباتەکەمان بکەینە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیەکی بەرین لەم هەلومەرجە ناسکەدا. بەدەر لەمانە، ئەگەر کرێکارانی بێبەش لە ژیانێکی ئینسانی دژی بارودۆخی تاقەت پڕوکێنی ئێستایانن، کە هەن، ئەگەر ژنانی بێبەش لە هەموو مافێک دژی ئەو هەموو هەڵاواردنەن، کە هەن، ئەگەر لاوان لە بێ کاری، گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان و گەندەڵی بێزارن، کە هەن، ئەگەر مامۆستایان لەسەر دابین نەبوونی مافەکانیان وەزاڵە هاتوون، کە هاتوون، ئەگەر کۆڵبەران و کاسبکارانی بێدەرەتان بڕستیان لێ براوە، کە براوە، ئەگەر دووکاندار و بازاڕییەکان بە دەست نەبوونی ئەمنیەتی کار و ئاوسانەوە گیریان خواردوە، کە خواردوویانە، ئەگەر شارەکانی کوردستان دژی سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگیی خۆیانن، کە هەن، ئەگەر ڕۆژنامەنووس و شاعێر و ڕووناکبیرانی کۆمەڵگا لە نەبوونی ئازادی و سیاسەتی سانسۆر ماندوون، کە ماندوون، ئەگەر جوتیار و ئاژەڵدارەکان بە دەست بێ کەرەستەییەوە دەناڵێنن، کە دەناڵێنن، ئەگەر خەڵک لە سووکایەتیی بە باوەڕە ئایینی و تایبەتییەکانی بێزارە، کە هەیە، لە یەک قسەدا، ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستا ناڕازیین و خوازیارین بە کەمترین نرخ هەر هیچ نەبێ پاشەکشەیەک بەو ڕێژیمە بکەین، ئەوا ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ باشترین مەیدانی تاقی کردنەوەیە، لەبارترین دەرەتانە بۆ ئەوەی هاوار بکەین لە زوڵم و زۆر و هەڵاوارن و نەبوونی بێزارین، بەڵام لەسەر وەدیهاتنی مافی ڕەوامان سوورین.

ئەگەر دەمانهەوێ نوێنەرانی سیاسیی ویستەکانمان لە کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆری نێونەتەوەییدا، بەهێز و قورس و قایم بانگەوازی دادخوازییمان بە گوێی دونیا ڕابگەیەنن، ئەوا پێویستە کە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لە مانگرتنی گشتیی و جەماوەریدا چالاکانە بەشداری بکەین، بەو شێوەیە ئەرکی هەمە لایەنەی خۆمان بەجێ بگەیەنیین. گەلۆ، زەحمەت و ماندوو بوونی چەند حەوتووی لاوەکان و تێکۆشەرانی نێو جەرگەی خەبات و چالاکیی تەبلیغیی بەرینی وان لە سەرانسەری کوردستاندا، بە بێ ئەوەی خوێن لە لووتی یەک کەسیان بێ، لە حاڵێکدا کوردستان وەکوو پادگانێکی نیزامی لێهاتووە، باشترین ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییە کە ڕێژیم هێندەش بەهێز نیە کە ئێمە یەکگرتوانە، نەتوانیین بۆ جارێکی دیکە پاشەکشەی پێ بکەین.

بێگومان، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژی نا وتنەوەیەکی واتاداری دیکە دەبێ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، لە کوردستان، بابەتێک کە هەموو لایەک تەنانەت ڕێژیم چاوەڕێی دەکات هەر بۆیە زەبوونانە وەپەلەقاژێ کەوتووە.

کەواتە وەکوو بڕیارمان داوە، ئەوجارەش بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی هەنگاوێکی مەزن بەرەو وەدیهاتنی مافەکانمان دەنێین. سڵاو لە جموجۆڵی بەرین و بەرپرسانەی خاوەن شکۆی خەڵکی کوردستان، بۆ بەرێوەبردنی مانگرتنی بەرینی جەماوەری لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٦

# ٢٣ی پووشپەر - راسان و یەکگرتنەوەی دووبارەی دێموکرات



مەجید حەقی

ئاسەوارەکانی تیرۆری دکتۆر قاسملوو هەروا لە سەر جەستەی حیزبی دێموکرات و بزاڤی کورد بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیارە. دکتۆر قاسملووش وەک هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی ماوەی ژیانی هەتاهەتایی نەبوو، بەڵام لە دەستدانی کوتوپڕی رێبەرێکی کاریزما کاردانەوەی قووڵترە لەوەی کە دەسەڵاتی رێبەر بەشێوەیەکی ئارام و لە رووی پرۆسە ئاساییەکانی خۆیەوە لە ناو رێکخراودا جێبەجێ بکرێت. لە دەستدانی دوابەدوای رێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٢ی پووشپەری ١٩٨٩ و خەرمانانی ١٩٩٢ بەو شێوە تراژیک و هەڵسوکەوتی ناجوانمێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستەمی دەزگای دادی دەوڵەتی ئوتریش بوو بەهۆی گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننەکراوی دەسەڵات لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا و پێکهاتنی تراومایەکی کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی لە هەموو بنەماڵەی دێموکرات.

ئەم کارەساتە نەخوازراوانە سەرەرای ئەوەی کە بوون بە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوسۆزی خەڵک لە گەڵ حیزبی دێموکرات، رووداوەکانی دوای ئەو و شەپۆلی تیرۆری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەندامانی حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بوون بە هۆی زەمینگیر بوونی رێکخراوەکان و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی و دەسپێکی قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو حیزبی دێموکرات و بەشەخسی کردنی کێشەو پرسەکانی رێکخراوەیی.

دانپێنان بەو راستیە تاڵە لەوانەیە ناخۆش و بەژان بێت، بەڵام راستیەکە کە تا دانی پێدانەهێنین ناتوانین ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە ژیانی رێکخراوەیی وخەباتی خۆماندا پێک بێنین. لە دەست چوونی دکتۆر قاسملوو بە شێوەیە کوتوپڕ و تراژیکە بوو بەهۆی لە دەست چوون و ون بوونی ئاسۆی سیاسی لە ناو حیزبی دێموکرات و پێکهاتنی فراکسیۆن و "جیناحی" دژبەیەک لە ناو حیزب دا، کە هەموو سەرنجیان بەرەو ئامانجە بچووکەکان و بچووککردنی حیزبی دێموکرات کۆ بووە. ئەنجامی ئەو دووپاتکردنەوەی قووڵتری هەڵە مێژووییەکان و پێکهاتنی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب و درێژەکێشانی ئەو جیابوونەوە زیاتر لە هەشت ساڵ بوو. حیزبی دێموکرات لە مێژووی خۆیدا ئینشعاب و جیابوونەوەی دیکەشی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام دوای کۆنگرەی هەشتەم و جیابوونەوەی

ئەو کۆنگرەیە و یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی دەی حیزب، دەبوایە ئەو ئەزموونانە بکرێتە بناغەی داڕشتنی سیستەمێکی بەهێزی چارەسەری کێشەکان و بەڕێوەبەری کێشەکان لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانی و بەرپرسانەدا.

تیرۆری قاسملوو ڕووداوێک نیە کە بەرابردوو بسپێندرێت. ئەو کارەساتە ئێستاش لە بیرەوەریەکانی سیاسی و هەستیی گەلی کورددا زیندووە. ئەو کارەساتە تەنیا ڕووداوێک نیە کە پیوەندی بە ڕابردووە هەبێت، بەڵکوو سێبەری بەسەر پراکتیک و دیسکۆرسی سیاسی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. لە گەڵ ئەمەش ئامانجی قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە ئەمڕۆ لە هەمووکاتێک زیاتر بووتە ڕۆژەڤی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەددا دابەش کراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دکتۆر قاسملوو لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕۆڵەی کە دەبوایە لە پیوەندی لە گەڵ گەشەکردنی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کوردا لە ڕۆژهەڵات بگێڕێ نەگێراوە و لە ئاکامدا کوردستان لە ڕووی سیاسی و شوێندانەری سیاسیەوە لە جوغرافیای سیاسی ئێراندا لە پەراوێز خراوە. ئەمڕۆ پێویستی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کورد و قبووڵی جیاوازیەکانی ناو کوردستان هەم گرنگە و هەم ئەرکێکی مێژوویی و سیاسیە بۆ ئەوەی بنەمای ئاشتیەکی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابڕێژرێت.

ئێمە لە کاتێکدا یادی بیست و حەوتەمین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملوو دەکەینەوە، ڕاسانی نوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە و کوردستان پێیناوەتە قۆناغێکی بەتەواوی تازەوە. قۆناغێک کە لەودا ریسکی زیاتر بوونی شەر و پێکدادان و هێرشی کۆماری ئیسلامی و بەرخودانی پێشمەرگەکان زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو بووە. قۆناغێک کە کۆماری ئیسلامی دڕندانەتر لە جاران، لە پێناوی مانەوەی خۆی تەنانەت لە گیانلەبەرانیش خۆش نابێت. قۆناغێک کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەمووکاتێک زیاتر چەکدارە و کورد بووتە یەکێک لە پارتنێرەکانی خەباتی دژی تیرۆریزمی داعش و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک جەمسەرێکی دیکەی ڕەوتی تیرۆر قووڵایی ستراتیژیکی خۆی نەتەنیا بۆ عێراق و باشووری کوردستان کە تا سووریا و یەمەن گەشەی پێداوە وخەریکە جێ پێ دەکاتەوە لە باکووری کوردستانیش.

ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیویستی هێز، وزە و توانا بەسەر یەکخراوەکان هەیە. لەو ڕووەدا ئەمڕۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەرکێکی مێژووییان لە ئەستۆیە. یەکگرتنەوەی دێموکرات پێویستیەکی ویژدانی، ئەخلاقی و مێژووییە. لێکدابران و جیابوونەوەکان بەرهەمی نەبوونی دێموکراسی و جێگیرنەبوونی دێموکراسیە، ئێستا کە ئەزموونی تاڵی جیابوونەوە تاقی کراوەتەوە، کاتی ئەوە هاتووە بەجیددی و بەبەرنامەیەکی گشتگر ستراتیژیەکی نوێ لە سەر بنەمای یەکگرتنەوە و قبوولی فرەچەشنی ناوخۆیی و ڕێزگرتن لە فرەڕەنگیە دابڕێژرێت ، ستراتیژیەک کە خاوەنی بەرنامەی دیاری کراو بۆ جێبەجێ کردن و بە ئاکام گەیشتن بێت. نۆ ساڵ لەمەوبەر هەم هەلومەرجەکان جیاواز بوون و هەم بەرژەوەندیەکان: لە کوردستان داعش نەبوو، کۆماری ئیسلامی ستراتیژی نفووزی خۆی ئەوەندەی ئەمڕۆ بۆ دەرەوەی وڵات قووڵ نەکردبووە، ویستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی سیاسیەوە بە ئاستی ویستێکی کۆمەڵایەتی و عاتفی قوول نەببووە و یەکگرتووخوازی و هەستی پێکەوە بوون و قبووڵی جیاوازیەکان بە قووڵایی ئەمڕۆ نەبوو. پرسی کورد لە ڕۆژئاوا مژارێکی لەبیرکراو بوو، لە باکوور دیاردەیەک بە ناوی HDP و ئیسلامیزاسیۆنی خەلافەتی

ئەردۆغان نەبوو. گفتگۆی ئەتۆمی ئێران لە ئارادا نەبوو و ئێران دیپلۆماسیەکی چالاکی وەک ئەمڕۆی نەبوو. ئەو کەسانەی کە هەشت ساڵ لەمەوبەر مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پۆستانسیەلێکی گەورەن بۆ گۆڕینی پارەسەنگەکان بە قازانجی نەتەوەی کورد.

مێژوو بە کرداری بوێری ڕێبەرانەوە دەنووسرێت. بوێری سیاسی دکتۆر قاسملووی کردە ڕێبەرێکی کاریزماتیک بە شێوەیەک کە تیرۆر و لەدەست دانی ئەو تەنیا پێوەندی بە ڕووداوێکی رابردووە نیە، بەڵکوو برینێکە کە ڕۆژ بەڕۆژ قووڵایی لە ناو گەلی کورددا زۆرتر دەردەکەوێت. بیری قاسملوو و ڕێبازی قاسملوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناو خەلکی کوردستاندا زۆرتر جێ دەبێتەوە و سنوورەکانی حیزبی دیموکراتی تێپەر کردووە.

لە وتووێژێک کە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر دکتۆر قاسملوو لە گەڵ بی.بی.سی ئەنجامی داوە، لە پێوەندی لە گەڵ هێزەکانی چەپ دکتۆر قاسملوو دەڵێت: "بەداخەوە لە داهاتوودا ئێمە شاهیدی جیابوونەوە ئینشعابی زۆر لە ناو هێزە چەپەکان دەبین. بەڵام بەهیواین دوای ئەو جیابوونەوەیە ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر لە ناو هێزەکانی چەپدا خێرابکرێت." پەیامی ئەم وتەیەی قاسملوو بۆ ئەمڕۆی ئێمە زۆر ڕوونە. دوای جیابوونەوە دەبوایە بە بێ دۆراندنی کات ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر و قووڵتر کردنی دێموکراسی و ببێتە ڕۆژەڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمە.

وتەی قاسملوو کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، دەبێ لە دروشمەوە بە کردەوە بگۆڕدرێت. ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، ڕێگای گەشەکردن، پێشکەوتن، ئاڵوگۆڕی بوێرانەی سیاسی و ڕێکخراوەیی، ڕێگای ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێبازی قبووڵی هەلی بەرامبەر لە بۆ مافی بەرامبەر بۆ ژنان لە ناو ڕۆژەڤی سیاسی و کۆمەلایەتیدا، و جێبەجێ کردنی ویستی قاسملوو واتە پێشڤەچوونی هاوکاتی سیاسی و کۆمەلایەتیە.

بۆ سەرکەوتنی پەیامی "ڕاسانی" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەهینە بوونی خوێنی شەهیدانی ڕاسان، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، دەبی لە پێناو بەرژەوەندی خۆشیان بێت و بۆ ئەوەی چی دیکە لەبەرامبەر ویستی گشتی خەڵکی کورد کەم نەهێننەوە و شەرمەزار نەبن، دەشی ئێگۆیزم و کولتووری کوردە نامووسی فڕێ بدەن و بوێرانە ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزب و دارشتنەوەیەکی سیاسی نوێ ئەنجام بگەیەنن. ئامانجێک کە مێژووی بۆ دیاری نەکرابێت، ئامانجێک کە بەرنامەی بۆ دانەڕێژرابێت، دەبێتە خەونێکی بەڕاستی شاعیرانە. یەکگرتنەوە نابێ ببێ بەخەون بەڵکوو دەبێ بکرێتە حەقیقەت و بەکردەوە جێبەجێ بکرێت. بەوە ئێمە دەتوانین ٢٢ی پووشپەر بکەینە دەسپێکی بەکردەوەی جێبەجێکردنی ڕەوتی یەکگرتوویی بنەماڵەی دێموکرات و جەژنی مەزنی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات. بەو شێوەیە توانیومانە هەم ڕۆحی شەهیدانمان شاد کەین و هەم ئاسۆیەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەمان و بنەماڵەی شەهیدان وەدی بێنین.

هەمووماں لە بەرامبەر خوێنی شەهیدان، کەم ئەندامان، زینـدانیانی سیاس، بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان و ویژدانی مرۆڤانەی خۆمان بەرپرسین. با لەو بەرپرسایەتیە ڕووسوور دەرکەوین.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٦

## لە یادی د.قاسملوو دا




**ئامادەکاری; ڕۆژنامەی کوردستان**

لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهید کرانی ڕێبەری گەورەمان د. قاسملوودا دەکرێ لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لە کەسایەتیی و ڕۆڵی دوکتور قاسملوو بڕوانین. لەم نێوەدا پرسیارێک کە دەکرێ بێتەئارا ئەوەیە کە : چۆنیەتی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ د. قاسملوو دەبێ چۆن بێ؟ ئایا دەبێ تەنیا بە شێوەی عاتفی و ڕۆمانتیک مامەڵەی لەگەڵ بکەین یان پێویستە کە مامەڵەیەکی ئەکتیڤ و ئاوێتە لەگەڵ بیری ڕەخنەییمان لەگەڵیان هەبێ؟ د. قاسملوو کاریزما و سەمبولێکی ئێمەیە و خویایە کە سەمبولسازی لە پرۆسەی خەباتدا پێویستە؛ سەمبولەکان دەتوانن ڕۆڵی کاتالیزۆریان لە ڕەوتی خەباتدا هەبێ. لە بنەڕەتدا سنووری نێوان سەمبول و پێویستی(ی سەمبول) لە ڕەوتی خەباتدا لەگەڵ کەڵک وەرگرتنی ئامرازی لەم کەسایەتییانە چییە؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە، مامۆستای زانکۆ:**



١- ئەگەر کەسایەتیی کاریزماتیک بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی بتوانێت کۆمەڵێک مرۆڤی کۆمەڵگە یاخود

حیزبێکی دیاریکراو بکاتە رێڕەو و لایەنگری چالاکی بیر و باوەڕەکانی، ئەوە بێ هیچ شکێک دوکتۆر قاسملوو کەسایەتی‌یەکی لەم چەشنە بووە. ئەگەر کارتێکەریی و ناوبانگی کەسایەتی‌یەک سنوورەکانی حیزبێکی دیاریکراو دەرباز بکا و ببێ بە خاڵی هاوبەشی هاوار و ئاواتی جەماوەرێکی بەربڵاو، هەمدیسان دوکتۆر قاسملوو کەسایەتی‌یەکی کاریزما بووە. ئەگەر کاریزما بریتی بێ لە ئەو کەسەی کە جەماوەر لەسەر بنەمای ئەزموونی تاکبڕواییانەی خۆیان و لە ئاستی تاکەکەسیدا خۆشیان بوێ و وەدوای ئامانج و باوەڕە سیاسییەکانی بکەون، ئەوە دیسانەوە دوکتۆر قاسملوو کەسایەتی‌یەکی کاریزمایی بووە. بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژی تەمنیان لە تاراوگەدا تێپەڕ کردبێ و بە بەردەوامی لە هەوڵی رزگاریی نەتەوەکەیاندا بووبن و تا ئاستە هەرە بەرزەکانی خوێندن چووبن و دواتر توانیبێتیان ببن بە کەسایەتی‌یەکی زانستیی باوەڕپێکراو و کارای ئاکادێمی، روونە کە دەبێ چ وزەیەکی زۆر و چ توانایییەکی هەمەلایەنە دەکار هاتبێت تا ئەم قۆناخانە تێپەڕ بووبن. ئاوارەبوون لە دەریای فەرهەنگێکی نامۆی ئورووپایی لە سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بۆ مرۆڤێکی دونیای سێهەمی و سەر بە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، تەنیا بەهۆی باوەڕی بەرزی هزری و هیوای بەرزە فرانەوە دەتوانێت ببێ بە پێشزەمینەی سەرکەوتن لە بواری خوێندن و باوەڕمەندی بە خەونەکانی نەتەوەکەیەوە. دوکتۆر قاسملوو ئەو کەسە بوو کە توانی بە سەرکەوتوویی ئەم خەونانە لە ئاستی تاکەکەسیدا بێنێتە دی. بەڵام خۆ ئەوە کۆتایی رەوتەکە نییە و ئەو دەبێ بگەڕێتەوە گۆڕەپانیی راستەوخۆی خەبات. ئەو دەبێ ئەمجارەیان بۆ رزگاریی گەلەکەی و وڵاتەکەی دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندییە تاکەکەسی‌یەکانی خۆی لە تاراوگە بێت و بگەڕێتەوە ناو جەرگەی هەڤاڵانی لە هەلومەرجی دژواری خەبات و تێکۆشان لە وڵاتێکی جیهانی سێهەمی‌دا. دووری لە وڵات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەرکی خۆگونجاندنەوە لەگەڵ فەرهەنگی کۆندا ئەستەم دەکات. بەڵام دوکتۆر قاسملوو لەم بەرەیەشدا سەرکەوتووە و بە قسەی زۆربەی هەرە زۆری رێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەو رۆڵێکی بڕیاردەری لە بووژاندنەوەی حیزبدا لە بواری رێکخراوەیی و فکریدا هەبووە.

٢. ئەوەی دەبێ لەگەڵ ئەو میراتە پڕبەهایەدا چۆن هەڵسوکەوت بکرێت پرسێکی سەرەکی‌یە بۆ سیاسەتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. یەکەم شت بە باوەڕی من ئەوەیە کە میراتی دوکتۆر قاسملوو دەبێت وەک سامانێکی نەتەوەیی سەیر بکرێ و لە چوارچێوەی بەرتەسکی حیزبیدا زیندانی نەکرێ. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و دەستکەوتەکانی دوکتۆر قاسملوو دەبێ شێوازییانە بێ. هەلومەرجی سیاسیی سەردەمی ئێستا و سەردەمی دوکتۆر قاسملوو زۆر جیاوازە و مرۆڤ ناکرێ وەڵامی پرسەکانی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە هەڵوێست و دەقەکانی دوکتۆر قاسملوودا بدۆزێتەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە سیاسەتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێ و دەبێ لە جەوهەری بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو کەڵک وەرگرێ. وریایی و بوێریی سیاسی، چالاکیی رۆژانە و بەردەوام، دیپلۆماسیی وشیارانە و کاریگەر و هەوڵدان بۆ زیندووراگرتنی بزووتنەوەی دێموکراتیکی کورد ئەو خاڵە سەرەکی‌یانەن کە دەبێ جیلی ئێستای سیاسی لێی فێر بێ و دەکاری بێنێ. لە هەمان کاتدا بزوتنەوەیەکی دێموکرات و سێکولار بەدوور لە باوەڕی ئایینی و جەزمییانە دەبێ باوەڕی بەو راستی‌یە هەبێت کە هیچ کەس لە دەرەوەی رەخنە نییە و هەموو سیاسەت و کردەوەکانی دوکتۆر قاسملوو وەک هەر بیریارێک و رێبەرێکی دێموکراتی‌تر ناتوانێ وەک دەقی پیرۆز سەیر بکرێ. ئەگەر خۆشەویستیی جەماوەریی دوکتۆر قاسملوو و کەسایەتیی کاریزمایی ئەو، گەنجینەیەکی بێوێنەیە بۆ گۆشدانی بزووتنەوەی دێموکراتی کورد لە سەردەمی ئێستادا، هەڵسەنگاندنی رەخنەییانەی کارکرد و میراتی ئەو بەشێکە لە ئەرکی رێبەرایەتیی سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی کورد. بۆچوونی زانستی و خوێندنەوەی رەخنەییانەی مێژوو فێرمان دەکات کە هیچ کەسێک ناتوانێ وەڵامی هەمیشەیی و

نەگۆڕی پرسگەلی سیاسی پێبێ. وەفاداری بە ئارمانج و باوەڕەکانی مرۆڤە بلیمەتەکانی مێژوو تەنیا و تەنیا بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەوان و فێربوون لە ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی بانمێژوویی و شێوازییانە.

## ئیقباڵ سەفەری، کەسایەتیی سیاسی:



بە بڕوای من چۆنیەتیی مامەڵەمان لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیکی د. قاسملوو دەبێ چەند شێواز لەخۆ بگرێ:

یەکەم: ئەوەی کە ئەو خەباتکارێکی لیهاتوو بوو کە بۆ ڕزگاری گەلێکی بەشخوراو بە شێوەیەکی مودێرن و سەردەمیانە خەباتی دەکرد. کە ئەمە بۆخۆی باوەڕی قووڵی د. قاسملوو بۆ ڕزگاری و دێموکراسی و ئازادی دەسەلمێنێ.

دووهەم: کەسایەتی‌یەکی سیاسی بوو کە سەرەڕای داسەپانی شەڕ بەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەن کۆنەپارێزانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانەوە، بەڵام هیچکات لە دیالۆگ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی هێمنانە خافڵ نەبوو. ئەمەش نیشانەی باوەڕی قووڵی د. قاسملوو بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ گەیشتن بە مافەکان بوو.

سێهەم: کەسایەتی‌یەکی سیاسی و دیپلۆماتکار بوو کە هەم توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دۆست و نەیاردا هەبوو، هەمیش شارەزایی هەبوو لە دانوستانە سیاسی و دیپلۆماسی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی و بگرە نێونەتەوەییەکاندا.

چوارەم: ئەو سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕی تەواوی بە ڕزگاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، لەهەمانکاتدا بابەتی عەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خولیا بەهێز و بەرچاوەکانی بوو.

پێنجەم: ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی لە ئەستۆ بوو کە دڕندەترین ڕێژیمی سەردەمی، ڕووبەڕووی تەنگەژە کردبۆوە.

ئەگەر بمهەوێ وڵامی پرسیاری سەرەوە بدەمەوە، ناکرێ ڕۆڵی د. قاسملوو لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان بە شێوەی ساکار بدەمەوە. بۆیە دەبێ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیکی ئەو، مامەڵە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و بەدوور لە دەمارگرژی بێ.

به بڕوای من مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی و ڕۆڵی د. قاسملوو له خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نابێ تەنیا عاتیفی بێ. ئێمه مرۆڤین و هیچ مرۆڤیکیش له هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دا، بێ هەڵه نابێ. سەرەڕای ئەوەی که دەبێ ڕێزی تایبەتی بۆ کەسایەتی و ڕۆڵی دابنێین و له ڕاستیدا سەمبولێکی ئێمەیه بەڵام ئەوه بەو مانایه نییه هیچ کەموکوڕییەکی نەبووه. ئێمه له بەیانی تاکو ئێواری به بەژن و باڵای د- قاسملوودا هەڵبڵێین، تۆسقاڵێک به کەسایەتی ئەو زیاد نابێ و به پێچەوانەش، ئەگەر ڕەخنەشی لێ بگرین، تۆزقاڵێک لێی کەم نابێتەوه. نەک هەر ئیمه، دوژمنەکانیشمان به ڕۆڵی دوکتور قاسملوویان دەزانی، بۆیەش وەها داویکیان بۆ له نێوبردنی دانا.

به باوەڕی من له هەمانکاتدا که سەمبولەکان له پڕۆسەی خەباتدا ڕۆڵ و جێگەی خۆیان هەیه بەڵام زیاتر باوەڕم به چاندنی بیر و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەیه که تاکەکانی نێو کۆمەڵ بگەنه ئاستێکی هزری که مامەڵەیەکی زیندوو و ئەکتیڤ لەگەڵ سەمبولەکان بکەن.

ئەگەر تەنیا به شێوەیەکی عاتفی و ڕۆمانتیک لەگەڵ ڕێبەرانمان هەڵسووکەوت بکەین و به بیرێکی کراوه مامەڵەیان لەگەڵ نەکەین و به بیرێکی دوگم بیانکەینه ئاکتۆری ڕەخنەهەڵنەگر، ئەوا دەتوانێ ئاسەواری نێگەتیڤیشی هەبێ؛ به تایبەت له ئەحزابی کوردیدا که دێموکراسی به چاکی نەهادینه نەبووه. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگه ڕۆڵی کەسایەتیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بۆیه پێویسته به گوێری سەردەم ڕۆڵی ڕێبەرانمان پێناسه بکەین و هەڵسەنگاندنیشمان بۆ بیر و کردەوەی ئەوان له چوارچێوەی ڕەوتی مێژوویی و به لەبەرچاو گرتنی سیاقی مێژوویی و زەمان و مەکانی ئەو ڕێبەرانه بێ و نابێ له قۆناغی مێژوویی خۆیان جیایان بکەینەوه. سەردەم، سەردەمی نوێیه و ئامرازی نوێ، تاکتیکی نوێ، ستراتیژی دیاریکراو و چاوکراوەیی زیاتر دەخوازێ. له کۆتایدا سەرەڕای ڕێزدانان بۆ ڕۆڵ و کاریگەری شەهید د. قاسملوو لەسەر بزووتنەوەی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر به چاوێکی بابەتیانه و به دوور له دەمارگرژی له ڕۆڵ و نەخشی ئەو بڕوانین، دەتوانێ باشتر یارمەتیدەری خەباتمان بێ.

له ژماره ٦٨٣ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه

سەرچاوه: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠١٦

## بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا

*هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!*

*خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!*

*٢٢ی پووشپەڕ، بیرەوەریی شەهیدکرانی ڕێبەری لێوەشاوەی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، د.قاسملووی مەزن، لێمان نزیک بووەتەوە. ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٢٧ ساڵ بە سەر تیرۆری د.عەبدوڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر، لە شاری ڤییەن لە سەر مێزی وتوویژ و بە دەستی ناردراوانی ڕێژیمی تیرۆرو سەرکوتدا، رادەبرێ.ئێوە خەڵکی دێموکراتپەروەر و پشتیوانانی راستەقینەی حیزبی دێموکرات و ڕێگا و ئامانجەکانی خەباتەکەی، لە مێژ ساڵە ڕۆژی شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرە خۆشەویست و بە توانایەی خۆتان، کردوە بە ڕۆژی دەربڕینی نارەزایەتی لە تیرۆرو سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە هۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. هەر بە سەرنجدان بەم هەڵوێستە گشتییە سیاسی و ئازادیخوازانەی ساڵانەی ئێوە بوو کە بەرگریکاری ناسراوی مافی مرۆڤ و تێکۆشەری بوێر و بە هەڵوێست د. محەمەد سەدیق کەبوودوەند، لە نێو بەندیخانەوە، ٢٢ی پووشپەڕی بە "ڕۆژی مەحکوومکردنی سەرکوت و تیرۆر لە کوردستان" ناودێر کرد.*

*ئەمساڵ لە کاتێک دا لە بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ نزیک دەبینەوە، کە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، بێ‌پەروایانەتر لە هەمیشە خەریکی نواندنی درندەیی و نیشاندانی چنگی خوێناویی خۆیان بە خەڵکی کوردستانن. جگە لە هەڕەشەی نیزامیی ئاشکرا لە تێکۆشەران و بنکەکانی حیزبە سیاسی و خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر چی میلیتاریزە کردنی ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان، ڕۆژ نیە لە ناوچەیەک و شارێک و گوندێک، تاوان نەخوڵقێنن و گیانی یەک یا چەند ڕۆڵەی ئەم خەڵکە نەستێنن. بەندیخانەکانیش وەک هەمیشە پڕن لە لاوانی ئازادیخوازو داواکاری مافی نەتەوەیی و ئینسانی.*

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەمێژ ساڵە هەڵگر و بڵاوکەرەوەی ئەم پەیامەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ هەموو شێوەکانی خەبات و هەر چی دەرفەتە، بۆ راگەیاندنی ویستی مافخوازانە و داخوازە نەتەوەییەکانی خۆیان، بە کار بێنن. لەم راستایە دا هەموو کات لە سەر دروشم و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەرانە پێداگر بووین و پێمان وابووە، دەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر بەرامبەر کپکردنی دەنگی حەقخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی بایکۆتکردنی پرسی ڕەوای کورد لە ئێران، بوەستینەوە. حیزبی ئێمە هەر لەو راستایەدا، لە لایەکەوە رچەشکێنی لێک گرێدانەوە و پێگ گەیاندنەوەی خەڵک و پێشمەرگە بووە و پشتیوانیی ئەوان لە یەکتری بە مەرجی بووژانەوەی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێرانە لەو بەشەی کوردستان زانیوە. لە لایەکی دیکە هاندەر و پشتیوانی خەڵکەکەمان بووین بۆ ئەوەی بە سوودوەرگرتن لە شێوازی هێمنانە و مەدەنی، هەڵوێستی سیاسی و پەیامی نەتەوەیی خۆیان بە بەرپرسیارانی ڕێژیمی سەرکوتکەر و دژە کوردی کۆماری ئیسلامی، نیشان بدەن.

خەڵکی بێزار لە بێمافی و بندەستی!

ئەوینداران و هۆگرانی ئامانجەکانی د.قاسملوو!

بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خۆتان و بۆ بەرپەرچدانەوەی ستەم و دەستدرێژی بۆ سەر کەرامەت و گیانی رۆڵەکانتان، پێویستە بۆ خۆشتان راستەوخۆ لە نێو مەیدانی بەربەرەکانی دابن. راوەستانی خەڵکی ئاوایییەکانی گوێزڵێ، بێوران و بێژوێ بەرامبەر هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەک حەوتووی رابردوودا، هەر وەک تەمبێکردنی مۆرە تاوانکار و تاوانبارە بەدناوەکانی دەزگای سەرکوت و جاسووسیی ئەو ڕێژیمە، لە چەشنی حوزووری وشیارانەتان لە کەشوهەوای سیاسیی نێوخۆی وڵات و قوزتنەوەی دەرفەتەکان بۆ لەقاودانی بێمافییەکانتان، هەر وەک پشتیوانی و پێشوازیتان لە هاورێیانی پێشمەرگەمان لە چەند ساڵی رابردوودا، جێگای تەئید و پشتیوانی و خۆشحاڵیی ئێمەیە. لە بیرمان بێ د.قاسملووی ڕێبەرمان لە کاتێک دا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی بە هەزاران پێشمەرگەوە ڕێبەری دەکرد، لە گرنگیی شێوازەکانی دیکەی خەبات غافڵ نەبوو و بەردەوام داوای لە خەڵک دەکرد بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەرپەرچدانەوەی ستەم و زۆرداری و دەستدرێژی دەسەڵاتداران، بۆ خۆشیان پێویستە راستەوخۆ لە مەیدان دابن. ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، دەرفەتێکی دووبارەیە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بێزاریی خۆتان لە ٤ دەیە تیرۆری سیاسی و کوشتاری ڕۆڵەکانتان بە هۆی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە. لە لایەکی دیکە هاوپێوەندی و هاودەنگیی خۆتان لە گەڵ ڕێگا و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە و بەردەوامیتان لە سەر داواکردنی مافە نەتەوەییەکانتان، دووپات بکەنەوە.

**لەم پێوەندییە دا داواکارین:**

١- بە مانگرتنی گشتی، بایکۆتکردنی بازاڕو مەیدان و شوێنە گشتییەکان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، نارەزایی گشتیی خۆتان لە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی و تیرۆرو کوشتاری ئازادیخوازان، نیشان بدەنەوە.


٢- لە ڕۆژانی پێش ٢٢ی پووشپەڕ و لەو ڕۆژەشدا، بە بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی سروود و دروشمی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی و

بایەخدان بە هێماکانی کۆڵنەدان و خۆڕاگری، بە زەوتکەران و پێشێلکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، بسەلمێنینەوە کە تیرۆری ڕێبەران و شەهید کردنی تێکۆشەران و نزیک بە ٤ دەیە سەرکوت و وێرانی و گرتن و ئێعدام، خەڵکی کوردستان بە چۆک دا ناهێنێ.


حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٤ / ٧ / ٢٠١٦ - ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠١٦



# دوکتور قاسملووی مەزن و هەموو ساڵێ یادکردنەوە



کەریم ئەڵڵاوەیسی

هەر نەتەوەیەک شانازی بە رێبەران و تیکوشەرانی نموونەیی خۆی دەکا و پێکەری وەک پێ زانین و بایخ دان لێ ساز دەکا ولە شەقام و مەیدانەکانی وەڵاتی دادەنێ. ئەورێبەرانەی کە لە هەر هەل ومەرجێک دا ناویان بە زیندویی دەمێنتەوە وهەتا هەتایین یەکیان دووکتور قاسملووی مەزنە.

قاسملوو بۆیە زۆر گەورەیە، ئێجگار تایبەتمەندی گەورەی لە خۆی دا کۆکردبووە:

زانایی: بە دائیم شتی تازەی دەهێنا ئاراوە وەک سوسیالیزمی دیموکراتێک کە ئەگەر رێبەرێ ولاتێکی گەورە بایە وەک گورباچووف زیاتریش دەناسرا.

بەرێوەبەرێ خەبات بە شیوەیەکی دیموکراتێک: زۆر چەتوونە لە جیهانی سیهەم دا ئەتوو خەباتی چەکدارانە وپیشمەگانە بکەی و دیموکراسی زۆر لە نێو حیزب وشورشەکەی کورد لە ئاستێکی ئیجگار بەرز دا جێ بە جی بکەی. نموونە ئازاد کردنی چەند هەزار سەرباز و هێزی دوژمن لە سالێیانێکی زۆر دا و بەرخوردی جوان و سالم لەگەل ئەوە دیلانە. فێر بوونی زۆر ئووسوولی دیموکراسی لە ناوەندی حیزب دا لە کۆمیتە ناوەندی هەتا کومیتە شارستانەکان وو هێز و لق پەلەکانی نیزامی.

کاری دیپلوماسی: ئەوندەی دەلێم کاتێک وزیرانی ولاتێکی گەورە وەک فرانسە شانازی بە دووکتوور قاسملوو بکەن (وەک برناردگوشنر دوایی بووبە وزیری دەورەی فەرانسە) ئەوە مەعلوومە کە توانای قاسملوو لەوبارە تایبەتیێ بوووە. فرانسووا میتران دۆستی قاسملوو

له ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان باسی کورد دەکا ودانیل میتران و سەدان کەسی دیکە لە ناوەندکانی نێونەتەوەی باسی کورد دەکەن هەمووئاکامی ماندونەبوون و کاری دووکتوور قاسملووی نمونە بووە.

ئازایەتی: وەدرنان و درکردنی دووکتور قاسملوو لە ولاتی چکیا لە سەر ئازایەتی بریار دان و مەحکووم کردنی هێرشی یەکیەتی سویەت بۆ سەرچکوسلاوکی بوو. ناوبراو هەمیشە ئامادەبوو سەری بەرەکانی شەڕی پیشمەرگەی کوردستان بدا بەڵام لە حیزب دابە دروستتیان نەدەزانی وپێشیان دەگرت.

تەرح و بەرنامە: ئوستادی تەرح بەرنامە دانان بوو کاتێک رێژیمی پەت و سێ دارە ویستی جادەی پیرانشار - سەردەشت بگرێتەوە تەرحی دوومانگی دیفاع وهێرشئ دانا، ئەوە جادە بە هۆی دووژمنی گیرایەوە بەڵام بە چ نرخ وقیمەتێک!

شاعیری و ئەدیب بوون: دەیان شاعیر و ئەدیبی دەهاتنە دەفتەری سیاسی و لە قسەکردنەکانیان لەگەڵ دووکتور قاسملوو بۆیان دەرەکەوتوو کە قاسملوو چ شارەزایەکی لە شیعر و ئەدەبیات داهەیە.

قسەبۆ خەلک کردن و سۆخەنوری: کاریگەری لە سەر هەموو کەس دادەنا، حورمەتی دەگرتن و بە زمانی مندال لەگەڵ مندال قسەدەکرد و بە زمانی گەورە لەگەڵ گەوران.

زمان زانین؛ کەم رێبەری جیهان هەیە ئاوا بە توانا وزمانی زۆر زانیی هەبووکە وبتوانێ بە زمانی جوراجور کارێگەری لە سەر خەلک و بەرپرسان و وزیر و سەرۆکی حیزبەکانی جیهان دابنێ.

ئەوە بەشێکی کەم بوو لە زۆر تایبەتمەندی رێبەری گەورەی کورد و دیموکرات. کۆمەلانی خەلکی کوردستان لە توانا وخزمەتاکانی زۆر باش ئاگادارن بۆیە دووکتور قاسملووی نموونە هەموو سالی یادی دەکرێتەوە و زۆر سال لە رۆژی تیرۆری ناوبراو دا لە زۆر شاری کوردستان دوکان وبازاریان داخستووە ورژیمیان داماوە کردوە.

هەزاران سڵاو لە یاد وناوی قاسملووی مەزن و سپاس بۆ هەموو خزمەتەکانی بە نەتەوەی کوردی تەواو بەشخوراو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا / رێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

# قاسملوو، رێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان



**حەتەم کێلەشین**

بەڕایی: قاسملوو بوێری و شەفافییەتی کردبوو بە بنەمای کاری خۆی و زۆر بە قووڵی دژی بێ ئیرادەکردن و هەر جۆرە بە ئامرازبوونی مرۆڤ بوو، ئەو خەباتگێڕە مەزنە سەربەخۆیی ئیرادەو کردەوەی کردبووە بناخەی کاری خۆی و پارتەکەی. کەسایەتیی پراگماتیستی قاسملوو ببووە هۆی ئەوەی تاک تاکی ئەندامانی پارتەکەی بڕوا بەم ئەندێشەیە بێنن کە «حیزب، بەرهەم و کەڵەکەبووی ماندوونەناسێتیی شۆڕشە». ناوبراو دژی «بەستراوەیی کەسایەتی» و هەر جۆرە تاکپەرستییەک بوو، لەم وتارەدا تێدەکۆشین هێندێک لایەنەکانی کەسایەتیی سیاسی ئەو رێبەرە بەتواناو ئەو شۆڕشگێرە ئازادیخوازو دیموکراسیخوازە بە بێ زێدەڕۆیی بخەینە بەرباس.

## قاسملوو شۆڕشگێرێکی پراگماتیست و واقعگەرا

قاسملووی خاوەن پوتانسییەلی فیکری و تئوریکی دەوڵەمەندو بە هاوکاری کەسانێکی بەتوانای وەک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و.. کە . لە راستیدا وەک زنجیرەیەکی فیکری بەهێزـ هەمیشە خاوەن ئەندێشەی نوێ بوون و توانای بەرهەم هێنانەوەی ئەڵتێرناتیڤی نوێی خەبات بوون، حیزبی دیموکراتیان کردبووە ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێران. لە راستیدا قاسملوو بە پشت بەستن بەو ژێرخانە تیۆریک و فیکرییەوە، رەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان بەراستی و دروستی لێکدەدایەوە و راڤەی دەکردن. قاسملوو شارەزای خەڵکەکەی خۆی و تانوپۆی کۆمەڵگەکەی و شیرازە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی بوو. هەر بۆیەش رێبەرێکی سەرکەوتوو بوو. تێگەیشتوویی و راڤەی دروستی هەلومەرج و روانگەی ریالیستیی وەک بەشێکی جیانەبۆوەی خووخدە و

کەسایەتییە سیاسییەکەی، تەواوکەری پراگماتیسمی قاسملوو لە قۆناخە جیاوازەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بوو.

ئەو تایبەتمەندییانە دەبوونە هۆی ئەوەیکە قاسملوو وەک رێبەرێکی پراگماتیست و لە هەمان کاتدا بەرپرسیار، ئەوەی کە لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات بۆ رزگاری گەل و حیزبەکەی بە زمان دەیوت، بە کردەوە بسەلمێنێ و هەر ئەم خسڵەتە بەرزەی بوو بە هۆی ئەوەیکە بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەی میللی . دیموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەلات لە قۆناخی ئەستەم و پڕ لە هەوراز و نشێوی چەکداری دا رێبەری بکا.

## قاسملوو رێبەرێکی خاوەن بیری ئیستراتێژیک

خەبات و رەوتی ناسیونالیستی پێویستی بە رێبەرایەتییەکی هەڵسووڕ و کارامە هەیە کە توانای بیرکردنەوەو تیۆریزە کردنی بنەماکانی خەباتی هەیە و لە هەمانکاتیشدا خاوەن پوتانسییەل و دەسەلاتی پراکتیک و جێبەجێ کردنی بیروبۆچوون وئەندێشەکانی بێ. کۆی ئەم خسڵەت و تایبەتمەندییانە ئەندێشەی ستراتژیکن. قاسملوو لەگەڵ ئەوەیکە روانگەو خوێندنەوەیەکی دروستی لە پرس و رووداوە سیاسییەکان هەبوو و تەنیا بە روانگەیەکی «ژورنالیستی» و ئاستەکی نەیدەڕوانیە هاوکێشە و رووداوەکان. بە پێی خوێندنەوەی دروستی لە پرسە سیاسییەکان لە مەیداندا دەوری دەگێڕاو وەک رێبەرێکی ستراتژیک و خاوەن تایبەتمەندی «دوارۆژ بینی» سەبارەت بە پرس و رووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران، رۆژهەلاتی نێوەراست و جیهان هەمیشە کاریگەری پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی لەسەر بڕیارە سیاسی و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزانەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا دەبێ بە حیزبێک کە توانای سەرکەوتن بە سەر تەنگ و چەلەمەکان و دەرباز بوون لە هەر جۆرە قەیرانێکی چاوەڕواننەکراوی هەیە.

## قاسملوو و دێموکراسی

دوکتور قاسملوو رۆڵێکی بەرچاو لە ساغ کردنەوەی حیزبی دیموکرات دا دوای خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧ (بە رێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەگێڕێ و سەربەخۆیی حیزب جارێکیتر دەگەڕێنێتەوە و حیزب دەکاتە حیزبێکی مودێرن و خاوەن پێڕەو و پرۆگرام کە تێدەکۆشێ مەیدانی خەبات بەرینتر بکاتەوە و لە هەموو ئەو لایەنانەی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد کەڵک وەرگرێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە حیزب لە سێ رەهەندی ناسیۆنالیستی، چینایەتیی و خەبات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکرات لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا درێژە بە چالاکی بدا. بەڵام باوەڕی قووڵی قاسملوو بە دێموکراسی لەم وتە بە نرخەی دا زیاتر دەردەکەوێ کە دەڵێ: (خەباتی ئێمە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی، نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوایەتی یا چینایەتی). دکتور قاسملوو ئەوەندەی بڕوا بە دێموکراسی هەیە کە بەردەوام لەسەر تەمرینی دیموکراسی قسە دەکا و هەموو رۆژێک و هەموو جێگەیەک وەک دەرفەتێک بۆ تەمرینی دیموکراسی لەبەرچاو دەگرێ.

## قاسملوو، نووسەر و تئۆریزانێکی بەتوانا

دوکتور قاسملوو له باری تیۆریکیشەوه وەک بیرمەندێکی هەڵکەوتەو لێهاتوو بەرچاوه و هێندێک بەرهەمی لەپاش خۆی بە جێ هێشت کە هێشتاش کتێبخانەی کوردی شانازییان پێوه دەکا، گرینگترینی ئەم بەرهەمانە کتێبی «کوردستان و کورد»ە کە له روانگەیەکی زانستییەوه، هەلومەرجی جوگرافیایی، مێژوویی، ئابووری، مرۆیی و کۆمەڵناسیی کوردستانی لێک دەداتەوه. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دوکتور قاسملوو لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمە بەسووده بە هۆی دوور بوون له کوردستان و نەبوونی بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی کەندوکۆسپی زۆری بۆ نووسینی لەبەر بووه. هەروەها «کوردستان و کورد» لە سەردەمێک دا نووسرا کە سەرچاوەو ژێدەری زانستی هاوئاستی ئەو بەرهەمە لە کتێبخانەی کوردی دا دەگمەنن تا دوکتور قاسملوو بتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ، کە ئەمە خۆی بایەخی ئەم بەرهەمەی قاسملوو زیاتر دەکا. هەروەها بیروبۆچوونەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجود، رێگەی گەشەی ئابووریی ناسەرمایەداری، هەلومەرجی ئەو کاتی بلۆکی رۆژهەڵات و دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان و باس کردنی سوسیاڵیزمی دیموکراتیک بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی گەلی کورد و نووسین لەم بارەیەوه لە قۆناخێک دا کە گوتاری چەپی ئۆرتۆدۆکسی، گوتاری زاڵی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و رووناکبیرییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، ئێران و ناوچەیە، سەرەڕای ئەوەیکە دژەباوی و بوێری و لە هەمانکاتدا دوارۆژبینیی کاک دوکتور قاسملوو نیشان دەدا، دەرخەری تێگەیشتنی بەرهەست (ئوبژکتیڤ) و دروستی قاسملوو لە پرسە (کلان)ە سیاسییەکانی سەردەمە.

## قاسملوو، دیپلۆماتیکی بەواتای راستەقینەی وشە

لایەنی دیپڵۆماتیکی قاسملوو یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم جوامێرە مەزنەی گەلی کوردە. قاسملوو کە لە زانکو بەناوبانگەکانی ئورووپا خوێندنی تەواو کردبوو و چەندین زمانی زیندووی جیهانی دەزانی، تەنانەت لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دا گرینگیی چالاکیی دیپڵۆماتیک و پێکهێنانی لۆبیی کورد لە وڵاتە زلهێزەکان و رێکخراوە کاریگەرەکانی جیهان لەبیر ناکا و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و دامەزراندنی پێوەندیی قووڵ و راکێشانی پشتیوانیی مەعنەوی و دەرمانی وڵاتێکی وەک فەڕانسە و کردنەوەی نوێنەرایەتیی حیزب لەو وڵاتەدا، بوون بە ئەندامی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهان وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین و شەخسی یاسر عەرەفات و.. بەشێک لەو هەوڵ و چالاکییە دیپڵۆماسییانەی شەهید قاسملوون.

## قاسملوو و سیاسەتی ئەخلاقگەرایانە

قاسملوو هەمیشە ئەخلاق بە مەرجی پێویست بۆ چالاکی سیاسی دەزانێ. ناوبراو هەمیشە دژی روانگەی ماکیاڤێلیستی لە سیاسەتدا بووە و ئەمەشی بەکردەوە لە چەند دەیەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات دا سەلماندوە. قاسملوو بە روانگەیەکی ئەخلاقی و

دەروەستانە دەیرِوانیە بابەتی سیاسی و لە نێوخۆی ڕێکخستن و لە دەرەوەش و لە ئاستی پێوەندی (کلان) و هاوکێشە سیاسییە پێچەڵاوپێچەکانی ناوچەو جیهان دا ئەم دەروەست بوونەوەی دەپاراست. کە ڕەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەخلاقمەندانەی ناوبراو لەگەڵ ڕێژیمی بەعسی عێراق و هاوکات پێوەندیی چڕوپڕی لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستان گەورەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە بن.

ئاکام: دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین کە سەرکردە و ڕێبەرە گەورەکان لە کاتی تێپەڕین بە ڕێگایەکدا تەنیا پێیدا تێناپەڕن، بەڵکوو هاوکات ئەم ڕێگایە درووست و هەمواریش دەکەن بۆ نەتەوەکەیان و جیلەکانی دوای خۆیان، قاسملووش خاوەن ئەم تایبەتمەندییە بوو. لە بەرەبەری پووشپەڕێکی دیکەدایـن و ساڵرۆژی تیرۆرکردنی ناجوامێرانەی قاسملووی مەزن دیسان نزیک دەبێتەوە، لەو ساڵگەڕە تاڵەدا ڕەنگە ئەم شتانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا، بەشیکی کەم بن لەو وانەگەلەی ڕێبەرانی هەنووکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەبێ سەرنجی بدەنێ و لە ڕێبەری شەهید ڕۆژهەڵات فێری بن.

لە ژمارە ٦٨٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦



## نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی وڵاتی ئوتریش:



A-

***کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری نوێی وڵاتی ئوتریش، پیرۆزبایی ئەو هەڵبژێرانەی لە بەڕێزیان کردووە و لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چەند داوایەکی لێ کردووە.***

***ئەوەی خوارەوە دەقی نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی وڵاتی ئوتریشە:***

***بەڕێز: ئەلکساندر واندێبێلن!***
***وێڕای سڵاو و ڕێز!***

***بە بۆنەی هەڵبژێرانت بە سەرکۆماری ئوتریش پیرۆزباییت لێدەکەم، بەڕێزتان لە وڵاتێک متمانەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکت پێدراوە کە نزیک بە ٢٧ ساڵ پێش ئێستا لە ڕێکەوتی ١٣ / ٧ / ١٩٨٩ د. قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤییەن بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا.***

***بەڕێز واندێبێلن؛ د. قاسملوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردی ئێران لە ڕێگای وتووێژ، وڵاتەکەی جەنابتی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرد. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتیی دوکتور قاسملوو بە گوللەی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی وڵامی درایەوە و کاربەدەستانی***

ئەو کاتی ئۆتریش نەتەنیا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان ڕەوانەی ئێران کردەوە، بگرە هەرگیز نەیانهێشت کە دەزگای دادوەریی ئۆتریش بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندەیە بکا.

ئەگەر لە کاتی خۆیدا لێپرسینەوەو بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکەی ڤییەن کرابا، بێ گومان کۆماری ئیسلامی وابە ئاسانی نەیدەتوانی تیرۆری میکۆنووس لە بێرلینو دەیان تیرۆری دیکە لە ئورووپاو وڵاتانی دیکەدا بکا.

بەڕێز ئەلکساندر واندێبێلن، بۆ ئێمەی کوردی ئێران و حیزبی دێموکرات ئەم کەیسە دانەخراوەو هەرگیز تەواو نەبووە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییە لە جەنابەت هەیە کە بەدواداچوونو لێپرسینەوە لەو ڕووداوە دڵتەزێنە بکەی.

بە حورمەتەوە

خالید عەزیزی

سکرتێی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥ / ٥ / ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٦



# وتووێژی رۆژنامەی بە ناوبانگی ئوتریشی Die Presse لە لەگەڵ بەرێز عەتا نەسیری



رۆژنامەیەکی بە ناوبانگی ئوتریشی بە نێوی Die Presse چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هەڵسووڕاو تێکۆشەری کورد بەرێز عەتا نەسیری لە سەر شەهیدانی ویەن لە رێکەوتی ٣١ / ١٢ / ٢٠١٥ پێک هێناوە.

قاتلی کوردەکان دەبێت ئاشکرا بکرێت!

ئوتریش سۆیی قەسدەکەی ساڵی ١٩٨٩ کە لە لایەن رژیمی ئێران بە گیانی د. قاسملوو کرا دەیشارێتەوە و نایەوێت بە ئاشکرا باسێک لەو تێرورە بکات.

عەتا نەسیری ساڵانێکە لە پێناو بە دیهێنانی حەق و راستیە کان خەبات و تێکۆشان دەکات. ئەو دەیەوێت دەوڵەتی ئوتریش رژێمی ئێران بە عاملی سەرەکی لە قاتلی کوردەکان لە وین بناسێنێت. نەسیری زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە ولاتی ئوتریش نیشتەجێە و هەروەها لە زانکۆی وین مجێستری کۆمەڵناسی وەرگرتووە ولە وەزارەتی کۆمەلایەتی کار دەکات و رەگەزنامەی ئوتریشی هەیە. ئەو یادەوەری تیرۆری رێبەرانی کورد کە ٢٦ ساڵ لە مەوپێش بوو، بە دانانی مۆنۆمێنتێک لەساڵی ٢٠١٠ لە کۆڵانی کارەساتەکە ( روبەرووی ئەو خانۆیە کە تێرۆرەکەی لێکرا) بە مە بەستی رێزدانان لە دوکتور قاسملوو و هەروەها ریسوا کردنی تێرۆرێستانی رژێمی مەلاکانی ئێران، زیندوو دەکاتەوە کە لە سەر مۆنۆمێنتەکە نووسراوە: لێرە دا دوکتور قاسملوو سکرێتێری گشتی حێزبی دیمۆکراتی کوردستان . ئیران و هەروەها کاک قادر ئازری وفازل رەسول لە رێکەوتی ١٣ / ٠٧ / ١٩٨٩ بە دەستی تێرۆریستەکانی ئێران تێرۆر کراون.

دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران بوو کە بۆ گەیشتن بە مافەرەواکانی کورد خەبات وتێکۆشانی دەکرد. لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ بەدیهێنانی مافەرەواکانی کورد لە ڕێگای ئاشتیێەوە و دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد لە ئێران، حازر بۆبچێتە پای مێزی وتـوویژ لە گەڵ نوێنەرانی ڕژێمی ئێران کە بە داخەوە لەوێ بە دەستی لایەنە ئێرانیەکان کە لە ئەسڵدا تێرۆرێست بوون ، شه هێد کرا و ئوتریش سەر پۆشی نیا سەر ئەم تێرۆرە.

عەتا نەسیری ساڵانێکە لە پێناو گۆرینی تێکستی سەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی وین خەبات و تێکۆشان دەکات، ئەو دەیهەوێت لە جیاتی تێرۆرێستەکانی ئێرانی بنووسرێت تێرۆرێستەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و هیوادارە بتوانێت تێکستەکە ئـاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و هەروەها پێشنێاری بە کاربەدەستانی ئوتریش داوە کە هەر نەبێت و ەک تێکستی سەر بەردی مێکۆنۆس لە برڵین ئیشارە بە ناوی ڕژێمی ئێران بکرێت.

دەیانەوێت لەرێگای قانونەوە پێش بە کارەکانی بگرن.

عەتا نەسیری دەڵێت کار بە دەستانی دەولەتی ئوتریش پێش بە گۆرینی تێکستی سەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی وین دەگرن ،چۆن گۆرینی تێکستەکە ئـاڵوگۆری بە سەر ڕەوابیتی سیاسی و ئـابووری لە نێوان ئـوتریش و ئیران دا دێنێت و لەم رابێتەدا نامەیـەک لە لایەن کاربەدەستانی شاری وین بە دەستی گێشتووە کە بە لەحنێکی تەهدید کراو جوابی ڕەد بە پێشنیارەکانی دراوە.

مجێستر نەسیری جیاوازێک بەرچاو دەبینێت لە نێوان رەوەنـدی دادگاەکانی ئاڵمان و ئـوتریش دا سەبارەت بە پەروەنـدە ومحاکمەی تێرۆریستەکان، ئەو داواکارە کە شێوەی دادگای مێکۆنوس لە ئوتریش بەرێوە بچێت.

و هەروەها دەڵێت لە ئێراندا لەلایەن رژیمەوە مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و نەتەوەکانی دیکە بە رەسمیەت ناناسرێت و مافیان پێشێل دەکرێت بە تایبەت نەتەوەی کورد، رۆژانە لاوان بە جورمی کورد بوون حوکمی ئیعدامیان بە سەردا دەسپێندرێت و بە ئاشکرا لە پێش چاوی خەڵک لە سێدارە دەدرێن ، هەمو جوڵانەوەیەکی حەق خوازانە و دەنگە ئازادیخوازەکان سەرکوت دەکرێن.

نەسیری دەڵێت رێبەری شۆرشی ئێران خامنەیی ئەو ئیجازەی بە خۆی داوە کە لە مانگی **Desember** بە ئاشکرا نامەیک بۆ قوتابیان و لاوانی ئوتریش بنێرێت و داوای کردوە کەزیاتر دژایەتی ئامریکا وئیسرائیل بکەن، سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی ئوتریش ناردنی ئەو نامە لە لایەن خامنەیی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لە کارو باری دەوڵەتی خۆیان دەزانن، هەر لەم رابیتەدا ئەو داوا دەکات لە سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی ئوتریش پێش بەم دەستێوەردانەی رژێمی مەلاکان بگرن و ئێجازە نەدەن کە رژێمی ئێران جارێکی دیکە دەستێوەردانی ئاشکرا و راستەوخۆی بێت لە وڵاتی ئوتریش.

نەسیری پێ وایە دانووستانەکانی ئێران لە گەڵ گروپی ١+٥ و رێکەوتنیان ئیمتێاز دان بە ئێرانە و پەرە بە ئاژاوەگێری ئێران لە

جیهان دەدات ، هەر بەو مەبەستە لە شوێنی کۆبوونەوەی دیپلۆماتە ئێرانیەکان لە گەڵ زلهێزانی دنیا لە رێکەوتی ١٣ / ٠٧ / ٢٠١٥ لە بەر هۆتێل **Palais Coburg** لە گەڵ خێزانی ( ئارەزوو ) دەنگی نارەزایەتیان بەرز کردەو و ڕایان گەیاند کە دوکتۆر قاسملوو بە دەست تێرۆرێستەکانی رژێمی ئێران لەرۆژێکی وەک ئەمرۆدا لە ساڵی ١٩٨٩ لەدوو کۆڵانی ئەولاتردا تیرۆرکرا.


عەتا نەسیری لە تێکۆشانی خۆی بەردەوامە تا ئەو کاتە کە قاتڵی کوردەکان لە ئوتریش ئاشکرا بێت، هەر چەن لەم رابێتەدا لە لایەن عامڵانی رژێمی ئێران لە وین پێ ڕاگەیاندراوە کە دەس لە چالاکیەکانی( **Aktivitäten**) خۆی کە دژ بە رژێمە رابگرێت، بەڵام ئەو دەڵێت هیچ لەم تەهدیدانە پێش بە چالاکی و تێکۆشانی ئەو ناگرێت تا کاتێک ئەم راستیە تاڵە مێژوییە بۆ خەڵک و ڕای گشتی روون نەبێتەوە.

ئوتریش ، ئارەزوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٦



# وتووێژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ



ئیبراهیم قاسمیزاد

و: هیوا میرزایی

٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، کەسایەتی کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە لەقی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی شاری ڤییەن لە ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دەستی نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی تیرۆر و شەهید کران.

دوکتور قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤەکان بۆ چارەسەری هەر جۆرە گرفت و ئاریشەیەک دەتوانن لە دەور مێزێک کۆببنەوە و بە وتووێژ و دیالۆگ ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری ئاریشە سیاسییەکان بدۆزنەوە و بە لێوردبوونەوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ گرفتە سیاسییەکان بدۆزنەوە.

دوکتور قاسملوو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە زۆری هەوڵدا کە خواستەکانی خەڵکی کورد بگەیێنێتە گوێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی نوێی ئێران و پرسی کورد کە لە سەردەمی شاوە بە بێ چارەسەری مابوویەوە، لە ڕێگەی وتووێژ و شێوازە ئاشتیخوازانەکان چارەسەر بکا.

خومەینی بە بیانووی ئەوەیکە هەموو «موسڵمانین و لە ئیسلامدا هەموو پێکەوە بەرانبەرین» وەڵامی نەرێنی بەم خواستانە داو بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی ئایین دەستی کرد بە سەرکوتی هەموو ڕەنگە دژبەرەکان و خواستەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران. دوای چەند مانگ وتووێژ، پێداگری و جەختی کوردەکان لە سەر داواکاریەکانیان، خەڵکی کوردستان بە پێی خووی دژە زوڵم و قەبووڵ

نەکردنــی ستەم، ملیــان نەدا بە گوشــار و زۆرەملییەکــانی ئاخونــدەکان و بــایکۆتکردنی ڕێفرانــدۆمی ١٢ی خاکەلێوەیــان کــرد، و ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ڕق و تووڕەیی دوو هێنـدەی کۆمـاری ئیسلامی بە ڕێبەریی خومەینی. دوای ئەم کـارە خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێـژی ساڵی ١٣٥٨حوکمی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بەمشێوەیە شەڕێکی هەمەلایەنەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند.

لەوێڕا کە لە فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بێجگە لە هەڵێنجـانی تـایبەتی ئاخونـدەکان لە دینـی ئیسلام، ئـایینی شێعە و زمانی فارسی، پێگەیەک بۆ باوەڕەکانی دیکە، ڕەنگ و نەتەوەکانی دیکە بوونی نەبووە و نییە، بـۆیە دەسـەڵاتداران لە بـوونی ئۆپۆزیسیۆنێک بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو بە جیددی دەترسـان. قـاسملوو بە کەسـایەتی و ڕیبەرییەکـی کاریزماتیک و بە تێڕوانینـی پێشکەوتووانە و زانستیانەوە بە پرسگەلێک وەک دێموکراسی، مافی مرۆڤ، پرسی نەتـەوەیی و پرسە سیاسی، کـۆمەڵایەتی، کەلتـووری و ئابوورییەکـانی کۆمەڵگـا، هەروەهـا بە پێـداگری لەسـەر دابەشـکردنی دادپەروەرانەی دەسـەڵات لە بـوارە سیاسـی و ئابوورییەکـان، کۆماری ئیسلامی بە پێکۆڵ کێشا. زیاد لەمانەیش پێوەندی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دونیای دەرەوە، تواناکـانی ئەم ڕێـبەرە هەڵکەوتـووە لە جیهـانی سیاسـەتی دەرەوە و دیپلۆماسـی و داکـۆکی لە پرنسـیپەکانی مـافی مـرۆڤ لەو هۆکـارانە بـوون کە قـاسـملووی کردبـووە مەترسییەکی جیددی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

قاسملوو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی بهتەواو مانا بوو و چاوەڕێ نەدەما کە هەلـومەرج بـۆ خەبـات و مافویستی بێتەگـۆڕێ، بەڵکوو ئەو خـۆی هەلومەرجی دەهێنا گۆڕێ و لەو بڕوایەدا بوو کە تەنیا کۆمەڵگـایەکی شۆڕشگێڕی زینـدوو بە ئۆپۆزیسـیۆنێکی یەکگرتـوو و بە بەرنـامە دەتـوانێ وڵات لە چنگی ئیسلامییە توندئـاژۆ و دواکەتووەکـان ڕزگـار بکـا. ئەم تـایبەتمەنـدیانەی دوکتـور قـاسملوو بـووە هـۆی دژایەتـی هەرچی زیاتری ڕێژیم لەگەڵ ئەو، تـا ئەو جێگایەی کە بڕیاری شەهیدکردن و لە سەر ڕێگە لابردنـی ئەم کەسـایەتییە مەزنە لە لایەن دەسڵاتـدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرکرا.

تونـدوتیژی و تیـرۆر بەشێک لە چیەتـی جیـانەکراوەی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـرانە کە هیچکـات دەسبەرداری ئەو نـابێ. ئاشتیخوازی بە ڕواڵەت و وتووێژ بۆ چارەسەری پرسە جۆراوجۆرەکانیش لە فرت و فێلەکانی دیکەی ڕێـژیمە بـۆ زەبرلێـدان بە لایەنـی بەرانبەر و یـان وەرگرتنی پوان و ئەم خۆبەدرۆ نیشاندانە لە زۆریەک لە پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوخـۆیی و دەرەوە وەکـوو پرسـی مـافی مرۆڤ لە نێوخۆ و پرسی نـاوکی لە دەرەوە بە زەقـی بەرچـاو دەکەوێ. ڕێـژیم بـۆ لەسـەر ڕێگە لابردنـی دوکتـور قـاسملوویش هەر لەم سیاسەتە کەڵکی وەرگرت و بە فرت و فێڵ توانی بە ئامانجە دژەمرۆییەکانی خۆی بگا.


ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامی بەم هەنگـاوە نـاجوامێرانە و دژەمرۆییە هیچکـات نەیتـوانی درێـژەدەرانـی ڕێگـای ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتـووە لە گەیشتن بە ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێبازەکانی ئەم مرۆڤە مەزنەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست بـوو دڵسـارد بکـاتەوە. لەبەر ئەوەیکە ڕێبـوارانی ڕێگەی قـاسملوو ئەم ڕاستییانەیان لەبەرچـاوە کە بەرنـامە وهەوڵـی قـاسملوو بـۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران و ڕزگارکرنی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان و نەتەوەکـانی دیکەی ئێـران، هەرمـان و هەتـاهەتـاییە. لەبەر ئەوەیکە کەلتووری سیاسی ئەو بوو کە نیشتمانەکەی بکاتە گۆڕەپانێک بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران، کاتێ کە ڕێژیم

هەلومەرجی بۆ ئەوان دژوار کردووە.

ئەمساڵ ٢٦ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملوو تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا بکەرانی ئەم جینایەتە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوون لەبەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان لەگەڵ ئێران بە سزای کردەوەکەیان نەگەیشتوون. تەنانەت جینایەتکارانێک وەک سەحرارووەدی ئازادانە هاتوو و چووی وڵاتانی جیهان دەکا.

ئەمڕۆکە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی جیهانی و هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە قوتابی ڕێبازی ئەم بیرمەندە مەزن و خەباتکارە ڕاستەقینەیەی ڕێگەی ئازادی و ئیلهام بەخشی ڕێگەی مرۆڤە ڕزگاریخوازەکان دەزانن، لە کوردستانیەوە بگرە تا ئێرانی هەوڵ بدەن تاکوو بکەرانی گەڵاڵەی تیرۆر و بکوژانی پێغەمبەری ئاشتی هەرچی زیاتر ڕیسوا بکەن و لە دادگایەکی نێونەتەوەیی دادگاییان بکەن. تاکوو خوێنی بە ناحەق ڕژاوی دوکتور قاسملوو و هەزاران شەهیدی ڕێگەی ئازادی بەفیڕۆ نەچێ.

سەرچاوە: کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ١٤ای جوولای ٢٠١٥



# بەیتی* قاسملوو یان حەدیسی کونەجەرگ بوون و بەرەوپیری مەرگ چوون



عارف سەلیمی

هەموو ساڵێک لە سەروبەندی کارەساتی نەمانی قاسملوودا، ئەو پرسیارەی کە زیاتر لە هەموو شتێک مێشک ئازار دەدات و سووژن لە جەرگ ڕۆ دەکات ئەوەیە کە بۆچی ئەویش ڕێک کەوتە داوی هەمان ئەو تەڵەکەیەوە کە پێشتر چەندین سەرکردەی سەرهەڵدێری دیکە [بە تایبەت مەزنەکانی شکاکان و مەنگوڕان] تێی کەوتبوون؟ پرسیارەکە جەرگبڕتر دەبێت کاتێ کە بزانیت قاسملوو تەواو ئاگاداری چارەنووسی تراژیکی ئەو سەرکردانەی پێش خۆی [و بەتایبەت سمکۆ] بووە. ئەڕێ بەڕاست بۆچی ئەمیش هەمان کۆتایی هەڵەبژارد؟ هەڵبژاردن بوو یان چارەنووس؟

باشە ئەوە چ تەلیسمێکە کە نزیکەی تێکڕای سەرکردە سەرهەڵدێرەکانی ئەو بەشەی ئێستا پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵات، لە "داوی تەزویر"، یان وەک مێژوونووسە دەربارییە ئێرانییەکان نووسیویانە لە "کەمەندی تەدبیر"ی دەسەڵاتی ناوەندی کەوتوون؟ داخۆ چ خاڵگەلێکی هاوبەش لە نێوان بەسەرهاتی باپیراغا و هەمزاغای مەنگوڕ یا سمایلاغای باپیرە گەورەی سمکۆ و خودی سمکۆ لەگەڵ قاسملوودا هەیە وا هەموویان بە "فێڵ و تەڵەکە"ی دەسەڵات گیانیان بەخت کردووە؟ داخۆ چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم بەسەرهاتانەدا هەبێت؟

ئەگەر سەیری بەسەرهاتی ئەوانەی پێشوو بکەین، دەبینین زۆربەیان لە دوایین وێستگەی ژیانیاندا تووشی جۆرێک لە "تەنیایی" و "بێهیوایی" هاتوون. هەمزاغای مەنگوڕ و سمکۆی شکاک لەم ڕووەوە زۆر لێک دەچن. کەسێکی ئەوتۆیان بە دەورەوە نەماوە، هاوکات دوژمن وردە وردە خەریکە چواردەوریان لێ دەگرێت. ڕۆشناییەکی ئەوتۆ شک نابەن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە شەڕ بدەن، یان دەبێ بە یەکجاری بڕۆن و ببنە "پەنابەر"، یان دەبێ تەسلیم بن، یان دەبێ لە شەڕی کۆتاییدا لە خوێنی خۆیان بگەوزێن [وەک چۆن مەلا ئاوارە و سمایلی شەریفزادە کردیان] بۆ ئەوەی بەشکم غیرەتێک لە گەلەکەیانەوە هەڵسێت (کە ئەزموون دەڵێ هەڵناسێت) و

خوێنەکەیان ببێتە هەوێنی سەرهەڵدانێکی نوێ. یانیش ئەوەتا سازانێک بێتە ئاراوە کە نە شیش بسووتێت و نە کەباب، دەرفەتێک بستێنن بۆ ئەوەی بتوانن پشوویەک بدەن.

پێشنیاری مەسڵەت و وتووێژ و موزاکەرە لە وەها دۆخێکدایە کە وەک دوایین تروسکایی دەردەکەوێت. وەک بڵێی ئیتر دڵساردی و بێهیوایی هیچ دەرەتانێکیان بێجگە لەو تروسکاییە بۆ ناهێڵێتەوە؛ تروسکاییەک کە دواجار دەردەکەوێت مەشخەڵی دەستی دێوەزمەی مەرگ بووە.

تۆ بڵێی قاسملووش لە دوایین وێستگەی ژیانیدا تووشی دۆخێکی هاوشێوە نەبووبێت؟

پێشنیان بەسەرهاتی ئەو مەزنانەیان لە قاڵبی بەیتەکاندا هۆنیوەتەوە. ئەدی بڵێی بەسەرهاتی قاسملوو چۆناوچۆن بگێڕدرێتەوە؟ بڵێی بەیتی قاسملوو چۆن بێت؟

بەسەرهاتی قاسملوو و قوتابییە تاقانەکەی [شەرەفکەندی] لە پەیوەندی گەڵ شوێنکەوتوانیاندا، لە لایەکەوە لە بەسەرهاتی مووسای پێغەمبەر و هارووني برای، لەگەڵ قەومی بەنی ئیسرائیل دەچێت و لە لایەکی دیکەشەوە هاوشێوەی پەیوەندیی بەسەرهاتی ئیمامی عەلی [و دواتریش حسێنی کوڕی] لەگەڵ شێعەکانی شاری کووفەیە.

لە چیرۆکە ئاینییەکاندا زۆر باسی ئەو دەردیسەریانە کراوە کە مووسای پێغەمبەر بە دەستی قەومی بەنی ئیسرائیلەوە چەشتوویەتی. مووسا قەومەکەی لە دەستی فیرعەونی میسر ڕزگار کردووە، ئەوانی لە ئاوەکە پەڕاندۆتەوە و بە کەناری ئەمنی کەنعانی گەیاندوون. وادەی موڵکی کەنعان و بەهەشتی ئەو دنیاشی پێیان داوە. کەچی سەرەڕای هەمووی ئەمانە، قەومەکەی وەخت و ناوەخت لێی بەبیانوون. ڕۆژێک حەسرەتی ڕۆژگاری کۆیلەیی میسر دەخۆن، ڕۆژێک داوای "مەن" و "سەلوا" دەکەن و ڕۆژێکی تر دەبۆڵێنن کە بۆچی مووسا ئەوانی هێناوەتە ئەم سەحرایە. تا لێشیان خافڵ دەبێت گوێرەکەیەک دادەتاشن و دەیپەرستن. مووسا زۆر جار لە داخی قەومەکەی سەری خۆی هەڵدەگرێت و ڕوو لە کێوی "توور" دەکات. دەستەواژەی "بیانووی بەنی ئیسرائیلی" کە ئێستاش کەڵکی لێ وەردەگیرێت، ئاماژەیە بەو بڕوبیانووانەی ئەو قەومە، پەیتا پەیتا بۆ پێغەمبەرەکانیان هێناوەتەوە.

ڕیوایەتی شێعەکانیش سەبارەت بە بەسەرهاتی ئیمامەکانی یەکەم و سێیەمیان، تا ڕادەیەک هاوشێوەی ئەمەیە. کووفە لە یەکەم ناوەندەکانی شێعەگەرییە. هەر لە سەرەتای ئاوابوونییەوە، واتە لە سەردەمی خەڵیفەی دووەمدا، بەردەوام یەکێ لە شارە ناڕازییەکان بووە و گلەیی و گازەندەی لە دژی حاکمەکانی هەبووە. خەڵکەکەی ئەوندە نزیکن لە عەلی، کە دوای ئەوەی دەبێتە خەڵیفە یەکسەر پایتەختەکەی لە مەدینەوە دەگوازێتەوە بۆ کووفە. لە زۆر شوێنیشدا پەسنی خەڵکەکەی داوە. بەڵام هەر ئەو خەڵکە ئەوندە ئازاری دەدەن و ئەوندە کونەجەرگی دەکەن، کە [دیسان بە گوێرەی ڕیواتەتی شێعەکان] لە زۆر شوێندا بە خراپە باسیان دەکات. لە خوتبەیەکدا بە "بۆرەپیاوانی ناپیاو" [أشباه الرجال و لا رجال] ناویان دەبات. سەبارەت بە کارەساتی بێکەسکوژکردنی حسێنی کوڕی

عەلی لە دەشتی کەربەلاش، ئەوە هەر "پیاو ماقووڵان"ی خەڵکی کووفەن کە پەیتا پەیتا نامەی بۆ دەنێرن و داوای لێ دەکەن بێت ببێتە حاکمیان، بەڵێنی ئەوەشی پێدەدەن تا کۆتایی پشتی بگرن. بەڵام دوای ئەوەی حسێن لە مەدینە بەرەو کووفە بەڕێدەکەوێت، لە نیوەی ڕێگەدا بەڵێنەکەیان دەشکێنن و خۆیان لە نامەکانیان نەبان دەکەن. "موسلیمی کوڕی عەقیل"، نێردەی تایبەتی حسێن بۆ لای کووفەییەکان، بە بەرچاویانەوە دەکوژرێت و ئەمان فزەیان لێوە نایەت.

ئەگەر بە دیوێکی تردا لە مێژووی [دوای کارەساتی قەڵای دمدم و موکری قڕانەکەی] ناوچەی موکریان بڕوانین، بە تایبەت ئەگەر لە مێژووی مەلا و میرزا و ئاغاکانی ئەم ناوچەیە [نەک سەرۆک عەشیرەتەکان] ورد بینەوە، دەبینین کە موکریان و بەتایبەت سابڵاخە حەیاتەکەی، ئەلحەق کووفەی کوردەوارییە.

بۆ نموونە سەیری ڕووداوەکانی سەردەمی باپیراغا و هەمزاغای مەنگوڕ و سمکۆی شکاک بکەن.

دەڵێن، لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهریدا، هەمزاغای مەنگوڕ هەوڵی زۆری لەگەڵ محەمەدئاغای مامەش داوە بۆ ئەوەی بەشداری ڕاپەڕینەکە بکات. بەڵام محەمەد ئاغا "لە سابڵاخ هەوڵی زۆری دا تا کاربەدەستانی عەجەم لە مەترسی و گەورەیی بزووتنەوەکە ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ڕێی تەشەنەکردنی بگرن، دوای ئەوەی لەوان نائومێد بوو، ڕاپەڕینەکە پەرەی سەند و ئەوسا ئەویش بە ناچاری تێکەڵاو بوو." [کورد و عەجەم، نەوشیروان مستەفا، لاپەڕەی ٢٠٥]

گەلۆ نیشانەی ئەم "بە ناچاری تێکەڵاو بوونەی" مەلا و میرزا و ئاغا و کوێخاکان، جارێکی تریش لەسەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەدی ناکرێت؟

ئەو کاتە لە شاری تازە سەرهەڵداوی "مەهاباد" چینێکی ناوەڕاستی شاری خەریک بوو ڕەگی دادەکوتا و کۆمەڵەی ژێکاف چرۆی یەکەمی ئەو چینە بوو، "ڕەسەنەکان"ی موکریان بە دیتنی سوپای سۆڤیەت، وایانزانی ئیتر ئەو سوپایە تا هەتایە لەوێ دەمێنێتەوە. بۆیە وازیان لە مەسینەهەڵگری سەدان ساڵەیان بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران هێنا و بۆ یەکەم جار لە مێژوویاندا خۆیان لە بزووتنەوەی کوردی هەڵقورتاند. خۆهەڵقورتاندنێک کە شاری تازە سەرهەڵداوی "مەهاباد"ی کرد بە "کۆمەڵگەی دیوەخانیی سابڵاخ". هەر بۆیە کۆمەڵەی ژێکاف، تا ئێستاکەش تاکە [یەکەمین و دوایین] بزووتنەوەی شاریی ئەو دەڤەرەیە.

ئەگەر بڕیار بێت بەسەرهاتی قاسملووش لە شێوەی چیرۆکەکانی ناو تەورات بنووسرێتەوە، ئەوا بێگومان موکریانییەکان تانە و تەشەری زۆریان بەر دەکەوێت.

با ئاوڕێک لە پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ ئەو جەماعەتە بدەینەوە بزانین وایە یان نا. بزانین ئەگەر لە داهاتوودا بەیتی قاسملووش، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو جەماعەتەدا بگوترێتەوە، چۆن باس دەکرێت و چی دەگوترێت [ئەمەی خوارەوە بەم

مێنتاڵیتەوە نووسراوە]:

سەرەتا لە حیزب وەدەریان نا. ئەو کورە "کرمانج"ێک بوو کە ئەوان پێیان کەسری شان بوو گوێڕایەڵی بن. قاسملوو چووە هەندەران. لەوێ خۆی بە عیلم و زانست تەیار کرد. دەرکەی دیپلۆماسیەتی بۆ داهاتووی خۆی و حیزبەکەی کردەوە. لەولاشەوە حیزبەکەی تا دەهات زیاتر پەرش و بڵاو دەبوو. هەندێک لەپاڵ شۆڕشەکەی مەلا مستەفا خزابوون، هەندێکیان کە غیرەتیان قبووڵی ئەو دۆخەی نەدەکرد، دەستیان دابوویە تفەنگ و لە خوێنی خۆیان گەوزا بوون. هەندێکی دیکەشیان بۆ بژێوی ژیانیان دەستیان دابوویە کەسابەت و تووتنیان دەفرۆشت. قاسملوو لە وەها دۆخێکدا گەڕایەوە. حیزبەکەی ڕێک خستەوە و وەسەریەکی نایەوە... شۆڕشی گەلانی ئێران دەرفەتێکی زێڕین بوو، قۆستییەوە و هێزی لە دەوری کۆ کردەوە. پەلوپۆی حیزبەکەی گەیاندە "شیمال" و "جنووب". پێگەی لە ناو کرمانج و هەورامییەکاندا داکوتا. لەو ساتەوە تا ئێستاکەش "هەورامییەکان" و "کرمانجەکان" دوو کۆڵەکەی بە ئەمەگی ئەو حیزبەن. ئەوان هەتا ئێستاش پشتیان لەو بەڵێنەی بە قاسملوویان دابوو، نەکردووە. نە ئینشعابێک، نە پرتەیەک، نە بۆڵەیەک، نە بیانوویەک. بەڵام موکریانییەکان، ئاخخخخ موکریانییەکان.

لە پێشدا لای چەپیان لێی گرت. ئەو کە تا دوایین ساتەکانی ژیانی "چەپ" و "سۆسیالیست" مایەوە، ئەو سەردەمە لە لایەن کۆمەڵێ مەلازادە و میرزازادە و بەگزادەی موکریانییەوە تۆمەتی بانگردێنی ئیمپریالیزم خرایە پاڵی. قاسملوو دەیزانی کە "شەڕ" کۆتایی دیپلۆماسیەتە و دوایش هەر بە دیپلۆماسیەت کۆتایی دێت. شەڕ بۆ ئەو ئامانجێکی هەتاهەتایی نەبوو، بەڵکوو مەودای نێوان دوو دیپلۆماسیەت بوو. بەڵام ئەوان کە بە هۆی مۆدەی ڕۆژگارەوە، بووبوونە چەپ، ئەو کاتە بە داگیرکردنی تارانیش قایل نەبوون، دەیانگوت تا ئەمریکاش نەڕووخێنین واز ناهێنین. [دواتریش کە ئیتر مۆدی چەپ نەما، خوداوەندانی بادانەوش، وەک نە بایان دیتبێت نە بۆران، بەرەو لای ڕاست بایاندایەوە.]

دەڵێن لە میتینگە جەماوەرییەکەی شاری بۆکان، کاتێ قاسملوو ویستی باسی پرۆژە شەش مادەییەکە بکات، یەکێ لە بەگزادەکانی ئەو شارە بازی دایە سەر بەرمیلێک و پڕ بە گەرووی هاواری کرد "مەرگ و نەمان بۆ سازشکار". جەماعەتێکیش لەگەڵی دووپاتیان کردەوە. لە سالۆنی کاوەی سەقزیش هەمان بەزمیان گێڕا. کۆمەڵێ هەرزەکاری خوێنگەرمیان لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە و هەر یەکەو کۆکتێل مۆلۆتۆفێکیان دا بە دەستیانەوە، تا قاسملوو باسی شەش مادە و هەشت مادەی کرد مۆلۆتۆفەکانیان تەقاندەوە و هاواریان کرد مەرگ و نەمان بۆ سازشکار...

[خاڵێکی سەیر و سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە سەقز و سابڵاخ و بۆکان خۆیان بە چوار پارچەی کوردستان ناگۆڕنەوە؛ کەچی ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی بڕوانی، دەبینی کە بە هەرسێکیانەوە تا ئێستاکە بەقەد "تورجان"یان پێ نەکراوە].

برا بچووکەکەی ئەو بەگزادە بۆکانییە، ئەو سەردەمە یەکێ لە شوێنکەوتوانی مۆدەی چەپ بوو. دوای سەرکردەیەکی کاریزمای وەک کاک فواد، بۆ ئەوەی مل بە مەزنایەتیی "کوڕە کرمانج" نەدا، چوو لە وڵاتی عەجەمستان گەڕا و بە "دۆزە دۆزە گەورەیەکم بۆ هەڵگۆزە"،

مەنسووری حیکمەتی دۆزییەوە و هێنای لای سەرووی خۆیەوە داینا. بەس بۆ ئەوەی دان بە "مەزنایەتی"ی قاسملوودا نەنێت. خەسڵەتێکی سەیرە. ئەو عەقڵیەتە دەرەبەگییە بە درێژایی مێژووی چەندسەد ساڵەی، بە دەیان جار ئامادە بووە مەسینە بۆ حاکمێکی دەرەجە چواری فارس یان عەجەم هەڵگرێت، بەس بۆ ئەوەی "بەڵێ"یەک بۆ سەرۆکێکی مەنگوڕ یان شکاک نەکات. ئەو مەنگوڕ و شکاکانەی لە ڕابردوودا بەردەوام لە دژی دەسەڵاتی سەفەوی و قاجار ڕاپەڕیون، بەڵام ئەمان بەردەوام مەسینەهەڵگریان بوونە. گەلۆ هۆکاری ئەو سوکایەتییانەی ئێستاش لەناو ئەو کولتووره خۆ بەزلزانەدا بەرامبەر بە "مەنگوڕ" و "کرمانج" دەکرێت، هەر بۆ ئەو ڕابردوویە ناگەڕێتەوە؟: ["فڵانەکەس لێی ناگیرێ، مەنگوڕە/کرمانجە"].

قاسملوو کە دیتی جەماعەت دەهۆڵی شەڕی کون فەیەکون دەکوتێت، گوتی جا مادام ئێوە دەڵێن شەڕ دەکەین، یاڵڵا با شەڕ بکەین. خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. بەڵام دیسان جەماعەتێکی تر، ئەمجارە لای ڕاستیان لێی گرت. گرووپە حەوت کەسییەکەی ناو کۆنگرەی چوار، بە فیتی حیزبی توودە لە قاسملوو هەڵسانە سەر چۆک و "ئینشعاب"یان کرد.

دەڵێن قاسملوو لەو ساڵانەدا بۆ ئەوەی لە دەستی ئەو عەقڵییەتە ڕزگاری بێت، بە دەستی خۆی کۆمەڵێ گەنجی خوێندەواری هێنایە ناو سەرکردایەتیی حیزبەکەی، بۆ ئەوەی یارمەتیدەری بن و لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا دەستی بگرن. مخابن داهاتوو نیشانی دا کە بێجگە لە "شەرەفکەندی" ئەوانی دیکە - بە قەولی سابڵاخییان دەڵێن ـ "هەو نەبوون"، داهاتوو نیشانی دا کە ئەوانیش جیا لە شەڕەگەڕەکی ناو ئاوایی "موکریان" هیچی تریان پێ ناکرێت.

لە کۆنگرەی هەشتدا ئیتر خەنجەرە گەورەکەیان لە پشتی دا. بە بیانووی "لیستەی فیکس"، لێی هەڵگەڕانەوە. دیسانەوە مەلا و میرزا و بەگزادەکانی موکریان حیزبیان کرد بە دوو لەتەوە. داخۆ قاسملوو ئەو ڕۆژانە چ ئازارێکی چەشتبێت؟ داخۆ چ زووخاوێکی هەڵهێنابێت؟ ڕەنگبێ ئەو لەتبوونە باندۆرێکی گەورەی لەسەر قاسملوو دانابێت. ڕەنگبێ ئەگەر ئەو پەرتەوازەییە نەبوایە ئاوا بێهیوا نەبوایە. ئەوانەی ئێستاکە وێنەکەی بە دیواری ژوورەکەیانەوە هەڵدەواسن، ئەو ڕۆژگارە بە دیکتاتۆر وەسفیان دەکرد. ئەوانەی کە ئێستاکە بە بزیەکی ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی گەز گەز باڵا دەکەن، ئەو کاتە ئەویان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە خەریکە پاڵ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە دەدات...

ڕەنگبێ ڕاگەیاندنی ئاگربەستی نێوان ئێران و عێراق ئیتر بە یەکجاری هیوابڕاوی کردبێت. ڕەنگبێ ئیتر هیچ تروسکاییەکی بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکداری بەدی نەکردبێت: حیزبەکەی بۆ جاری چەندەم بۆتە دوو لەت. ئەوانەی بە دەورییەون زۆرینەیان بۆ ئەوە نابن حیسابیان لەسەر بکات. شەڕی نێوان دوو وڵات ڕاگیراوە. سەدام سوپاکەی لە باشووری عێراقەوە هێناوە و ئاوقەی قەندیلی کردووە. تەنگی بە "یەکێتی"ی دەستەخوشکی حیزبەکەی هەڵچنیوە. مەرگەساتی هەڵەبجە قەوماوە. گەرمەی کارەساتی ئەنفالە. قاسملوو هەموو ئەمانە بە چاوی خۆی دەبینێت...

بڵێی خومەینیش نیازێکی لەو چەشنەی نەبێت و لاسایی سەدام نەکاتەوە؟ داخۆ لەو هەلومەرجە دژوارە دا، چۆن بتوانێت درێژە بە شەڕ

بدات؟ ئەگەر ئێرانیش سوپاکەی کۆ بکاتەوە و بیهێنێت لە کوردستان مۆڵی بدات، داخۆ چی دەقەومێت؟ بڵێی بتوانن لە قەندیل خۆ بگرن؟ ئەی چی بەسەر خەڵکەکەی دێت؟ بڵێی ئەوانیش تووشی ئەنفال نەبن؟

داخۆ قاسملوو لە دوایین مانگەکانی ژیانیدا چەند جار بیری لە پرسیارگەلی لەم چەشنە کردبێتەوە؟ بڵێی پرسیاری لەم چەشنە تا چەند کاریگەرییان لەسەر دوایین بڕیارەکەی دانابێت؟ بڵێی لە تەنیایی خۆیدا دۆخەکەی چۆناوچۆن لێکدابێتەوە کە بەو بڕیارە مەرگهێنەرە گەیشتووە؟ بڵێی لە تەنیایی خۆیدا....

دەنگۆیەک هەیە: دەڵێن گوایە لە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنیدا، هاوڕێیەکی ئەورووپایی لێی پرسیوە داخوا بۆچی بە تەنیایی هاتووە وتووێژ لەگەڵ ڕژێم بکات؟ بۆ لەگەڵ حیزبەکەیدا باسی نەکردووە؟ دەڵێن قاسملوو لە وەڵامدا گوتوویەتی "من لە ناو حیزبەکەشمدا هەر تەنیام".

بەسەرهاتی قاسملووو، بە دیوێکی دیکەدا، بەسەرهاتی سەرکردەیەکە کە تەنانەت لەناو حیزبەکەشیدا تەنیا بوو. بەسەرهاتی کونەجەرگ بوونی "کوڕە کرمانج" ێکە بە دەستی عەقڵیەتی "مەلا" و "میرزا" و "ئاغا" و "کوێخا"ی ناو "ئاوایی موکریان"ەوە.

ئەو مەلا و میرزا و ئاغا و کوێخایانەی لە دوای ڕووخانی کۆمارەوە تا ئێستاکەش دەستیان لە بینەقاقای سیاسەتی ڕۆژهەڵات ناوە و بەم دەردەی ئەمڕۆیان گەیاندووە.

بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ - بە ئاماژە بە ڕۆڵی بوداق خانی موکری حاکمی سابڵاخ لە پیلانگێڕییەکەی موقەدەمی مەراغەییدا - بەم ڕستەیە کۆتایی دێت: "گوێو لە من بێت گەلی جەماعەتی، کەس بە بەگزادان هەڵنەخلەتیّ!" لەوانەیە ئەو پەند و ئامۆژگارییە بۆ ئەم سەردەمە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە کە: "تا جڵەوی سیاسەتی حیزبەکان بە دەستی مەلا و میرزا و ئاغا و کوێخاکانی ئەو دەڤەرەوە بێت، شۆڕش لە ڕۆژهەڵات شین نابێت." [جا ئیتر گرینگ نییە کە ئەو حیزبانە ڕەسەنن یان نارەسەن، کلاسیکن یان مودێرن!]

---

* لەوانەیە بتوانین بڵێین کە "بەیت" و "داستان" لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا دوو ژانری هاوشێوەی "تراژیدیا" و "حەماسە"ی ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنانین. واتە "بەیت" تراژیدیا و "داستان" حەماسەیە. لە هەردووکیاندا وەک هاوشێوە یۆنانییەکانیان، باسی ئازایەتیی سەرکردە و پاڵەوانەکانە، لە هەردووکیشیاندا ڕووداوێکی ڕاستەقینە هەوێنی چیرۆکەکەیە... لە "داستان"ەکاندا پاڵەوانەکان ئازایەتی دەنوێنن و سەردەکەون، کەچی لە "بەیت"ەکاندا بەسەرهاتەکە بە مەرگی تراژیکی پاڵەوانەکان کۆتایی دێت. "داستان" ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدا، مانای سەرکیی خۆی لە کیس داوە و زیاتر واتای "حەقایەت" دەگەیەنێت، بەڵام وەک دەبینین لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، کە زمانی فارسی کاری نەکردۆتە سەریان، "داستان تۆمارکردن" یان "داستان ئەفساندن" ئێستاش واتای حەماسەت خوڵقاندن دەگەیەنێت. ئەمە تەواو جیاوازە لە "حەقایەت" کە بە واتای چیرۆکێکی خەیاڵی و "ناڕاست" دێت.

سەرچاوە: ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٥

# "ئێمە قاسملوومان تیرۆر کرد"



ناسر فەتحی

**Wir terrorisierten Dr. Ghasemloo, den Führer der demokratische Partei in Kurdistan.**

**#Islamische Republik Iran**

ڕۆژی بیست و دووی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەی کەوا چووم لە شاروویانی بێرلین بە هونەری جەستە تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووم شەرمەزار کرد، کۆمەڵێک ڕووداوم بۆ هاتە پێشێ کە لام وایە شیاوی گێڕانەوە بن.

دوای ئەوەی جلی داوەڵێکی ئاخوندم بە ڕۆژنامە درووست کرد و پێچامەوە و ڕۆیشتمە ناوەندی شار، سەرەتا دڵەڕاوکێم هەبوو کە چۆن جلی داوەڵەکە لەبەر بکەم و وەناو کەوم. دەترسام خەڵک بترسن و پۆلیس بمگرن؛ بۆیە بۆخۆم دەستپێشخەریم کرد و چوومە لای پۆلیسێک و گوتم: کاکە کارێکی والەم بەدەستەوەیە و ئەویش گوتی: بۆ پارە کۆکردنەوەیە؟ گوتم نا نومایشێکە بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، گوتی: دەی باشە فەرموو، خۆت دەزانی!

جلە ڕۆژنامەییەکانم لەبەرچاوی خەڵکی لەبەر کرد و وەخۆ کەوتم. زۆربەی خەڵک لێم دەکشانەوە و رادەوەستان تا لێیان دوورکەومەوە، بەتایبەت کە لە مێترۆکان و کۆڵانەکان کوتووپڕ لەبەر دەمیان دەردەکەوتم زیاتر دەبوومە مایەی تۆقانیان، بەس کاتێک لە گۆڕەپانە گشتییەکان زۆرتر دەمامەوە . بۆ ئەوەی بتوانن نووسینەکەی پشتەوەم بخوێننەوە ـ ترسەکە دەڕەوییەوە و جۆرێکی دیکە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکردم، یانی کە دڵنیا دەبوون ئیتر ناتەقێمەوە، بە ئەسپایی لێم نزیک دەبوونەوە و هەتادوایی؛

منداڵەکان پێم پێ دەکەنین و گەنجەکان خۆیان تێ نەدەگەیاندم و پیرەکان بە تووڕەییەوە سەیریان دەکردم. لەو نێوەدا بەتەمەن ماماوەندەکان تەنیا کەسانێک بوون کە دەیاندواندم و وێنەیان لێ دەگرتم.

یەکەم کەس، ژنێکی رووسی لێم هاتە پێشێ و گوتی: ئەوە چییە لە پشتت نوسراوە؟ گوتم: خۆت بیخوێنەوە، خوێندییەوە، گوتی: یانی ئێوە ئەو دوکتوورەتان تیرۆر کردووە، منیش لە زمان داوەڵە ئاخوندەکەوە گوتم: بەڵێ! ژنە خێسەیەکی لێکردم و بە توندی لێم دوور کەوتەوە. پێم وابێ وایزانی بەڕاستی من یەکێک لە تیرۆریستەکانی ئەو تیرۆرەم و هاتووم بە ئازادی لەنێوشاردا دەخولێمەوە؛ ئاوایە ئیتر، وڵاتێک کە ئازادی تێدابوو خولخواردنی تیرۆریستیش لەنێوشار ئاسایی دێتەبەرچاو، ئەوە لای خۆمان بوایە دەجار لەسەر ئەو فشەیە بەگرتیان دابووم.

زۆرم ئەداو ئەتواری ئاخوندان دەرهێنابوو و کەسم لەگەڵ نەبوو وێنە و فیلمم لێ هەڵگرێتەوە، ئەوەی وێنەشی دەگرتم دەڕویشت و تازە نەمدەدیتەوە، بۆئەوەی پشوویەکم دابێ و کورتەیەکم لە کارەکەم بە دیکۆمێنت کردبێ، ڕووم کردە بارێک کە کوڕێکی کوردی برادەری خۆمی لێبوو، کە لە بارەکە وەژوور کەوتم و ریش و پەشمی ساختەم لەسەر دەمووچاوم لادا، ئەو برادەرە کوردە لەشەرمان هەر زوو خۆی لێ بزر کردم. بیرەیەکم خواردەوە و چاکتر گەرم داهاتم و لە ترسی باران نمایشم گواستەوە نێو مێترۆکان. کە سەر دەکەوتم، خەڵکی نێو شەمەندەفەرەکان تا دەگەیشتنە وێسگەی مەبەستی خۆیان، بەتەواوی زراویان دەچوو، دڵنیام زۆر کەس لەترسان بەرلەوەی بگەنە وێستگەی مەبەستیان دابەزیون.

باران لێی کردەوە، دوا شوێنم بۆ نومایش هەڵبژارد، گۆڕەپانێک بوو بەناوی ئێلێکساندرپلاتز، یەکێک لە قەرەباڵغترین شوێنەکانی بێرڵینە و، تاوەری بەناوبانگی بێرڵینیش لەو گۆڕەپانە هەڵکەوتووە.

ئیتر دوو کاتژمێری کۆتایی ئەو پێنج کاتژمێر نومایشەم لەوێ بەسەر برد. سەت هەنگاو دەچوومە پێشێ و سەت هەنگاو دەگەڕامەوە دواوە.

دوو کوڕە کووردی رۆژهەڵاتم لێ پەیدا بوون: دووسێ ڕەسمیان بە کامێراکەی خۆم بۆ گرتم، یەکیان وادەکات: کاکە تۆ هی حیزبی دێموکراتی کۆمەڵەی؟ گوتم: دێموکراتی کوردستان، بە ئێرانەوە و بێ ئێران، جیاوازی نییە، گوتی: چۆن یانی؟ گوتم: لێیگەرێ جارێ! لێگەڕان و بڕێکیان شانازی پێوەکردم و، ئەوان رویشتن.

کامێراکەم دا دەست کوڕێکی عەرەب و ئەویش خولەکێک و دوو چرکەی بەخێرا خۆی فیلم لێ هەڵگرتمەوە.

دوو پیرە پیاوی ئێرانیم تووش بوو، هەر دەچوونە پشتمەوە و دەهاتنەوە پێشێ و نووسراوەکانی سەر داوەڵەکەی بەرمیان دەخوێندەوە، یەکیان بەوی دیکەی گوت: باشە ئاڵای ئێرانی بۆ سووک و چرووک کردووە؟ ئیتر برێکیان بۆڵە بۆڵ کرد و دوور

***کەوتنەوە. یەکێک نەبوە لەوێ پێیان بڵێ: ئەخە سەگی سەگبابانە خۆ بە تەمەن و بە ئاڵمانی خوێندنەوەکەتان ڕادیارە کە لەگەڵ شای زەمانی شا هەڵاتوون بۆ ئەم وڵاتە، ئەی ئیتر بۆ پێتان ناخۆشە ئاڵای ئێران سووک بکرێ؟ خۆ ئاڵاکە شێر و شمشێری تێدانەبوو، هێمای ئەڵلای تێدا کێشرابۆوە!***

***برێک دواتر، کوردێکی باکووریم لێ نزیک بۆوە، بە ئاڵمانی گوتی: لە پشتت چ نووسراوە؟ گوتم: بیخوێنەوە، گوتی: خوێندەواریم تەواو نییە، گوتم: نووسراوە "ئێمە دوکتوور قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکڕات هی کودستانمان تیرۆر کرد، واژۆ کۆماری ئیسلامی ئێران." گوتی: یانی تۆ دەڵێی ئێران تیرۆریستە؟ گوتم بەڵێ: گوتی: نا نا شتی وا مەڵێ! گوتم: ئەرێ تۆ کورد نی؟ گوتی: با، گوتم: بە کوردی قسەت بۆ بکەم؟ گوتی: نا، کوردی باش نازانم، گوتم: ئەگەر مەبەستت سۆرانییە، بە کورمانجی قسەت لەگەڵ دەکەم خەمت نەبێ، گوتی: نا، کورمانجییەکەشم باش نییە. ئەوەش لەوە. ئەویش ڕۆیشت.***

***ئەوە جیا لەوەی جاروبارە خەڵکی ئاڵمانیش دەهاتن و بە شەقە شەق لە کارەکەم تێ دەگەیاندن و، بە خەفەتەوە بەڕێم دەکردن.***

***بەتەمابووم کۆتایی بە نومایشەکەم بێنم و بگەڕێمەوە ماڵێ کە بۆ یەکەم جار دوو گەنج لێم نزیک بوونەوە، ڕەشپێست بوون، دەتگوت ڕەپێرن بەو جلووبەرگە شڵپیتاوانەیانەوە، یەکیان گوتی: ئینگلیزی دەزانی؟ گوتم: برێک، گوتی: مەبەستت لەو کارە چییە؟ ئینگلیزییەکەم بەشی نەکرد، حاڵی نەبوون، لێیان پرسیم خەڵکی کوێی؟ گوتم: کوردستان! یەکیان زوویەکی هەڵیدایە: دەی برام بە کوردی قسە بکە! گوتم: کوردن؟ گوتی: هەدووکمان نا، بەس من، منیش بەس دایکم کوردە، خەڵکی هەولێرە. زۆرم پێ سەیر بوو، قەتم ڕەشپێستی کورد نەدیتبوو، دەستم پێ کرد، باسی تیرۆری دوکتور قاسملووم بۆ کرد، هەر دەمگوت و ئەویش دەیگوت دەی، لە کۆتایی دا گوتم: تێ گەیشتی؟ ئەویش گوتی: ئا برام تێ گەیشتی، بەس ئێمە تەئخیرین، ئیشت نییە، خوات لەگەڵ برام.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٥***

# ئێران و قەتڵ لە ڤیەننا



مایکڵ ڕۆبن* کامێنتری مەگەزین

لە ئینگلیزییەوە: ئێنئێنئێس

رۆژ بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، سی کاربەدەستی ئێرانی، لە ئاپارتمانێکدا لە ڤیەننا لەگەڵ سێ سیاسەتمەداری کورد کۆبوونەوە تا کۆتایی بە شەڕێکی درێژخایەن بێنن. کاتەکە هیوابەخش بوو بۆیە کە ساڵێک بەر لەمە، ئایەتوڵا خومەینی مردبوو و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی -کە لە لایەن زۆرێک لە چاودێرانی شارەزای ئێران، وەک کەسایەتییەکی میانڕۆ و پڕاگماتیست دەناسرا- لە بەرەبەرەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا بوو. ڕەفسەنجانی دوو حەوتوو دواتر، بە وەدەستهێنانی ٩٦ لە سەدی دەنگەکان، وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیاندرا. هاوکات لەگەڵ ئەمانە، شەڕی ئێران-عێڕاقیش نزیک بە ساڵێک بوو کۆتایی هاتبوو و زۆربەی دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان چاوەڕوانیان دەکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەمەودوا تەرکیز لەسەر سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەو وڵاتە دەکات.

بەڵام ئەوان لە هەڵەدابوون. لە ١٣ای جولای ١٩٨٩دا، دانوستانکارە ئێرانییەکان چەکەکانیان دەرهێنا و د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نوێنەری حیزبەکە لە ئەورووپا و کوردێکی عێڕاقیی ناوبژیوانکەریان تیرۆر کرد. زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ دەنگی شەڕەتەقەیەک لە ئاپارتمانێکی ناوەڕاستی ڤیەننادا بشارێتەوە. پۆلیسی ئوتریش گەیشتە شوێنەکە بەڵام دانوستانکارە ئێرانییەکان، هیچ بەرپرسیارێتییەکیان وەستۆخۆ نەگرت. پۆلیسی ئوتریش، پاش وەرگرتنی ئیفادەیان، محەمەدجەعفەر سەحرارۆودی، مستەفا ئاجوودی، پارێزگاری ئەوکاتی کوردستان و ئەمیر بوزورگیانی ئازاد کرد و بەڵێنی لێوەرگرتن کە ئەگەر پێویست بێ، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبەردەست بن. بەڵام ئەوان خێرا گەڕانەوە تاران.


زیاتر سەبارەت بە د. قاسملوو تەنیا چەند ڕۆژ دواتر بوو کە پرسیار لەسەر ئیفادەی کاربەدەستە ئێرانییەکان سازبوون. چ

بەڵگەیەک نەدۆزراوە کە نیشان بدا کەس یا کەسانێک ویستبیان بەزۆرەملی بچنە ناو ئاپارتمانەکە. دوو لە قوربانییەکان، دانیشتبوون کاتێک تەقەیان لێکرابوو و سەرجەم قوربانییەکان، بۆ ئەوەی -بکوژان- لە مەرگیان دڵنیا بن، تیری خەڵاسیان لە سەر دابوو.

زانیارییەکانی پزیشکی دادوەری، ئاکامگیری یەکینەی دژەتیرۆری پۆلیسی ئوتریش دەسەلمێنێ کە قوربانییەکان نەک لە لای دەرگاوە بەڵکوو لەو شوێنەوە تەقەیان لێکراوە کە کاربەدەستە ئێرانییەکانی لێ دانیشتبوون. تەنانەت شوێنی - کەوتنی - پووکەکانیش دەستێدابوونی دانوستانکارە ئێرانییەکانی دەسەلماند.

پۆلیسی ئوتریش - دواتر - داوای ڕادەستکردنەوەی سێ ئێرانییەکەی کرد بەڵام تاران ڕەتیکردەوە هیچ کام لەو کەسانە ڕادەستی ئوتریش بکات و بگرە سەرۆکی تیم - ی تیرۆر- ەکە، واتە سەحراروودی پلەی بەرز کرایەوە و بوو بە سەرۆکی ئیتلاعاتی سپای قودس. ئەو پلەبەرزکردنەوە و هەروەها ئاستی باڵای وەفدە دانوستانکارەکە، نیشانی دا کە تیرۆرەکە، کردەوەیەکی خۆسەرانە نەبووە بەڵکوو لە لایەن کاربەدەستانی پایەبەرزی ئێرانەوە پلانی بۆ دارێژراوە.

گەلۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانیی کات - واتە هەمان حەسەن ڕووحانی کە سەرۆککۆمار ئۆباما وەک شەریک حیسابی بۆ دەکا- نەبوو کە هاوئاهەنگیی تیرۆری لەم چەشنەی دەکرد؟ ئەمڕۆ لە بیست و شەشەمین ساڵوەگەڕی یەک لە کردەوە هەرە قێزەونەکانی ئێران - بە تایبەت کردەوەی ڕێبەریی باڵای ئێران عەلی خامنەیی و حەسەن ڕووحانی - بڕیارە لە ڤیەننا، مامەڵەیەک لەسەر بنەمای "متمانە"کردن بە ئێران ئەنجام بدرێ. مامەڵەیەک کە نیشان دەدا ئێران چۆن بە پەرەپێدانی تیرۆریزم و سەرسەختی سەرکەوتووە و لە بەرانبەردا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندە لاسەنگ بووە!




"مایکڵ ڕوبن" *، لێکۆڵەری "ئەنیستیتۆی ئەمێریکەن ئینتەرپرایز"ە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تەرخان کردووە بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەتی کار لەسەر ئێران، عێراق، تورکیا و کۆمەڵگای کوردستان دەکات. ناوبراو هەروەها ماوەیەکیش ڕاوێژکاریی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بوو و لە زانکۆکانی کوردستانیش وانەی وتۆتەوە. ڕۆبن هەر ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، بە تایبەت لە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنستیتۆی ئامەژێپێکراو و کامێنتری مەگەزیندا وتار بڵاودەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / ڕێکەوتی: ۱۷ی جوولای ۲۰۱۵

# دکتۆر قاسملو: "بیرمەندە شۆڕشگێڕەکە"



شەریف هەژاری

(١٣ - ٧ - ١٩٨٩) ساڵیادی تیرۆرکردنی یەکێک لەدانسقەترین ڕێبەرانی کورد، د.عبدالرەحمان قاسملوویە، هەڵسەنگاندن و شیکاری لەسەر تێزە سیاسییەکانی قاسملوو، دبلۆماسیەتیی قاسملوو، ئەخلاق و مۆرالی قاسملوو، زمانەوانی قاسملوو، ئەدیبیی و شیعر-ناسیی لای قاسملوو بە مشت ومڕ و لێکدانەوەی بەڵگەداری وورد ئەبێت کە توێژەر و ڕاڤەکار پاشخوانی زانستیی لەسەر زانستەکانی "فەلسەفەی سیاسیی و دبلۆماسیی، مێژوو و زمانزانیی" بەمێتۆدی ووردبوونەوەی شیکاریی و مشتومڕەوە هەبێ و بتوانێ جیا-بەجیا تەواوی تایبەتمەندییەکانی قاسملوو بخاتەڕوو.

بۆیە نووسینێکی وا خۆی لە چەندین تێزی دکتۆرادا ئەبینێتەوە و منیش نامەوێت لەم ووتارەم دا زۆر بنووسم، بەڵکو ئەمەوێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم کە بەلای خۆمەوە و لە ئەزموونی نووسین و کتێب لە بارەی شۆڕش و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وا ئەزانم خاڵگەلێکی نوێن و ، ئامادەشم لەگەڵ هەر بەڕێزێک کە پسپۆڕی مێژوو بێت و لە هەر یەکێک لە زانکۆکانی کوردستاندا بێت سیمیناری زانستی سازبکەم و خاڵەکانی ئەم بابەتەم بسەلمێنم، بۆ خۆشم لە زانکۆی سلێمانیم و هەر پسپۆڕێکی مێژوو ئەم خاڵانە بە گەورەکردن ئەزانێت یان سەرنجی لەسەریان هەیە و ئامادەیی تێدا هەیە بۆ مشتومڕی زیاتر، ئەتوانێت بفەرموێت لە زانکۆی سلێمانیی دا بەخۆشحاڵیەوە لە سیمینارێکی زانستی دا دیبەیتی چڕ و ووردی لە بارەوە ئەکەین، چونکە من پێموایە ئیتر پێویستییەکی سەرەکییە کە لە زانکۆکانماندا پێشبڕکێی زانستی لەسەر ئایدیا نوێیەکان بهێنینەکایەوە، بۆ ئەوەی چ مێژوومان و چ ڕێبەرانی ڕابردووی کورد هەڵسەنگاندنی تەواو زانستییان بە دوور لە ئایدیای حیزبی بۆ بکرێت.

ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنیی و دانسقانەی کە لە کەسێتیی د.عبدالرەحمانی قاسموودا هەبووە و، تا ئێستا هەندێک لەو

تایبەتمەندییانە لە ئاستی جیهاندا لە هیچ ڕێبەرێکدا نەبووە و هەندێکیشی تەواو دانسقەن لە ئاست ڕێبەرانی کورد و جیهانی ڕۆژهەڵاتدا:

١- "قاسملوو" تاکە ڕێبەر بووە لەسەر زەوی دا و تاکە نەفەری یەکەمی حیزبێک بووە لە ئاست تەواوی نەفەری یەکەم و سەرکردەی یەکەمی حیزبەکانی وڵاتاندا لە جیهاندا کە زیاتر لە "١٠" زمانی زانیبێت، زمانەکانیش (فەرەنسی، ئینگلیزی، ڕوسی، عربی، فارسی، تورکی،چیکی، سلۆڤاکی، ئازەری، کوردی) بوون.

ڕوونە کە لە ناو کورد دا هیچ ڕێبەرێک نەبووە کە دە زمانی زیندووی جیهانی بزانێت، بەڵام قاسملوو زانیوویەتی، وەک ئەوەی کە خۆشم ماستەرم لە :"ستراتیژی بەریتانیا لە ئەمەریکا لە زانکۆی لەندەن" دا هەیە و ئاشنای مێژووی ئەوروپا و ئەمریکا و بزاووتە شۆڕشگێڕییەکانیانم و بە دیقەتەوە کەسایەتی نەفەری یەکەمی شۆڕشەکانیانم هەڵسەنگاندووە، ئەوا بۆم دەرکەوتووە و ئەشی سەلمێنم، کە قاسملوو تاکە نەفەری یەکەمی حیزبێک بووە لە ئاست تەواوی سەرۆکی یەکەمی وڵاتان و ڕێبەرانی یەکەمی پارتە سیاسییەکان لە جیهاندا کە دە زمانی زانیبێت.

٢- لە ڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی و هەڵچوونەوە، قاسملوو تاکە ڕێبەرێک بووە لە کورد و بە گشتیش لە جیهانی ڕۆژهەڵات دا کە بۆ ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ (١٩٧٠ - ١٩٨٩)، ڕێبەرایەتی جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بەهێزی کردبێت کە جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی قاسملوو دا بە برشتر بوو لە ئێستا، ئەوا تاکە ڕێبەری کورد و جیهانی ڕۆژهەڵات بووە کە "جنێو و ووشەی ناپەسەندی کۆمەڵایەتیی" هەرگیز بۆ هیچ یەکێک لە نەیارەکانی بەکارنەهێناوە، لە کاتێکدا بە سەدان ووتاری جۆشدەری نەتەوەیی هەیە لە شەڕەکان دا دژ بە دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران، بەڵام قاسملوو تاکە ڕێبەرێک بووە کە ئەتەکێتی گفتوگۆ و لێدوان و ووتارە حەماسییەکانی زۆر بە ئەدەبانە بووە و ، ووتارەکانی لە سەخترین ساتی شەڕەکانیش دا بە دوربووە لە جۆرە بەکارهێنانێکی ووشەی نەشیاوی کۆمەڵایەتیی.

٣- قاسملوو پێچەوانەی ڕێبەرانی دیکەی کوردەوە زۆر دژی "فەرد پەرستی لە ناو حیزبەکان" دا بوو، هەر بۆیە قاسملوو تاکە ڕێبەری کورد بووە کە هەڵواسینی وێنەکانیی و شیعار و هوتافدانی "بژی قاسملوو"ی لە نێو ڕیزەکانی حیزبەکەیدا قەدەغەکردبوو، کە بۆ سەلماندنی ئەم تایبەتمەندییە ناوازەیەی قاسملووش بە سەدان ڤیدیۆ و دۆکیۆمێنتی بەردەست هەن. بەلای قاسملووەوە نرخ و بەهای "گشت" هەمیشە لە پێشتر دا بووە هەتا هی "تاک"، با ئەو تاکەش "سەرکردە" بووبێ! ئەمەشی تەنها لە پێناوی نرخگەڕاندنەوە بۆ "گشت ئەندامان" دادەنا و ، قاسملوو پێی وابوو "بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست بە خۆبەزلزانین و خۆپەرستییەوە بنیادنانرێ ، بەڵکوو بە شەرعیەتدان بۆ گشت کۆمەڵگا بنیاد ئەنرێ".

٤- لە ڕووی خیانەتی نەتەوەییەوە، قاسملوو تاکە ڕێبەری کورد بووە کە لە پاش ساڵانی ١٩٧٠ وەک نەفەری یەکەمی حیزبێک لە مەیدانی سیاسیی دا بووبێ هەتا ١٩٨٩، کە دەکاتە نزیک بە ٢٠ ساڵی سەرکردایەتی جووڵانەوەی چەکداری دژ بە ڕژێمی ئێران، کەچی

به هیچ جۆره خیانەتێکی نەتەوەییەوە تێوەنەگلاوە! بەتایبەت هەموو بەڵگە مێژوویەکان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە لە سەردەمی قاسملوو دا "هیچ کوردێک بۆ ڕژێمێکی داگیرکەر نەکوژرا و تیرۆر نەکرا" لەلایەن حیزبەکەی قاسملووەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی قاسملوو هێندە زانایانە و لێزانانە سیاسەتی ئەکرد کە هەرگیز بە زیانگەیاندن بە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی بەشەکانی دیکەی کوردستان (باشور، باکور و ، ڕۆژئاوا) نەدەشکایەوە و هیچ خیانەتێکی نەتەوەیی بەردەست لە تەواوی ژیانی قاسملوو دا ناتوانین بەدەست بێنین.

٥- قاسملوو تاکە ڕێبەری سیاسیی کوردە کە توانای داهێنانی تێزی سیاسیی هەبووە و ئەشتوانم بڵێم کە" تاکە بیرمەندێکی سیاسیی کوردە"، ئەو کۆمەڵە تێزەی کە قاسملوو هێناویەتیە نێو کایەی سیاسەتەوە یان داهێنانێکی نوێی لە جێ بە جێکردنیان دا خستووەتەڕوو بریتین لە (سەربەخۆیی بڕیاردان، ئەخلاق لەسیاسەتدا، بەرپرسیارێتی، دیموکراسیی ڕاستەقینە، سۆسیالیزمی دیموکراتیک) کە ئەگەر بە ووردی لێی بتوێژینەوە ئەوا بۆمان دەرئەکەوێ کە تێزەکانی تاچەندێک پڕ- بایەخن بۆ کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیی. بۆ نموونە ئەگەر بە کورتی لە تێزەکانی فەیلەسووفێکی وەک "ماکیاڤێلیی" و بیرمەندێکی وەک " قاسملوو" بڕوانین، ئەوا قورسایی تێزەکانی قاسملوومان بۆ ئەسەلمێ، کە یەکەمیان "ماکیاڤێلی" وەک نموونەی فەیلەسوفێکی سیاسیی لە تێزەکانیدا "مۆراڵ" لە کایەی سیاسیی دا وون ئەکا و، دووەمیشیان "قاسملوو" وەک بیرمەندێکی سیاسیی لە تیۆریاکانیدا "مرۆڤگەرایی" و مۆراڵ دەکاتە پێوەری جووڵە و تایبەتمەندیی مرۆڤی سیاسەتوواں. ئەم مشتومڕە ئەیەوێ زیاتر لێکدانەوە و شیکاری لە نێوان تێزەکانی ئەو دوو بیرمەندە دا لەسەر بکرێ، وەلێ بە شارەزایی دەقیق لە تێز و نووسینەکانی هەردوولایان و هەڵسەنگاندنی بێلایەنانەوە.

ئەم خاڵانەی کە خستمەڕوو بە دورن لە هەر سۆز و عاتیفەیەک بۆ نەتەوەکەم کە نەتەوەی کوردە، یان لانی کەم بۆ ڕێبەرێکی نەتەوەی کورد کە "قاسملوو"ە، بەڵکو بە دیقەتەوە ئەم تایبەتمەندییانەم لە خوێندنەوەی تێزەکانی قاسملوو و بەراوردکردن لەگەڵ ڕێبەرانی جیهان و کورد دا ئەنجامم دا، هەر پێشنیار و ڕەخنەیەکیش لەسەر ئەم بابەتەم هەبێ، سوپاس بۆ هەر بەڕێزێک کە لە ڕێی فەیسبووکەوە پێم بگەیەنێت.

شەریف هەژاری

ماستەر لەستراتیژی بەریتانیا لەخاکی ئەمریکا لەزانکۆی لەندەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤین / ڕێکەوتی: ١٢ای جوولای ٢٠١٥

# بۆ پووشپەڕی خوێناوی و کۆترە زامدارەکەی ڤییەن



قادر وریا

به شەهید بوونی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد، رێبەرێکی بێوێنە و بزووتنەوەی دێمۆکراتیک و شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەشمان سیما و شەخسییەتێکی زۆر بە وەجیان لە دەست دا. دوکتور قاسملوو بە رێبەری کردنی مامۆستایانە و سەرکەوتووانەی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان و، بەو رۆڵە کاریگەرەی لە نزیک کردنەوەی هێز و شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەیبوو، هەر وەها بەو خزمەتانەی کە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆعدی ناوچەیی و جیهانیی شەخسییەتی سیاسی و زانستی و خەباتگێڕانەی خۆی، بە ناساندن و بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و خەباتی گەلانی وڵاتەکەی دژی رێژیمی ئینسانکوژ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردبوون، هەم بۆ قوتابییان و هاوسەنگەرانی، هەم بۆ نەتەوەکەی و گەلانی وڵاتەکەی، ببوو بە سەرچاوەی هیوا و هومێد پێ بەستن. بۆیە سروشتی بوو کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی سەرەکی و دڵرەشی گەلی کورد، بۆ لە نێو بردنی بە توندی لە هەوڵ دابێ و پەنا بباتە بەر دزێوترین شێوەی لە نێو بردن کە تیرۆریزمە و ناجوانمێرانەترین و بێئەخلاقانەترین نەخشە و پیلانەکان بۆ لە داوخستن و شەهید کردنی، یانی کوشتنی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی، هەڵ بژێرێ.

ئینسانە گەورەکان هەر لە ژیان دا گەورە نین، لە مردنیش دا گەورەن. ئەوان ئەگەر لە ژیان دا، خزمەتی گەورە و لەبیرنەکراویان لە دەست دێ و شوێنەواری قووڵ لە سەر ژیان و خەباتی میللەتان و وڵاتانی خۆیان دادەنێن، بە مردنیشیان میللەتێک و وڵاتێک دەهەژێنن و بە میلیۆن ئینسان دەبەنە نێو خەم و ماتەم. بۆ مەرگی قاسملووی رێبەر و گەورە مامۆستاشمان " هەزاران پێشمەرگە، دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەی و سەدان هەزار دۆست و لایەنگری رێبازەکەی و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەی غەمیان بە سەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند ". ئەو شەهید بوونەکەشی خزمەتی گەورەی بە ناساندنی کێشەی نەتەوەکەی کرد و سەرنجی جیهانی یەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بێ وێنە بۆ لای ژێر دەستی و بێ بەشیی گەلی کورد راکێشا و شەپۆلێکی بەرینی هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردی لە دنیادا وەڕێخست.


***٢٦ ساڵ لە کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی رابردوە. ئەگەر کەسانی دیکە بە تێپەڕینی زەمان، بەرەبەرە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ و لە بیر دەچنەوە، ئەم رێبەرە مەزنە، ناوی، یادی و رێبازەکەی هەروا لە گەشانەوە و پرشنگدانەوە دان. خەمی لە دەستچوونیشی سەرەڕای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زەمانی یە، لە دڵی ئەویندارانی رێبازەکەی و ئۆگرانی شەخسییەتە مەزنەکەی دا، نەک هەر کۆن نەبووە، زوو زوو نوێ دەبێتەوە. ئەو هەلومەرجە لەبار و نوێ یەی بە دوای مەرگی دوکتور قاسملوو لە ناوچە و جیهان دا بۆ کێشەی کورد هاتە کایەوە و ئەو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە پێوەندی لە گەڵ گەلی کورد دا پێک هاتوون، ئەوانە و هەموو دەرەتانێکی باش کە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی مەسەلەی کورد رەخساون، ئێمە و هەموو دڵسۆزێکی کوردیان خستۆتەوە یادی دوکتور قاسملوو و خاڵی بوونی جێگاکەی.***

***بەو حاڵەش، دەتوانین جارێکی دیکە بە دڵنیایی و شانازی یەوە رووی قسەمان بکەینە ئەو رێبەرە مەزنە و پێی بڵێین بە ئاسوودەیی بنوو. " لاشت کە سەر دەنێیتەوە بیرت هەر دەتەنێیتەوە " *. رێبازت بەردەوامە و رێگات بەر قەرار. قوتابیان و هاوسەنگەرانت بەری رەنجی چەندین ساڵەت بە فیرۆ نادەن. رێنوێنی و ئامۆژگاری و نەریتە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانت لە بیر نابەنەوە. ئەوان بە ئامانجەکانت وەفادارن و لە ناو و یادی بەرزت، لە خەباتی چەندین ساڵەی پیرۆزت و لە شەخسییەتی مێژووییت هەروا ئیلهام وەردەگرن. رێبوارانی رێگاکەت و ئۆگرانی رێبازەکەت هەر وەک سروشتی خۆت بوو، بە گەشبینی یەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتی گەلەکەیان و، خۆشحاڵن کە لە بیرەوەریی شەهید بوونت دا، مزگێنیت پێ بدەن، ئەو رۆژەی بە ئاواتت دەخواست نزیک بۆتەوە. ئێستا کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەکەت، لە دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی وبێ مافی هاتوونە مەیدان و بە بەرز کردنەوەی دەنگی بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، بناخەکانی رێژیمێک کە دەستی بە خوێنی تۆ و دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی دیکەی ئێران سوورە، وەلەرزین خستوە.***

***نەمری و هەزاران سلاو بۆ یادت و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ رێبازە پیرۆز و پڕشانازی یەکەت.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٥***

# نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین




**عەبدوڵڵا حیجاب**

لەم ڕۆژانەدا، گەلی کورد یادی ٢٦ ساڵەی لە دەستدانی دوکتۆر عەبدوالڕەحمان قاسملوو ڕێبەری ناوداری خۆی و سکرتێری بە توانای حیزبی دێمۆکرات دەکاتەوە کە ڕۆژی ١٣ی ژووڵای ١٩٨٩، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لە کاتی وتووێژ لە گەڵ تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی دا لە شاری ڤیەن پێتەختی وەڵاتی ئوتریش (نەمسا) تێرۆر کرا.

کۆماری ئیسلامی، پێی وابوو کە بە تێرۆری دوکتۆر قاسملوو یەکێک لە بەتواناترین دژبەرانی دەسەڵاتی ڕەش و بنئاژۆی دینی لە ئێران دا لە نێودەبا و دەتوانێ بەو شێوەیە بە سەر ئیرادەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد دا زاڵ بێ. بەڵام خاوەنداریێتی گەلی کورد لە دوکتۆر قاسملوو و ئەو تێکۆشانە نەتەوەییەی کە ئەو تا کاتی شەهیدبوونی سەرکردایەتیی دەکرد، خەونی کۆماری ئیسلامیی کرد بە مۆتەکەیەک کە تا کاتی مەرگی بەرۆکی بەرنادا.

دوکتۆر قاسملوو سەرکردەیەکی خاوەن پرۆژە و ڕێبەرێکی بە ئیرادە بوو کە بوێرانە بە پیر تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانەوە دەچوو و دەیتوانی لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتی سیاسی دا بەرنامەکانی خۆی بەرەو پێش ببا. ئەو توانی حیزبی دێمۆکرات لە سەر بنەمایەکی مودێرنی سیاسی ڕێک بخاتەوە، خەباتێکی بێ وچانی سیاسی پەرە پێ بدا و خۆڕاگریی بێ وێنەی نەتەوەی کورد لە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی سەرکردایەتی بکا. لەو ڕێگا ئاستەمەدا، زۆر جار سەرکەوتوانە، و جار و باریش بە ئاریشە و دژواری، هێندێک جار بە پشتیوانیی یەکدەنگی هاوسەنگەر و هاوبیرانی، جاری واشە بە دژکردەوەی سەرسەختانەی دۆست

و هاوسەنگەرانی درێژەی بە رێگای پڕ لە ئاستەنگی خەباتی سیاسی دا و سەرئەنجام لە پێناو ئازادیی نەتەوەی کورد دا سەری نایەوە.

دوکتور قاسملوو، لە مێژووی سیاسی کوردستان دا وەکوو ڕەمزی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سەرکردەیەکی وشیاری سیاسی، ٢٦ ساڵ پاش شەهیدکرانیشی هەر وەک ساڵانی ژیان و تێکۆشانی سیاسی خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بەرزە. ناو و یادی ئەو، سنووری حیزبی و ناوچەیی تێپەڕاندوە و ئێستا بووە بە ڕەمزێکی پیرۆزی نیشتیمانی کە لە لایەن هەموو کوردێکەوە بە زیندووی ڕادەگیرێ.

هاندەری دوکتور قاسملوو بۆ دانیشتن لە گەڵ چەند تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە بێ لە بەر چاو گرتنی لایەنی ئەولەکاری، لە کاتێک دا کە خۆی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بە هێزی سیاسی دەکرد کە لە گەڵ ڕێژیم لە حاڵی شەری چەکدارانەدا بوو هەر چی بێ، هیچ لە تاوانی دەسەڵاتدارانی ئێران لە تێرۆردا و ساتوسەودای دوور لە ئەخلاقی دەوڵەتی ئوتریش لە سەربەستکردنی تێرۆریستەکاندا کەم ناکاتەوە.

ئێستا یادی ٢٦ ساڵەی شەهیدکرانی سەرکردەی ناوداری کورد، دوکتور قاسملوو لە کاتێک دا دەکرێتەوە کە نەتەوەکەی لە قۆناغێکی هەستیاری خەباتی سیاسی خۆی دا پتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەیە.

لەم ڕووەوە، خاوەنداری کردن و وەفاداری بە ناو، ڕێباز و ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو لە گرەوی خەباتێکی چڕ و پڕ بۆ یەکریزی و یەکدەنگی نەتەوەیی دایە. یەکڕیزی و یەکدەنگیەک کە ئەوانەی ئیددیعای بەردەوامیدان بە ڕێبازی دەکەن زیاتر لە هەر لایەنێک لێی دوورن. ئەو ئەرکە نیشتیمانیە بەر لە هەموو کەس دەکەوێتە سەر شانی ئەندامانی هەر دوو بەشی حیزبی دێمۆکرات کە بەر لە هەموو شتێک، حیزبی دوکتور قاسملوو لە چوارچێوەی دوو ڕێکخراو بە دوو قەوارەی حیزبی و دوو ڕێبەرایەتیەوە ڕزگار بکەن و بیکەنەوە بە حیزبێک کە شیاوی ناو و پرۆژەی سیاسی دوکتور قاسملوو و هیوا و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بێ.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠١٥

# د. قاسملوو لە پێناو "مانەوە"دا بەرەو مەرگ هەنگاوی نا



ئاگری باڵەکی

ساڵانە کە لە ٢٢ی پوشپەڕ نزیک دەبینەوە پرسیارێک زیاتر لە هەمیشە بیر و زەینمان بەخۆوە خەریک دەکات، ئەویش ئەوەیە کە بەراستی بۆچی شەهید دوکتور قاسملوو تووشی ئەو داوە هات و تێرۆر کرا؟!

د. قاسملوو کەسێکی سیاسیکارو دووربین بوو، بەڵام چۆن بوو لە داوێک کەوت کە بەدەیان جار سەبارەت بەم جۆرە پیلانانە هاوڕێیان و ئەندامانی حیزبەکەی خۆی ئامۆژگاری دەکرد کە قەت باوەڕ بە دوژمن نەکەن.

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە؛ هۆکاری چ بوو کە دوکتور قاسملوو لەو داوە کەوت و دوور لە چاوی هاوڕێ و ئەندامانی حیزب توشی کارەساتیکی وا بەژان هات کە قەربووکردەنەوەی زەمەنیکی زۆری دەوێ؟

شەهید د. قاسملوو کەسایەتییەکی دوورئەندێش بوو، بە فاکت و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان بۆ داهاتوو دەیڕوانی، هیچ کات بڕیارێکی بەبێ پرس و راو هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی نەدەدا، هەر بۆیەش لە پێوەندی لە گەڵ مزاکرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وا بیری دەکردەوە، زۆر هۆکار هەبوون کە دوکتور قاسملوویان بۆ دانووستان لە گەڵ ئەم رێژیمە هان دەدا.

دەتوانرێ گرینگترین هۆکارەکان ئەوانە بن کە چەند مانگێک پێش تیرۆرکرانی، ئێران و ئێراق کۆتاییان بە شەڕ هێنابوو، خومەینی ماوەی مانگێک بوو لە ژیاندا نەمابوو، رەفسەنجانی کە بە کەسێکی پراکماتیزم و ئەهلی سازان ناوی دەرکردبوو، بۆ ماوەیەکی کاتی جێگای گرتبوویەوە. دوکتور قاسملوو لەوە نیگەران بوو کە دیسان پەیماننامەیەکی دیکە وەک ئەلجەزائیری ١٩٧٥ دووبارە بێتەوە، کە

حکوومەتەکانی ئەوکاتی ئێران و ئێراق لەسەر لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان ڕێک کەوتبوون ، ئەو چەند جارێک باسی لە نیگەرانیی خۆی لە دووبارەبوونەوەی نسکۆیەکی دیکە بۆ بزووتنەوەی کورد بە هۆی لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئێراق کردبوو. د. قاسملوو ئەوەی باش دەزانی لە بوونی وەها هاوپەیمانییەکدا بزووتنەوەی کورد چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە باشووری کوردستان تووشی نسکۆیەکی تر دەبێت، هە ربۆیە ویستی بە هەر نرخێک بێت رێگاچارەیەک ببینێتەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە لەو قەیرانە رزگار بکات.

شەهید دوکتور قاسملوو دەیهەویست پێشگیری لە رووداوێکی نەخوازراو بکات و بەهەر شێوەیەک بێت نەهێڵێ کە شۆڕشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شکست بێت.

هێلێن (نەسرین خانم)ی هاوسەری لە بارەی ئەوەی کە بۆ د. قاسملوو چووە سەر میزی گفتوگۆ دەڵێت: "عەبدوڕەحمان چوو دەگەڵ گورگان دابنیشێ، رۆژێک پێشتر پێیگوتم دەچێتەڤییەن‌و لەسەر ئەو بڕوایەبوو رەفسەنجانی‌و دەوڵەتی‌ئێران ناوێرن هیچی لێبکەن‌و لەوە بە تەواوی ئەرخەیان بوو کە دەوڵەت پێویستی بە رێککەوتنێک دەگەڵ حیزبی دێموکرات و دەگەڵ کوردەکان هەیە. بۆ ئەوەی بیروبڕوای توندوتیژیی خەڵکی دنیا لە دژیخۆیان خاو کەنەوە، پێویستیان بەرێککەوتنێک دەگەڵ ئێمەهەیە، هەروەها بۆ مانەوە لە سەر دەسەڵات پێویستیان بەو رێککەوتنەهەیە".

پێش تێرۆرکرانەکەی، ماوەی چەند هەفتەیەک بوو کە ئیجازەی پێ درابوو کە سەفەر بۆ ئەمریکا بکات، کاتێک ماڵپەری ویکیکیس دۆکومێنتە نهێنییە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکای بڵاو کردەوە، لە چەند دۆکومێنت کە تایبەت بوون بە نوێنەرایەتی ئەمریکا لە بەغدا دەردەکەوێ کە د. قاسملوو لە هەوڵدا بووە کە پشتگیری مەعنەوی ئەمریکا بەدەست بهێنێت و لەگەڵ ئەوەیدا کە دژی ئیمپریالیزم بووە، بەڵام لەو بڕوایەشدا بووە کە لە سیاستەدا دەبێ بەدوای بەرژەوەندیدا بگەڕێیت . لەو دۆکومێنتانەدا هاتووە: "رێبەری پێشووی حیزبی دێمۆکرات جەختی کردووەتەوە کە پووڵ و چەکی ناوێ، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی لێبکرێت".

ئەوە کە بەرووونی دەرکەوتبوو دوکتور قاسملوو لە لایەن دەسەڵاتدارە ئایینییەکانەوە وەک دژیمەزهەب ناسرابوو، بێ‌هیچ ئەملاو ئەولایەک لە لایەن رێژیمی توندوتیژی کۆماری ئیسلامی کە مانگێک پاش مردنی خومەینی و دوای شەرێکی هەشت ساڵە کە خومەینی لە دژیعێراق وەرێی خستبووو تەنیا ساڵێک بوو ئەو شەرەتەواو ببوو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دوکتور قاسملوو باشترین کەس بوو بۆ دەسەڵاتدارانی رێژیم کە دەبوو بیکوژن. داخوا لەبەر ئەوە کوشتیان کە هەستیان بەلاوازبوونی رێژیمەکەیان دەکرد؟


د. قاسملوو دەیهەویست لە جیهانی دوو جەمسەریدا رێگای سێیەمیش ببینێتەوە، بۆیە دەیهەویست سیاسەت بکات، دەیهەویست لە هەمانکاتدا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبێکی چەپە، بەڵام دەبێ پەیوەندیشی لەگەڵ ئەمریکای سەرمایەداریدا هەبێ، چونکە د. قاسملوو ئابووری خوێندبوو، ئەو زۆر لەمێژبوو بۆی دەرکەوتبوو کە عەداڵەت و یەکسانی دوو شتی لیک جیاوازن. بۆی دەرکەوتبوو کە جیهانی سۆسیالیستی تاک لە ناو دەبات و بڕیار بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیەشە لە کۆنگرەی ٦ی حیزبی

دێمۆکراتدا سۆسیالیزمی دێمۆکرات دێنێتە نێو بەرنامەی حیزب، ئەو سۆسیالیزمە دێمۆکراتیکەی کە زۆربەی وڵاتانی ئیستای رۆژئاوا کاری پێ دەکەن و تێیدا سەرکەوتوو بوون، قاسملوو دەیهەویست لە جیهانی دوو جەمسەری خۆی رزگار بکات و کورد نەبێتە گەنمی نێوان دوو بەرداشان و بەردەوام بهاڕدرێت.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو پڕمەترسیترین رێگای گرتە بەر تا بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵات بە دۆخی ئەمڕۆ نەگا، بەڵام بەداخەوە نەک بە مەرگی پێشی لەو کارەساتە نەگرت، بەڵکو بە مەرگی ئەو، زۆرێک لە هاوکێشەکان لە کوردستان و ئێران بە نەمانی ئەو بە قازانجی کورد نەبوون.

دوکتور قاسملوو ئەوەی کرد کە پێشەوا کردی، بەڵام لە کات و شوێنی جیاوازدا . پێشەوا لە کاتی خۆیدا پشگیری لە کوشت و کوشتاری خەڵکی مهاباد گرت و ویستی بەو هۆیەوە هیچ تاکێک لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیا، تووشی ئەزیەت و ئازار نەبێت و پیشەوا ئەوەی کردە سەرمەشق کە ئازادی خوێنێ دەوێ، هەر بۆیەش قاسملوو بە دەرسوەرگرتن لەو راستییە مێژووییە، ویستی بە بە هەنگاونان بەرەو مەترسییەکی ئاوا گەورە کە گیانی لە سەر دانا، بزووتنەوەی میلەتەکەی بە ئاقارێکی دیکەدا بەرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٥



# لە نێوان خۆبەخت کردن‌و هەلپەرستیدا،



کەریم پەرویزی

"چی وا لە کەسێک دەکا کە ببێ بە دوکتور قاسملووی ڕێبەر، کە لە لای زۆر کەس وەکوو ڕێبەری کاریزماتیک چاوی لێ بکرێ‌و بە هەزاران کەس لایەنگرو هۆگری هزرو کردەوەکانی بن‌و چی وا دەکا کە کەس یا کەسانێک گەر تەواوی توانای خۆیان‌و دەروبەریان بۆ وەگەڕ خرابێ کە کەسایەتییەکی دیارو جێگای پەسندی لێ دروست بکرێ، هێشتا جێ ناگرێ؟"

لە بیرکردنەوەو تێڕامانی خۆمدا چەندین هۆکارو پێوەرم دادەناو هەڵم دەسەنگاندن‌و هەر بۆم جێبەجێ نەدەبوو! بە واتایەکیتر چەندین پێوەرو هۆکارم کە دیاری دەکرد، نەدەبوونە شتێک کە لەسەر ئەساسی ئەو هۆکارانە، جیاوازییەکی بنەڕەتی و جەوهەری لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست بکا.

گەر خوێندن و خوێندەواری‌و بەشداری لە ناوەندە ئاکادیمیکەکاندا وەک پێوەر دابنێی، ئەو پرسیار دەمێنێتەوە کە: خۆ بە سەدان‌و هەزاران کەس لە نێو نەتەوەی کورددا چوونەتە زانستگاو خوێندنی زانستی‌و ئاکادیمیکیان لە بەرزترین ئاستەکانیشدا تەواو کردوەو گەر بەوە بوایە دەبوو ئێستا سەدان‌و هەزاران مرۆڤی لەو بابەتەمان هەبوا کە کەسێکی کاریزماو ڕێبەرێکی بلیمەت بووایە و هەرکامەیان بۆخۆیان دوکتور قاسملوویەک بوونایە، کەچی وانیە! بۆ؟

گەر نووسین‌و خوێندنەوە دەکەی بە پێوەر، ئەی خۆ سەدان نووسەرو کتێبنووس‌و بە میلیۆن! کتێب خوێنمان هەیەو بۆچی کتێبنووسین‌و کتێب خوێندنەوە نەبۆتە هۆی ئەوە کە بە شێوەی ئۆتوماتیک‌و خۆبەخۆ، ئەو تاکە ببێ بە ڕێبەری گەل؟!

دەکرێ چەندین‌و چەند پێوەرو پێوانەو هۆکاری دیکە دەستنیشان بکەی‌و لە مێتۆدێکی "تەتبیقی" دا کەسەکان هەڵ سەنگێنی‌و بۆت

دەرکەوێ کە ئەو پێوەرانە ئایا دەبنە جیاکەرەوەی نێوان "ڕێبەر و نارێبەر" یان نە؟

ئەوەی کە بە تێگەیشتن‌و بیرکردنەوەی مندا هات‌و لە لای خۆمەوە توانیم وەک هێڵی جیاکەرەوەو هۆکاری شوناسبەخشین بە مرۆڤەکان دەسنیشانی بکەم، بریتی بوو لەو هەڵوێستو هەڵبژاردنەی کە مرۆڤ لە کاتی بەربژارە جیاوازەکان‌و دووڕێیانەکاندا وەریان دەگرێ‌و لە راستیدا بەو هەڵوێستو هەڵبژاردنانە، بوون‌و کەسایەتیی خۆی پێناسە دەکاو شوناسی خۆی دیار دەکاو خۆی وەکوو مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەیەکی تایبەت درووست دەکا و ڕۆ دەچێ.

لەو دوو ڕێیانانەدا کە مرۆڤێک تووشی دەبێ‌و لە نێوان خۆی‌و خەڵکدا دەست دەداتە هەڵبژاردن، هەڵوێستی راستەقینەی ئەو دەردەکەوێ و نیشان دەدا چ جۆرە کەسایەتییەکی هەیەو بەرەو چ ئاسۆیەک هەنگاو دەنێ. لەوێداو لەو دوو ڕێیانەدایە کە لە نێوان خۆبەختکردن‌و هەلپەرستیدا، بژاردەی بەردەست پێک دێ‌و مرۆڤی خەباتکارو فیداکار خۆبەختکردن دەبژێرێ و کەسایەتیی هەلپەرست لە دەرفەتەکە بە قازانجی تاکەکەسیی خۆی کەڵک وەر دەگرێ.

بۆ ئەوەی شتەکانمان لێ روونتر بێتەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی لاوەتیی دوکتور قاسملووی نەمر کە ئەوکاتە هێشتا نەببوو بە "دوکتور".

عەبدوڕەحمانی قاسملوو وەک هەموو دەزانن‌و خۆیشی باسی کردووەو لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کراوە، منداڵی بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتووی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردەواری بووو بۆیە هەلی بۆ ڕەخسا بوو کە درێژە بە خوێندن بداو لەبەر توانای تاکەکەسیی خۆی، لە خوێندنگایەکی تایبەتیی ئێران کە بۆ کەسە زیرەکەکان دابین کرابوو، دەیخوێندو دوایەش لەبەر زیرەکی‌و لێهاتوویی خۆی بورسی خوێندنی پێ درا لە لایەن حکوومەتی ئەو کاتەوە و ڕۆیشتە ئورووپا بۆ خوێندن.

تا ئێرەی نابێ بە پێوەرێکی بەرچاو کە کەسایەتیی راستەقینەی ئەو مرۆڤە دەر بخاو ڕەنگە بە سەدان‌و هەزاران کەسی بەو تایبەتمەندییانەوە لەو جۆرە خوێندنگانەدا خوێندبێتیان‌و بوورسیان وەرگرتبێ‌و ڕۆیشتبنە دەرەوەی وڵاتیش بۆ درێژەدان بە خوێندن. بەڵام ئەوکاتەی کە دوکتور قاسملووی نەمر، لە نێوان بەربژارەکاندا دەبێ هەڵ بژێرێ، ئەو چرکەساتەیە کە کەسایەتی‌و بوونی تایبەتی خۆی دەسەلمێنێ‌و خەریکی ڕۆنانی شوناسی تایبەتیی خۆی دەبێ.

مرۆڤێک کە ئیمکاناتی باشی بنەماڵەو کۆمەڵگای بۆ ئامادەکراوە، دەتوانێ بە لێهاتوویی خۆی لەوانەش کەڵکی زیاتر وەربگرێ‌و قۆناخەکانی گەشەکردن‌و بەرەو سەرەوە ڕۆیشتنی باشترو خێراتر لە زۆر کەسی دیکە بپێوێ، بەڵام دوکتور قاسملوو لە وەها قۆناخ‌و چرکەساتێکدا لە نێوان بەرژەوەندیی تاکەکەسدا کە زۆرتر پێ بگاو گەشە بکا، یان لە بەرامبەردا بەرژەوەندیی گەل‌و ئارمانەکانی کە ئارمانی گەل‌و خەڵکن هەلبژێرێ، دەست دەداتە خۆبەختکردن لە پێناوی ئارمانداو لە ئیمتیازەکانی کە لەبەردەستیدایە چاوپۆشی دەکا.

کەسایەتیی دژبەرو پێچەوانەی ئەم جۆرە هەڵوێستەی دوکتور قاسملووی مەزن، دەتوانین بە کەسانی وەها پێناسە بکەین کە رەنگە لە نێو کۆمەڵگاو بنەماڵەدا ئیمکاناتو دەرفەتی زۆریان بۆ نەرەخسابێ‌و لە بیرکردنەوەو تێگەیشتنی خۆشیاندا ئامادەی هەنگاوی شۆڕشگێڕانە دژ بە ستەمو چەوسانەوە نەبن، بەڵام کاتێک کە دەرفەتێک دەرەخسێ‌و رەنگە بە پەیوەستبوونی بە ریزی حیزبێکەوە یان بە هەر دەرەتانو دەرفەتێکی دیکە کە رەنگ بۆی بێتە پێش، قازانجو بەرژەوەندییەکی لەروانگەی ئەوەوە گرنگ و تایبەتی بۆی دابین بکاو لەوەها دۆخێکدا هەلەکە دەقۆزێتەوەو ئیمتیازاتێکی زۆر کەم کە وەبەرچاو نایەن، لەدەست دەدا بۆ ئەوەی شتی زۆر بەسوودترو پڕبەرژەوەوەندیتر وەدەست بێنێ‌و ئەم هەڵوێستو بڕاردەیەی ئەو کەسە نەک لە رووی پێبەندبوون بە ئارمانو بڕوا بە رێگاکەوە نەبووە بەڵکوو لە رووی هەلپەرستییەوە بووە. ئەم جۆرە کەسە تا ئەو کاتە لەو رێگایەدا بەردەوام دەبێ کە قازانجو بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی دابین بکرێ‌و قازانج وەرگرتنی درێژەی هەبێ‌و هەرکات لە رێگایەکی دیکەدا و رەنگە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو، قازانجی زیاتری بەرچاو بکەوێ، رێگاکەی دەگۆڕێ.

گەر بە لاپەڕەکانی مێژوودا دەگەڕێی‌و مێژووی ژیانو خەباتی دوکتور قاسملووی رێبەر دەخوێنییەوەو چاوی لێ دەکەی، بە فراوانی ئەو جۆرە دووڕێیانەی "بەرژەوەندیی زیاتری تاکەکەسی یان خۆبەختکردن لە پێناوی ئارمانەکاندا" چەندپاتە دەبینییەوە کە بەردەوامو لە هەموویاندا دوکتور قاسملووی مەزنو رێبەر، بە ئیرادەو هەڵبژاردنێکی وشیارانەو مێژووییەوە رێگای فیداکاریو خۆبەختکردن هەڵ دەبژێرێ.
لەوسەردەمەداکە ئەحمەد تۆفێق سەرۆکی حیزب بووو دوکتورقاسملوو دەیتوانی بە نیزیکبوونەوە لەو، جێگای خۆی قایمتر بکا، نەیکردو بێدەنگ نەبووو ئەوکاتەش کە بە نارەوا تۆمەتیان بۆی هەڵبەستو بڕیاری وەلانانیان لە رەوتی حیزبایەتی دا، بە دژی حیزبی دێموکرات کە بەلای دوکتور قاسملوووە سەمبولی ئارمانەکان بوو، نەجووڵایەوەو هەڵوێستی زەربەلێدانو دژایەتیکردنی حیزبی دێموکراتی نەگرت!

ئەوکاتەی کە لە ئورووپا چ لە باری کەسایەتیی سیاسی‌و ئاکادیمیکو چ لە باری پێگەی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە خاوەنی ئیمتیازاتی بەرچاو بوو، هەموو ئەوانەی لە دووڕێیانی خۆبەختکردنو بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا بەجێ هێشتو خۆی و ئیمکاناتو ئیمتیازاتی وەدەست هاتووی خۆی پێشکەشی حیزب کردو هەرچی بەدەست دێناو هەر کارێکی دەکرد، دەیکردە سەرمایەو لە خزمەت حیزبی دێموکراتو ئارمانەکانیدا دادەنا.

لە جۆری کەسانی پێچەوانەی ئەو شێوازەی دوکتور قاسملوو، دەتوانین نموونە بدۆزینەوەو باسیان بکەین، هەرچەند لە لای خۆمەوەو لە مێشکی خۆمدا رەنگە بۆ هەرکام لە رستەکانو کردەوەکان، دەموچاوێکی تایبەتیی کەسێکم لەبەرچاو بێ، بەڵام نموونە هێنانەوەو هەڵسەنگاندنی کەسانی دیاریکراو، دێڵمەوە بۆ ئەرکو بەرپرسیارەتیی مێژووی هەر تاکێک بۆخۆی‌و باسەکە بە گشتی دەکەم.

کەسایەتیی هەلپەرست نەک ئیمتیازێکی تاکەکەسی ناکاتە فیدای ئارمانەکان، بەڵکوو لە دەرەتانو دەرفەتو سەرمایەکانی رێبازو رێگاکە بە قازانجو بەرژەوەندیی تاکەکەسی کەڵک وەردەگرێ‌و وەکوو بازارییەک چاو لە شۆڕشو خەبات دەکا کە گەر هەندێک


سەرمایەی بۆ شۆڕش دانا، دەبێ بەچەندین قات سوودو بەرژەوەندیی لێ وەربگرێتەوەو لەو کاتانەدا کە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی گەر بە تۆزقاڵێک لە نێو کۆڕی یاراندا وە مەترسی بکەوێ یان بە باشی دابین نەکرێ، ئامادەیە لەپێناوی جوبران کردنەوەی ئەو زەرەردا زەربەی گەورەتر لە ئارمانەکانو بەرژەوەندییەکانی حیزبو شۆڕش بدا.

دوکتور قاسملووی نەمر لە بەربژارەکاندا هەردەم دەروەست بە ئارمانەکان بووو لە کۆتایی ژیانیشدا بە بەختکردنی گیانی مۆرکی هەمیشەیی لە راستگۆبوونو ئیرادەی بەرزی خۆبەختکردن لەپێناو ئارمانی ئاسوودەژیانی خەڵکدا دا، بە شێوازێک کە تەنانەت دوژمنانیش توانای بێرێزی پێکردنیان نیەو کۆماری ویلایەتیی فەقیهی کە ئەو رێبەرەی تیرۆر کردوە، بوێریو جورئەتی ئەوەی نیە کە ئەو تیرۆرە وەئەستۆ بگرێو پەلەقاژەی ئەوە دەکا کە پەڵەی رەشی ئەو تاوانە لە خۆی دوور بکاتەوەو کەسی دیک بە تاوانبار بناسێنێ.


لە بەرامبەردا زۆر کەسو کەسایەتیی وا بوونو هەن کە خۆیانو دەوروبەرەکەیان هەوڵێکی زۆر دەدەن کە بە پڕوپاگەندەو پێداهەلگوتن، وا نیشان بدەن کە ئەوانیش کەسانی لێوەشاوەو لێهاتووو... و رێبەری بلیمەتی گەلن، بەڵام گەر بە لاپەرەکانی ژیانو کردەوەکانیاندا دەچیەوەو چرکەساتەکانی هەڵوێست وەرگرتنیان دەخوێنییەوە، زۆرتر وەکوو کەسانی هەلپەرست دێنە بەرچاو تاکوو کەسانی فیداکارو خۆبەختکەرو مرۆڤیش بە هەڵوێستو هەڵبژاردنەکانی، خۆی دەسەلمێنێ، نەک بە غەریزەو نانو ئاوخواردنەکانی!

بۆیەو لە رەوتێکی مێژوویی وەهادایە کە دوکتور قاسملوو دەبێ بە رێبەری ناوادارو خۆشەویستی خەڵکو کەسانی هەلپەرستیش هەرچەند خۆیانو دەوروبەرکانیان هەوڵیان بۆ بدەن هەر "ناچەقن بە دڵەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ١٢ای جوولای ٢٠١٥



# تایبەتمەندییە بەرزەکانی شەهید دوکتور قاسملوو،



حوسێن نازدار

دوکتور قاسملوو،بە شاهیدی و ئێعترافی زۆر کەسایەتی ناوداری کورد و ئێرانی و جیهانی کەلە نزیکەوە ناسیویانە ،گەورەترین و بەئێعتبارترین کەسایەتی سیاسی و مێژووی کورد بوو،

تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا کەسایەتیەکی کەم وێنە بوو، بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان بۆیەشێکی بەر چاو لە دەسکەوتەسیاسیەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکی سیاسی ئەو ڕێبەرە مەزنەیە، بە داخەوە ئیستاشی لە گەلدا بێ گەلی کورد ڕێبەرێکی دیکەی هاوتای قاسملووی نەبوەتەوە.

دوکتور قاسملوو،خوێندکارێکی زیرەک و بە بەرنامە، مامۆستایەکی کەم وێنە، بیرمەند و ڕووناکبیرێکی بیرکراوە و تێژبیر و وریا و ژیربوو.

دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و سیمایەکی دێموکرات، مروڤێکی شورشگێر، سیاسەتوانێکی واقع بین و نمونە، دیپلۆماتێکی هەڵکەوتو وسەفیرێکی گەورەی نەتەوەی چەوساوەی کورد بوو.

دوکتور قاسملوو ،مودیرێکی داهێنەر و چالاک و پرکار و ماندووی نەناس، ڕێکخەرێکی بە توانا و ئەمانەت دار،پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین ،تێکوشەرێکی خاکی و خەڵکی و بەهەست و قسە خوش و ڕاستگۆ ،کوردێکی مافخواز و نیشتمان پەروەر بوو.

شەهید دوکتور قاسملوو ،باورێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو ،پێی وابوو دێموکراسی شتێک نییە تەنیا تایبەت بە هێندێک کەس و

چەند وڵات بێ ، بەڵکو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتییە و هەرکەسێک و هەر وڵاتێک مافی هەیە کە هەیبێ و کەڵکی لێ وەرگرێ ،ئەو نەک هەر بۆ دۆستان تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی دێمۆکراسی دەپاراست و دەیفەرموو: "خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی."

د . قاسملوو، باوڕی قووڵی بە" ئازادی و داد پەروەری"هەبوو، پێی وابوومرۆڤ هەروەک بۆ درێژەدان بە ژیان پیویستی بە "ئاو هەوا "هەیە، هەر بەم چەشنەش بۆپەرەگرتن و گەشە کردن و درەوشانەوی کومەڵگای مرۆڤایەتی پیویستی بە "ئازادی و دادپەروەری" هەیە.

شەهید دوکتور قاسملوو،باوڕی قووڵی بە"دۆستایەتی و پێوەندی و هاوکاری"نێوان مرۆڤەکان هەبوو، پێی وابوو بۆ بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە پاراستنی "بەرژەووندی و سەربە خۆیی و حورمەتی"بەرانبەر، پیویستە ئەو پێوەندی و هاوکارییە هەمیشە گەشە بکا و پەرە بستێنێ.

د . قاسملوو ،بە زیرەکی و توانا و ئەزموونی کەم وێنەی خۆی رۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا وەڕێخست، پێرەوپرۆگرامی حیزبی لە سەر بناغەو بنچینەی دیمۆکراسی وبەرژەوەندی گەلی کورد و سەربە خۆی سیاسی بریاردان دارشتەوە و کردییە بە رێبازی سیاسی حیزبی دێموکرات.

سوسیالیزمی دێموکرانی لە ناو حیزب دا چەسپاند و کردییە بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دێموکرات.

دوکنور قاسملوو ،لەئاستی کوردستان و ئێران و جیهان دا ،بەراستی خەباتگێرێکی شێلگیر و لە خۆ بوردو و ماندووی نەناسی رێگای ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی بوو.


لە بەر هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە د. قاسملووی نەمر هەیبوون ،شەمشەمە کوێرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران،دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ، بە پیلانی ئاشتی و بەغەدر و خەیانەت دەست بەکار بوون و مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتییان شەهیدکرد.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیانزانی کە د. قاسملوو هەروەک لە خەبات بۆ دادپەروەری سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دا شێلگیرە ، زۆر زیاتر لەوەش باوەڕی بە وتووێژ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیە و هەر بۆیە کاتێک لە رێگای نیزامی یەوە زەفەریان پێ نەبرد ، فێڵبازانە و دەغەڵکارانە لە دەروازەی ئاشتیخوازانەوە بۆی هاتنە مەیدان و بە ناوی وتووێژی ئاشتیخوازانە لە سەر مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ،لە ڤییەن دەگەڵی دانیشتن و تێروریان کرد.

رێبەرانی حکومەتی ئیسلامی ئیران بە هەڵە چوون،پێیان وابوو بە تێروری د. قاسملوو، رێباز و ئامانج و حیزب وگەلی قاسملووشیان

تێرور کردوە، بەڵام ئیستا پاش تێپەر بوونی ٢٦ساڵ بە سەر شەهید بوونی دـقاسملوو دا،حیزبی دێموکرات و بیر ورێباز و ئامانجی قاسملووش بەردەوام لە بەرەو پێش چوون و گەشە کردن و درەوشانەودان و رێبواران و قوتابیانی قوتابخانەی قاسملووش، ئاڵای پڕلە شانازی ئەویان بە شەکاوەیی راگرتوە و بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد، دڵسوزانە و سەربەرزانە و شێلگیرانە و بێ ووچان خەبات دەکەن و بەرەو ئاسۆی روون هەنگاو دەنێن

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە / ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٥



# قاسملوو، له ڕێبازی ئازادی دا.



عومەر غولام عەلی

ئەم یاده بیرەوەریی کارەساتێکی دڵتەزێنه که له غەدر و خەیانەتێکی مێژوویی دا داخێکی بەژانی له سەر بەژنی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەکەمان به گشتی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی بەجێما.

ئێواره درەنگانی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ای کۆچیی هەتاوی ڕێکەوتی ١٣ای ژووئیەی ١٩٨٩ای زایینی،دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی له سەرمێزی وتووێژ به نەریت و کولتووری باوی میراتی له مێژینەیان هەڵیان کوتایه سەر میوانەکانیان و شەهیدیان کردن و لەم پیلانەدا دوکتورقاسملوو گیانی بەختی هەوڵه ئاشتیخوازانەکانی کرد.

دوکتورقاسملووی مەزن ئاوێنەی باڵانوێنی ڕێبەرێکی گەورەی گەلەکەمان بوو که مێژووی نوێی خەبات به شاهیدیی ئێستامان شانازیی پێوەدەکا.

زێدی دوکتورقاسملوو باکووری موکریان،له باشووری شاری ورمێ،له سەدان ساڵی بەرەوه کڵی سەرهەڵدان و مەکۆی شۆرشگێڕانی نەتەوەکەمان بووه. یەکەمی بەفرانباری ساڵی ١٣٠٩ای کۆچیی هەتاوی هەمبەر ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ای زایینی لەم دەڤەره چاوی به ژیان و نیشتمان دا هەڵێناوه. بنەماڵەکەی له تێکۆشەرانی نەتەوەیی و له ئەوگرانی کۆماری کوردستان بوون. قاسملوو لەو بەستێنەدا گەیبوویه،بۆیه، له هەڕەتی لاوی داو له تەمەنی گوڵ ئاسای کۆماری کوردستان دا له شاری ورمێ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێمۆکراتی دامەزراند.

بە داگیرکرانی کۆماری کوردستان لە لایەن ئەرتەشی رژیمی پاشایەتی یەوەو شەهیدکرانی پێشەوای کۆمار و رێبەرانی حیزب ،حیزبی دێمۆکرات کەوتە خەباتی نهێنی یەوە.قاسملووی لاو لە درێژەی خوێندن و خەبات دا لە ئورووپا گیرسایەوە.ساڵی١٣٢٧ی هەتاوی بە خوێندکاری لە پاریس،رێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئورووپای پێکهێنا،بەم شێوەیە نێوچان لە نیشتمان و لە هەندەران لە خەباتی ئاشکرا و نهێنیی حیزبەکەی دا چالاکانە بەشدار بوو.

لە قاسملوو دا کەلتووری نەتەوەیی، چالاکیی رامیاری و زانستی ئاکادیمی کردیانەخەباتکارێکی داهێنەر، پێشکەوتنخوازو بەو هۆیانەوە لێبراوانە هەوڵی رێکخستنەوەی حیزب و گەشەپێدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێمۆکراتیکی رۆژهەلاتی کوردستانی دا .ئەو لەو هەل و مەرجە دژوارەی خەبات دا دەستەبەری متمانەی ئەندامانی حیزبەکەی کرد و لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب (١٩٧١) بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کۆمیتەی ناوەندی دا بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا. ئەومتمانەیەی هاورێ و هاوسەنگەرانی تا شەهید بوونی وەک میداڵی شانازی لە سەر سنگی قاسملوو دەدرەوشایەوە.

دوکتورقاسملوو زانا و بە توانا، لیهاتوو لە رێبەری داو ئازابوو.باوەرێکی قووڵی بەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد وگەلانی تری وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران هەبوو،باوەری وابوو تا ماف و ئازادی یەکانی گەلانی ئێران دابین نەکرێن یەکیەتی و ئاشتی پێک نایا، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و بەرابەریی تاکەکانی کۆمەڵگای بە بنچینەی تەبایی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا دادەنا، لە حیزبەکەی دا و لەسنووری دەسەلاتی بزووتنەوە دا پێرەوی دەکردن. ئەو خراپترین دێمۆکراسیی لە باشترین دیکتاتۆری پی چاکتر بوو. لە دوای شەهیدبوونی، قوتابییەکانی ،ناوی مامۆستای دیمۆکراسی یان بە یادی برێ.

دوکتور قاسملوو لەو باوەرِدابووکە پرسی کورد و کێشەکانی لەگەڵ دەسەلاتە داسەپاوەکانی سەر کوردستان"رێگاچارەی نیزامی "ی نیە و جیهان دەبێ بەرەو ئاشتی و ئازادی و دێمۆکراسی هەنگاو بنێ، بەلام لە خەباتی رەوا داو لە شەرێ سەپاو بەسەر رۆڵەکانی نیشتمانەکەی دا قەت سڵی لەوە نەدەکردەوەکە وەک پێشمەرگەیەک بچیتەسەنگەری بەرگری یەوەو ببێتە فەرماندەرێکی بەوەجی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. وەبیر رێبەرایەتیی حیزبەکەی دەهێنایەوە کە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی خراپ بۆ ئامانجی باش نەتەنیا رەوایی نادا بەئامرازەکە بەڵکوو مامانجەکەش خەوشدار دەکا. دەیگوت ئێمە کە بۆ رزگاریی گەلیکی بندەست تێدەکۆشین خەباتێکی پیرۆزە بەلام نابێ هیچکات تێرۆر و بارمتە گرتن و رفاندن بکەینە ئامرازی ئەوخەباتە و خەڵکی بێتاوان وبێ دەرەتان بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بخەینە مەترسییەوە، تەنانەت لەشەرێ قورس و گرانیشدا کە شەهید بوونی هاورێکانمان کارلە سەر هەست و سۆزمان دەکا نابێ دیلەکانی شەر ئازار بدرێن و پێویستە مافەکانیان بە تەواوی پارێزراو بێ.

دوکتورقاسملوو سەرەرای زانایی، زمانزانی و زانیاریی کەم وێنەی هیچکات خۆی لە فێربوون نەدەبوارد، خوێندنەوە و گوێگرتن لە ئاکارە بەرچاوەکانی بوون. کتێبخانەکەی بەکڵ رێگاوە بوو،دەنگی رادیۆکەی لە گەوە و هەوراز و نشێوەکانی رێ دا لە گوێی هاورێکانی دا دەزرینگایەوە. کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی بۆ بردنەسەرێی زانیاری یان هان دەدا و لە رۆژانی هەرە سەختی خەبات دا ئۆرگانی تایبەت و کادری شیاوی بۆ پەروەردە وراهێنانی پیشمەرگەکان رادەسپارد.

دوکتور قاسملوو که خۆی نووسەرێکی گەورەو خاوەن چەندین کتێب و نامیلکه و سەدان وتاری بە پێزبوو گەلیک لە کاتی خۆی بۆ ڕێنوێنیی نووسەرانی نێو حیزبەکەی تەرخان دەکرد، ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی دەکردن، لە ڕێنوێنی یەکانی دا پێی لەسەر نووسین بە ئەدەب و نەزاکەتەوە دا دەگرت و دەیگوت نووسەری دێمۆکرات دەبێ ئەدەب و نەزاکەت لە ڕستەو نووسراوی ببارێ، نەک وەک دوژمن و نەیارەکانی کە زەلکاولە قەڵەمەکانیان دەچۆڕێتەوە. لەم ڕێچکەیەوە، پیمان دەڵێن ئەدەبیاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە خاوێنترین ئەدەبیاتە سیاسی یەکانی ناوچەکەیە. لە بەنرخترین وانەکانی دوکتورقاسملوو بۆ حیزبەکەی،کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، بە شانازی یەکانی خۆی دەزانی، تێبیگەیشتووە و پێی گەیشتووەو بەڕێوەی بردووە، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردانە. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زۆرجار تووشی تەنگانەی سیاسی بووە، بەرژەوەندییەکانی کەوتوونە مەترسییەوەو دۆستەکانی لێ زیز و زویر بوون، بۆ دەستکەوتی کاتی سەربەخۆیی بڕیاردانی فیدا نەکردووە، پاکی و پیرۆزیی خەباتەکەی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە نرخی هەرە گران پاراستووە.

لە تێپەڕی ئەم زەمەنە دژوارەی خەبات دا دوکتورقاسملوو هاندەری چێژ وەرگرتن لە ژیان بوو. لەو باوەڕەدابووکە مرۆڤی شۆڕشگێڕی کورد دەبێ ژیانی خۆش بوێ، شایی بکات و پێبکەنێ و جێژن بگرێ، ئەو لە شایی و هەڵپەڕکێی خەڵکی کوردستان دا شێوەیەک لە خەباتی بە دی دەکرد، دەیگوت دوژمنەکەمان ڕژیمی خوێن و فرمێسک و مەرگە، حکوومەتی تازیەباری و بەرۆک دادرین و ڕوومەت ڕنینە،کە وایە،با ئێمە شادبین و شایی بکەین، خەبات لە پێناو ژیان دایە و ژیان بە بێ شایی و بەختەوەری بێ مانایە.ئەو لەسەر گلکۆی شەهیدانیشمان بەو جۆرە دەدوا کە ئێمە لە مێژە لە بیرەوەریی شەهیدان مان دا ناگریین، تەنیا کارێک کە دەبێ لە بەر چاو و لە بەر بیری شەهیدانمان دا بیکەین ئەوەیە کە ڕێگاکەیان بەرنەدەین، باشترین پاداش بۆ شەهیدەکانمان درێژەدانی ڕێگایانە.

دوکتور قاسملوو لە چل سال خەباتی داو لە ٢٠ ساڵ ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا گەلیک ئەزموون و وانەی بۆ درێژەدەرانی ڕێبازەکەی وئۆگرانی خەباتی حیزبەکەی تۆمار کرد، بە بیر و باوەری شۆڕشگێڕانەوە دەرسی کردەوەی خەباتکارانی دادایین، ئامۆژگاریی کردین چۆن خۆمان لە تاک پەرستی ببوێرین و پشتمان بە ڕێکخستنەکانمان ببەستین فێری کردین کە بۆکاری بەکۆمەڵ دەبێ پێکەوە بیربکەینەوە و وێکرا بڕیار بدەین. ئەو وانە بەنرخانەبوون کە هەتاهەتایە لە مەکتەبی قاسملوو دا دەخوێندرێن کە بە خەساری گەورەی دە دەست چوونیشی، حیزبەکەی هەروا قایم و پتەو، نیشتمانی قاسملووی تەژی لە شۆڕشگێڕی سوور و شێلگێری ڕێبازەکەی کردووە.


دوکتور قاسملوو بە ژیان و خەباتی سەلماندی کە دەبێ کوردستانمان لە هەموو جێگایەک پێ خۆشتر بێت و لە هەموو وڵاتێکمان خۆشتر بوێ. ئەو لە پێناورزگاریی خەڵک وئاوەدانیی خاکی کوردستان دا گیانی بەخشی و خۆی گوتەنی "گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا".

لە ٢٢ی پووشپەڕدا بکوژانی قاسملوو لە خوێنی شەهیدانی ویەن و فرمێسکی پیر و لاوی کورد و خاک و خۆڵی کوردستان قوڕێکیان بۆ سەری خۆیان گرتەوە کە تا ئێستاش چۆڕاوگەی لە ڕوخساری دزێویان نەبڕاوە. ئەمڕۆ کیژو کوڕی لاوی کورد نیشتمانی قاسملوویان

کردۆتەوە جۆلانەی خەبات، شەقام و ڕێ،کووچەوکۆڵانی شار و دێ لەم ڕۆژەدا تاجی ناوی قاسملوو دەنێنەسەر.

خوێنی قاسملووی ڕێبەر نرخی گرتنەبەری ڕێبازی ئازادی یە تا دەرکەوتنی خۆری سەربەستی لە ئاسمانی نیشتمانە کەی دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٥



# قاسملوو، وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو



وریا رەحمانی

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٢٦ ساڵ بەسەر تیرۆر کرانی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری "ڤییەن"ی پێتەختی وڵاتی ئۆتریشدا تێدەپەڕێ. ئەوە لەحاڵێک دایە کە تۆز و خۆڵی زەمانە نەیتوانیوە لە گرینگیی ئەو کارەساتە شوومە و گەورەیی ئەو مەزنە پیاوەی مێژووی هاوچەرخی کورد کەم بکاتەوە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە و میللی - دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسییەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک "مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد" و وەک "پێغەمبەری ئاشتی" پێناسە کراوە.

خولیای سیاسی و خەباتی د. قاسملوو تەنیا رزگاریی نیشتمان نەبوو، بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە دارِشت. بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگریی لێ دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆیەوە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بە گشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی رێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.
بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێک پاش شەهیدبوونی د. قاسملوو خەبات و بەرخۆدان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هاتنە کایەی هەندێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی مێتۆدی خەبات گۆڕاو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەم پارچەیەی نیشتمان پاشەکشەیەکی مێژوویيان بەرەو قووڵاییەکانی خاکی باشووری کوردستان دەست پێکرد. بەجۆرێک کە بۆماوەی نزیک بە دوو دەیە خەبات لەم پارچەیەی کوردستان نەیتوانی بەنیسبەت هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە کاریگەری چاوەروان کراوی هەبێ. کەچی جموجۆڵەکانی یەک دوو ساڵی رابردووی حیزبی دێموکرات کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە ، وەگەڕکەوتنی بزاڤێکی بەرینی جەماوەری لەنێوخۆی وڵاتدا، دوبارە و بۆجارێکی دیکەش بابەتی خەبات و بووژانەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان خستۆتەوە نێو بازنەی باس و هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆیی و دەرەوە.

بەرجەستە بوونەوەی گوتاری "رۆژهەڵات مێحوەری" و پێکهاتنی هێزی "پارێزەرانی رۆژهەڵات" وە چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ سەر سنوورەکان و هەروەها هاتنە ئارای بەدەیان رێکخراو و" ئێن. جی ئۆ" و دامەزراوەی سیاسی و مەدەنیی چالاک لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، مزگێنیی سەردەمێکی نوێ لە خەباتی میللی دێموکراتیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانمان پێ دەبەخشێ.

بەرۆژەڤبوون و پێشکەوتنی پرسی کورد لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی و هەروەها دروستبوونی ئینتما و عەقڵانییەتی قووڵ و گشتگیری نەتەوەیی لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بەهەموو پێکهاتە و ناوچە جۆراوجۆرەکانیەوە ترسێکی وەها بەرینی خستۆتە نێو دڵی رێژیمەوە کە رۆژ نییە رۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە بە بێ تاوان راپێچی ئەشکەنجەخانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکرێ و بە پەتی بێدادی سێدارەیان نەسپێرێ و تەنانەت لە ژینگە و دارستانەکانی کوردستانیش خۆش نابن.

ئەگەرچی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمانی گەورەی کوردان دێتە ئەژمار بەڵام دەرکی واقعییەت و هاوکێشە تایبەتەکانی ئەم پارچەیە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە و لێکدانەوە و کاری تایبەتیشی دەوێ. هەربۆیەش پێویستە کوردی رۆژهەڵات بۆ جارێکی دیکەش بە گیانێکی مەیدانداراوە بە بەرجەستەکردنەوەی هێما و نمادە نەتەوەییەکانی خۆیەوە بێتەوە مەیدانەوە و بە دەرس وەرگرتن لە وانەکانی خەباتی شەهید د. قاسملوو و لەژێر رۆشنایی ئەندێشەکانی ئەودا هەنگاوێکی دیکە بەرەو سەرکەوتن باوێژێ و لاپەرەیەکی نوێ لە خەبات و بەرخۆدان لەم پارچەیەی کوردستاندا تۆمار بکات.

بەلەبەرچاو گرتنی واقعییەتەکانی ئێستای خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەیەکی بەرین و گشتگیری جەماوەری لەم پارچەیەی کوردستاندا، زەرورەتی گەڕانەوە بۆ رێباز و بنەماکانی ئەندێشەی سیاسیی د. قاسملوو هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ و وەک حەقیقەتێکی لەبڕان نەهاتوو لە ئێستا و داهاتووشماندا بوونی هەیە. هەر بۆیەشە کە بەراستی قاسملوو؛ وانەیەکە بۆ خەبات و چرایەکە بۆ داهاتوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٨ی جووڵای ٢٠١٥

# له ٢٣ی پووشپەڕەوە بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ



مەجید حەقی

ئاسەوارەکانی تیرۆری دکتور قاسملوو هەروا لە سەر جەستەی حیزبی دێموکرات و بزاڤی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارە. دکتور قاسملووش وەک هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی ماوەی ژیانی هەتاهەتایی نەبوو، بەڵام لە دەستدانی کوتوپڕی ڕێبەرێکی کاریزما کاردانەوەی قووڵترە لەوەی کە دەسەڵاتی ڕێبەر بەشێوەیەکی ئارام و لە ڕووی پرۆسە ئاساییەکانی خۆیەوە لە ناو ڕێکخراودا جێبەجێ بکرێت. لە دەستدانی دوابەدوای ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٢ی پووشپەری ١٩٨٩ و خەرمانانی ١٩٩٢ بەو شێوە تراژیک و هەڵسوکەوتی ناجوانمێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستەمی دەزگای دادی دەوڵەتی ئوتریش بوو بەهۆی گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننەکراوی دەسەڵات لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا و پێکهاتنی تراومایەکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی لە هەموو بنەماڵەی دێموکرات.

ئەم کارەساتە نەخوازراوانە سەرەرای ئەوەی کە بوون بە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوسۆزی خەڵک لە گەڵ حیزبی دێموکرات، ڕووداوەکانی دوای ئەو و شەپۆلی تیرۆری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئوپۆزیسیۆن بوون بە هۆی زەمینگیر بوونی ڕێکخراوەکان و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی و دەسپێکی قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو حیزبی دێموکرات و بەشەخسی کردنی کێشەو پرسەکانی ڕێکخراوەیی.

دانپێنان بەو راستیە تاڵە لەوانەیە ناخۆش و بەژان بێت، بەڵام راستیەکە کە تا دانی پێدانەهێنین ناتوانین ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە ژیانی ڕێکخراوەیی وخەباتی خۆماندا پێک بێنین. لە دەست چوونی دکتۆر قاسملوو بە شێوەیە کوتوپڕ و تراژیکە بوو بەهۆی لە دەست چوون و ون بوونی ئاسۆی سیاسی لە ناو حیزبی دێموکرات و پێکهاتنی فراکسیۆن و "جیناحی" دژبەیەک لە ناو حیزب دا، کە هەموو سەرنجیان بەرەو ئامانجە بچووکەکان و بچووککردنی حیزبی دێموکرات کۆ بووە. ئەنجامی ئەو دووپاتکردنەوەی قووڵتری هەڵە مێژووییەکان و پێکهاتنی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب و درێژەکێشانی ئەو جیابوونەوە زیاتر لە هەشت ساڵ بوو.

حیزبی دێموکرات له مێژووی خۆیدا ئینشعاب و جیابوونەوەی دیکەشی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام دوای کۆنگرەی هەشتەم و جیابوونەوەی ئەو کۆنگرەیە و یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی دەی حیزب، دەبوایە ئەو ئەزموونانە بکرێتە بناغەی داڕشتنی سیستەمێکی بەهێزی چارەسەری کێشەکان و بەڕێوەبەری کێشەکان لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانی و بەرپرسانەدا.

تیرۆری قاسملوو رووداوێک نیه که بەرابردوو بسپێندرێت. ئەو کارەساتە ئێستاش له بیرەوەریەکانی سیاسی و هەستیی گەلی کورددا زیندووە. ئەو کارەساتە تەنیا رووداوێک نیه که پیوەندی به رابردووە هەبێت، بەڵکوو سێبەری بەسەر پراکتیک و دیسکۆرسی سیاسی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. لە گەڵ ئەمەش ئامانجی قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە ئەمرۆ له هەمووکاتێک زیاتر بووته رۆژەڤی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەددا دابەش کراوە. له رۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دکتۆر قاسملوو لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا ئەو رۆڵەی که دەبوایە له پیوەندی له گەڵ گەشەکردنی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کوردا له رۆژهەڵات بگێرێ نەگێراوە و له ئاکامدا کوردستان لە رووی سیاسی و شوێندانەری سیاسیەوە له جوغرافیای سیاسی ئێراندا له پەراوێز خراوە. ئەمرۆ پێویستی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کورد و قبووڵی جیاوازیەکانی ناو کوردستان هەم گرنگه و هەم ئەرکێکی مێژوویی و سیاسیه بۆ ئەوەی بنەمای ئاشتیەکی نەتەوایەتی له رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابرێژرێت.

ئێمه له کاتێکدا یادی بیست و شەشەمین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملوو دەکەینەوە، کە حیزبی دێموکرات به دوو بەشەوە بەرەو حەفتاهەمین ساڵڤەگەری دامەزراندنی خۆی نزیک دەبێتەوە. له کاتێکدا که پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو سنووری رۆژهەڵات نزیک بوونەتەوە و لەکاتێکدا که رۆژهەڵاتی نێوەراست له هەمووکاتێک زیاتر چەکداره و کورد بووته یەکێک له پارتنێرەکانی خەباتی دژی تیرۆریزمی داعش و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک جەمسەرێکی دیکەی رەوتی تیرۆر قووڵایی ستراتێژیکی خۆی نەتەنیا بۆ عێراق و باشووری کوردستان که تا سووریا و یەمەن گەشەی پیداوە.

لەو رووەدا ئەمرۆ رێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەرکێکی مێژووییان لە ئەستۆیە. یەکگرتنەوەی دێموکرات پێویستیەکی ویژدانی، ئەخلاقی و مێژووییە. لێکدابران و جیابوونەوەکان بەرهەمی نەبوونی دێموکراسی و جێگیرنەبوونی دێموکراسیه، ئێستا که ئەزموونی تاڵی جیابوونەوە تاقی کراوەتەوە، کاتی ئەوە هاتووە بەجیددی و بەبەرنامەیەکی گشتگر ستراتێژیەکی نوێ له سەر بنەمای یەکگرتنەوە و قبوولی فرەچەشنی ناوخۆیی و رێزگرتن له فرەرەنگیه دابرێژرێت ، ستراتێژیەک که خاوەنی بەرنامەی دیاری کراو بۆ جێبەجێ کردن و به ئاکام گەیشتن بێت.

هەشت ساڵ لەمەوبەر هەم هەلومەرجەکان جیاواز بوون و هەم بەرژەوەندیەکان: له کوردستان داعش نەبوو، کۆماری ئیسلامی ستراتێژی نفووزی خۆی ئەوەندەی ئەمرۆ بۆ دەرەوەی وڵات قووڵ نەکردبووە، ویستی نەتەوایەتی له رۆژهەڵاتی کوردستان له ئاستێکی سیاسیەوە به ئاستی ویستێکی کۆمەڵایەتی و عاتفی قوول نەبووە و یەکگرتووخوازی و هەستی پێکەوە بوون و قبووڵی جیاوازیەکان به قووڵایی ئەمرۆ نەبوو. پرسی کورد له رۆژئاوا مژارێکی لەبیرکراو بوو، له باکوور دیاردەیەک به ناوی HDP و رەوتی گفتگۆی ئاشتی خوازانه

لە گۆڕێ نەبوو. گفتگۆی ئەتۆمی ئێران لە ئارادا نەبوو و ئێران دیپلۆماسیەکی چالاکی وەک ئەمڕۆی نەبوو. ئەو کەسانەی کە هەشت ساڵ لەمەوبەر مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پۆستانسیەلێکی گەورەن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لە ڕەشەمەی ئەمساڵەی پەرلەمانی ئێران.

مێژوو بە کرداری بوێری ڕێبەرانەوە دەنووسرێت. بوێری سیاسی دکتۆر قاسملووی کردە ڕێبەرێکی کاریزماتیک بە شێوەیەک کە تیرۆر و لەدەست دانی ئەو تەنیا پێوەندی بە ڕووداوێکی رابردووە نیە، بەڵکوو برینێکە کە ڕۆژ بەڕۆژ قووڵایی لە ناو گەلی کورددا زۆرتر دەردەکەوێت. بیری قاسملوو و ڕێبازی قاسملوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناو خەلکی کوردستاندا زۆرتر جێ دەبێتەوە و سنوورەکانی حیزبی دیموکراتی تێپەر کردووە.

لە وتووێژێک کە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر دکتۆر قاسملوو لە گەڵ بی.بی.سی ئەنجامی داوە، لە پێوەندی لە گەڵ هێزەکانی چەپ دکتۆر قاسملوو دەڵێت: "بەداخەوە لە داهاتوودا ئێمە شاهیدی جیابوونەوە ئینشعابی زۆر لە ناو هێزە چەپەکان دەبین. بەڵام بەهیوایین دوای ئەو جیابوونەوەیە ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر لە ناو هێزەکانی چەپدا خێرابکرێت." پەیامی ئەم وتەیەی قاسملوو بۆ ئەمڕۆی ئێمە زۆر ڕوونە. دوای جیابوونەوە دەبوایە بە بێ دۆراندنی کات ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر و قووڵتر کردنی دێموکراسی و ببێتە ڕۆژەڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمە.

وتەی قاسملوو کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، دەبێ لە دروشمەوە بە کردەوە بگۆردرێت. ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، ڕێگای گەشەکردن، پێشکەوتن، ئاڵوگۆری بوێرانەی سیاسی و ڕێکخراوەیی، ڕێگای ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێبازی قبووڵی هەلی بەرامبەر لە بۆ مافی بەرامبەر بۆ ژنان لە ناو ڕۆژەڤی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، و جێبەجێ کردنی ویستی قاسملوو واتە پێشڤەچوونی هاوکاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیە.


ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، دەبی لە پێناو بەرژەوەندی خۆشیان بێت و بۆ ئەوەی چی دیکە لەبەرامبەر ویستی گشتی خەڵکی کورد کەم نەهێننەوە و شەرمەزار نەبن، دەشی ئێگۆیزم و کولتووری کوردە ناموسی فرێ بدەن و بوێرانە ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزب و دارشتنەوەیەکی سیاسی نوێ ئەنجام بگەیەنن.

ئامانجێک کە مێژووی بۆ دیاری نەکرابێت، ئامانجێک کە بەرنامەی بۆ دانەڕێژرابێت، دەبێتە خەونێکی بەراستی شاعیرانە. یەکگرتنەوە نابێ ببێ بەخەون بەڵکوو دەبێ بکرێتە حەقیقەت و بەکردەوە جێبەجێ بکرێت. بەوە ئێمە دەتوانین ٢٢ی پووشپەڕ بکەینە دەسپێکی بەکردەوەی جێبەجێکردنی ڕەوتی یەکگرتوویی بنەماڵەی دێموکرات و جەژنی مەزنی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات. بەو شێوەیە توانیومانە هەم ڕۆحی شەهیدانمان شاد کەین و هەم ئاسۆیەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەمان و بنەماڵەی شەهیدان وەدی بێنین.

هەمووماں لە بەرامبەر خوێنی شەهیدان، کەم ئەندامان، زیندانیانی سیاس، بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان و ویژدانی مرۆڤانەی خۆمان بەرپرسین. با لەو بەرپرسایەتیە ڕووسوور دەرکەوین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٥

## له سێپتامبری ١٩٨٨ەوه تا سێپتامبری ٢٠١٤؛



## وتووێژێکی د. قاسملوو لەگەڵ چەتین چەکۆ - بەشی یەکەم



**له تورکییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی**

*مانگی سێپتامبری ١٩٨٨ له ستۆکهۆڵم، وتوێژێکی دوور و درێژم له گەڵ د. عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ رۆژنامەی "کوردستان پرێس" ئەنجام دا. وتوێژەکه به دوو بەش لەو رۆژنامەیەدا بڵاو بۆوە. ده مانگ دوای دیمانەی ئاماژەپێکراو، له ١٣ی ژوییەی ١٩٨٩، له ڤیەننای پایتەختی ئوتریش د. قاسملوو و عەبدوڵا قادری نوێنەرێ حدکا له ئەوروپا له لایەن سیخوڕەکانی ئێرانەوه به شێوەیەکی هۆڤانه و پلان بۆ داڕێژراو تیرۆر کران.*

***

***بەڕێز قاسملوو، ئاخۆ دەتوانن سەبارەت به رەوشی سەربازی و سیاسیی ئێستای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زانیاریمان پێ بدەن؟***

هەر وەک دەزانن، نۆ ساڵ لەمەوپێش لە ئێران هەڵبژاردن ئەنجام درا. ئەو کات ٨٠%ی دەنگەکانی کوردستانی ئێرانمان بە دەست هێنا. گەلەکەمان لە کوردستان پشتیوانیمان لێ دەکا. تارانیش ئەم راستییە دەزانێ.

**لەم پەیوەندییەدا، بۆچوونە سیاسییەکانی حزبەکەتان کە پشتیوانی جەماوەری لێ دەکرێ، چین؟**

ئامانجی ستراتیژی حزبی ئێمە، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە. ئێمە خودموختاریمان دەوێ، چونکە حزبێکی واقع گەراین. بەڵام لایەنی واش هەیە داوای کوردستانی سەربەخۆ یان کوردستانی یەکگرتوو دەکا. ئەگەر هەلومەرجی ژیئۆ - پۆلیتیکی کوردستان بگرینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ ئەمە رێکارێکی واقعبینانە نییە. چوونکە سەربەخۆیی یانی گۆڕینی سنوورەکانی چوار دەوڵەت. ئەویش لە کوێ؟ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست!

لە بنەڕەتدا، ئێمە داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلان دەکەین. ئەم مافە فۆرمی جۆراوجۆر لە خۆوە دەگرێ. سەربەخۆیی و فیدرالیزمیش لە نێو ئەم فۆرمانە دان. تێکۆشانی ئێمە بریتییە لە هەوڵدان بۆ خودموختاری کە یەکێکە لەو شێوازانە. دروشمی ئێستای ئێمە لە ئێران، خودموختارییە. کە بۆ خودموختاری تێدەکۆشین، نایەتە ئەو واتایەی کوردەکان مافی سەربەخۆییان نییە! نەخێر، هەیانە. بەڵام سیاسەتی حزبەکەمان خودموختارییە، سەربەخۆیی نییە. گەلەکەشمان پشتیوانی لەو سیاسەتەی ئێمە دەکا.

لە ئێران گەلانی تریش دەژین. فارسەکان لە ئێران ٥٠% کەمترن، کەمینەن. ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکمەن پێکەوە زیاتر لە ٥٠%ی دانیشتوانی ئێران پێک دێنن. بەم پێیە، سیستەمێکی فیدراڵ لە ئێران، ویست و داخوازییەکانی ئێمە بەدی دێنێ.

ئەگەر بێینە سەر دۆخی سەربازی، ئەوا دەبینین ستراتیژی سەربازیمان گۆڕانی بە سەردا هاتووە. نۆ ساڵ لەمەوبەر زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا بوون. ئێستا حزبەکەمان، شەڕی پارتیزانی بەڕێوە دەبا. ئامانجەکانی شەڕی پارتیزانیش روون و ئاشکران. یەکێک لەو ئامانجانە، وەدەرنانی رژێمی ئێران لە کوردستان یان دانیشتن لە گەڵ ئێمەیە.

ئێمە بەردەوام گوتومانە، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ئێستادا دیموکراسی یان خودموختاری نایەتە دی. بەڵام ئێمە، وەک پێویستیەکی جەنگ، چاوپێکەوتن لە گەڵ رژێمی ئێران قەبووڵ دەکەین. ئەمە پێداویستییەکە. دەمانەوێ لەو پێداویستییەش سوودمەند بین. ئەگەر رژێمی ئێران داوای وتووێژ لە گەڵ ئێمە بکا، وتووێژی لە گەڵ دەکەین. بەڵام فەلسەفەی رژێمی ئێران لە بەردەم خودموختاری یان دیموکراسی بەربەستە. من کاتێ لە گەڵ خومەینی قسەم کرد...

**کەی؟**

پێش شۆڕشی ئێران. خومەینی ئەو کات پێی گوتم "دیموکراسی" و "خودموختاری" ئەو وشانەن لە دەرێرا هاتوون. گوتی: "ئێمە

هەموومان موسڵمانین، هەموومان براین." بەڵام ئێمە دواتر بینیمان ئەوان چۆن موسڵمان و چۆن برایەکن. سەرانسەری کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد. تا ئێستا ٤٥ هەزار کەس لە خەڵکی ئێمە لە لایەن ئێرانەوە کوژراون، ٤٥٠٠ پێشمەرگەشمان شەهید بووە. سەرباری ئەوەش ئێران بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە.

ئێمە ئێستا لە سەرانسەری کوردستان، لە سنووری تورکیاوە تا کرماشان حزوورمان هەیە. ئەمە، مۆراڵی سوپای ئێران، سوپای خومەینیی رووخاندووە. پێشمەرگەکانمان دژ بە ئێران چالاکی بێ وێنە ئەنجام دەدەن. بە گوێرەی ئەو هەواڵەی ئەمڕۆ (٨ی سێپتامبری ١٩٨٨) بە دەستم گەیشتووە، پێشمەرگەکانمان دوێنێ لە شاری شنۆ هەڵمەتێکی سەرکەوتوویان بەڕێوە بردووە. بە کورتی، رەوشی سەربازیمان باشە. ئەزموونی زیاترمان وەسەریەک ناوە، چەکەکانمان باشتر بوون، شەڕێکی پارتیزانی راستەقینە دەکەین. بێگومان، شەڕی پارتیزانیش چەندین چەشن و جۆری هەیە. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەوەیە، پارتیزان لە هەموو شوێنێ هەیە، هاوکات لە هیچ کوێش نییە. سوپای ئێران، تەنانەت ئەگەر هێرشێکی بەرفراوانیش پێک بێنێ، شتێکی ئەوتۆی لە دەست نایە.

**کاریگەرییەکانی پەیمانی ئاگربەستی نێوان ئێران و عێراق لە سەر تێکۆشانی سیاسیی کوردستان چۆن لێک دەدەنەوە؟**

دەتوانم بڵێم پاش ئاگربەستی نێوان ئێران و عێراق، سوپای ئێران گشتی رژاوەتە نێو کوردستانەوە. بە بۆچوونی من ئەوە نیشان دەدا کوردستانیان نەناسیوە. کوردستان هەمووی شاخ و بەردە. هیچ دەوڵەتێک، سوپایەکی یەک میلیۆنی لەوێ بەجێ ناهێڵێ. ئێستا ئێران دوو سەد هەزار سوپا و سێ هەزار پایەگای لە کوردستان هەیە. بەڵام لەوە زیاتر نابێ.

لە لایەکی ترەوە، لە نێوخۆی ئێرانیش دۆخەکە هێندە باش نییە. کێشە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە رادە بەدەر زۆرن. تەنانەت لە نێو ئایەتوڵاکانیشدا کێشەی گەورە بەدی دەکرێ. دوو رۆژ لەمەوپێش، سەرۆک وەزیر دەستی لە کار کێشایەوە. دواتر دەست لەکارکێشانەوەکەی رەت کرایەوە. لە ئێران، میکانیزمی تاکە ناوەندێکی بڕیاردان بوونی نییە. بەتایبەت پاش خومەینی، میکانیزمەکانی بڕیاردان زێدەتر دەبن. بە گەشبینییەوە لە ئێران و داهاتووی خۆمان دەڕوانم. لە ئێران ئۆپۆزۆسیۆنێکی بەرچاو هەیە. بەڵام ئۆپۆزۆسیۆنێکی ناچالاکە. پێویستە هێدی هێدی هەڵوێست بنوێنێ. بە دڵنیاییەوە رێکەوتێک دیاری ناکەم، بەڵام لە داهاتوو دا بەتایبەت پاش خومەینی ئەم نەیارێتییە زیاتر پەرە دەستێنێ. ئەوکات ئێمەش، هەم لە رووی سیاسی و هەم لە رووی سەربازییەوە زیاتر بوارمان بۆ دەڕەخسێ.

**بۆچی پاش خومەینی؟**

چونکە خومەینی سێ تایبەتمەندی هەیە. یەکەم؛ ئەو رابەری شۆڕشە. دووهەم؛ خومەینی ئایەتوڵایەکی گەورەیە. سێهەم؛ هەرچەند لە رووی سیاسیەوە خاوەن فەلسەفەیەکی بەهێز نەبێ، بەڵام ئەزموونی زۆرە و مرۆڤێکی ژیرە. فەلسەفەکەی فەلسەفەی چاخی ناوینە. پاش خومەینی کەسێک نییە رابەرایەتی بکا. کەسێک نییە هەم ئایەتوڵا بێ و هەم دەسەڵات و هێزی سیاسی هەبێ. بە شێوەیەکی

ڕەسمی دەبێ مونتەزەری جێگەی خومەینی بگرێتەوە. تەنانەت مونتەزەرییان کردە ئایەتوڵاش. بەڵام کەسێک نییە خاوەن نفووزی سیاسی بێ. بەتایبەتی زۆر ناوەندی بڕیار بەدەستی بەرچاو، لە سەرووی هەمووشیانەوە سوپا، ئایەتوڵا مونتەزەرییان قەبوڵ نییە.

ڕەفسەنجانی، بەهێزترین پیاوی ڕژێمە. بەڵام ئەو حوجەتولئیسلامە. ئایەتوڵا گەورەکان ئەویان قەبوڵ نییە. بۆ ئەوەی ڕەفسەنجانی ببێتە ئایەتوڵا، دەبێ پلەکەی بەرز بکرێتەوە، بەڵام هەرچی بێ ئایەتوڵا نییە. کەواتە پاش خومەینی کەسایەتییەک بەدی ناکرێ کە ئێران بەڕێوە ببا. ئەودەم دەبێ شۆڕا یان دەستەیەک دابمەزرێ.

**کەواتە دەتوانین بڵێین پاش خومەینی گۆڕانکاریی سیاسی دەبێتە ڕۆژەڤ و حزبەکەتان لەم گۆڕانکارییانە سوودمەند دەبێ؟**

سەیر کەن دوو تیۆری هەیە. بە گوێرەی یەکەم تیۆری، پاش خومەینی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڕووخێ. بەڵام ئەم تیۆرییە بڕ ناکا.

**بۆچی بڕ ناکا؟**

چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران بەدیلی هەیە. لەم ڕوانگەوە دوایی نایە. بەڵام بۆی هەیە ڕێگە بۆ گۆڕانکاری جۆراوجۆر خۆش بکا. تیۆری دووەم پێی وایە خومەینی و ڕژێمی ئیسلامی دانی پێدا نراوە. نەخێر، قەبوڵ نەکراوە. چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ پرسێکی ئابووری و سیاسی چارەسەر نەکردووە. هەموویان لە جێی خۆیان ماونەتەوە. بە کورتی، پاش خومەینی ڕێگە بۆ گۆڕانکاری خۆش دەبێ، هەڵبەت لەم پێناو دا وزەیەکی زیاتر پێویستە، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بکرێ، شێوەی پێ بدرێ و گۆڕانکاریی گەورە چێ بن.

حزبی ئێمە، دڵنزم و واقعگەرایە. کوردستانی ئێران، ٧%ی ئێران پێک دێنێ. واتە، ئێمە بە تەنیا ناتوانین ببینە ئاڵتەرناتیڤ. پێویستمان بە هاوپەیمانە. یانی دەبێ هاوپەیمان بدۆزینەوە. بەهۆی ئەوەی ئامانجمان خودموختاری و دیموکراسییە، پێویستمان بە هاوپەیمانی دیموکرات هەیە. حاڵی حازر هاوپەیمانی دیموکرات بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە نابینرێن. هەڵبەت هێز، ڕێکخراو و کەسایەتی دیکەش هەن، بەڵام بە ڕای من، پاش خومەینی، ئۆپۆزۆسیۆن لە ئێران گەشە دەستێنێ و هاوپەیمانە دیموکراتەکانیش بەدەر دەکەون. بگرە ئۆپۆزۆسیۆنی یەکگرتوو و دیموکرات دێتە ئاراوە. ئەمەش ڕەنگە سبەی ڕۆژ حکومەتێکی دیموکرات بێنێتە سەر دەسەڵات.

**با بگەڕێینەوە بۆ سەر شەڕی ئێران-ئێراق، بەرای ئێوە هۆکارەکانی وەستانی ئەم شەڕە چی بوون؟**

دیارە شەڕ بۆچی دەوەستێ، دوو لایەن کە لە شەڕدا بن، ئەگەر ماندوو بن، شەڕەکە ڕادەوەستێ. هەردوو لایەن ماندوو بوون. جگە لەمە، هێزە دەرەکییەکان تا ئێستا دەیانویست ئەم شەڕە درێژە بخایەنێ. لە لایەکەوە بۆ فرۆشتنی چەکوچۆڵ و لە لایەکی دیکەوە بۆ

تاقیکردنەوەی چەکەکانیان. مەسەلە تەنیا ئێران و عێراق نییە، وڵاتانی دیکەی عەرەبیش بە بڕی میلیار میلیار دۆلار چەکیان کڕی. وڵاتانی وەک عەرەبستانی سعوودی، کوەیت و ...تاد لە نزیکەوە ئەم شەڕەیان دەشۆپاند. یان بۆ نموونە ئیسرائیل! ئیسرائیل هەم لە گەڵ ئێران دوژمنە، هەم لە گەڵ عێراق. بەڵام ئەم شەڕە بە قازانجی وی بوو. ئەم شەڕە هەروەها تا بڵێی سوودی بە ئابووری تورکیا گەیاند. بەر لە جەنگ، بارستایی بازرگانی نێوان تورکیا و ئێران دووسەد هەزار دۆلار بوو. ئێستا گەیشتۆتە سێ میلیارد دۆلار.

سەیریان کرد ئەم شەڕە رەهەندێکی مەترسی‌دار بە خۆیەوە دەگرێ، بۆ دەوروبەر پەرە دەستێنێ، لە هەموو لایەکەوە گوشار هات. شەڕ تەواو نەبووە، بەڵام ئاگربەست کراوە. بە رای من لە ئاگربەستەوە تا کۆتایی جەنگ، واتە تاکوو ئاشتی، ڕێگەیەکی درێژ هەیە. چونکە کارەکتەرەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ناکۆک و دژ بە یەکن. دەبێ حیسابی ئەمە بکرێ.

**بەم پێیە لە روانگەی کوردەکانەوە، ئاخۆ دەتوانین بڵێین وێکچوونێک هەیە لە نێوان ساڵی ١٩٧٥ و ئەم رۆژانەدا؟**

ئەو بۆچوونەی هەندێک کەسم پێ ڕاست نییە کە پێیان وایە مەرجەکانی ١٩٧٥ وەک خۆیان هاتوونەتە دی و رێککەوتنەکە بەدی هاتووە. ئێران و عێراق ئێستاکە ئەوەندە لێک دوورن کە وا سووک و سانا نییە، دوای هەشت ساڵ شەڕ هەموو کێشەکانی نێوانیان بە چەند مانگێک لە نێو ناچێ. هەروەها سرووشت و کاراکتەری ئەم رژێمانە جیاوازە. یەکیان حکومەتێکی عیلمانی و بەعسی، ئەوی تریان حکومەتێکی شیعەی ئیسلامی. بێگومان گشت ئەم مەسەلانە بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ و هەروا لە جێگەی خۆیانن. من پێموایە ئەمە ئاگربەستێکی کاتییە.

جیاوازییەکی دیکەی نێوان ساڵی ٧٥ و ئێستا، کە جیاوازی هەرە گەورە و بەرچاوە، دروستبوونی رێکخراوی کوردستانی شۆڕشگێڕە لە ئێران و عێراق. ئەمڕۆکە تەنانەت لە خراپترین هەلومەرجدا، یانی ئەگەر تەنانەت عێراق و ئێران پێکەوە هێرش بکەنە سەر کورد، ئێمە دیسان درێژە بە شەڕەکەمان دەدەین. بە ڕای من، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ٧٥ و ئێستا دا بەدی ناکرێ.

**باشە ئاگربەست چ کارتێکەرییەکی لە سەر بزووتنەوەی کوردی دەبێ؟**

حزبی ئێمە دژی ئەم شەڕە بوو. چونکە شەڕێکی بێواتا و گەمژانە بوو. ئێستاش نازانین ئامانجی ئەم شەڕە و ئامانجی خومەینی چ بوو. خومەینی گوتی: "بە کەربەلا دا دەچمە قودس." نەچوو و میلیۆنێک کوژراو و بریندار هەیە. لە بنەڕەتدا کەس لە گەڵ ئەمەدا نەبوو.

ئێمە لە کۆتایی هاتنی جەنگ ناترسێین، چونکە لایەنگری ئاشتین. ئەوەی لە ئاشتی دەترسێ، رژێمی ئێرانە. فەلسەفەی رژێم لە سەر شەڕ بونیاد نراوە. ئێستا بەم فەلسەفەیە خۆی لە سەر پێ راگرتووە. بۆیە ئاشتی هەلی زۆر بۆ ئێمە دەرەخسێنێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، هەندێک کەسیش هەیە دەڵێ هەلومەرجی ئێستا لە داهاتوو دا زیاتر گوشارمان بۆ دێنێ.

لەو حاڵەتەدا تەنیا خەباتی چەکداریمان هەندێک رووبەڕووی زەحت دەبێتەوە و بۆ چوونە دەرەوە کێشەمان بۆ دروست دەبێ. ئەگەر ئێران، عێراق و تورکیا دژ بە جووڵانەوەی کورد هێرشێکی هەمەلایەنە دەست پێ بکەن و جووڵانەوەی کورد، وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ لە کوردستان خۆ بنوێنێ، ئەوا ئێمەش جێی تێ دا دەگرین.



جووڵانەوەی کورد دوو ئەرکی دەکەوێتە سەر شان. یەکەم ئەوەیە خۆی وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ نیشان بدا. بۆ نموونە، هەموو دونیا ببینێ و قەبووڵ بکا جووڵانەوەی کورد لە ئێران جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی بە عێراقەوە نییە. دووهەم، پێویستە کێشەی کورد بکرێتە رۆژەڤێکی نێونەتەوەیی. ئێستا کە من دەڵێم داوای خودموختاری دەکەم. دەڵێن ئەمە کێشەیەکی دەرەکی نییە و نێوخۆییە. دەڵێم دەمانەوێ بە کوردی قسە بکەین و خۆمان کاروباری خۆمان لە کوردستان بەڕێوە بەرین، دەڵێن شتێکی وا گەورە نییە و داخوازییەکی بچووکە. کە ئەمە بە رۆژنامەنووس و دیپلۆماتێکی ئەورووپی دەڵێم، سەری سوور دەمێنێ. دەڵێن "یانی دە ساڵە لە پێناو ئەمە دا شەڕ دەکەن؟"

**بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد وەک فاکتۆرێکی سەربەخۆ بێتە ئاراوە، دەبێ چ بکرێ؟ رای گشتیی جیهان پێی وایە بزووتنەوەی کوردی عێراق لە ئێران و بزووتنەوەی کوردی ئێران لە عێراق یارمەتی وەردەگرێ. وەک سکرتێری حدکا لەمبارە دەڵێن چی؟**

زیاتر حەز دەکەم سەبارەت بە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران قسە بکەم. وەک دەزانن، شەڕی ئێمە دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە جەنگی عێراق-ئێران. یەکەم شەڕی ئێمە دژ بە رژێمی ئێران، مانگێک پاش شۆڕشی ئێران لە سنە و پاشان لە نەغەدە رووی دا. مانگی ئووتی ١٩٧٩، خومەینی دژ بە ئێمە شەڕی راگەیاند. لەم روانگەوە، شەڕی ئێمە لە گەڵ جەنگی ئێران-عێراق جیاوازی هەیە. ئێران و عێراق لە سەر سنووور شەڕ دەکەن. بەڵام ئێمە لە ناوخۆ شەڕ دەکەین و شەڕێکی پارتیزانی بەڕێوە دەبەین. بێجگە لەمە، عێراق داوای ئاشتی لە ئێران کرد، بەڵام ئێمە ئاشتیمان ناوێ. لەم هەلومەرجەدا، ئەگەر دەوڵەتێک یارمەتیمان بدا و ئەم یارمەتییە بێ مەرج بێ، قەبووڵی دەکەین. بەڵام ئەگەر هیچ دەوڵەتێکیش یارمەتیمان نەدا، بە دەرفەتی خۆمان درێژە بە شەڕ دەدەین. لە کوردستان هەمیشە جووڵانەوەیەک دروست بووە و ئەم جووڵانەوەیە هەمیشە سەر بە لایەن ئەوانی تر و دەوڵەتانی دیکەوە نیشان دراوە. جوڵانەوەی کورد دوژمنی زۆرن... بەڵام دەسەلمێنرێ کە جووڵانەوەی کوردی، جووڵانەوەیەکی سەربەخۆیە. بڕوام بەوە هەیە

*سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤە رۆژ / رێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤*

# قاسملوو و بۆسەی ڤییەن



کریس کۆچێرا

لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی

ڕۆژی ١٣ای ژوییەی ١٩٨٩، عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردی ئێران و نەیاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی [ئێران]، لە ئاپارتمانێکی ڤییەن، دوو گوللەی لە سەری درا و لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەی کوژرا. قاسملوو، ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بوو. لە دە ساڵ پێشترەوە، شەڕ سوپای تارانی دەستەویەخەی پێشمەرگەکان (شەڕڤانانی کورد) کردبۆوە.

دوا بە دوای یەکەمین خولی پەیوەندییەکان لە دێسامبری ١٩٨٨ و ژانوییەی ١٩٨٩، قاسملوو سەر لەنوێ لە گەڵ نێردراوانی ئێران پەیوەندی بەستەوە، یەکێک لەو نێردراوانە محەمەد جەعفەر سەحرارووی، جێگری سەرۆکی هەواڵگریی (دەرەکی) پاسدارانی شۆڕش لە کوردستانی ئێران بوو کە دوای تەقە کردنەکە بریندار دەبێ. پۆلیسی ئوتریش، ڕێگەی دا سەحرارووی کە برینەکانی چارەسەر کرابوون، نەخۆشخانە بەجێ بێڵێ، پاشان پەنا بباتە بەر باڵوێزخانەی ئێران و ڕۆژی ٢٢ی ژوییە خاکی ئوتریش بە جێ بێڵێ. ئێرانییەکی دی، بۆزۆرگیان ناوێک کە پاسدار بوو، ماوەیەک لە بنکەی پۆلیس ڕاگیرا، بەڵام دواجار حوکمی قۆڵبەست کردنی هەڵوەشایەوە و ئەویش توانی بگەڕێتەوە بۆ تاران. کەسی سێهەم، حاجی موستەفەوی لاجوەردیش، سەرۆکی دەزگای نهێنی (ناوخۆیی) لە کوردستان، توانی ئازادانە ئوتریش بە جێ بێڵێ.

بەڵگەیەکی ئاوارتە

ئەم گفتوگۆیـانەی نێوان نێردراوانـی تـاران و سـەرکردەکانی کـورد لە لایەن بەشداربووانە تۆمار کـراوە: کاسێتەکانی قاسملوو پـاش ئەوەی لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە دەستیان بە سەر دا گیرا، رادەستی حدکا کران: عەبدوڵا حەسەن زادە، سکرتێری گشتی حدکا، بە تایبەتی مۆڵەتی گوێگرتنی پێ داین. بەڵگەیەکی بەدەگمەنە: عەبدولڕەحمان قاسملوو لەوانەیە هەرگیز بە تێڕوانینێکی راهێنەرانەی ئەوتۆ، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بـۆ کوردستانی ئێران نەخستبێتە روو. پرسیار و وڵامەکانی ئەم لایەنە ئێرانییانە، بە دڵنیاییەوە ئاراستە دەکرێن، ئەوان پێیـان وایە قسـەکانیان هەرگیـز لەقـاو نـادرێ، زۆر راشـکاوانە سـایکۆلۆژی و شێوازی هـزری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەخەنە روو کە لە نێوان چاوگەکانی چەمکگەلی سیاسی مۆدێرن و هی سەردەمی خەلافەتی عەلـی دا هاتوچۆ دەکا.

ئـاخۆ بکـوژانی قاسملوو و هـاورێ کوردەکـانی، پـاش بیستنی ئەم لێدوانانەی، بڕیـای لە ناوبردنیـان دان؟ یـان بەر لە دەسپێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ تەنیا شۆپاندنی پرۆسەکە، دەتوانێ وڵامی ئەم پرسیارانەمان بۆ روون بکاتەوە. خوێنـدنەوەی ئەم بەڵگە ئاوارتەیە، رێگە بۆ ئەم سیناریۆیەی خوارەوە خۆش دەکا:

دەسەڵاتدارانی ئێران کە ئاگاداری ئەوە بوون جووڵانەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرەکـانی سوپای ئێران و دابەشبوونێکی نـوێ (١٩٨٨) زۆر لاواز بووە و هەروەها رەنگە بە تێگەیشتن لە ویستی [قاسملوو] بـۆ گەیشـتن بە چارەسـەرییەک لە رێگەی وتـوێژەوە بەوە هیوادار بووبن کە بە نیوەی داخوازییەکانی قایل بێ: یاسایی بوونی حزبەکەی. بەڵام قاسملوو پێداگری لە سـەر ویستی راگەیانـدنی ئۆتـۆنۆمی بـۆ کوردسـتان لە لایەن بەرێـوەبەرە نوێیەکـانی ئێـران دەکـا (خـومەینی ٤ی ژوئەنـی ١٩٨٩ مردبـوو)، شـەوی ١٢ای ژویـیەی ١٩٨٩، نێردراوەکانی تاران پاش یەکەم چاوپێکەوتن پەیوەندی بە بەرپرسانی خۆیانەوە دەگرن: دیارە فەرمان دراوە: "بیکوژن".

***

"سڵاوتـان لێ بێ! ئێمە لە سەر ئەوە رێک کەوتـووین ئەم دانوستانانە بە تەواوی نهێنـی بمێنـنەوە"، سەحراروودی وا دەڵـێ، چونکە "کۆمەڵێـک دوژمـن هەن نایـانەوێ ئەم کێشـانە چارەسـەر بـێ"... سەحراروودی بە تـایبەت ئـاماژە بەوە دەکـا: "تەنـانەت لە نێوخـۆی حکومەتی ئێرانیش، کەسانێک دژی ئەم دانوستانانەن؛ لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دا، مەحاڵە راشکاوانە باس لەم کێشەیە بکەین".

عەبدولڕەحمان قـاسملوو راستەوخۆ دەچێتە سەر باسەکە:

"لە چاوپێکەوتنی دواییمان دا، لە سەر دوو خاڵی سەرەکی قسەمان کرد:

- پەژراندنی پرسی ئۆتۆنۆمی.
- پرسی چالاکی ئازادنەی حزبەکەمان لە نێوخۆی وڵات.

ئێوە وڵامتان دایەوە کە ئێستاکە کاربەدەستانی رژێم لە گەڵ پەژراندنی بنەمای ئۆتۆنۆمی دا نین. سەبارەت بە خاڵی دووهەم، ئێمە

بە تێروتەسەلی لە دەفتەری سیاسی قسەمان کرد: گەلۆ پێشمەرگەکان واز لە چەکەکانیان دێنن یاخود نا؟ دەفتەری سیاسی پێی وایە مەحاڵە چەکەکان رادەست بکرێن. ئێوە لەوە تێدەگەن کە پاش دە ساڵ شەڕ و ئەو هەموو قوربانییە، ئۆتۆنۆمی بۆتە سیمبۆلی داواکارییەکانمان. ئاخۆ پێویستە وشەیەکی تر بەکار بهێنرێ؟ ئەگەر ئێوە ناواخنی ئۆتۆنۆمیتان قەبوڵ بێ، بۆچی لەم وشەیە دەترسێن؟"

قاسملوو لەوە ناپرینگێتەوە کە خۆی وەک پیاوی ئۆتۆنۆمی پێناسە بکا - "وەچەی من، وەچەی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمییە"- و بەردەنگەکانی بانگهێشت دەکا لە گەڵی دا درێژە بە وتووێژەکان بدا، هۆشداریشیان پێ دەدا:

"هەڵبەت، ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەبێ، ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی دابڕان لە ناوەند و جیاخوازی"...

سەحراروودی درێژە بە باسەکە دەدا: "ئەوە یەکەمجارە لە نێو خۆمان دا باس لەوە دەکەین کە ئیسلام بیر لە کێشەی نەتەوەکان دەکاتەوە. لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانمان، ئێمە گوێ لە هیچ کەس ناگرین، نە رۆژهەڵات، نە رۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان لە پێناو بیروباوەڕمان بکەینە قوربانی."

نۆرە دەگاتەوە عەبدولڕەحمان قاسملوو: "دەمەوێ پێتان بڵێم من سەبارەت بە سەرجەم ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە بەردەم راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی ئاماژەتان پێدا، قایل نەبووم... ئێستا ئاغای خامنەیی و ئاغای رەفسەنجانی پێشنوێژی هەینی تارانن. ئەوان دەتوانن سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان روونکردنەوە بدەن".

پاشان قاسملوو بە وردی باس لە تێروانینی خۆی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی دەکا:

"بۆ ئێمە چوار خاڵی سەرەکی لە ئارا دان:

- ئۆتۆنۆمی، واتە چڕنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند.

- دووهەم خاڵی سەرەکی بۆ ئێمە، زمانی کوردییە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی فەرمی هەرێمە کوردییەکان.

- سێهەم گرفت، دەستنیشانکردنی سنوورەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمە. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە فاکتەرە جوگرافی، ئابووری و لە هەمووی گرنگتر ویستی خەڵکی ئەو ناوچانەی کورد لێی دەژین، لە بەر چاو بگیرێ.

- خاڵی چوارەم بۆ گەلی کورد خاڵێکی سەرەکییە: دەبێ ئاسایشی نێوخۆیی هەرێمی کورد لە لایەن کوردەکانەوە بپارێزرێ.

ئەو چوار خاڵە گرنگەیە و ئێمە لەوە زیاترمان گەرەک نییە... ئەوەندەی پەیوەندی بە وەدیهاتنیانەوە هەبێ، ئێمە واقعبینین. بۆ نموونە، بۆ دیاریکردنی سنوورەکان، ناکۆکی چێ دەبێ. بەڵام کوردەکان ئامادە نین لە پێناو شتە لاوەکییەکان شەڕ بکەن، ئەگەر شتە بنەڕەتییەکان پەسند بکرێن."

قاسملوو باسەکەی کۆ دەکاتەوە: "مەحاڵە وشەی "ئۆتۆنۆمی" بگۆڕدرێ. ئەم وشەیە واتایەکی سۆزداری و مێژوویی بۆ گەلی کورد هەیە. سیمبۆلێکە. وا هەست دەکەم ئێوە نێوەڕۆکەکەی دەپەژرێنن، بەڵام دەتانەوێ چاوپۆشی لە وشەکە بکرێ. کاتێک دەقێکی پیرۆزی ئیسلام دەخوێنینەوە، ناتوانین بێ گوتنی "بسم الله الرحمن الرحیم" دەست پێ بکەین. ئەوەش هەمان شتە، ئێوە نێوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی پەسند دەکەن، بەڵام "بسم الله الرحمن الرحیم" نا."

ئێرانییەکان دەڵێن بەر لە دەسپێکردنەوەی گفتوگۆکان کە "هیوایەکی زۆریان ئافراندوە"، دەبێ پەیوەندی بە تارانەوە بگرن. پاشان لێک دادەبڕێن و دەڵێن بە مەبەستی دیاریکردنی سەعاتی چاوپێکەوتنی داهاتوو واتە بەیانی، تەلەفۆن دەکەن.

لە دیدارەکەی تر دا، ڕۆژی ١٣ی ژوییە، سەحراروودی دەڵێ پەیوەندی بە "برادەرانی" لە تارانەوە گرتووە.

"ئێوە دوێنێ گوتتان کە کاربەدەستانی ئێرانی دەتوانن لە وتاری نوێژی هەینی دا باسی ئۆتۆنۆمی بکەن... هەندێک گیروگرفت هەن کە کاربەدەستانی ئێران و ئیمامەکان دەتوانن لە بارەیانەوە بۆ خەڵک بدوێن. بەڵام پێویستە بگوترێ کە هەندێک کێشە هەن کە ئێمە بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازمان لە سەریان هەیە."

پاشان سەحراروودی باسێکی دوور و درێژ و لارێ دەست پێ دەکا: "دیارە ئێمە کێشەی ترمان هەیە: ماوەی دە ساڵە مشتومڕێکی گەرم لە سەر ڕۆڵی بازاڕ لە ئارا دایە: هەندێک دەڵێن نابێ ڕێگە بدرێ ئابووری ئێران کۆنترۆڵ بکرێ و هەژاران وەک هاوڵاتی پلە دوو بە حیساب بێن. ئەو کات ئیمام لە ژیان دابوو و دەیگوت ئیسلام لە گەڵ کاپیتالیزم و کۆنترۆڵی دەسەڵات دا نییە، ئیسلام لە نێوەڕاستە، دەنگی سێهەمە و پەیڕەوی تایبەت بە خۆی هەیە! با ئاماژە بە نموونەی بازاڕی دەرەکی بکەم: یاساکان سێ جار لە مەجلیس خرانە ڕوو، بێ هیچ چارەسەرییەک... دواجار لە کۆتایی دا، ناچار بوون حەواڵەی جڤاتی دەست نیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی بکەن.

ئێستا با بێینەوە سەر باسی ئۆتۆنۆمی... هەر وەک مەسەلەی ئابوورییە: لەمبارەوە دوو ڕا هەن. بۆچوونێک سەردەمی حەزرەتی عەلی (جێنشینی محەمەد و چوارەم خەلیفە) بە بیر دێنێتەوە. حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەتەوە حوکمڕانی دەکرد؛ بەڵام هەرێمی تریش هەبوون کە ناویان "ویلایەت" بوو، "والی"ییەکان (حاکمەکان) لە چاو ئۆتۆنۆمی زۆر دەستیان ئاواڵاتر بوو. مەکتەبێکی تر هەیە کە دەڵێ ئەوە سەردەمی عەلی بوو و هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازن: ئێمە بە دوژمن ئابڵۆقە دراوین، ئەو وڵاتانەی لە نێو ناتۆ دان، ڕژێمە کۆنەپارێزەکان، کە ناهێڵن ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنوورەکانی دا بمێنێتەوە. هەوڵ دەدەن بەرفراوانتری بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە دابڕان کۆتایی بێ. کەوابێ ئۆتۆنۆمی کێشەیەک نییە بە یەک دوو وتاری نوێژی هەینی چارەسەر بکرێ.

کێشەی دووهەم: حدکا دەیەوێ هەمان بارودۆخ بپارێزێ و لە هەمان کات دا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دانوستان بکا؛ بەڵام بۆ ئەمەیان، دڵنیام کە پەسند ناکرێ."

سەحراروودی باسێکی تری ناپەیوەند دێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە سیستەمی ئیسلامی چلۆن کار دەکا: "نموونەیەکی ترتان بۆ دێنمەوە: پەیوەندییە دەرەکییەکان. ئەمە بە درێژایی چەندین ساڵ، بەر لەوەی بڕیارێک بدرێ، گفتوگۆی لە سەر کرا. ئەگەر ئێمە پەیوەندییەکانمان لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پچڕاندوە و نێوانمان لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت خۆش کردوە، بڕیارێک نییە بە رۆژێک و دوان یان بە کەسێک و دوو کەس درابێ. گفتوگۆی لە سەر کراوە و دواجار، پاش زیاتر لە سێ ساڵ، دە ساڵ، یانزە ساڵ و هەروەها بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت، بەو ئاکامە گەیشتووین لە گەڵ ئەوان رێککەوین. بۆچی؟ چونکە کێشەی ئەفغانستان، پاکستان، کەنداوومان هەیە، چونکە لە گەڵ رۆژئاوا کێشەمان هەیە. کەوابێ ئۆتۆنۆمی، دەبێ بە درێژایی چەندین ساڵ گفتوگۆی لە سەر بکرێ. دڵنیام لە هەلومەرجێ ئێستا دا، ئۆتۆنۆمی بەو شێوەیەی ئێوە باسی دەکەن، قەبوڵ ناکرێ."
پاشان نۆرە بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ.

حاجی مستەفەوی: "بسم الله الرحمن الرحیم... حزبە کۆمۆنیستەکان پشتیان بە تیۆری ناسیۆنالیزمی ستالین بەستووە. عەرەبەکان دەڵێن: ئەمە تێروانینی ئێمەیە. پارتە سۆسیال دیموکراتەکان شێوازی چارەسەری خۆیان هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ، هێزە ئیسلامییەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران، تا ئێستا راڤەیەکمان بۆ کێشەی نەتەوەکان نەبووە. ئەگەر بتوانین وا بکەین کۆماری ئیسلامی ئێران لە روانگەی تیۆرییەوە بە شێوەیەکی جیدی بیر لەم کێشەیە بکاتەوە، ئەوا سەرکەوتنێکی گەورە دەستەبەر دەبێ. هەڵبەت لە ئیسلام دا، پێغەمبەر و جێگرەوەکانی، رێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم رژێم لەم کێشەیە دا قووڵ بێتەوە و لە نێوان ئەو شتەی پێی دەگوترێ نەریت و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانین شتێک بدۆزینەوە....

قاسملوو دەکەوێتە نێو قسەکانەوە وەک بڵێی ناتوانێ دۆخی بەردەنگەکانی پەسند بکا:
"ئێوە دەڵێن ئێستا پرسی سەرەکی ئەوە نییە کێشەی ئۆتۆنۆمی چارەسەر بکرێ، بەڵکو چارەسەری پەیوەندییەکانی نێوان حزب (حدکا) و کۆماری ئیسلامی ئێرانە: ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی داواتان لێ بکەین کێشەی ئۆتۆنۆمی چارەسەر بکرێ". پاشان قاسملوو بە تێروتەسەلی باسی ئەوە دەکا کە مافی چارەی خۆ نووسین دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر بەدی بێ: سەربەخۆیی، فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی.

قاسملوو درێژە بە قسەکانی دەدا: "بۆ ئێمە پرسی سەرەکی ئەوەیە کە بزانین ئاخۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەیەوێ بە راستی کێشەی نەتەوەکان لە ئێران چارەسەر بکا. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێ بەڵێ، ئەوکات دەمانەوێ بزانین: کۆماری ئیسلامی چۆن دەیەوێ کێشەکە چارەسەر بکا؟ گەلۆ ئەو شێوازە سەربەخۆییە، فیدراڵیزمە یان ئۆتۆنۆمی؟ ئێمەی کورد، لانیکەمی داخوازییەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدراڵیزمیشمان قەبووڵە. هەڵبەت، بە رای من، وەک چۆن کاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرێک لە فیدراڵیزم بوونی هەبوو، باشتر وایە پەیڕەوی لە فیدراڵیزم بکرێ و بۆ نموونە یەکێتی کۆمارە فیدراڵییەکانی ئێران پێک بهێنرێ. جا ئەگەر نە سەربەخۆیتان قەبوڵ بێ، نە فیدراڵیزم و نە ئۆتۆنۆمی، ئەوە مانای وایە چارەسەری کێشەی نەتەوەکانتان قەبوڵ نییە."

لە کۆتاییش دا دەڵێ: "ڕەنگە سبەی ڕۆژ بەشێکی تری ئێران داوای ئۆتۆنۆمی بکا؛ لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی ئێران بە پرەنسیپ، بوێری پێویستە. یاسا دەبێ بۆ هەموان بێ، بۆ عەرەبەکان، بلووچەکان، تورکەمەنەکان و کوردەکان. ئەگەر لە ئەمڕۆوە نەتوانرێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، لە داهاتوو دا دەبێتە کارەساتێک بۆ وڵاتەکەمان."

دوای باسێکی کورت، لایەنەکان بڕیاری چاوپێکەوتن بۆ سبەینێ دیاری دکەن. فازڵ ڕەسوڵ، نێوبژیوانی کوردی عێراقی، دێتە قسە بۆ ئەوەی باس لە دەرئەنجامی دۆخی دوو لایەنی بەرامبەر بکا و دەڵێ: "یان ئەوەتا دەگەنە ڕێککەوتنێک یان درێژە بە دیالۆگ دەدەن، بێ ئەوەی شەڕ بکەن. یان لە گەڵ بەردەوامبوونی شەڕ، درێژە بە دانوستانەکان بدەن، بەڵام باشتر وایە ئێستا بگەنە ڕێککەوتنێک: قۆناخەکە گونجاوە. لەوانەیە سێ ساڵی دیکە بارودۆخەکە بگۆڕدرێ، هاوسەنگی و ناهاوسەنگیی هێزەکان گۆڕانی بە سەر دا دێ، هەلومەرج جیاواز دەبێ..."

ئەمانە دوایین وشەکانیانن... دەنگی جوڵانی کورسی و مێزەکان دەبیسترێ... دواتر دەنگێک وەک چوار تەقەی کپ - تەقە بە ئامرازی بێدەنگ کەری چەک؟.. پاشان هیچ نابیسترێ... کاتێک پۆلیس لە سەر هۆشداریی جیرانەکان کە لە لایەن سەحراوودیییەوە - دیارە ئەویش بریندار ببوو - ئاگادار کرابوونەوە، دەچنە نێو ئاپارتمانەکەوە، چاویان بە تەرمی سێ کورد دەکەوێ...

...

(لۆمۆند، یەکی ژانوییەی ١٩٩٨)

(فرانکفۆرتەر ئاڵگماینێ، ١٩ی ژانوییەی ١٩٩٨)

(دێر ستاندارد، ٣٠ی ژانوییەی ١٩٩٨)

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤە ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٤



# ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون (ڕاپۆرتێک لە بارەی ناوەرۆکی وتووێژە خوێناوییەکەی١٣ای ژوئیەی ڤییەن)



**بە قەڵەمی کریس کۆچێرا**

**وەرگێران لە فارسییەوە: قادر وریا**

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، چووبووە ڤییەن ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کردبوونی، هەر لەو پێوەندییەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو:

**ئەوان نەک بۆ وتووێژ بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون.**

کاتی خۆی ڕۆژنامەی فەرانسەیی »لۆمۆند» ڕۆژی ای ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەرۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملووو ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی ڤییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری »آرش»یش لە ژمارە ٦٥ی خۆیدا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە هۆگرانی کەسایەتیی د.قاسملوو حەز دەکەن بزانن لەم دانیشتنە خوێناوییە دا چ قسەو باسێک لە نیوان د.قاسملوو و ناردراوانی تیرۆریست هاتوونە گۆڕێ، وەرگێردراوی کوردیی ئەم راپۆرتەی کریس کۆچێرا لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە دا، جارێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە.

١٣ای ژوئیەی ١٩٨٩، عەبدوڵڕەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گوللە کە وەسەری

کەوتبوو،لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری ڤییەن دا، کوژرا. ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تاران و پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩ دا، قاسملوو سەر لەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی [رێژیمی] ئێران دەست پێکردەوە. یەکێک لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (نێوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقە کردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحراڕوودی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانیی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژووئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر(ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی بزورگیان بۆ ماوەیەک لە ئیدارەی پۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانیی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەویی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادییەکی تەواوەوە توانیی لە ئوتریش بچێتە دەر.

وتووێژەکانی نێردراوانی تاران و رێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێداین. عەبدوڵرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسییانەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانییەکان کە پێیان وانەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبابوونی بۆچوونەکانیان و روحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بڕوا هەبوون بە روانگەو دیاردە سیاسییە مۆدێرنەکان و بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلیدا، نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەست پێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:

دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامییەکانی ئێران و لەتبوونێک کە ساڵی ١٩٨٨ [ئەم بزووتنەوەیە] بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە رێگای وتووێژەوە چارەسەر بێ، هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی رازی بێ. بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە رێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩ دا مردبوو) دەبێ رابگەیەنن کە داخوازی خودموختارییان قەبووڵە، نێردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ: بیکوژن.

سەحراڕوودی رادەگەیەنێ کە ئێمە پێکەوە ڕێک کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە. چونکە دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن. ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێک هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتن‌و پێوەندییەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی راشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە.

عەبدوڵڕەحمان قاسملوو دێتەسەر کاکڵەی مەسەلەکە: لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵییەوە قسەمان کرد: قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری‌و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی رێژیم لەگەڵ قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاریدا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسیدا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەڕۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟ قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: ئەسڵی من، ئەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختارییە. پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی.

سەحراڕوودی: ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە رۆژهەڵات‌و نە رۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە قوربانیی بیروباوەڕمان.

قاسملوو... من دەمەوێ شتێکتان عەرز بکەم، من لەو هەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ راگەیاندنی خودموختاریدا ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی‌و رەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان رابگەیەنن. قاسملوو پاشان ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لە بارەی خودموختارییەوە بە درێژی شی دەکاتەوە: بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێدان: خودموختاری، بە مانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردییە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی رەسمیی ناوچە کوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووری‌و بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بە هۆی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێکی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتن‌و جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکی‌و کێشەی چووکە دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چکۆلانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێک کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ.

قاسملوو بەم جۆرە ئاکام لە باسەکان وەردەگرێ:

ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفیو مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەکە بێنین. لە ئیسلام دا هەرکاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی بسم الله الرحمن الرحیم دەست پێ بکرێ. ئەوەش راست وایە. ئێوە نیوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ بسم الله الرحمن الرحیم.

ئێرانییەکان (ناردراوانی رێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ رۆژی ١٣ی ژوئیە سەحرارووودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختارییەوە قسان بکەن... هێندێک مەسەلە هەن کە بەرپرسانو ئیمام جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن. بەڵام دەبێ بزانن کە لەسەر هێندێک مەسەلە بۆچوونی جیاوازمان هەن.

سەحرارووودی باسێکی دوورودرێژ دەست پێدەکا کە هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نیە... ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێک لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلیو، ئەویش ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبووو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی ولایت (ئوستان) کە حاکمەکان (والییەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزاننو لەسەر ئەم باوەڕن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێک کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، رێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بە یەک دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینیدا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێو هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێقبووڵ ناکرێ.
سەحرارووودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: بسم الله الرحمن الرحیم... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکان رێگا چارەسەری خۆیان هەیە و ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامییەکانو کۆماری ئیسلامییەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک بێو تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی رێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم کە رێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە رابکێشێو لە نێوان رێوشوێنە سوننەتییەکانو ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانێ شتێک لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە.

قاسملوو: ئێوه دەڵێن كه له هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیه، بەڵكوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران‌و كۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵیيە. ئێمه هاتووینه ئێره كه داواتان لێ بكەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بكەن.

دوكتور قاسملوو هەوڵ دەدا كه مافی دیاریكردنی چارەنووس شی بكاتەوه كه به چەندین شێوه جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

له درێژەی قسەكانیدا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمه مەسەلەیه ئەوەیه كه ئایا كۆماری ئیسلامی به راستی دەیەوێ كێشەی مىللییەتەكان له ئێران دا چارەسەر بكا؟ ئەگەر وەڵامی كۆماری ئیسلامی بەڵێیه، ئێمه دەمانەوێ بزانین كه دەیەوێ چۆنی چارەسەر بكا؟ ئایا به شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمه كوردەكان لانیكەمی داخوازەكانمان هێناوەته گۆڕێ. ئێمه فیدرالیزمیشمان قبووڵه، به دڵنیاییيەوه دەڵێم به بڕوای من بەو هۆیەوه كەكاتی خۆی له ئیسلام دا جۆره فیدرالیزمێك هەبووه واباشتره كه فیدرالیزم هەڵبژێردرێ‌و بۆ وێنه یەكیەتیی كۆماره فیدراڵەكانی ئێران پێك بهێنرێ. كەوابوو ئێوه ئەگەر نه سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نه فیدرالیزم‌و نه خودموختاری، ئەو بەو مانایەیه كه ناتانەوێ مەسەلەی مىللییەتەكان له ئێران دا چارەسەر بكەن.

قاسملوو ئەو ئاكامه وەردەگرێ كه:

لەوانەیه سبەینێ بەشێكی دیكەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتییه هەبێ‌و به ئوسووڵ‌و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەله نێوخۆییيەكانی ئێران چارەسەر بكرێن كه هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەرەبەكان، هەم بەلووچەكان، هەم توركمەنەكان‌و هەم كوردەكان ئەگەر لەمڕۆوه نەتوانین ئەو مەسەلانه چارەسەر بكەین دەبن به موسیبەتێكی گشتی بۆ وڵاتەكەمان.

پاش چەند قسەیەكی دیكه، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەكان دیاری دەكەن. فازڵ ڕەسووڵ، كوردی عێراقی كه نەخشی نێوبژیوانی هەیه له قسەكانی هەر دوو لا ئەم ئاكامه وەردەگرێ: یان ئێوه دەگەنه هێندێك ڕێككەوتن‌و درێژه به وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ رابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەكان درێژه پێدەدەن. بەڵام له هەر حاڵدا باشتره ئەمڕۆ كه هەلومەرج لەباره، بگەنه ڕێككەوتن‌و ئاكام، ٣ ساڵی دیكه، لەوانەیه وەزع بگۆڕێ‌و موعادیلەكان‌و هاوسەنگیی هێزەكان بەمجۆره نەمێنێ‌و هەلومەرجی ئەوكات شتێكی دیكه بێ.

ئەوه دوا وشەكانن. دەنگی جووڵانی كورسی‌و مێزەكان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی كپ كه دیاره به چەكی تەیار به ئامێری دەنگ كپكەر كراون، دێته گۆڕێ. ئینجا بێدەنگیی تەواو.

له ژماره ٦٣٦ ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوه

سەرچاوه: ماڵپەڕی كوردستان و كورد / ڕێكەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠١٤

# قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا



ئەمن یەکجار زۆر خۆشحاڵ و هەژاوم کە ئەمڕۆ لێرە لەگەڵتانم بۆ یادکردنەوەی کەسێک کە ئەمن بە مامۆستای خۆمم دەزانی، واتە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە هەروەک هەموو دەزانن بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بەدەستی ڕێژیمی ئێران تێرۆر کرا. ئەمساڵ چەندین ڕێورەسم بەو بۆنەوە لە گۆڕستانی پێرلاشێز و هەروەها لە پارلمانی فەڕانسەش بەڕێوە چوون.

کەس دوکتور قاسملووی لەبیر نەچۆتەوە. کەس ناتوانێ دوکتور قاسملوو لەبیر بکا. هەموو ئەوانەی دەیانناسی دەزانن کە چەندە زیرەکییەکەی و روانینی ئەو بۆ جیهان هیوابەخش بوو. ئەو کەسێک نەبوو کە سیاسەت تەنیا لە گەیشتن بە دەسەڵات و پۆستێکدا ببینێ. بنەمای خەبات و تێکۆشانی وی بەڕاستی بیروباوەڕ بوو و لەبیروباوەڕیشیدا هەتا سەر دەچوو و پێی وابوو کە دەبێ بە تەواوی ئەو نەخشە بنوێنێ کە مێژووی میللەتەکەی لێی داوا دەکا.

ئەمن بەختی ئەوەم هەبوو کە لە مانگی فێبریواریی ١٩٨١ دا لەگەڵی ئاشنا بووم، لە شوێنێک کە بۆ پاراستنی لە بۆمبارانی دژمن دروست کرابوو. ئەو بە تەواوی لە خزمەت مەسەلەی کورددا بوو. پرسیاری سەرەکییش ئەوە بوو کە ئایا دەکرێ بە ئاشتی بگەین بەبێ ئەوەی ئامادە بین لەگەل دژمن وتووێژ بکەین؟ هێندێک کەس ئێستاش لۆمەی دوکتور قاسملوو دەکەن کە بۆخۆی راستەوخۆ و بە قیمەتی گیانی خۆی لەگەڵ دژمنەکەی دانیشتووە. بەڵام بەڕاستی ئەگەر دوکتور قاسملوو باش بناسین، دەکرێ لەوەدا کە لۆژیکی ئاشتیخوازانەی خۆی تا سەر جێبەجێ کردووە و گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کردوە لۆمەی بکەین؟

ئەمن ئەو پیاوەم پڕ بەدڵ خۆش دەویست، مرۆڤێکی باش و راستگۆ کە قەت حازر نەبوو لەپێناوی ناسران و دانپێدانانی خەباتەکەیدا

پەنا بۆ تێرۆریزم بەرێ. ئەوەی قاسملوو خەباتی بۆ دەکرد شتێک نەبوو جگە لە هەقی مان و مەوجوودییەتی گەلەکەی لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا و بەرەسمی ناسران و گەشەسەندنی ناسنامەی گەلەکەی، مافی ئەوە کە کوردەکان بتوانن زمان و فەرهەنگی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بگوازنەوە. ئەمانە شتێک بوون کە ئەودەم لە ئێراندا رێگەیان پێ نەدەدرا و بەداخەوە ئێستاش هەر مافی کوردەکان لەو وڵاتەدا بەرەسمی نەناسراوە و رێزی لێ ناگیرێ.

ئەمن بەڕاستی قاسملووم خۆش دەویست. قاسملوو مامۆستایەکی بە تەواوی مانای وشە بوو. ئەو ناوچەی خۆی و گەلەکەی خۆی و هەموو کۆت و بەندەکانی ژێئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەی گەلی کوردی بەسەر چەند پارچەدا دابەش کردبوو بەباشی دەناسی. ئەمن زۆر شت لەو پێوەندییەدا لەو فێر بووم. بەتایبەتی ئەوە کە چۆن لە پاش کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە فەزای سیاسی جاری وابوو کەمێک کرابۆوە و زۆربەی کاتیش بەتەواوی داخرابۆوە. ئێمە ئەو کاتە پزیشک بووین و لەسەر داوای دوکتور قاسملوو چووبووینە کوردستان هەتا کەمێک یارمەتیی پزیشکی بە خەڵکی کورد بگەیەنین، چونکە ئەو کاتە کوردستان هیچ خزمەتێکی پزیشکیی لێ نەمابوو.

ئەمن ئەمرۆ لێرەم هەتا لەگەڵ دۆستانی کوردمان لە لەندەن و لەگەڵ ئەو بریتانیاییانەی پشتیوانی لە کورد دەکەن رێز لە یادی دوکتور قاسملوو بگرین. دەستخۆشیش بە پارلمانی ئینگلستان دەڵێم کە لەم دواییانەدا هەنگاوی گەورەی لەبواری بەرەسمی ناسینی کۆمەڵکوژیی کورداندا هەڵێناوەتەوە.

ئەمن تا ماوەیەک پێش ئێستا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر بووم. ئەمە شتێک نەبوو جگە لە درێژە و سەرەنجامی بەسەرهاتێکی کوردی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەستم پێ کردبوو.

لەم کات و ساتەدا ناتوانم ئیشارەیەکیش بە بارودۆخی کوردستانی عیراق نەکەم. بیر بکەنەوە ئەگەر ئەمرۆ دوکتور قاسملوو مابا گفتگۆی چەندە سەرنجڕاکێشمان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا لەگەڵی دەبوو. بێگومان نە دەزانم ئەگەر مابا ئەمرۆ چی دەگوت و نە دەشمهەوێ بە زمانی ئەوەوە قسە بکەم. بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە مێژوو دووبارە نابێتەوە مەگەر لە هەڵەکانیدا. بەڵام کاتێک ئومێدێک هەیە، کاتێک پەنجەرەیەک دەکرێتەوە، وا باشە بە هەڵەشە پرێ نەدەینێ. پێویستە پەنجەرەکە بە کراوەیی بێڵینەوە هەتا دەرفەتی گونجاو رێک کەوێ کە لە رێگەیەوە دەستمان وەودیوی پەنجەرەکە ڕابگا. وێنای ئەم پەنجەرە کراوەیە بۆ من تەواو واقیعی ئەمرۆی کوردستانی عیراق دەردەخا.

ئێمە مێژووی عیراق و لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەسەر دەستی فەڕانسە و بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ دا دەناسین. دەشزانین لەو سەردەمەدا دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان چ بەشێکیان دایە گەلی کورد بەگشتی و گەلی کورد لە عیراق بەتایبەتی. بەشەکەش جگە لە حاشاکردن لە مافەکانی کورد و سەرکوتی ئەم گەلە لەلایەن رێژیمی بەغداوە شتێکی دیکە نەبوو. لەحاڵێکدا عیراق وڵاتێکی عەرەبی نیە، بەڵکوو وڵاتێکە بە دوو نەتەوە و چەندین کولتورەوە. ئەم کولتورانە ئەمرۆ بە زمانی توندوتیژی خۆیان


دەردەخەن.

وەک خۆم پێم وایە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی کورد بە سەربەخۆیی بگا، مافێک کە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و مەنشووری مافی مرۆڤدا بەڕەسمی ناسراوە. هەر بەڕاست پێتان وایە ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو مابا، بە هۆکاری ژێئۆستراتژی کە دیپلۆماتەکان زۆریان حەز لێیە، دژایەتیی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانی عیراق دەکرد؟ ئەمن بۆخۆم باوەڕ ناکەم کە وای کردبا.

ئەمە ئەو چەند بیر و هەستە بوو کە ویستم لەو دەرفەتەدا لەگەڵ ئێوەی بەش بکەم. سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو ڕێورەسمەیان وەڕێ خستووە و سپاسیان دەکەم کە منیان دەعوەت کرد بۆ ئەوەی لە هەژانی یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوودا لەگەڵتان بم. هیواداریشم ساڵێکی دیکە هەر دوو لای دێموکڕات پێکەوە لەگەڵ دۆستانی دوکتور قاسملوو یەک ڕێورەسمی هاوبەش لە گۆڕستانی پێرلاشێز بەڕێوە بەرن، نەک دوو ڕێورەسمی جیاواز. ئەم کارە دەتوانێ پەنجەرەیەک بەسەر کوردەکانی ئێرانیشدا بکاتەوە.

لە ژمارە ٦٣٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠١٤



# هەراوهوریای ژیانێک و بێ دەنگی مەرگێک

ئامادەکردنی بەشی فارسی: ئاسۆ ساڵح

وەرگێران: رەشید زەرواوی





لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩دا، واتە هەر ئەو ساڵەی کە "سمکۆ" یەکێک لە رێبەرانی کورد لە پرۆسەی دانوستاندا لەگەڵ حکوومەتی ئەو سەردەمە تیرۆر کرا، لە یەکێک لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری ورمێ ، کورێک چاوی بە دونیا هەڵ هێنا کە پەنجا و نۆ (٥٩) ساڵ دواتر، هەر لەو مانگە دا و لەسەر ئەو رێبازەی کە سمکۆ لەسەری تیرۆر کرا بوو ، دوچاری هەمان چارەنووس کرایەوە. ئەو لە نووسینەکانیدا گرینگی زۆر بە سمکۆ ئەدا. بێ ئاگا لەوەی کە خۆی رۆژێک دەبێتە پرسێکی مەزن، بە هێزێک لەو و بە ئیلهامی زیندووی لاوانی نیشتمانەکەی.

بێ گومان مێژوویی خەباتی گەلی کورد ئەگەر گەرەکی بێ سونبولێک بۆ لۆژیک و هزری سیاسی لە خۆ پیشان بدات، هەڵبژاردەیەکی بەدەر لە دوکتور قاسملوو لەبەر دەم نامێنێ. جۆری تێروانینی خەڵکانی دەرەوەی حیزبەکەی قاسملوو، لەنێویاندا نووسەران و رۆژنامەوانانی رۆژئاوایی دەتوانێ پتر ئێمە لەگەڵ هزر و ئەندیشەکانی قاسملوو ئاشنا بکات.

## هەژیر تەیمووریان



هەژیر تەیمووریان " رۆژنامەوان و لە دۆستانی شەهید دوکتور قاسملوو " دەڵێ: من بۆ یەکەم جار لە لەندەن و کاتێک د. قاسملوو هاتە ئێرە، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد. ئەو کات من وەک بێژەر لە ئێزگەی جیهانی " بی بی سی " کارم دەکرد. ئەو هاتە سەردانی من چونکی دەیزانی کە لە ڕابردوودا ئەندامی یەکیەتی خوێندکارانی کورد بووم. هەر لەو کاتەوە ئێمە بووینە هاورێ. ئەو مرۆڤێکی خوێن گەرم بوو، بە دڵنیاییەوە دەمزانی کە من وەک رۆژنامەوانێک کە بابەت و نامیلکەگەلێکم لەپێوەندی بە خۆرهەڵاتەوە نووسیون و بڵاو کردوونەوە، نەمدەتوانی ببمە ئەندامی هیچ رێکخراوەیەکی سیاسی. بەڵام ئەو بۆ ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هانی دەدام، هەڵبەت ئەو باسە زۆر جیددی نەبوو. بەهەر حاڵ ئەو کەسایەتییەکی خوێن گەرم و کاریزماتیکی هەبوو، دەیتوانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. وێرای هەموو دژواریەکان، مرۆڤێکی شاد بوو. هیوای بە خەڵک دەبخشی، ئەو ڕێبەرێکی مەزن بوو، کەسێکی لەبەردڵان بوو. ئەو توانایی قسەکردنی بە دە (١٠) زمان هەبوو، کەسێکی بیرمەند و زۆر زیرەک بوو. سەردەمانێک کە لە چیکوسلۆڤاکیا خوێندکار بوو، بیری مارکسیستی هەبوو. من کتێبەکەی ئەو " کوردستان و کورد"م بەدەست گەیشت کە تێزی دوکتوراکەی لە وڵاتی چیکوسلۆڤاکیا بوو کە پڕ لە دروشمی مارکسیستی بوو، هەڵبەت قابیلی تێگەیشتنە لەبەر ئەوەی بۆ نووسەرانی کمونیست بوو، بەڵام من دەزانم کە دوکتور قاسملوو دواتر دێموکراتێکی واقع بین بوو و تێگەیشت کە رێرەوی مارکسیستی لە کۆمەڵگای کوردەواری دا شوێن و پێگەی نییە. هەموومان ئەومان خۆش دەویست، من ئەوم بۆ دوو رۆژنامەی گرینگی "تایمز و بی بی سی" برد.

دواتر کە چەند رۆژێک لە پاریس پێکەوە بووین بۆ ئەو بابەتە سپاسی کردم. لە بیرمە کە ئەو مرۆڤێکی بوێر بوو، لەدەرەوەی قاوەخانەیەک دانیشتبووین، لەبەرخۆمەوە گوتم کە هەر ساتێک تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن تیرۆری بکەن، بەڵام ئەو هیچ نیگەرانی ئەوە نەبوو و من ئیتر سەرم سوور نەما کە لە هێندێک حاڵەتدا متمانەی پێیان هەیە و بەشداری دانوستانی کرد و تیرۆر کرا. من چەند رۆژێکم لە گەڵ ئەو لە کۆنفرانسێک دا لەسەر کوردەکان لە ئامستردام بەسەر برد، بەگشتی زیاتر و زیاتر ئۆگری بووم و وەک هاورێیەک زۆرم خۆشم دەویست.

## مارک کراوێتس



مارک کراوێتس "رۆژنامەوانی رۆژنامەی لیبراسیۆن" و لە دۆستانی شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: پتر لە سێ دەیە لە یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ قاسملوو تێ پیر دەبێ، بەڵام ئەم دیدارە لە ژیانی بەکردەوەمدا وەک ساتەوەختێکی بەرچاو ماندگارە،

دیمەنەکانی سەفەر بۆ مەهاباد و گوزەر لە دڵی مێژووی کوردستانی گەمارۆ دراو، لەگەڵ قسە و باسەکانمان لە نووسینگەی دوکتور قاسملوو دا پێکەوە ئاوێتەی یەکتری دەبن. دۆخێکی تایبەتی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەم وەک بیرەوەرییەکی خۆش لەیادە کە بە دڵنیاییەوە پێویستە ئەوە لە دڵ گرمی و میوانداری و لەهەمووی زیاتر لە پێوەندییەکی ئارام و خۆش رەفتاری پیاوێک بزانین کە سەرەڕای ئەو هەموو بەرپرسیاریەتەی لە ئەستۆیەتی و لەهەرکەسێکی تر باشتر دەیزانێ کە تۆفان لەسات و کاتێکدا دەگات، بەڵام ئارامی لەدەست نەدەدا. هیچ شتێک توانای کارتێکەری لەسەر مێهرەبانی و بزەی دوکتوری نەبوو.

رۆژنامەوانانێک کە لەگەڵ قاسملوو دا دیمانەیان ساز دەکرد، باوریان وایە کە ئەو یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە وتووێژەکەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی رێرەوی دەکرد. هەرشتێک کە پیویست بوو دەیهێنایە سەر زار.

تەیموریان لە بارەی دیمانەیەک دا لەگەل دوکتور قاسملوو دەڵێ: من لە بریتانیا ناملیکە گەلێکم لە پێوەندی بە خۆرهەڵاتەوە بڵاو دەکردەوە، بۆ وێنە کاتێک پەیوەندیم بە گاردییەنەوە دەگرت، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ رۆژنامەی تایمز جێگای متمانە بووم، یان بۆ وێنە کاتێک لەگەڵ رۆژنامەکانیتری وەک گاردییەن، دیلی تەلگراف، فاینێنشال تایمز پیوەندیم دەگرت و دەمگوت کە یەکێک لە رێبەرانی کوردەکانی ئێران لای منە و ئایا پێتان خۆشە قسەی لەگەڵ بکەن، ئەوان متمانەیان بە من هەبوو کە وا قسەی بێ هوودە و بێ ناوەرۆکیان لەگەڵ باس ناکەم، بەڵام کاتێک لەگەڵ قاسملوو قسەیان دەکرد بەراستی دەکوتنە ژێر کاریگەری دوکتورەوە.

یەکێک لە کاراکتێرە بەرچاوەکانی شەهید دوکتور قاسملوو لە وتووێژەکان دا، تێگەیشتن لە کات و زەمەن بووە، ئەم خەسلەتە بە جۆریک بووە کە هەر رۆژنامەوانێک پێی خۆش بووە کە لە داهاتووشدا لەگەڵ ئەو و لە بواری جۆراوجۆر دا سەر لەنوێ چاوپێکەوتنی لەتەک ساز کاتەوە.

هەژیر تەیموریان لەو پیوەندییەدا دەڵێ: وابزانم چاوپێکەوتنەکە لە سالەکانی کۆتایی دەیەی ساڵی ۱۹۷۰ بوو بەر لە شۆڕشی نگریسی ئیسلامی، ئیتر بۆ بی بی سیم برد و لەگەڵی دا دیمانەیەکم پێکهێنا بۆ بەشی فارسی بی بی سی، هەڵبەت هاوکارەکانم لە بەشی فارسی دەیانزانی کەوا کوردم و هەستی کوردایەتیم هەیە و ئاگادارم بوون کە زێدەرەوی نەکەم، بەڵام بەرێز قاسملوو زۆر فامیدە بوون و لە شتێکی لەو جۆرە تێدەگەیشتن و دیمانەکانی زۆر پێشوازیان لی دەکرا.

مارک کراوێتسیش دەڵێ: دوکتور قاسملوو کاتێک لە بارەی ئارمانجی کوردەکانەوە قسەی دەکرد، ماندوویی نەدەناسی، من لە عەبدولرحمان قاسملوو و لە سایەی ئەورا کوردەکانم ناسی، لەگەڵ توانای بێ هاوتای ئەم نەتەوەیە لە بواری خۆڕاگری و عەشق بە ئازادی ژیان کردن ئاشنا بووم و لەوەش گرینگتر رووبەرووی رێبەرێکی سیاسی بوومەوە کە لەسەر ئەم گۆی زەوییە کەمتر بەر چاو دەکەوت.
راستگۆیی یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوو، تایبەتمەندییەک کە ئەخلاقی بەخشیبووە کردە سیاسییەکانی ئەو رێبەرە. هەژیر تەیموریان لەسەر ئەو تایبەتمەندییە دیسانەوە ئەدوێ و دەڵێ: تا ئەو جێگایەی من دەمناسی، مرۆڤێکی ئێجگار

ساکار بوو، بەڵام هەر وەک کە پێشتر گوتم، مرۆڤ نیسبەت بە هیچ رێبەرێکی سیاسی، بەتایبەت رێبەرانی سیاسی لە خۆرهەڵات مەشهوورن بەوە کە ناچارن نهێنی کاری بکەن. مرۆڤ پێویستە گومان بکات، بەڵام کاتێک کە ئەوم باشتر و باشتر ناسی، زیاتر و زیاتر لە دونیای سیاسەت دا جێگای متمانە بوو.

**مارک دەڵێ:** ئەو هەرگیز لەو زەمانە دونیفاقییەی کە لە تاران و لە نێوان رێبەرە دوورخراوە تازە گەڕاوەکاندا و بەتایبەت لە نێوان کەسانی لائیکی دەوری ئیمام رەواجی هەبوو، کەڵکی وەرنەدەگرت، زەمانێک کە رێبەرانی نوێی تاران بە کەڵک وەرگرتن لێی، بەیاننامەی بەڕەواڵەت دێموکراتیکی خۆیان دەنووسی و بەتایبەت بۆ کڵاو نانە سەر گوێگرە ئەورووپاییەکانی خۆیان و بەوەش بە ناوی شۆڕشەوە پاساویان بۆ سەرکوتە دڕندانەکەیان دەهێنایەوە.

**تەیموریان:** رەحمان پتر لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا گەشەی کرد، ئەو ساڵانێکی زۆر لە پاریس ژیانی بەسەر برد. بۆ وڵاتانیتر و بەتایبەت سوئێد و بریتانیا سەفەری دەکرد. بەو جۆرە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دێموکرات و خاوەن پێگەی باڵا دەگرت. بۆ وێنە سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد یان پارتی کرێکارانی بریتانیا. ئەنجامی دیدارەکان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی چاویان پێی دەکەوت،ئەویان هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە کمونیسم رێگە چارە نییە، تەنانەت خۆشی ئەو راستییەی دەبینی. بڕوام وایە کە لە ژێر کارتێکەری ئەورووپای رۆژئاوا ببوو بە سۆسیال دێموکرات، لە ناخی دا وەک ناخی من، لە ناخماندا رەقمان لە توند و تیژی بوو.

**مارک** - عەبدولرحمان لە بارەی ئازادی بۆ کوردەکان دەیگوت:" کوردەکان هەرگیز لە درێژە پێدان بە خەبات لە پێناو وەدی هاتنی مافەکانیان دەست هەڵ ناگرن .ئێمە لە دژی رێژیمی پێشوو خەباتمان کرد و ئەگەر ئەم رێژیمە نوێیە پێداگری لەسەر وەژێر پێنانی مافەکانمان بکات، لە دژی ئەویش درێژە بە خەباتی خۆمان ئەدەین. ئازادی بۆ ئێمە بۆتە ڕیشەیی." ئەم قسانە لە نوکتەیەکی خۆش دەچوون، کە سروشتییە لەگەڵ قسەی رێبەرانی شۆڕشگێڕی تر بۆ دڵنەوایی رۆژنامەوانان وەک لێک بدرێتەوە، قسەهایەک کە خۆم زۆر جار لە شوێنەکانیتر بیستبوومن، بەڵام ئەمجارە شێوەی هێنانە سەرزاری ئەمانە جیاوازیان هەبوو، وشەکان بەبێ زێدەرەوەی و لە شکلی شیکردنەوە و بەدوور لە پروپاگەندە دەکەران. راستیەکەی ئەوەیە کەسێک کە ئەم وشانەی دەهێنایە سەر زار، شێوەی لە هیچ کام لەو رێبەرانەی ناسیبوومن، نەدەچوو.

بەڵێ ئەوە راستیەکەیە، هەموو ئەو رۆژنامەوانانەی کە لە نزیکەوە ناسیویانە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە عەبدولرحمان شێوەی لە هیچ کام لە رێبەرانی کوردستان، ئێران و تەنانەت خۆرهەڵاتی ناوەراستیش نەکردووە.

**هەژیر تەیمووریان:** قاسملوو کەسێکی بیرمەندتر بوو، وا بیر دەکەمەوە کە ئاستی کۆمەڵایەتی لەسەرووتر بوو، بۆ نموونە من تا ئێستا لەگەڵ بەرێز تاڵەبانی هاورێی نزیکم، ئەو پتر پیاوێکی کردارییە،هەڵبەت مرۆڤ نابێ متمانە بە هیچ رێبەرێکی سیاسی بکات، من زۆر بەداخەوەم کە بەرێز تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی پێوەندی باشیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام ناچارەیشە کە ئەم هاوپەیمانەتیەی هەبێ یان بەلانی کەمەوە خۆی وا هەست بکات کە پێویستە ببێ. مرۆڤ لە ئاکامدا وەک رۆژنامەوانێک،

وەک کەسێکی بێ لایەن پێویستە لەبەرانبەر هەموو ڕێبەرانی سیاسی گومانی هەبێ، بەڵام من پتر متمانەم بە بەرێز قاسملوو هەبوو، هەرچەند دەشمزانی کەلەگەڵ حکوومەتی سەدام حوسێن پێوەندی باشی هەیە و هەروەها لەگەڵ بەرێز د. بەختیار پێوەندی باشی هەیە، دەمزانی کە هەموو ئەمانە باوەرگەلێکیان هەیە، کەم و زۆر لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناوچە هاتوچۆیان هەیە ، بەڵام دەمبینی کە بۆ مرۆڤ ئەمە جێگایی تێگەیشتن بوو.

مارک کراوێتس: قاسملوو عاشقی کتێبی نایاب و شەرابی نایاب بوو، بەڵام هەڵبژاردەی یەکەمی داییم بەسەر دووهەمی دا پێ باشتر بوو. ئەو چ لە لەسەر مێزی خواردنی یەکێک لە خواردنگە نێودارەکانی پاریس بوایە، یان بە خواردنێکی سادە و ساکارەوە لە زستانێکی دژوار و لە خاڵێکی دووردەستی کێوەکانی کوردستان، وەک یەک هەستی بە ئارامی و خۆشی دەکرد. ئەو لە تەمەنی ٥٩ساڵیدا ئارامی بیرمەندێکی خۆرهەڵاتی، چوست و چالاکی گەنجێک و هەڵوەدای زانست نووسێک و مەیلی مرۆڤێکی شادومان و زیندووی ئاوێتە بەیەک دەکرد. قاسملوو لە پێوەندی بە باوەرەکانی دا کۆڵنەدەر و لە بەرپرسیارەتی خەباتی دا مرۆڤێکی کردە بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە بەبێ هیچ زەحمەتێک، خۆڕاگرییەکانی خەباتی سیاسی - نیزامی لەگەڵ گومانگەلێکی ورد و جوانی مامۆستایەکی زانکۆ پێکەوە گرێ ئەدا.

تەیموریان: ئەو بەبێ سەرپۆش و ڕێک قسەی دەکرد، بۆ وێنە لە ڕۆنامەکانی تایمز و بی بی سی دا دەیگوت: پێویستە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان خۆی وا پیشان بدات.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو هەردەم لەبەر دەم هەرەشەدا بوو. کاتێک لەگەڵ سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی قسەی دەکرد، هەمان ئەو شتەی کە لە ناخی دا بوو، باسی لێوە دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژگاری لاویەتی خۆی لە وڵاتانی ئەرووپایی خۆرهەڵاتی سەردەمی کمونیسم بەسەر بردبوو، بەڵام بە پرسگەلێک کە بڕوای پێی نەبوو بایەخی نەدەدا. دواتر کە لە ڕێبەرانی سۆسیال دێموکراتی ڕۆژئاوایی نزیک بووەوە و هاوڕێیەتی پەیا کرد، توانی بێ پەردەتر لە جاران بدوێ.

قاسملوو پێش لە شەهید بوونی و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هەژیر تەیمووریان لە رادیۆ بی بی سی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە: پاش رزگاری کوردستان بەچییەوە سەرقاڵ دەبێ؟ گوتبووی کە بۆ گوندی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە و خۆی بە خوێندنەوە سەرقاڵ دەکات.

هەژیر تەیمووریان: ئەو دیمانەیەم لە یادە ، هەڵبەت ڕۆژنامەوانێک تەنیا پێکەنینی بەم قسانە دێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو سیاسەتمەدارانە لە وڵامی ئەم پرسەداکە: ئەگەر هەڵنەبژێردرای، بەچییەوە سەرقاڵ دەبی ؟ دەڵێن کە بۆ نموونە دەچمە کتێبخانەکەم یان بەختەوەر دەبم کە وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی بژیم! بە دڵنیایەوە گومان لەو نوکتانە دەکەین. بەڵام من دڵنیام کە قاسملوو بڕوای بەم پرسە هەبوو. بڕوام وایە کە ئەو لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرا، ئەو دەیزانی لەبەرچی خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن، کاتێک دژ بە ڕێژیمی خۆمەینی ڕاپەڕین.

بە گوتەی زۆر لە کەسانی نزیک بە قاسملوو، ئەو بە راپەراندنی رۆژانە و سونبولیکی خۆی هەردەم هەوڵی داوە بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ رۆژنامەوانان، خەباتی گەلی کورد و جیاوازییەکانی ئەوان لەگەڵ رێژیمی حاکم دا روون کاتەوە.


## جاناتان راندان لە رۆژنامەوانانەی دیاری ئەمریکایی



جاناتان راندان لە رۆژنامەوانانەی دیاری ئەمریکایی لە پێشنووسی کتێبی "هیوا و مەرگی رەحمانی کورد"دا نووسیویەتی کە کارۆڵ پرونهۆبەر لە پێوەندی بە یەکێک لەو کارانەی قاسملوو دا دەڵێ:" کاتێک بیر لە د. قاسملوو دەکەمەوە بەجۆرێک ویسکی دێتە مێشکم، نە بەو واتایەی من و یان د. قاسملوو ئوگریەکی زۆرمان بۆ ویسکی هەبووبێ، بەڵکوو لە دوو بۆنەدا من و د. قاسملوو بە مەودای دە ساڵان پێکەوە ویسکیمان خواردۆتەوە، یەکەم جار لە شاری مەهاباد لەگەڵ کۆمەڵێک لە رۆژنامەوانانی بیانی بوو. ئەو رۆژە دوکتور بە هێنانی ئەلکول بۆ سەر خوانی ئێوارە دەیویست پیشانی بدات کە هێمای ناسیۆنالیسمی کوردی لە سەدەی بیستەم دا گەرەکیەتی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوویی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێرپرسیارەوە".

قاسملوو کە پێشتر لەگەڵ خومەینی دا دانوستانی هەبووە و تێ گەیشتبوو کەوا خومەینی کەسێک نییە کە بکرێ لەتەک ئەودا بە ئاکام بگەی،بەڵام پاش لەمردنی ئەو هیوایە لەودا سەری هەڵدا کە ئیمکانی هەیە بە دانوستان لەگەڵ رێژیم ، مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بەدی بێن.

## کارۆڵ پرۆنهوبەر"نووسەر



کارۆڵ پرۆنهوبەر"نووسەر و لە نزیکەکانی د. قاسملوو" لە کتێبی "هیوا و مەرگی رەحمانی کورد"دا دەنووسێ: چەند رۆژ دوای میتینگی شاری مەهاباد و لێدوانی لە گۆڕەپانی یاری شاری مەهاباد، د. قاسملوو بریار ئەدات تا بچێتە شاری قوم و چاوی بە خومەینی بکەوێ. بریاری د. قاسملوو رێک چەند رۆژ پاش ئەو میتینگە چەند سەد هەزار کەسییە جێگایی هەڵوێستە کردنە و نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە بەم میتینگە پیشان بدرێ کە نەتەوەی کورد پشتیوانی لە خواستەکانی حیزب لە دانوستان لەتەک رێژیم دەکات. ئەو باوەڕی وابوو و پێداگری دەکرد کە ئەمە کارێکی پیویستە و ئەشێ بە ئەنجام بگات. قاسملوو دەیگوت هەموو خەڵک و لایەنەکان لە هەموو لایەکەوە دەچنە سەردانی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی، ئەگەر کوردەکان ئەو کارە نەکەن، ئیمکانی ئەوەی هەیە کە لەوانەیە بۆ کوردەکان لە داهاتوودا ببێتە کێشە، لەبەر ئەوەی د. قاسملوو دەیزانی کە لە داهاتوویەکی نزیک یان دوور، دانوستان یان شەڕ لە نێوان کوردەکان و رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا روو ئەدات، هەر لەبەر ئەوە پێویستە هەردوو لایەن بە نیاز پاکییەوە بچنە دانوستانەوە و نابێ وا بە رێژیم پیشان بدرێ کە هەر لەسەرەتاوە کوردەکان نە شۆڕش و نە رێبەریەکەیان قبوول کردووە.

دوو رۆژ بەر لە ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی، د. قاسملوو هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب بۆ شاری قوم سەفەر دەکەن. ئەو داوای دیداری راستەوخۆی لەگەڵ خومەینی کردبوو،د. قاسملوو بە ئەحمەدی خومەینی گوت: ئێمە نزیک بە هەزار کیلۆمتر سەفەرمان کردووە تا بێینە ئێرە و بە تەنیا لەگەڵ خومەینی قسە بکەین. ئەحمەد خومەینی لە وڵام دا دەڵێ کە پێنج خولەک راوەستن . پاش چەند خولەک هەموو ئەو کەسانەی لە ژووورەوە بوون، شوێنەکەیان چۆڵ کرد بێجگە لە ئاخوندێکی لاواز و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب کە لە دەم درگا پاسەوانیان دەکرد تا کەسێک خۆی بە ژووردا نەکات.

## کارۆڵ پرۆنهوبەر دەڵێ:



کارۆڵ پرۆنهوبەر دەڵێ: د. قاسملوو باسی لەوە دەکرد کە ئێمە نزیک بە کاتژمێرێک لە تەک خومەینی قسە و باسمان کرد، دۆخی کوردستان و خواستەکانی گەلی کوردمان بۆ ئەو شی کردەوە و پێمان گوت کە ئێمە ئامادەین بەشداری ریفراندۆم بکەین بەمەرجێک رێز لە ویست و داخوازییەکانمان بگرن. خومەینی لە وڵامدا بەبێ ئەوەی تەنانەت سەیرمان بکات، گوتی کە ئەو پرسانە چ پیوەندی بە منەوە نییە و برۆن لەگەڵ بازرگان قسە بکەن. پێم گوت زۆر باشە، لەم حاڵەتەدا تکا لە ئێوە دەکەم بە لانی کەمەوە ئەم بابەتانە

و ئەم دیدارە بە شێوەی گشتی لە ڕاگەیەندنەکانتان بڵاو کەنەوە، لە وڵامدا گوتی کە ئایت الله طاڵقانی پێشتر لەو بارەوە هەموو شتێکی باس کردووە، چ شتێکی زیاترتان دەوێ؟ دواتر ئەو ئاماژەی بە بەرنامە و پێسنیارگەلێک کرد کە لە دوای شەڕی سنە هاتبوونە ئاراوە. ئیتر من گوتم کە ڕۆژنامەوانانی ئێرانی و بیانی لە بەردەم دەرکی هاتنەژوورەوەی بیناکە چاوەڕوانی ئەوەن تا بزانن ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە بە چ ئاکامێک گەیشتووە لەبەر ئەوەی ئەوان وەک ئوپۆزسیۆنی ئێوە لێمان دەڕوانن. لەم حاڵەتەدا و ئایا ئیزن بە ئێمە ئەدەن تا بە ڕۆژنامەوانەکان بڵێین کە ئێوە هاوڕای پێشنیارەکانی آیت الله طالقانین و پەسندیان دەکەن؟ خومەینی گوتی، بەڵام من نازانم تاڵقانی چ شتێکی بە ئێوە گوتووە. ئێمە هەموو موسلمان و براین. بەڵام کاتێک ئێمە لە سەر ئەمانجەکانمان و داهاتووی ئێران پێداگریمان کرد، خومەینی گوتی کە زۆر نەخۆشم و بەخێرایی و بەبێ ئەوەی سەیرمان بکات، چووە دەر. کاتێک لە ماڵەکە هاتینەدەر و چووینە حەوشە،بییمان کە خومەینی لەسەر باڵکۆنی بیناکە دەست لە خەڵکی بەرز دەکاتەوە. ئەوە بوو کە بەنیازی گەرانەوە بۆ کوردستان سواری ماشێنەکەمان بووین و بەر لەوەی شاری قوم جێ بێڵین، لە ناو ماشینەکەدا و لەگەڵ ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی کومیتە ناوەندی کۆبوونەوەیەکی خێرامان ڕێکخست و بریارمان دا کە لە ڕیفراندۆم بەشداری نەکەین.

ڕێژیم بە فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کورد، هێرشی کردە سەر کوردستان. عەبدولرحمان کە هەرگیز بڕوای بە شەر و توندوتیژی نەبوو، ئەمجارە ڕووبەڕووی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و خومەینی ببووە.

تەیموریان : من هەردەم دێموکرات بووم و لە ڕاستی دا هەرگیز ناخم لەگەڵ تەوند و تیژی هاوڕا نییە، بەڵام بەداخەوە جاری وایە کە توند و تیژی و سەرهەڵدان پیویست دەبێ، ئەگەر کەسێک لەگەل ڕێژیمی قاجاری پەهلەوی یان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەورووە، ناچار دەبێ.

مارک کراوێتس لەسەر دانوستان لەگەڵ ڕێژیم و باوەری عەبدولرحمان دەڵێ: عەبدولرحمان لەسەر دانوستان دەیگوت کە ڕێژیمی تاران لەگەڵ ئەوەی ئامادەی چاکسازی لە قازانجی کوردەکان بوو بەڵام هەروا لەسەر هەڵوێستی دووری کردن لە گفتوگۆ لە مەڕ خودموختاری کوردستانەوە پێداگری دەکرد. بەڵام دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، خومەینی فەوتی کردبوو، هاشمی ڕەفسەنجانی وەک پیاوی بەهێزی نوێی ئێران و بەکەسێکی کردەیی حیسابی بۆ دەکرا، ئەو بوو کە لەسپاندنی ڕاگەیەنراوی کۆتای هێنان بەشەری هەشت سالە لەگەل عێراق بە خومەینی، ڕۆڵی چارەنووسازی گێڕا. وڵاتی ئێران لەگەڵ دۆخی قەیراناوی بەرەوروو بوو و ئەمە بە تەنێ بەس بوو تا ڕێژیم سەرئەنجام لە بیری دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ کوردەکان بێ.

ئەوەی کە لە شرۆڤە کردنی تیرۆری د. قاسملوو شایانی ئاماژە پێدانە، ئەو ڕاستیەیە کە حزوور لە دانوستان و مەرگی خۆت وەک یەک کردەوەی سیاسی هەڵسەنگێندراو لەبەر چاو گیراوە و تێگەیشتن لەم کردەوەیە زۆر بەم ڕاستییەوە گرێدراوە کە بکرێ تێگەیشتنێکی قووڵ لە کەسایەتییەکی کردە و ئەخلاقی ئەو بێ و سەرلەنوێ بنەمای تێئۆریکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و د. قاسملوو لەو سەردەمدا بناسێنینەوە.

هێندێک لە شرۆڤەکاران وازهێنان لە ژیانی ئاکادمیک و ئارامی ئەرووپا، خەبات لەگەل خەڵک، لە تەک خەڵک و بۆ خەڵک و هەروەها حزووری قاسملوو لە دانوستان لەتەک رێژیم بە مەبەستی چارە کردنی پرسی کورد لە ئێران، نموونەگەلێکن کە لە هەڵبژاردنی ئەخلاقی قاسملوو ناویان لی دەبەن، بەڵام خالی شایانی سەرنج پێدان بێدەنگییەک بوو کە لە سایەی دەستپێکی پیوەندی وڵاتانی رۆژئاوایی و رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گۆرستانی پێرلاشێزەوە تا کوردستان درێژەی کێشا.

**مارک کراوێتس:** تیرۆری د. قاسملوو لەگەڵ کەمتەر خەمی و گوێ پێ نەدان بەرەوروو نەبووەوە، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ پیشاندانی دژکردەوەی چاوەروانکراو و شایانی کەسایەتی دوکتور قاسملوو لە لایەن ناوەندە دێموکراتیکەکانی ئیمەوە بەرەو روو نەبووەوە. ئەوانەی کە بەپێی پۆست و پیگەکانیان پێویست بوو بزانن، دەیانزانی. بەڵام ئەو رۆژە بێجگە لە دۆستەکانی قاسملوو و کوردەکان و هەروەها ژمارەیەک رۆژنامەوان کە ئەو بابەتەکە بەلایانەوە گرینگ بوو، هیچ کەسێک بە بیری نەهێنایەوە. لەو رۆژەدا دۆستان لە دەوری تابووتی شەهیدانی ڤییەن کۆ ببوونەوە و لە گۆرستانی پێرلاشێز وەک دوایی ماڵ ئاوای، رێورەسمی ریز لێ نانیان ئەنجام دا، بەڵام لەدەرەوەی بازنەی گۆرستانی پێرلاشێز، بێدەنگییەکی بەر بڵاو حاکم بوو و ئەو کارە ناکرێ تەنیا بە خستنەبەرچاوی ترس لە رقی رێژیمی مەلاکان پاساوی بۆ بهێندرێتەوە. ئەم رەفتارە بە شێوەیەکی شەرماوی دەتوانێ دڵتەزێن بەرچاو کەوێ، بەڵام ئەوە راستییەکە و شتێکی نوێش نەبوو.

**تیرۆریستەکانی رێژیم کاری خۆیان کرد و بە پیشاندانی چرا سەوزی وڵاتانی ئەرووپایی بۆ ماڵەوە گەرابوونەوە.**

**تەیمووریان:** کاتێک کۆماری ئیسلامی رەحمانی تیرۆر کرد ،وەک ئەوە وابوو کە برایەکم لەدەست دابێ ، زۆر زۆر دڵ تەنگ بووم. من بە تواوی دەمزانی کە کوردەکان و خەڵکی ئێران رێبەرێک کە دەیتوانێ بۆ ئێران باش بێ، لەدەستیان داوە. ئەو بۆ هەموو ئێران فیدرالیزم و دێموکراسی دەویست، شتێک کە هەموومان خوازیاری بووین.

کارکردی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی ئەخلاقی کەسانێک کە لە پێگەی قاسملوو دا، دەستیان بۆ هەڵبژاردەگەلێکی لەوجۆرە دەبرد، درێژەی هوشیاری مرۆییە. درێژە پێدانێک لە چاوچێوەی ئەستێرەکانی هەڵقولاوی نێو ئەم مرۆڤانە. چرەخی پیشکەوتوو پتر لەهەر کاتێکیتر پێویستی بە لەدایک بوونەوەی ئەم ئەستێرانە هەیە، ئەستێرەگەلێک کە نە لە جۆری ئەستێرەکانی سەردەمانی پێش مودێرن لە قالبی پێگەی خوداوەند و یان قارەمانانی نجاتبەخش بەڵکوو لە قالبی مرۆڤەگەلی بەکردەوە و خاوەن لۆژیکی دروست، تێگەیشتوویی مرۆیی بەبیرمان بێننەوە و یان بە پێی پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی کە هەیانە، رێشەی دروستی هەلبژاردنەکانمان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / رێکەوتی: ٢١ی جووڵای ٢٠١٤

## ٢٥ ساڵ پێش گەلی کورد قاسملوویەکی مەزنی لە دەستدا.



عارف باوەجانی

مێژووی پر لە خەبات و بەربەرەکانی گەلەکەمان بە خوێنی سەدان هەزار رۆڵەی شەهیدکراوی ئەم نیشتیمانە تۆمار کراوە.

لە ریزی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستاندا بە دەیان شەهیدی سەرکردەمان هەیە کە بە نیەتی ئاشتیخوازی گەلەکەیان، و لە ژێر ناوی دیالۆگ بۆ ئاشتی و چارەسەری کێشەکانی گەلی کورد و وڵاتانی دگیرکەر کەوتوونەتە داوی بکوژانی ئازادی ودیمۆکراوسی و مرۆڤایەتیەوە.

شەهید دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری حیزبی دێمۆکرات، یەکێک لەو سەرکردە لیزان و ئاکادیمییانە بووە کە لە پاش تێکچوونی کۆمارە جوانەرەمەگەکەی کوردستان سەریهەڵداوە. ئەم کەسایەتییە لە رێگەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات و لەو کات و ساتە گرنگانەدا کە دۆستانی کورد لە جیهاندا ژمارەیان لە قامکی دەست تێنەدەپەری، توانی سەرنجی کۆمەڵێک کەسایەتی جیهانی بۆ لای دۆزی کورد راکێشێت. ئەم سەرکردە لێزانە لە سەردەمی لاوێتی و خوێندکاری خۆیدا توانی زۆربەی هاورێکانی سەردەمی زانکۆی بکاتە دۆست و پشتیوان و هاورێ گەلی کورد، کە تا ئیستاشی لەگەڵ بێت ئەو هاورێیانەی دوکتۆر قاسملوو پشتیوانی دۆزی گەلی کوردن. هەروەها لە ساڵی هەشتاکانیشدا دیتمان پزشکە هاورێکانی لەو سەردەمانەدا خۆبەخش دەهاتنە شاخ و گوندەکانی کوردستان و خزمەتی خەڵک و پێشمەرگەیان دەکرد.

بەشێکی زۆری هاورێکانی ئەم شەهیدە لێهاتووەمان لە پاش مەرگی قاسملوو، بوونەتە بەرپرسە باڵاکانی وڵاتانی گرنگی جیهانی و پشت و پەنایەکن بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد، کە نموونەشیان فرێدریک تێسو و بێرنارد کۆشنێری فەرانسەن، کە لەم چەندرۆژەدا پشتیوانی خۆیان و وڵاتەکەیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێشانداوە.

بوونی ئەم سەرکردە بە توانایەش، کە جینایەت و کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە جیهان دەگەیاند، بۆ ئەو ڕێژیمە تروریست و تروریست پەروەرە جێگەی تەحەمول و قبووڵکردن نەبووە. هەر لە سەرەتای دەسبەکاربوونی ئەم ڕێژیمەوە پلانی تروری دوکتۆر قاسملوو دارێژرابوو. تا سەرئەنجام و مخابن لە ڕێکەوتی ٢٢ی پوشپەڕی ٢٥ساڵ پێش، پڵانە گڵاوەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران سەریگرتوو، دوکتۆر قاسملوویان لێ شەهیدکردین.

هەربۆیە دەکرێ بۆ هەمیشە ناوی دوکتۆر قاسملوو لە مێژووی سەروەری خەباتەکانی گەلی کوردا ناوی وەبیر نەوەی داهاتوو بهێنینەوەو هەرگیز ئەو مرۆڤە بە توانایا کە گیانی خۆی فیدای نیشتیمانەکەی کرد لە بیر نەکەین.

جێ وەبیر هێنانەوەشە کە مەرگی شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی سمایل ئاغاو قاسملوو چەندین سەرکردەی شەهیدکراوی دیکەمان لە سەر مێزی دیالۆگ لەگەڵ دوژمنی ڕێوی سیفەتدا، بکەینە وانەیەک کە هەرگیز جارێکی دیکە بروا بەو جۆرە دیالۆگە داخراو شاراوانە نەکەین و با چیدیکە ڕۆڵەکانمان نەکەین قوربانی سیاسەتی دژەمرۆڤانەی داگیرکەران و نەیارانی کوردستان.

لە کۆتاییدا دەڵێم مخابن ٢٥ ساڵ پێش قاسملوویەکمان لە دەستداوە، کە بۆ سەدان ساڵی داهاتووش توانایی ئەو مرۆڤە شایانی باس و لێکدانەوەی کەسانی شارەزایە. هەر نموونەی ناوهێنانی دوکتۆر قاسملوو بەو شێوە گرنگە لە لایەن تۆری ویکیلیکسەوە، پێمان دەسەلمێنێت کە ئێمەی کورد کێمان لە دەستداوە.

لەم بیرەوەرییە تاڵەدا سەرەخۆشی لە خۆم و گشت گەلی کورد و هاوسەنگەرانی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دیمۆکرات دەکەم.
قاسملووی نەمر ڕۆحت شاد و ڕێگەت پڕ ڕێبواربێت.

عارف باوەجانی / سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان
٢٢ی پوشپەڕی ٢٧١٤ی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان / ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٤

# قاسملوو ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەر قاسملوویەو خەونی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەیەتی



حیسام دەست پیش

(وەرگیراو لە وتاری «قاسملوو، هێمای نەتەوەیەک یان خودی نەتەوە»)

کاروانی خەباتی کورد پاش کۆماری کوردستان کۆمەڵێک مانا و هێمای بە جێ هێشت کە ئەو هێمایانە چووبوونە ناو جەستەی مرۆڤی کوردەوە و بزووتنەوەیەکیان بەرهەم هێنابوو کە وزە و توانای دەبەخشیە نەوەکانی دوارۆژی خۆی کە گڕ و تینێک بەرهەم بێنن. لێرەدا نەوەکانی پاش پێشەوا خاوەن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتین کە پێویستیان بە هێما و مانای نوێ هەیە. قاسملوو وەک سەرچڵێک هەڵکەوتوو ئەم ڕاستییە دەزانێ چونکوو تێیدا گەورە بووە و خۆی نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئەم نەوەیەیە. بە خوێندنەوەیەکی نوێ و بە ئەقلیەتێکی تر دێتە ناو گۆرەپانەکەوە، هاواری مانا نوستوەکانی کورد لە چوارچرای مەهابادەوە بەرز دەکاتەوە و دەیهەوێ بڵێ کە ئێمە دەنگە نووستوەکانی چوارچرا هاتوینەوە کە پەیامێکی نوێتان پێ بگەیەنین، ئەویش هەستانەوەی مرۆڤی کوردە. بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستییە ئەو نوینەرایەتیی حیزبێک دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردیدا غەریب نیە و ناسراوە بۆ پەیرەوکردنی داخوازییە نەتەوەییەکان. هەوڵەکانی دوکتور بۆ خۆ گرێدان بە خەڵکی کوردەوە دەتوانین ئاوا ناو ببەین: وەگەڕ خستنەوەی حیزبی دیموکرات وەک میراتی کۆمار، پەیرەوکردنی شوناسی کوردی وەک ئاوێنەی سیاسەتەکانی، مەڵبەند کردنی مەهاباد وەک ناوەندی بڕیاری سیاسیی کورد، فۆرمۆلیزە کردنی داخوازی گەلەکەی، سیما کوردانەکەی، سازکردنی بەرەی کوردستانی بۆ دانوستاندن لە گەڵ داگیرکەر، پەیرەو نەکردنی هیچ ئایدۆلۆژیایەک بۆ حیزبەکەی و تەسک کردنەوەی لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکی دیاریکراودا، پێناسە کردنی حیزب وەک حیزبێکی نەتەوەیی، واقیع بینی و تێگەیشتن لەو واقیعانە، پشت بەستن بە مانا نووستوەکانی خودی کۆمەڵگای کوردی و لە هەمووان گرینگتر تێپەڕ نەبوون لە هێما نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان. ئەمانە پەیامێکن بۆ خەڵکی کوردستان کە من لە ئێوەم و جیاواز لە خەیالەکانی ئێوە بیرناکەمەوە. لە کۆبەندی ئەم تایبەتمەندیانەیە کە قاسملوو متمانەی خەڵک بەدەس دێنێ و دەبێتە ئاوێنەی خەیاڵ و داخوازیەکانیان.

لە گەرمی شمشاڵەکەی قالەمەڕەوە تاکوو پێشمەرگەی کوردستان، لە دیارکردنی ئیلام و کرماشانەوە تاکوو خۆی و ماکوو وسەلماسەوە، لە ئەقلیەتە مۆدێرنەکەیەوە تاکوو وەفاداربوونی بە دیمۆکراسی، لە فیداکاریەکانییەوە تاکوو نەسرەوتن تا سەرکەوتن، و لە دوورەڕوانیەوە تاکوو خۆشی و ناخۆشییەکانی حیزبەکەی، لە زانا بوونیەوە تاکوو ناساندنی کورد بە جیهانی دەرەوە، مانا گەلێکی

دەبەخشیە کۆمەڵگاکەی کە من هێما و سیمبۆلی ئاواتەکانی ئێوەم. هەر بەم بۆنەیەوە بوو کە قاسملوو ئێستاشی لە گەڵدا بێ هەر قاسملوویە و خەونی هەزاران رۆڵە گەلەکەیەتی.

سەرەنجام

باسکردن لەوەی کە رێبەری شەهید سیمبۆلی خەباتی خەڵکی کوردستانە شتێکی حاشا هەڵنەگرە و راستیی ئەم باسە لەوەدا دەردەکەوێ کە نەوەکانی ئەمرۆی کوردستان ئەو وەک هێمای خۆیان دەزانن. هەرچەند قاسملوو بە جەستە لە کۆمەڵگای کوردی باری کردووە، بەڵام بە هێما هێشتا هەر لە گەڵ خەڵکی کوردستاندایە. هەروەها کە پێشتر باسمان کرد بە هۆی تێکەڵ بوونی قاسملوو لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی کوردەوە ئەستەمە بتوانین کورد و قاسملوو لەیەک جیا بکەینەوە، هەر بۆیە بە سیمبۆڵ بوون و مانەوەی، ئەم راستیە ئاشکرا دەکا کە رێبەرانی کورد وەک هێمایەک بۆ ئەم نەتەوە هێشتا هەر سەرچاوەی وزە و سەرهەڵدانن و ئەگەر بلێین کە ئەم رێبەرانە نە تەنیا سیمبول نین بەلکوو خودی نەتەوەکەن پێم وا نیە کە لە راستیەوە بە دوور بێ، لە بەر ئەوەی ئەوان ئاوێنەی راستەقینەی ژیان، بەسەرهات و ئاواتەکانی ئەو نەتەوەن.

سەرچاوە: پەیجی "نا بۆ تیرۆر"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ١١ی جووڵای ٢٠١٤



## بۆ قاسملوو!



کەریم فەرخەپوور

لە سەدەی پێشکەوتن دا،لە مەملەکەتی یاسا و قانوون دا، لە پیتەختی دێموکڕاسی لە لانکی پێشکەوتن و عەداڵەت دا، لە سەدەی بیست لە هەناوی ئورووپادا، لە سەر مینبەری کلیسا لە بەر دەمی پاپا دا، ئاشتیخوازێک، مافخوراوێک، دەربەدەرێک، کوردێک، پێشمەرگەیەک، سەرکردەیەک، پێشەوایەک، زانایەک، کاریزمایەک لە خاچ درا. قاسملووی کورد تێرۆر کرا، نیشتیمانێک ڕەشپۆش کرا، ئاسمان خرۆشا گەردوونی گریاند، گۆڕ لەرزی زەوی هەژاند بەڵام ئەهلی کتێب و یاسا هەتا ئێستاس کپ و بێدەنگ هەر لە خەو دان.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە تەکیەی تاریک پەرستانی جەمارانەوە، لە قەڵای جیهاد و جینایەت و ئەنفالەوە، ڕەوەیێ دڵ ڕەش و ڤین لە دڵ بە دەمامک و شمشیرەوە بۆ زەماوەندی مەرگی فریشتەیەک هاتنە ناوەندی خۆرئاوا، لە ڤییەنی شۆخ و شەنگ دا، لە باوەشی بووکی ڕازاوەی ئورووپا دا، مەرگیان بە بالای قاسملوو بڕی، لە بیابانی غوربەتا، لە شەوەزەنگی سیاسەت و بێدادی دا، لە ناو گڕی باڕووت و گوللەدا ڕوحیان سووتاند.

قاسملوو و هاوڕێکانی شەلاڵی خوین، خوێنڕێژانیش بە پەنجە مۆری خوێناویەوە، بە دەهۆڵ و زوڕنای مەرگەوە، بە بەر دەرگای کۆشکی خاوەن شکۆدا، لە نێو ئاپۆرای بازرگاناندا، بە کەژاوەی ڕازاوەی سیاسەتی بەرژەوەندی و درۆ، لە ژێر چارشێوی مەغوول و هیتلەر دا، لە ژێرسێبەری ئینجیل و خاچەکەی عیسا دا، بەرەوە بارەگای جەهل و جەهالەت، بەرەو کۆشکی ئەهریمەن و هۆلاکۆ بەدرەقە کران، داد و دێموکڕاسیش منتەقیان لێوە نەهات.

لە مێژ ساڵە لە کوردستانی داگیرکراودا خاکی کورد و مافی کورد و نەوتی کورد کلیلی دەروازە داخراوەکانی نێوان زۆرداران و دەوڵەتانن، بەڵام بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا لە سەر مینبەری کلیسا، لە سەر تابووت و تەرمی کورد، قورئان و ئینجیل، مزگەوت و

کلیسا بە یەک دەگەن، قەشە و ئاخوند شمشیر و خاچ لە یەک دەگەن، دەرگای دادگە گاڵە دەدرێن، هەق و یاسا لە نیو دەبرێن، بێ تاوان تاونبار و تاوانبار خەڵات دەکرێن.

ئەی سیاسەتوانانی کۆشک و کلیسا، سەدان ساڵە بە بێتاوان لە ناو دەبرێین، ساڵەهایە خوێنمان دەرژێ و دەکوژرێین، زەمەنێکە هەقمان دەخورێ و هاوار دەکەین، هەتا کەی کپ و بێدەنگن، هەتاکەی ئاشقی زێڕ و نەوت و گەنجن؟ تا کەی تەماشاچی مەرگی ژن و پیاو و پیر و گەنجن؟

تاکوو ئێوە وا بێدەنگ بن، تا کرنۆش نەبەن بۆ سەر گۆڕی شەهیدی من، تا لە کریسمەس دا رۆشەن نەکەن مۆمێ لە سەر مەزاری رێبەری من، تا تاجە گوڵینە دانەنێن لە سەر گۆڕی سەربازی ون، تا شەرمەزار نەکەن دژمنی زۆرداری من، تا پێرلاشێز ئارام نەگرێ لە ئاه و حەسرەتی میوانی دوور وڵاتی غەریبی من، تا لە سەر ئیڤێڵ لێ نەدرێ جارێ مافی خوراوی شەهیدی من، هەموو رۆژێ، هەموو ساتێ، هەموو ساڵێ، لە بەر دەرگای پارلەمان و کلیساتان، لە بەر پەنجەرەی هەموو ماڵێ، لە گشت شەقام لە گوند و شار، هاوار دەکەم دەهەژێنم کۆشک و تەلار، ریسوا دەکەم هاورێی زۆردار. هەموو جارێ لە گەڵ زەنگی کلیساتان هاوار دەکەم تا ویژدانە نووستوەکان لە خەو ڕابن، هاوار دەکەم تا گوێچکە ئاخنراوەکان، دەرگا داخراوەکان، کەیسە بەستراوەکان دەکرێنەوە، هاوار دەکەم تا ئەو رۆژەی داد و دادوەرتان شەرم دەیگرێ، هاوار دەکەم تا ئەو رۆژەی روحی پیرۆزی قاسملوو ئارام دەگرێ.

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



# د.قاسملوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیک دا



## هەژیر عەبدوڵڵاپوور

کاراکتێرو کەسایەتیی کارێزمای د.قاسملوو لە چ رادەو ئاستێکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا قورسایی‌و پێگەیەکی بەرین لە نێو کۆمەڵگەی کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکاو تەنانەت ناوبانگێکی ئەوتۆی جیهانیی بۆ خۆی دابین بکا؟ بە لەبەرچاوگرتنی چ تایبەتمەندگەلێک بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو هەڵکەوتەیەیان دارِشتو بەرێوەیان برد؟

د.قاسملوو رووناکبیرێکی بیرمەند بوو بە هۆش‌و بیرتیژیی زۆر لەسەرێوە؛ ناوبراو لە دەربڕینی بۆچوون، هەڵسەنگاندن‌و لێکدانەوەش‌دا زۆر بەتوانا بوو؛ جیا لەوانە لە فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زانستی ئابووری‌و سیاسەت‌و ئەدەبیات‌و هتددا لێوەشاوەو شارەزا بوو؛ بەجۆرێک کە لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات لەگەڵ ئابووریزان، ئابووریزان، لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس‌و بگرە لەگەڵ شاعیر و ئەدیب، شاعیرو ئەدیب بوو. ئەو تایبەتمەندییە کەسێنی‌و دیارانەی د.قاسملوو، کەسێتییەکی دیکەیان بەو بلیمەتە بەخشی بوو بە جۆرێک کە لە دانیشتن‌و پێوەندیی لەگەڵ هەر کەس یان هەر کۆڕو کۆمەڵێک دەکەوتە بەر چاوو سەرنجی بەشداران‌و کەسایەتی‌و لێهاتوویی ئەو بەرزەمرۆڤە زیاتر بەرچاو و دەردەکەوت.

بەڵام بەڕاستی جیا لەو تایبەتمەندییانە، رۆڵی د.قاسملوو لە جووڵانەوەی کوردستان‌و بزاڤی سەرانسەریی ئێران‌و تەنانەت لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوین‌و جیهانی چ بوو کە لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئازادو دیمۆکراتیک‌دا پیلانی تیرۆری بۆ دارێژرا؟

لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا هێندێک لە بزاڤە کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی‌و سیاسییە بەناوبانگەکان بە ناوی کەسایەتییە بلیمەتەکانەوە دەناسرێنەوە یان بەوانەوە دەبەسترێنەوە. بزووتنەوەی دژی داگیرکاریی هیند بە ناوی گاندی، بزاڤی رەشپێستەکانی ئەمریکا بە ناوی مارتین لۆتێر کینگ، جووڵانەوەی دژی نەژادپەرستیی ئەفریقای باشوور بە ناوی نێلسۆن ماندێلاو بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی دوکتور قاسملووەوە گرێ دراوە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستانو ئێران و ناوچەدا بە دوای دوست پەیداکردن بۆ کوردو دۆزەکەیدا نەبوو، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی دەدا کوردو پرسەکەی لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، بناسێنێ.

ئەمر دوکتور قاسملوو لە پێوەندییە دیپلۆماسییە نێونەتەوەیی‌یەکانیدا زۆر سەرکەوتوو بوو و توانیبووی راو سەرنجی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئورووپایی بۆ لای دۆزی کورد رابکێشێو هەر کات سەردانی ئورووپای دەکرد، هەموو هەوڵی لەو پێناوەدا دەخستە گەڕ کە وەک باڵوێزو نوێنەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد، ئامانجو پرسی ئەو گەلە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دونیای ڕۆژاوا بناسێنێ. هەر ئەو پێوەندییە دیپلۆماتیکە نێونەتەوەیی‌یانەی ئەو بوو کە توانی لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستانو داسەپاندنی شەڕ بەسەر گەلی کورددا دەوری باشی هەبێو هەروەها لە ناساندنی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییو لە نێو راگەیەنە گشتییەکانیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێرێ. ئەگەر چاوێک بە رادەی پێوەندییەکان، وتووێژەکانو بەشداری لە کۆنگرەو سیمینارە نێونەتەوەییەکانی د.قاسملوودا بخشێنین، ئاستی پێوەندیو چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراومان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

بەڕێز عەزیز ماملێ لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "د.قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا"، لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا کاتێک بۆ یەکەم جار لە گەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسەو چەند کەس لە هاوکارانی کۆبۆوە، ئەوان زۆر زوو تامەزرۆی شێوەی قسە کردنو لێکدانەوەی وەزعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئێرانو کوردستان بوون و لە نێو چاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا ڕێز و کڕنۆش بۆ د.قاسملوو دەبینرا".

د.قاسملوو بە شارەزایی و لێهاتوویی‌یەک کە لە دیپلۆماسیدا هەیبوو، لەراستیدا لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە پلە یەکەکانی سەردەمی خۆیدا بەرابەری دەکردو بە کورتی هەموو مەرجەکانی دەوڵەتکەسایەتییەکی کوردی لە خۆیدا کۆکردبۆوە.

لایەنی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو و زاڵبوونی گوتاری ئەوان لە ئاستی وتووێژو پێوەندییەکان لە کوردستانیشدا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەم پێوەندییەدا بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە دۆستانی نیزیکی ئەمر قاسملوو دەڵێ: "لە دەفتەری سیاسیدا ئێمە زۆرجار میوانی گەورەی سیاسیو سەرکردەی سیاسیمان دەهات. هەر لە ڕێبەرانی کوردەوە، هەتا ڕێبەرانی ڕێکخراوە ئێرانییەکان، هەتا نوێنەرانی دەوڵەت، هەتا ڕۆژنامەنووسانی ناوچەییو دەرەوە سەردانیان دەکردین. لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، لە سەرکەوتنو نسکۆدا، لە هەموو ئەو کاتانەدا کە دەفتەری سیاسیمان لە مهاباد، لە سەر شاخانی ناوچەی مهاباد، لە شیوەجۆی ناوچەی سەردەشت، لە مەزناوێی ناوچەی سەردەشت، لە گەلاڵێی باشووری کوردستان و لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە نیزیکەوە ئاگام لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو بوو. لەو دیدارانەدا، قەت نەمدی، ڕێبەرایەتیی دانیشتنەکەی لە دەست دەربهێنرێ. دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و دەرخستنی زانستی خۆی کارێکی وای دەکرد کە میوانەکان زۆرتر دەبوونە گوێگر هەتا وتەبێژ. دوکتور هەمیشە بە سەر

دانیشتنەکاندا زاڵ بوو، بە جۆرێک کە سەرکردە بەناوبانگەکانیش، بە دڵخوازی خۆیان رۆڵی سەرکردەی کۆبوونەوەکەیان پێدەسپارد".

د.قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام بۆ بەرین کردنەوەی خەباتو چالاکی لە دژی ئەو رێژیمە، بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان بە چەپو راستەوە بوو.


نەمر د.قاسملوو لە هەستیارترینو دژوارترین هەلومەرجەکاندا باشترین هەڵوێستو سیاسەتی گرتەبەر و بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە ئەستەمترین قۆناغەکاندا رێبەری کردو بە هەق لە درێژەدەرانی راستەقینەی رێگای نەمر قازی محەممەد بوو و هەتا ئەمڕۆش لە رێبازیدا کە بە "رێبازی قاسملوو" ناسراوە، زیندووە.

بە سەرنجدان بەو تایبەتمەندیانەو زۆر تایبەتمەندیی بەرچاوی دیکەی د.قاسملوو بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو رێبەرە مەزنەی کوردیان دارشت.

بە تیرۆری د.قاسملوو کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا، بەڵکوو کەڵە دیپلۆماتێکی هەڵکەوتووی لە دەست چوو، کە ئەگەر مابا، بەدڵنیاییەوە دەیتوانی لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی کورددا نەخشی دیار و بەرچاو بگێرێ.

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤



# د.قاسملووڕێبەرێکی دێموکراتو سیمای بەرزی مرۆڤایەتی



**حوسێن نازدار**

٢٢ی پووشپەری ١٣٩٣ی هەتاوی ٢٥ساڵ بەسەر شەهید بوونی دوکتور قاسملووی زاناو مەزن دا تێدەپەرێ، بەم بۆنەوەو لەم ڕۆژەدا حیزتی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کوردو دۆستان و لایەنگرانی کوردو دوکتورقاسملوو، لە زۆر شوێنی جیهاندا، بەشێوەی جۆراوجۆر ڕێز لە یادو بیرەوەری ناودارترین کەسایەتی سیاسیو گەورە پیاوی مێژووی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر دەگرن.

لە ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (بەرانبەربە ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی)دا، تیرۆریستە دڵرەشەکانی ڕێژیمی ولایەتی فەقیە، کەبە ڕواڵەت بۆباسو دیالوگ لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێرانەوە ناردرابوونە ڤییەن (پێتەختی ئوتریش ). دوکتورقاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەگەڵ کاک "عەبدوڵلا قادری ئازەر"ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو" دوکتور فازڵ ڕەسووڵ "ماموستای کوردی زانستگەی ڤییەن ،تیرور کرد.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیانزانی کە د.قاسملوو هەروەک لە خەبات بۆ دادپەروەری سیاسی و نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیدا شێلگیرە، زۆر زیاتر لەوەش باوڕی بە وتوویژو چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیەو هەر بۆیە کاتێک لە ڕێگای نیزامی یەوە زەفەریان پێ نەبرد، فێڵبازانەو دەغەڵکارانە لە دەروازەی ئاشتیخوازانەوە بۆی هاتنە مەیدانو بە ناوی وتوویژی ئاشتیخوازانە لەسەر مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران،لە ڤییەن دەگەڵی دانیشتن و تێروریان کرد.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە شەهید یوونی د.قاسملوو زەبرێکی کاریگەرو خەسارو کۆستێکی مەزن و شوێن دانەر بوو، کە بە تایبەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت.تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەو کۆستە گەورەیە، کۆستی هەموو نەتەوەی کورد بە گشتیو بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانو بزووتنەوەی خەبات بۆئاشتیو ئازادیو دێموکراسی لە ئاستی جیهانیدابوو.

ئەو كۆستە گەورەیە لەلایەک بوو بە مایەی خەم و پەژارەی خەڵکی کوردستان و دۆستانی گەلی کوردو لەلایەکی دیکەوە رق و قینی شۆرشگێرانەی رۆڵەکانی گەلی کوردی بەرانبەر بە رێژیمی ئاخوندی زیاتر لە پێشوو بزواندو لەسەر درێژەدانی خەباتو رێبازی رێبەرە مەزنەکەیان شێلگیر تری کردن و لەئاستی جیهانیش دا، سیماو نێوەرۆکی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی باشتر دەرخست.

دوکتور قاسملوو،بە شاهیدی و ئیعترافی زۆر کەسایەتی ناوداری کوردو ئێرانیو جیهانی کەلە نزیکەوە ناسیوویانە، گەورەترینو بەئێعتبارترین کەسایەتی سیاسیو مێژووی کورد بوو، تەنانەت لە رۆژهەلاتی ناوەراستیشدا کەسایەتیەکی کەم وێنە بوو، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆبەشێکی بەر چاو لە دەسکەوتەسیاسیەکانی خۆی قەرزداری زانایيو زیرەکی سیاسی ئەو رێبەرە مەزنەیە، بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ گەلی کورد رێبەرێکی دیکەی هاوتای قاسملووی نەبوەتەوە.

دوکتور قاسملوو، خوێندکارێکی زیرەک و بە بەرنامە، مامۆستایەکی کەم وێنە،بیرمەندو روناکبیرێکی بیرکراوەو تێژبیرو وریا و ژیربوو.

دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێرن و سیمایەکی دێموکرات، مرۆڤێکی شورشگێر، سیاسەتوانێکی واقع بینو نمونە، دیپلۆماتێکی هەڵکەوتوو و سەفیرێکی گەورەی نەتەوەی چەوساوەی کورد بوو..

دوکتور قاسملوو، مودیرێکی داهێنەر و چالاک و پڕکار و ماندووی نەناس، رێکخەرێکی بە توانا و ئەمانەت دار، پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین، تێکوشەرێکی خاکی و خەڵکی و بەهەست و قسە خوش و راستگۆ، کوردێکی مافخوازو نیشتمان پەروەر بوو.

دوکنور قاسملوو، لەئاستی کوردستان و ئێران و جیهان دا، بەراستی خەباتگێڕی شێلگیرو لە خۆ بوردوو و ماندووی نەناسی رێگای ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی بوو.

د.قاسملوو، بە زیرەکی و توانایی و ئەزموونی کەم وێنەی خۆی رۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەرێخست، پێرەوپرۆگرامی حیزبی لە سەر بناغەو بنچینەی دیمۆکراسی وبەرژەوەندی گەلی کوردو سەربە خۆی سیاسی بریاردان دارشتەوەو کردییە بە رێبازی سیاسی حیزبی،

سوسیالیستی دێموکرانی لە ناو حیزبدا چەسپاندو کردیە بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دیموکرات.

شەهید دوکتور قاسملوو، باورێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو ،پێی وابوو دێموکراسی شتێک نییە تەنیا تایبەت بە هێندێک کەسو چەند وڵات بێ، بەڵکوو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتییەو هەرکەسێکو هەر وڵاتێک مافی هەیە کە هەیبێ و کەڵکی لێوەرگرێ، ئەو نەک هەر بۆ دۆستان تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی دێمۆکراسی دەپاراستو دەیفەرموو: "خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات


بۆ مافی نەتەوایەتیو چینایەتی" د.قاسملوو، باوڕی قووڵی بە" ئازادیو داد پەروەری"هەبوو، پێی وابوومرۆڤ هەروەک بۆ درێژەدان بە ژیان پیویستی بە "ئاو هەوا "هەیە،هەر بەو چەشنەش بۆپەرەگرتن و گەشە کردنو درەوشانەوی کومەڵگای مرۆڤایەتی پیویستی بە "ئازادیو دادپەروەری" هەیە.

شەهید دوکتور قاسملوو، باوڕی قووڵی بە"دۆستایەتی و پەیوەندی و هاوکاری"نێوان مرۆڤەکان هەبوو، پێی وابوو بۆ بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە پاراستنی "بەرژەووندیو سەربە خۆییو حورمەتی"بەرانبەر، پیویستە ئەو پێوەندیو هاوکارییە هەمیشە گەشە بکاو پەرە بستێنێ.

لە بەر هەمووی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە دقاسملووی نەمر هەیبوون،شەمشەمە کوێرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران،دوژمنانی ئاشتیو ئازادی و مافی مرۆڤ، بە پیلانی ئاشتیو بەغەدرو خەیانەت دەست بەکار بوونو مامۆستای دێموکراسیو پێغەمبەری ئاشتییان شەهیدکرد.

ئەوان بە هەڵە چوون، پێیان وابوو بە تێروری دقاسملوو، رێبازو ئامانجو حیزب وگەلی قاسملووشیان تێرور کردوە، بەڵام ئیستا پاش تێپەر بوونی ٢٥ ساڵ بە سەر شەهید بوونی د.قاسملوودا، زۆر ئاڵوگۆری هەمە لایەنەو گرینگو چارەنووس ساز لە ئاستی جیهانیو ناوچەییو ناوخویی دا پێکهاتوون کە تەنانەت لە سەر حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیش شوینو کاریگەری بەرچاویان هەیە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش زیاتر لە هەموو کاتێک کەوتوەتە بەر گەمارۆی جۆرواجۆری نێودەوڵەتیو جیهانیو حیزبی دێموکراتو بیر ورێبازو ئامانجی قاسملووش بەردەوام لە بەرەو پێش چوون و گەشە کردنو درەوشانەو دانو رێبوارانو قوتابیانی قوتابخانەی قاسملووش، ئاڵای پڕلە شانازیئەویان بە شەکاوەیی راگرتوەو بۆ گەیشتن بە مافو ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد، دڵسوزانەو سەربەرزانەو شێلگیرانەو بێوچان خەبات دەکەنو بەرەو ئاسۆی روون هەنگاو دەنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ٩ی جووڵای ٢٠١٤



# وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حدکو بەرپرسی کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن



دوکتور قاسملوو یەکێکە لەو ڕێبەرانەی کورد، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەی متمانە بەخۆیی ڕەچاو کرد. ئەو ڕێبەرە مەزنە، پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ وەک سکرتێری گشتی حیزب و سەرپەرشتی تیمی دانوستانکار، لە پێناو هێنانە دی ئاشتی و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد چووە ڤییەن پێتەختی ئوتریش. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزب و دوکتور فازل ڕەسووڵ بە دەستی تیرۆریست دیپلۆماتەکانی ئێران لە سەر مێزی دانوستان شەهید کران. لەم کورتە وتووێژەدا هەوڵمان داوە لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری ئەم کەسایەتییە مەزنەدا، مەولود سوارە بەرپرسی «کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن» بدوێنین.

**ئارەش لورستانی: کاک مەولود سوارە! دەکرێ بفەرموون یەکەم جار لە لایەن کێوە پێشنیاری دروست بوونی ئەم کۆمیتەیە کرا؟**

**مەولوود سوارە:** سڵاو و ڕێز، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی ڤییەن، پێشنیاری کۆمیتەیەکی کردو بۆ ئەو مەبەستە ٥ کەس دیاری کران بۆ هاسانکاری و هەروەها بۆ بەرنامەڕێژی ئەم یادە.

**ئارەش لورستانی: تکایە ئەگەر دەکرێ لە سەر کات و شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە زیاترمان بۆ بدوێن؟**

**مەولوود سوارە:** لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن، ئێمە ئەمساڵ بۆ یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لەو سێ شوێنە بەرنامە ڕێژیمان کردوە:

١- له نۆروێژ ئۆسلۆ رێکەوتی ١٢ای جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٢ بۆ ٦ی ئێواره هەر بەو بۆنەوه سمینارمان دەبێت، هەریەک لەبەرێزان کاک مستەفا شەلماشی و کاک سمایل بازیار، دکتور گلمراد مرادی و کاک ئەحمەد رەفعەت بەشداری دەکەن.

٢- پێرلاشێز رێکەوتی ١٣ای جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ١ بۆ ٥ی پاشنیوەرۆ کە کۆمیتەکانی فەرانسە، بریتانیا، ئالمان، سویس، ئوتریش و بلژیک بەشداری دەکەن و وتارو برنامەمان دەبێت، لەم بەرنامەیەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب وتاری دەبێت، دوکتور فردریک تیسۆت دۆستی لەمێژینەی کورد، کاک عەزیز ماملی، دکتور حوسین لاجوردی، دوکتور حوسین قاسمی و دوکتور حەسەن کیانزاد وتاریان دەبێت.

٣- پارلمانی بریتانیا رێکەوتی ١٤ای جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٧ی ئێواره لە ژووری کۆمیتەی ژماره ٢ لە پارلمانی بریتانیا سمینارمان دەبێت و هەریەک لە بەرێزان جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری مافی مرۆڤ لە پارلمان،کیت فاز ئەندامی پارلمانی بریتانیا، دوکتۆر فردریک تیسۆت سەفیری پێشوی فەرانسە لە کوردستان، لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و کاک ئاسۆی حەسەن زاده وتاریان دەبێت

ئارەش لورستانی: ئەگەر پێتان وایە زانیارییەکی زیاتر پێویستە بوترێ، بفەرموون:

مەولوود سواره: کۆمیتەکانی سوئێد، نۆروێژ، فینلەند و دانمارک بەشداری سمیناری ئوسلۆ دەکەن جێگای ئاماژەیه کە ئێمە بەهاوکاری ناوەندی پەرەسەندنی کورد لەبریتانیا ئەم کۆبونەوەیەی پارلمانمان رێکخستوه.

پۆستری تایبەت بە وێنەی کە تائیستا بلاو نەبۆتەوه پۆستەری تایبەتمان ئاماده کردوه و هەروەها فەیس بووکی تایبەتمان بەنێوی دوکتور قاسملوو ئامادەکراوه کە زیاتر لە ٧هەزار کەسی تێدایه.

له ژماره ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه

سەرچاوه: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٤

# ساڵرۆژی تیرۆری د.قاسملوو و بەرپرسیارەتی ئەخلاقی



مادح ئەحمەدی

ئەمساڵ (١٣٩٣)، چارەکە سەدەیەک بەسەر تیرۆری ڕێبەری مەزن "دوکتور قاسملوو" و هاوڕێیانی لە ڤییەن تێپەڕ دبێ. بۆیە ئەتوانین بێژین کە بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، دەبێ ئەمساڵ لە چاو ساڵانی پێشوو جیاواز بێ و گرنگیی تایبەتی پێبدرێ. لە ماوەی رابردوودا هەر دوو لای حیزب کاریان بۆ ئەم بابەتە کردووە و هەر دوو لاش بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، کۆمەڵێک بەرنامەیان بەدەستەوەیە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم پێداگرییە لەسەر رەهەندێکی ئەخلاقی کە پێویستە هەموومان لە ساڵرۆژی تیرۆی دوکتور قاسملوودا ڕچاوی بکەین.

بەداخەوە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ئەم خاڵە ڕەچاو نەکراوە و لە چوارچێوەی فەزایەکی ناسالم و رەقابەتێکی ناسالمدا هەر دوو لای حیزب مامەڵەیان لەگەڵ ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و کەسایەتی دوکتور قاسملوودا کردووە.

لەبەر ئەوەی کە هەر دوو لا خۆیان بە میراتگری مێژووی حیزب دەزانن، زۆر جار بەشێوەیەکی ئامرازی و شکڵی مامەڵە لەگەڵ بۆنەکاندا کراوە و بەشێکی زۆری کار و بەرنامەکان لە دەرەوەی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بووە و ئەوەندەی بۆ ململانێ و هەڤرکێ لەگەڵ یەکتری بووە، ئەوەندە بۆ ئەوە نەبوو کە باری مانایی بۆنەکان و کەسایەتییەکان بەرجەستە بکرێ. یەکێک لەو بۆنگەلەی کە بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بووە. هەر دوو لا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە درێژەدەری ڕێبازی دکتۆر قاسملوون، ململانێ ئەوەیان بووە کە کامیان بتوانێ سیمینارێک یان کۆڕێک زیاتر لەوی دیکە لەسەر دوکتور قاسملوو بگرێ. رەخنەکە لێرەدا ئەوەیە کە لەم ململانێ و هەڤرکێیەدا باری مانایی و ناوەرۆک رەچاو نەکراوە، بۆیە دەچێتە خانەی رەقابەتێکی ناسالمەوە و نەتەنیا بە قازانج نەبووە، بەڵکو غەدریش لە کەسایەتی دوکتور قاسملوو کراوە. بە واتایەکی دیکە ئێمە لەباتی ئەوەی هەوڵ بدەین کەسایەتی دوکتور قاسملووی مەزن، گەورەتر نیشان بدەین، هاتووین لە چوارچێوەی حیزبێک و دوو

لایەندا کورتمان کردووەتەوە و زۆر جار لە پشتی ئەم کەسایەتییەوە دژی یەکتری سەنگەرمان گرتووە و هەڵە و کەموکۆڕییەکانمان پێ پاساوداوە. ئەمەش دوورە لە رەهەندێکی ئەخلاقی و دەچێتە خانەی کەڵک وەرگرتنی ئامرازی و شکڵییەوە و بەش بەحاڵی خۆم ئەمە بە غەدر دەزانم و پێموایە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە سەیری دەکەین و دەبێ بە قەبووڵ کردنی ئەم رەخنەیە لە روانگەیەکی ئەخلاقگەرایانەوە بڕوانییە کەسایەتی دوکتور قاسملوو و یادی بکەینەوە.

لەم پێوەندییەدا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆر ژێست بە دوکتور قاسملووەوە گیراوە و لە پشتی کامێراکانەوە زۆر بە دوکتور قاسملوودا هەڵوتراوە و دوور لە چاوی کامێراکانیش پێچەوانە رەفتار کراوە. بۆ وێنە دوکتور قاسملووش وەک هەر کەسایەتییەکی دیکە، دژبەر و رەخنەگری خۆی هەبووە و ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییە گەورەکان. دوکتور قاسملوو جیا لە دەرەوە لە ناو حیزبەکەی خۆشیدا رەخنەگر!! و دژبەری!! هەبووە، کەچی ئێستا لە ئەنجامی ململانێیەکی ناسالمدا هەمان ئەو کەسانەی کە رەنگە دوکتور قاسملوویان قەبووڵ نەبێ، یان رەخنەیان لێ هەبێ، دەهێنرێنە پشتی کامێراکان و بە دوکتور قاسملوودا هەڵدەڵێن. لێرەدا من مەبەستم گرووپێکی دیاری کراو نییە و رەنگە ئەم خوێندنەوەیە زۆر کەس بگرێتەوە و هەروەها رەنگە کەسیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی نەبینێتەوە.

کاربەدەستی حیزبیم!!! پێ شک دێ کەلە کۆبوونەوەی چەند کەسی مەحفەلیدا، خەباتی دوکتور قاسملوو دەباتە ژێر پرسیار و تاوانباری دەکا بەوەی کە هەموو کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و لەسەر دەستی د.قاسملوو سەری هەڵداوە، یان ئامادە نییە بەشداری رێوڕەسمی شەوی یەڵدا بکا کە دەکاتە ساڵرۆژی لەدایکبوونی د.قاسملوو، یان ئامادە نییە وێنەی دوکتور قاسملوو و رێبەرانی شەهید لە ژووری کارەکەی هەڵبواسێ و هیچ باوەڕی بە رێباز و هێڵە سیاسی و هزرییەکانی د.قاسملوو نییە، کەچی لە ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا لە پشتی کامێرا و تریبوونەکانەوە دەردەکەوێ و بە شاخ و باڵای د.قاسملوودا هەڵدەڵێ. ئەوەی کە باوەڕت پێ نەبێ و رەخنەت لێ هەبێ زۆر ئاساییە، بەڵام ئیتر ئەوە ئاسایی نییە کە تۆ باوەڕت پێ نەبێ و بچیتە پشتی تریبوون و کامێراکانەوە دەست بە پێداهەڵگوتن بکەی. بە باوەڕی من ئەمن جۆرێک لە دیماگۆژیەت و خەڵک فریودان و بێ ئەخلاقی.

بۆ ئەوەی غەدر لە کەسایەتی دوکتور قاسملوو نەکەین و لە روانگەیەکی ئەخلاقگەرایانەوە یادی بکەینەوە، پێویستە لە چوارچێوەی فەرمییات و گەمەکانی دونیای سیاسەت و حیزبایەتی بێنەدەرەوە و دوکتور قاسملوو وەک هەیە رێزی لێ بگرین و باسی بکەین. ئەگەر بەباشی نازانین کە رەخنە لە دوکتور قاسملوو بگرین، هیچ ناچار نین بچین لە پشتی تریبوون و کامێراکانەوە بە کاتژمێر و نیو کاتژمێر بە کەسایەتی دوکتور قاسملوودا هەڵبڵێین و بۆ خەڵک قسە بکەین و دوای ئەوەش بچینەوە لە کۆڕێکی چەند کەسیدا دەست بکەین بە رەخنەگرتن و سەرلەبەری ژیانی سیاسی دوکتور قاسملوو رەت بکەینەوە. لەچوارچێوەی فەرمییات و گەمەکانی دونیای سیاسەتدا لە ساڵانی رابردوودا زۆر کەس هاتوون قسەیان کردوو و دوکتور قاسملووشیان قەبووڵ نەبووە و پێانداهەڵوتووە و دواتر چووەنەتەوە ژوورەکەی خۆیان و لە کۆڕی چەند کەسیدا دەستیان کردووە بە رەخنەگرتن و رەت کردنەوەی خەباتی دوکتور قاسملوو. وەک ئاماژەی پێکرا، رەخنە گرتن لە دوکتور قاسملوو تاوان نییە، بەڵکو ئەوە تاوانە کە بڕوات پێ نەبێ و بچی نیوکاتژمێر پێیدا

هەڵبلێی و قسە بۆ خەڵک بکەی و دواتریش هەموو شتێکی دوکتور قاسملوو رەت بکەیتەوە. حافز وتەنی:" واعظان کاین جلوە در محراب و منبر میکنند / چون بە خلوت میروند آن کار دیگر میکنند" . ئەم شێوە مامەڵە کردنە لەگەڵ کەسایەتی دوکتور قاسملوو لە ساڵانی رابردوودا ناچێتە خانەی مامەڵەیەکی ئەخلاقییەوە. بەداخەوە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو دووبەرەکییەی کە دروست بووە و سەپاندوویانە بەسەر حیزبی دێمۆکراتدا.

دوکتور قاسملووی مەزن، چوارچێوەیەکی مۆدێرنی بە حیزبی دێمۆکرات داو ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر دوو لای حیزب لەو سەرمایە دەخۆن کە دوکتور قاسملوو نەخشی سەرەکی لە پێکەوەنانی دا هەبووە، بۆیە لە گەمەکانی نێوان یەکتریدا، رەوا نییە بە شێوەیەکی ئامرازی کەڵک لە دوکتور قاسملوو وەربگیردرێ.

پێویست ناکات لە ململانێ لەگەڵ یەکتریدا هەوڵبدرێ ژمارەی کۆڕ و سیمینار و سەفەرەکان زیاتر بکرێ. هەرکەس سیمیناری زیاتر پێک بێنێ و سەفەری زیاتر بکات، بەو مانایە نییە کە ئەوە میراتگری سەرەکی و درێژەدەری راستەقینەی رێبازی دوکتور قاسملوویە. دوکتور قاسملوو کە رەمزێکی گەورەی خەباتی کوردە، پێویست بە ئاراستەی بەهێز کردنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە کەڵک لە کەسایەتی و وانەکانی وەربگرین. ئەمە ئەرکی ئەخلاقی هەمووامانە، نە ئەوەی لایەنێک بۆ لێدانی لایەنێکی دیکە لە پشتی کەسایەتی دوکتور قاسملووەوە سەنگەر بگرێ. بەداخەوە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا زۆر هەوڵمان داوە لە پشتی کەسایەتی دوکتور قاسملووەوە خۆمان بشارینەوە، کەموکۆڕی و هەڵەکانمان پاساو بدەین و سەنگەر لە یەکتری بگرین.

دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک لە تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی پێویستە لەو بەرپرسیارەتییە ئەخلاقییە تێبگەین و چیتر درێژە بەو مامەڵە ناشیاو و نا ئەخلاقییە لە پێوەندیی لەگەڵ کەسایەتیی دوکتور قاسملوودا نەدەین. بیر و رێبازی دوکتور قاسملوو دەبێ بەو ئاراستەیەدا بمانبات کە خەباتی کورد لە رۆژهەڵات ببوژێنینەوە و بەرەو لێکنزیک بوونەوەی زیاتر و کاری هاوبەشی زیاترمان ببات.

لە بەرەبەری ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووی مەزن و هاوڕێیان "عەبدوڵا قادری ئازەر" و "د.فازڵ رەسوڵ" (دۆستی حیزب)دا، هیوادارم ئەم رەهەندە ئەخلاقییە رەچاو بکرێ و یادکردنەوەکانمان جیاواز بێ لە ساڵانی رابردوو، پێویستە واز لەو ململانێیە ناسالمە بهێنین و بەشێوەی نائەخلاقی و ئامرازی لە دوکتور قاسملوو و شەهیدەکانمان کەڵک وەرنەگرین.

ئەم بابەتە روانگەی نووسەرەکەیەتی و ئاژانسی کوردپا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٧ی جووڵای ٢٠١٤

# تێڕوانینێک لەسەر چەمکی قاسملوو ییسم لەکوردستان



**هادی عارفی**

دوکتور قاسملوو شەوی یەڵدای سالی ١٩٣٠ زایینی لە شاری ورمێ (رەزاییە) چاوی بە ژیان هەڵێناو لە ١٣ای ژووئییەی ساڵی ١٩٨٩ای زایینیدا لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش لە ئەنجامی فتوایەکی سیاسی - ئایینیدا لەلایەن دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆر - فاشیستیی ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کرا.

ناوی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی وەک دێمۆکراسی، خودموختاری، سۆسیالیزم، خەباتی چەکدارانە، سەربەخۆیی حیزبی گرێدراوەو ناوەکەی بۆ هەر تاکێک کە ئەم بەرزە مرۆڤە بناسێت، ئەم چەمکانەی وەبیر دێنێتەوە.

گرێدانی دێمۆکراسی و پرسی نەتەوەیی یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی دوکتور قاسملوویە. ئەو پێیوابوو نە دێمۆکراسی بە تەنیا و بەبێ چارەسەر کردنی راستەقینەی پرسی نەتەوەیی واتایەکی راستەقینەی هەیە و نە پرسی نەتەوەیی بەبێ دێمۆکراسی چارەسەر دەکرێت. "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران، دوکتورین و بیروباوەڕی قاسملووی بەرزە مرۆڤ بوو.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٨٠ای زایینی روو لە هێز و رێکخراوە چەپە رادیکاڵەکان کە بانگەشەی دیکتاتۆریی پرۆلتاریایان دەکرد، رایگەیاند: "خراپترین دێمۆکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە". دوکتور قاسملوو دێمۆکراسی بۆ خۆی کردبووە رێڕەوی خەبات و بەرخودان لە پێناو ئازادیدا.

مادام میتران، هاوسەری دانیال میتران سەرکۆماری پێشووی وڵاتی فەرانسە گوتبووی: "دوکتور قاسملوو بە بەڵگە وە پێی سەلماندم کە دێمۆکراسی دەتوانێ خاڵی هاوبەشی ئێمەی فەڕانسەوی و کوردەکان بێت".

هەر وەک ماندێلا و خەبات دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور تەواوکەری یەکترن، لە کوردستانیش دێمۆکراسی و دوکتور قاسملوو لفە دوانەیەکی پێکەوە لکاون و کە جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئیمکانی نییە.

دێمۆکراتیزە کردنی پەیوەندییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە لێزانی و لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو گەیشتنە ئەنجام، ئەو تاکە رێبەری نەتەوەی کورد بوو کە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە لە کۆنگرە پلینۆمە حیزبییەکاندا دەبووە کەسی یەکەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. رێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی کورد وەک جەلال تاڵەبانی، بارزانییەکان، عەبدوڵلا ئۆجەلان .. هیچکات لە هەڵبژاردندا بەشدارییان نەکرد و رێبەری بێ ئەملاوئەولای حیزبەکانی خۆیان بوون.

دوکتور قاسملوو بەپێچەوانەی رێبەرە کوردەکانی دیکە، باوەڕی بە رێبەریی تاکەکەسی نەبوو، ئەو بەرزە مرۆڤە بانگەشەی بۆ رێبەریی بەکۆمەڵ دەکرد و لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا لە متینگێکدا لە شاری بۆکان، رەخنەی لە دروشمی بژی قاسملوو گرت، کە لەلایەن خەڵکی بەشداری متینگەکەوە دەگوترایەوە، ئەو بە ئاشکرا رایگەیاند " دروشمی بژی قاسملوو دروشمی ئێمە نییە، بەڵکوو بژی ئازادی، بژی کوردستان و بژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دروشمی ئێمەیە".

هەر کاتێک کە حیزبی دێمۆکرات لە ئەنجامی ناتێگەیشتوویی یان لێکدانەوەی نادروستی ئەندامێکی خۆی لە چەمکی دیمۆکراسی تووشی زیان دەبوو، دوکتور قاسملوو دەیگوت: "هەتا ئەو کاتەی فێری دێمۆکراسی دەبین، دەبێ نرخەکەشی بدەین، چونکە ئێمە لە ئێستادا تەمرینی دێمۆکراسی دەکەین".

وەزیری کاری دەوڵەتی فەڕانسە لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانیدا نووسیبوویەتی "تیرۆری دوکتور قاسملوو خەنجێرێک بوو کە لەسەر دڵی دێمۆکراسیی تازە پێ گرتووی لە حاڵی گەشەی رۆژهەڵاتی ناڤین درا".

پێداگریی دوکتور قاسملوو بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێران، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم ئەوەیکە: دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدابوو کە بواری مێژوویی و سیاسیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ هەڵکەوتەو پێگەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان (ئێراق، تورکیا و سووریا) جیاوازی هەیە و لە پێگەی کەسایەتییەکی لێزانی سیاسیدا واقیعبینیی سنوورە سیاسییەکانی کوردستانی قەبووڵ کردبوو.

دووەمیش ئەوە بوو کە، جۆری ستەمی نەتەوەیی کەلە وڵاتی ئێران بەرۆکی کوردی گرتبوو، لەگەڵ ئەو ستەمە نەتەوەییەی کە بەرەورووی گەلانی دیکەی ئێران دەبوویەوە جیاوازیی هەیە، کەوابوو بەپێی لۆژیک ناکرێ بە یەک شێوە چارەسەر بکرێن.

دوکتور قاسملوو نەیدەشاردەوە کە باوەڕی بە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی و دیاریکردنی مافی چارنووس هەیەو لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینی لە دیدارێکدا لەگەڵ هانی ئەلحەسەن نوێنەری فەلەستینییەکان، رایگەیاندبوو: "ئێمە لە ئێستادا داوای خودموختاری دەکەین، بەڵام

ئەگەر خەباتەکە قووڵتر و درێژتر بێتەوە، کوردەکان بیر لە ئاڵترنایڤیکی دیکە دەکەنەوە". (گۆیا هانی ئەلحەسەن ئەم وتەیی دوکتور قاسملووی بە گوێی خومەینی گەیاندبوو).

لەگەڵ ئەوەیکە دوکتور قاسملوو بەردەوام رەخنەی لە سۆسیالیزمی مەوجوود دەگرت، بەڵام هەمیشە سیستەمێکی سۆسیالیستی بە لە سیستەمێکی کاپیتالیستی باشتر بوو. دروشمی سۆسیالیزم ئەو دروشمە نەبوو کە دوکتور قاسملوو رازی بکات، ئەوەش لە روانگە و بیری عەداڵەت خوازانەی دوکتور قاسملوویەوە بە نیسبەت سۆسیالیزمەوە سەرچاوە دەگرت. ئەو لە پێگەی کەسایەتییەکی بیردۆزی سۆسیالیستییەوە هەم لەگەڵ سۆسیالیستە نەریتی و کلاسیکەکان، کە بە بیانووی خەبات دژی ئیمپریالیسمەوە نکۆڵییان لە ستەمی نەتەوەیی لە ئێران دەکرد و هەم کۆمۆنیستە توندڕەوەکان، کە بەهۆی خەباتی چینایەتییەوە دژایەتییان لەگەڵ مافی نەتەوەکانی ئێران دەکرد، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەبوو، دوکتور قاسملوو رەخنەی لەو جۆرە ئایدیا و بۆچوونانە گرت. بەم شێوەیە بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران خۆی لە دەست دوو تێروانی هەڵە و نادروست رزگار کرد و ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران واتە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک کە تێزی بەناوبانگی ئەو رێبەرە مەزنەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کوردە، دیاریکرد. دوکتور قاسملوو هەتا کاتی تیرۆرکرانی وەکوو یەکێک لە رێبەرانی سۆسیالیستیی جیهان لە لیستی رەشی رێکخراوی (سیا)ی ئەمریکادا بوو، هەر بەم هۆیەوە ئیزنی چوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەبوو.

دوکتور قاسملوو وەکوو دیپلۆماتێکی لێزان و بە ئەزموون و شارەزا لە هەوراز و نشێوە دیپلۆماتیکەکان بایەخێکی یەکجار گەورەی بۆ ناساندنی پرسی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئەدا، ئەو پێیوابوو کە یەکیەتیی سیاسیی کوردەکان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی مەرجی سەرەکییە، بەڵام پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز مەرجێکی پێویستەو راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی وڵاتانیش تەنیا لە رێگەی چالاکیی دیپلۆماسییەوە بە ئەنجام دەگات و دەستەبەر دەبێت.

دوکتور قاسملوو بە هەوڵی ماندووونەناسانەی خۆی توانی هەتا رادەیەکی یەکجار زۆر پشتیوانیی دەوڵەتی فەرانسە بەدەست بێنێت، حیزبەکەی دوکتور قاسملوو (حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران) یەکەمین حیزبی سیاسیی کورد بوو کە لەلایەن دەوڵەتێکی زلهێزەوە (فەرانسە) بە فەرمی بناسرێت.دوکتور قاسملوو توانیبووی لە ئاستێکی سەرەوەدا جێگە و پێگەی تایبەتی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی وڵاتی فەرانسەدا بۆ نەتەوەی کورد بە دەست بێنێت، بە بەردەوامی لەلایەن حیزبە خاوەن پێگە و جەماوەری (حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیست)ەوە بۆ بەشداری لە رێوڕەسم و کۆنگرەکاندا بانگهێشت دەکرا. هزری دوکتور قاسملوو وایکرد کە ئەو حیزبەی کە خۆی رێبەرایەتی دەکرد، هاوتای حیزبی کاری ئیسرائیل دووەمین حیزبی سیاسی بێت کە لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست بە ئەندام وەربگیرێت. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو بناغەدارێژەری دیپلۆماسیی کوردە. گنشر (کە دواتر وەزیری بووە وەزیری دەرەوە) گوتبووی " دوکتور قاسملوو فێری کردم کە بۆ چارەسەریی پرسی کورد، نابێ تەنیا فەریقە (اکتفا، بسندە) بە مافی مرۆڤ بکەین، بەڵکوو دەبێ کەلک لە دەفرایەتی(ڤرفیت)ی سیاسی و دیپلۆماسیش وەربگرین".

خەباتی چەکدارانە یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیتە کە گرێدراوی ناوی دوکتور قاسملوویە، دوکتور قاسملوو بۆ ماوەی ١٠ ساڵی رەبەق

(١٩٧٩ هەتا ١٩٨٩) فەرماندەری گشتی هێزی چەکداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەستۆ بوو، کە ژمارەی ئەو هێزە چەکدارە زیاتر لە ١٢ هەزار پێشمەرگەی شۆڕشگێر بوو. خەباتی چەکداری لە روانگەی دوکتور قاسملوویەوە باشترین وڵامدانەوە بە هێرشی نیزامیی رژیمی مەزهەبی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان و دیفاع لە ئازادیی نەتەوەی کورد بوو. بە پێچەوانەی بۆچوونی رێکخراوە چریکەکان کە خەباتی چەکدارییان هەم بە ستراتژی دەزانی و هەم ئازادیشیان لە لوولەی چەکەکانیانەوە دەبینی، دوکتور قاسملوو وەکوو تاکتیکێکی زەمەنی کەڵکی لە خەباتی چەکدارانە بۆ هەموار کردنی رێگەی سیاسی و ئاشتیخوازانە وەر دەگرت.

سەرەڕای هەموو ئەو درندەییانەی پاسدارەکان و فشارە نیزامییەکانی رژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتی دوکتور قاسملوو لە چوارچێوەی خەباتێکی ئازادیخوازانە نەترازاو هەموو کات لە کردەوەی تیرۆریستی خۆی بەدوور گرت. لەکاتێکدا کەسانێکی تریش هەبوو کە ئیدیعای رێبەریی هەر چوار بەشی کوردستانیان دەکرد و لە ئەنجامدا بە هەڵسووکەتی ناتێگەیشتوانەیان بەشێک لە نەتەوەی کوردیان خستە نێو لیستی رەشی تیرۆریستییەوە کە پاشهاتی زیانباری بۆ نەتەوەی کورد بەدوای خۆیدا هێنا.

یاسر عەرەفات رێبەری فەلەستینییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کریس کۆچێرا هەواڵنێری فەڕانسەیی، گوتبووی: "قاسملوو رێبەری کوردەکان هەم خەباتی چەکدارانەی کورد و لەگەڵ ئەوەشدا دێموکرات بوونی خۆی پاراست".

یەکێکی دیکە لەو چەمکە بەنرخانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ رێبوارانی دێموکراتی بەجێهێشت، هەمان سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات لە بڕیاردانی سیاسیدا بو. دوکتور قاسملوو ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ (١٩٧١ هەتا ١٩٨٩) سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەر لەوەی کە بەرپرسیارەتیی لە حیزبدا وە ئەستۆ بگریت، حیزبی دێموکرات پێکهاتەیەکی تیکرووخاوی هەبوو، بەشێک لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە ژێر هێژمۆنیی حیزبی توودەی ئێران و بەشێکی دیکەشی لە ژێر کۆنترۆڵ و سەیتەرەی مەلا مستەفای بارزانیدا بوو، بەڵام دوکتور قاسملوو بە لێزانیی خۆی سەربەخۆیی بۆ حیزب گەڕاندەوە بووە گەورەترین و بەهێزترین حیزبی کورد و یەکێک لە کاریگەرترین و دیارترین حیزب لە ئاستی ئێراندا. کەوابوو هەستانەوە و گەشە کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجامی لێزانی و بناغەداڕێژیی نەمر دوکتور قاسملوویە. لێزانی و وردبینیی دوکتور قاسلموو لە بڕیاردانداا جێگەی ستایش بوو.

واقیعبینیی سیاسی یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو بوو "لە سیاسەت کردندا نابێ بە تەواوەتی خۆش بین و ناشبی بەتەواوەتی رەش بین، بین، بەڵکوو دەبێ واقعبین بین". ئەمە لە وتە بە نرخەکانی ئەو بەرزە مرۆڤەیە. ئەو سیاسەتمەداریکی پراگماتیست بوو کە دیاردە و رووداوەکانی بە رەش یان سپی نەدەبینی.

متمانە بەخۆ بوونی دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا بێ هاوتا بوو، ماڵپەڕی ویکی لیکس (ماڵپەڕی تایبەت بە لەقاودان) بووسیویەتی "قاسملوو تاقانە رێبەری ئۆپۆزیسیۆن بوو کە هەر کاتێک پێی خۆش بوایە دەیتوانی چاوی بە سەدام عوسێن بکەوێت،

***بەڵام لە وێنە گرتن لەگەڵ سەدام عوسێن خۆی دەبوراد" (لە کاتێکدا هێندێ کەسی وەکوو جەلال تاڵەبانی و مەسعوود رەجەوی بەوپەڕی شانازییەوە لە تەنێشت سەدام حوسین دەچوونە بەر کامێراو وێنەیان دەکێشا).***

***دوکتور قاسملوو سیاسەتباز نەبوو (وەک ئەوەی کە زۆر کەس سیاسەتبازن) سیاسەتمەدارێک بوو کە لە چوارچێوەی پرەنسیپدا سیاسەتی دەکرد و بۆ خۆیشی دەڵێت "ئێمە یەکەم حیزب بووین کە ئەخلاقمان هێنایە ناو سیاسەت"، رەنگە نهێنیی زیندوو مانەوەی روانگەکانی هەر لەم خاڵەدا خۆی شاردبێتەوە. ئەو سیاسەتی بە هونەری مومکین دەزانی.***

## قاسملوییسم لە کۆمەڵگەی کوردیدا

***راستییەکەی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو تەنیا نوێنەری هزریی هاونەسلەکانی خۆی نەبوو، دەیان ساڵ لە سەردەمی خۆی لە پێشتر بوو، هاونەسلەکانی ئەو نەیانتوانی لە ئەندێشە پێشکەوتنخوازانەکانی تێبگەن. بیری مۆدێرنی قاسملوو ئەوی لەگەڵ رێبەرە کوردەکانی دیکە جیا کردبوویەوە و لە کۆمەڵی کوردیدا نە لە مێژوودا و نە لە ئێستاشدا ناکرێ لەگەڵ رێبەرانی دیکە بەراورد بکرێت. دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لە ریزی ریبەرانی وەک ویلی برات لە ئاڵمان و مانێلا لە ئەفریقای باشووردا بوو.***

***ئێستا ٢٥ ساڵ بەسەر تیرۆری جەستەیی کاک دوکتور قاسملوودا تێدەپەڕێت، نەسلێکی نوی هاتۆتە مەیدان کە باشتر و ئاسانتر لە هزر و ئەندێشەی قاسملوو تێدەگات و خۆی لەگەل ئەندێشەکانی هاوتەریب بکات. نەسلی نوێ دوکتور قاسملوو وەکوو هێمایەک بۆ گوتاری نوێ پرسی نەتەوەیی دێننە بەر باس و بە باوکی ناسیۆنالیزمی کور لە قەڵەمی ئەدەن، نەسلی نوێ دوکتور قاسملوو بە سیمای دێمۆکراتێکی راستەقینە و خەباتکارێکی نەتەوە خوازی راستەقینە لە قەڵەمی ئەدات.***

***نەسلی نوێ تێڕوانینی خۆی بۆ داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەسەر پێکهاتەی هزری وتێروانی دوکتور قاسملوو فۆرمولیزە دەکات. بە بۆچوونی نەسلی نوێ کوردایەتی بەبێ دێمۆکراسی هیچ ئیحتوبارێکی نییە، گەڕانەوە بۆ مێژوو قەبوول ناکەن، هاوشێوەی قاسملوو بانگەشەی شێلگیری و خۆڕاگری لە سیاسەت و خەباتدا دەکەن.***

***قاسملوئیسم ئایدیۆلۆژییەکە، کە نوێنەرایەتیی ناسیۆنالیزمی مودێڕن دەکات، بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی دووربین (دوور ئەندێش) بوو، تەیبەتمەندییە بەرجەستەکانی قاسملوئیسم (ناسیۆنالیزمی مودێڕن) سێکۆلاریز، مۆدێڕنیزم و دێمۆکراسین.***
***ناسیۆنالیزمی کلاسیک لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی مودێڕندایە، کە مەزهەب، عەشیرەگەرایی و نەریتگەرایی بە هۆکارەکانی خویا بوونی ناسیۆنالیزمی کلاسیک ئەژمار دەکرێن.***

***قاسملوئیسم لە دەستپێکی رێگەکەدایە و ناسیۆنالیزمی کلاسیک هەتا ئیستاش بەسەر تێکڕای رەهەندە ماددی و مەعنەوییەکانی بزووتنەوەی کوردا زاڵە، بەڵام ئامادەبوونی رۆحی قاسملوئیسم لە سمینارەکاندا، کۆبوونەوە سیاسییەکان و کۆڕە رۆشبیرییەکان و***

قوتابخانەو زانکۆکاندا ئاماژە بە وەرچەرخان و گۆرانکارییەکەی مەزن و بە نرخ دەکات.

## بۆچی وتوێژ؟

زۆر کەس رەخنە لە دوکتور قاسملوو دەگرن کە بۆچی لەگەڵ رژیمی ئیسلامیی ئێراندا وتوێژی ئەنجام دا؟ ئەم رەخنەیە ناوتانێ رەخنەیەکی بەجێ بێت، چونکە:

ئەلف: وتوێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی دەرەوە، نەریتێکی لەمێژینەوەی نەتەوەی کورد بووەو رەنگە هیچ رێبەرێکی کورد نەبووبێت کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دەولەتی ناوەندی وتوێژی نەکردبێت. شیخ مەحموودی حەفید لەگەڵ بریتانیا و دەولەتی پاتشایی لە ئێراق وتوێژی کرد، سمکۆی شکاک لەگەک دەوڵەتی رەزا شا و شێخ رەزا لەگەڵ تورکەکان وتوێژیان کرد، مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ دەولەتی عەبدولکەریم قاسم، عەبدوسەلام عارف، حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن بەردەام لە دانوستان و وتوێژدا بوو.حیزبەکانی کوردستانی عێراق هیچکات درگای دیالۆگ و وتوێژیان لەسەر رژیمی بەعسی ئێراقدا دانەخست، تەنانەت لە تورکیاش پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە دانوستان دایە و ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی تورک بە پێی یاسای بنەڕەتی (دەستوور) نکۆڵی لە شوناسی نەتەوەی کورد دەکات.

ب: حیزبی دێمۆکرات لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای دیالۆگ پێکهاتووە، قازی محەمەد پاش یەک ساڵ دوای دامەزراندنی حیزبی لەگەڵ حەمە رەزا شا، قەوامو سەڵتەنە، بەرپرسی ستادی ئەرتەش کەوتە دانوستان و وتوێژەوەو جگە لەمانەش چەندین جار لەگەڵ دەوڵەتانی سۆڤییەت، بریتانیا و دەوڵەتی ئازەربایجان وتوێژی کردووە، ئەوەیکە ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە شاری ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش رووی دا، دوایین وتوێژی دوکتور قاسملوو بوو، بەڵام یەکەمین وتوێژ نەبوو. حیزبی دێمۆکرات و دوکتور قاسملو لە ساڵەکانی ١٩٧٩ هەتا ١٩٨٠ زایینی لەگەڵ خومەینی، دەوڵەتی کاتیی بازرگان و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت لە کوردستان وتوێژی ئەنجام دابوو.

پ: دوکتور قاسملوو وەکوو شێوازێک لە خەبات کەڵکی لە وتوێژ وەردەگرت، جا ئەو وتوێژە دەستکەوتی هەبێت یان نا. لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەمرۆدا وتوێژ وەکوو شیوازێک لە دیپلۆماسی ناسراوە. ماندیلاله ئەفریقای باشوور هیچکات دیالۆگی لەگەڵ رژیمی ئاپارتاید نەپچڕاند، گاندی لە هیندوستان بەردەوام لەگەڵ بریتانیاییەکان دانوستانی هەبوو، لنین لە رووسیا چەندین جار لەگەڵ دەوڵەتی تێزار دانیشت و ویتوێژی کرد.

دوکتور قاسملوو ئەو کاتەی درگای دیالۆگی بەرووی رژیمی خومەینیدا کردەوە، کە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و ئێراق کۆتایی پێهاتبوو، خومەینی جامی ژەهری خواردبوویەوە. کۆتایی هاتنی شەڕ هەلومەرجێکی نائاسایی و تێکەڵ بە نائومێدی لە کوردستاندا خولقاندبوو. سامی عەبدورەحمان سەرۆکی حیزبی دێمۆکراتیکی کورد و جەلال تاڵەبانی کەسی یەکەمی یەکیەتیی نیشتمانی لە

وتوێژەکانیاندا کەلە دیمەشق ئەنجامیان دابوو، سیناریۆی پەیماننامەی ئەلجەزایر لە ساڵی ۱۹۷۵ی زایینی کە تیایدا شۆڕشی کورد کرایە قوربانی، بۆ بزووتنەوەی کوردیان پێشبینی کردبوو. دوکتور قاسملوو وەکوو سیاسەتمەدارێکی دووربین و بەرپرس وێرای هەڵسەنگاندنی ئەو هەلوومەرجە، هەوڵی دا بە کەمترین نرخ و هەڤیازی (امتیاز) پێش بەو کارەساتە بگرێت کە لە بۆسەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەیدا بوو، سەرەڕۆیی سەدام حوسین و داگیرکردنی کوەیت، ڕەوتی ڕووداوەکانی لە ناوچەکەدا گۆڕی. ئەگەر سەدام حوسێن ساڵێک زووتر هێرشی بکردایەتە سەر کوەیت، دوکتور قاسملوو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وتوێژی نەدەکرد.

ت: دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و لایەنگری دیالۆگ بوو، بە ڕێکەوت نەبوو کە پاش ئەوەی تیرۆر کرا، حیزبەکەی ناسناوی پێغەمبەری ئاشتی لەسەر دانا.

ئەگەر وتوێژ و دانوستان بۆ کوردەکان دەستکەوتێکی بەرهەستی بەدواوە نەبووەو لەم ڕێگەیەدا ژمارەیەک لە بەشترین سەرکردەو ڕێبەرەکانیان بوونەتە قوربانی، نیشانەی خراپیی دانوستان و وتوێژ نییە، بەڵکوو ئەمە بۆ بێ پرەنسیپیی لایەنی بەرامبەری وتوێژەکە، کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بێت، دەگەڕێتەوە، کە جگە لە زمانی تیرۆر و توندوتیژی، هەموو لۆژیکێک بە لایانەوە نامۆیە.

## نهێنیی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو

دوکتور قاسملوو زیاتر و بەر لە هەموو کەسێکیش پەی بە تیرۆریست بوونی ڕژیمی خومەینی برد، ئەمەشی دەیان جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە، سمینار و لێدوان و نوسراوەکانیدا شی کردبوویەوە.

وتوێژ دەبێ بە شێوەی فەرمی ئەنجام بدرێت، لە کاتی وتوێژەکەدا دەبێ کەسی سێیەمیش چاوەدێری بکات و ئامادەی دانیشتنەکە بێت، شوێنی وتوێژەکە دەبێ پارێزراو بێت، بەشێک لەو مەرجانەی دوکتور قاسملوو بۆ دانووستان لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بوون، کە چەندین جار لەگەڵ نێردراوانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران کە ماوە بە ماوە سەردانی دوکتور قاسملوویان دەکرد، دووپاتی دەکردەوە.

بەڵام ئەوەی لە ڤییەن رووی دا، وتوێژی فەرمی نەبوو، لایەنی سێیەمیش لەوێ نەبوو، شوێنی وتوێژەکە پارێزراو و ئەمن نەبوو، کەوابوو چ نهێنییەک لە گۆڕێدابوو هەتا دوکتور قاسملوو بخەنە داوەکەوە، ڕەنگە هیچکات ئاشکرا نەبێت، بەڵام لێرەو لەوێ دەستی تاوانباری بەرەو لای جەلال تاڵەبانی وەکوو شەریکی پیلانی تیرۆرەکە رادەکێشرێت، هەتا ئیستا بەڵگەیەکی گرینگ کە بتوانین ئەو راستییەی پێ بسەلمێنین لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بۆچی جەلال تاڵەبانی بۆ بەشداری لەو تیرۆرەدا تاوانبار دەکرێت؟

پ: جەلال تاڵەبانی کلیلی درگای دیالۆگی لە نێوان ڕژیمی ئیسلامی و دوکتور قاسملوو بوو، لە وتوێژەکانی پێشتردا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بەڵام ڕۆژی تیرۆرەکە دوکتور قاسملوو لە وتوێژەکەدا نابیندرێت، ڕژمی ئیسلامیی ئێران هۆکاری بەشدار نەبوونی

بە "زار بەهاواریی جەلال تاڵەبانی" راگەیاندووە، رژیم بەبێ ئەوەی روونی بکاتەوە کەی، لەکوێ و بە چ شێوەیەک جەلال تاڵەبانی نهێنیی وتوێژەکانی ئاشکرا کردووە؟ جەلال تالەبانی بەشدارنەبوونی خۆی لەو وتوێژەدا بە دوکتور قاسملوو نەگوتبوو، بەڵام دوکتور قاسملوو لە ریگەی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی رژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە بەشدار نەبوونی جەلال تالەبانی ئاگادار دەکرێتەوە. ئەحمەد بن بیلا سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایر وەکوو ئالترناتیڤی جەلال تاڵەبانی پێشنیار دەکات، تیرۆریستەکانی رژیمیش قەبووڵی دەکەن، بەڵام رۆژی وتوێژەکە ئەوەش ئامادەی وتوێژەکە نابێت، ئاخۆ دەبی ئەحمەد بن بیلاش نهێنیی کام دانیشتنی ئاشکرا کردبێت؟!

دوابەدوای تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو، جەلال تاڵەبانی کۆمەڵێک |دیمانەی میدیای ئەنجام داوە، لە قسەکانیدا کۆمەڵێک قسەی دژ بەیەک ی ئاشکرا هەن، بۆ نموونە لە شوێنیکدا دەلێت: "هیچ زانیارییەکم لە وتوێژی نێوان رژیمی ئیسلامیی ئێران و دوکتور قاسملوو نەبووە"، بەڵام لە دیمانەیەکی دیکەدا دەڵێت: دوکتور قاسملوو لەلایەن رژیمی سەدام حوسێنەوە تیرۆر کراوە (هاوکات لەگەڵ بلاوبوونەوەی هەواڵی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو، دەفتەری نوێنەرایەتیی تاڵەبانی لە تاران بەبێ هیچ ئەملاولایەک تیرۆر کرانی دوکتور قاسملووی خستە ئەستۆی رژیمی بەعسی ئێراق، روون و ئاشکرابوو کە ئەو راگەیاندراوە بە هاوئاهانگیی رژیمی ئیسلامیی ئێران تەنزیم کراوە).

ج. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە جەلال تاڵەبانی دۆستایەتیەکی گەرمی لەگەڵ رژیمی ئیسلامیی ئێران و بە تایبەت هاشمی رەفسەنجانی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە وەکوو سیاستەمەدار (سیاسەتچی)یەکی سەرکەوتوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناسراوەو بەشێک لە سەرکەوتنەکانیشی لە ریگەی لەناوبردن و سرینەوەی جەستەیی هاورێ و نزیکانییەوە بووە. جەلال تالەبانی لە رابردوودا سەلماندوویەتی بۆ گەیشتن بە خواست و حەزە تاکە کەسییەکانی هیچ سنوورێک ناناسێت.

پەیوەندیی گەرمی دۆستایەتیی جەلال تالەبانی لەگەڵ بکوژەکانی دوکتور قاسملوو، بەتایبەت حاجی مستەفەوی هۆکارێکی دیکەیە کە جەلال تاڵەبانی دەستی تاوانی بەرەو لا درێژ بکرێت. هاتوچۆ و سەردانی بکوژەکانی دوکتور قاسملوو بەتایبەت سەحراروودی بۆ کوردستانی ئێراق و میوانداریەتیی بنەماڵە و نزیکانی جەلال تاڵەبانی لەو بکوژانە ئەوەندەی دیکە شک و گومانەکان قایمتر دەکات و تەنانەت دوکتور مەعموود عوسمان سیاسەتمەداری ناسراوی کورد گلەیی لەو هەڵسووکەوتەی بنەماڵەی تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەربڕیبوو.

چ. هۆکارێکی دیکە، کە بۆتە هۆی ئەوەیکە تاڵەبانی ئەوەندەی دیکە وەکوو هاوبەش و شەریکی ئەو کارە تیرۆریستییە لە قەڵەم بدرێت، قسە و لیدوانە دژبە یەکەکانی عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، کە دەیهەوێ تاڵەبانی لەو تاوانە بێبەری بکات، عەبدوڵلا حەسەنزادە کەلکی لە سکرتێریی خۆی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا وەرگرت و لە بەدواداچوونی پەروەندی قەزایی رژیمی ئیسلامیی ئێران پاشەکشەی کرد، تەنانەت هاوسەری دوکتور قاسملووی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە واز لە بەدواداجوونی پەروەندەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو بێنێت. هەرچەند وازهێنان لە بەدواداچوونی قەزایی و یاسایی بۆ پەروەندەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو لە خۆیدا جێگەی پرسیارە، بەڵام گومانەکان لەوێدا بەهێزتر دەبن کە

ئەم ماستە موویەکی تێدایە، یان ئەوەیکە رژیمی ئیسلامیی ئێران لە رێگەی جەلال تاڵەبانییەوە تەماعی وەبەر حەسەنزادە خستبێت، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەستهەڵگرتن لە بەدواداچوونی دۆسیەی دوکتور قاسملوو بێت.

پێویستە بگوترێت، کە پەروەندەی قەزایی تیرۆرکرانی جێگرەکەی دوکتور قاسملوو (دوکتور سادقی شەرەفکەندی) کە بە پەروەندەی میکۆنووس ناسراوە، رژیمی ئیسلامیی ئێرانی لە ئاستی نێونەتەوەییەدا لەگەڵ کێشەی یەکجار قووڵ بەرەورو وکرد و حوکمی دادگای میکۆنووس رژیمی ئیسلامیی ئێرانی تووشی ریسوا بوون کرد، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە پەروەندەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو چەندین قات لە پەروەندەی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو ئاڵۆزتر بوو، لە کاتێکدا سیستمی قەزایی ئۆتریش لە سیستمی قەزایی ئاڵمان کۆنەکارتر نییە.

چیرۆکی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو هاوشێوەی چیرۆکی نهێنیی بەدیلگیران و شەهیدکرانی ئەحمەد تۆفیق سکرتیری پێشووی حیزبی دیمۆکراتە، کە لە زیندانی عێراق، ئەشکەنجە و شەهید کرا.

ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی "اخبار روز" و بە زمانی فارسی و بەناوی کەسێکەوە بە ناسناوی (ع. شەریفزادە) بڵاو کراوەتەوە.

http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=60918

نگاه اجمالی به پدیده قاسملوئیسم در کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / رێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٤



# دکتۆر قاسملوو، بیرمەندە شۆڕشگێڕەکە.



شەریف هەژاری

ماوەیەکی دیکە (١٣ / ٧ / ١٩٨٩) ساڵیادی تیرۆرکردنی یەکێک لە دانسقەترین ڕێبەرانی کورد، د.عبدالرەحمان قاسملوویە، هەڵسەنگاندنو شیکاری لەسەر تێزە سیاسییەکانی قاسملوو، دبلۆماسیەتیی قاسملوو،

ئەخلاقو مۆرالی قاسملوو، زمانەوانی قاسملوو، ئەدیبیو شێعرناسیی لای قاسملوو بە مشتومڕو لێکدانەوەی بەڵگەداری ورد ئەبێت کە توێژەرو ڕاڤەکار پاشخوانی زانستی لەسەر زانستەکانی "فەلسەفەی سیاسیو دبلۆماسی، مێژوو و زمانزانی" بە مێتۆدی وردبوونەوەی شیکارییو مشتومڕەوە هەبێو بتوانێ جیاجیا تەواوی تایبەتمەندییەکانی قاسملوو بخاتەڕوو.

بۆیە نووسینێکی وا خۆی لە چەندین تێزی دکتۆرادا ئەبینێتەوەو منیش نامەوێت لەم وتارەمدا زۆر بنووسم، بەڵکوو ئەمەوێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم کە بەلای خۆمەوەو لە ئەزموونی نووسینو کتێب لە بارەی شۆڕشو شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وا ئەزانم خاڵگەلێکی نوێنو، ئامادەشم لەگەڵ هەر بەڕێزێک کە پسپۆڕی مێژوو بێتو لە هەر یەکێک لە زانکۆکانی کوردستاندا بێت سیمیناری زانستی سازبکەمو خاڵەکانی ئەم بابەتەم بسەلمێنم، بۆ خۆشم لە زانکۆی سلێمانیمو هەر پسپۆڕێکی مێژوو ئەم خاڵانە بە گەورەکردن ئەزانێت یان سەرنجی لەسەریان هەیەو ئامادەیی تێدا هەیە بۆ مشتومڕی زیاتر، ئەتوانێت بفەرموێت لە زانکۆی سلێمانیدا بەخۆشحاڵییەوە لە سیمینارێکی زانستیدا دیبەیتی چڕو ووردی لە بارەوە ئەکەین، چونکە من پێموایە ئیتر پێویستییەکی سەرەکییە کە لە زانکۆکانماندا پێشبڕکێی زانستی لەسەر ئایدیا نوێیەکان بهێنینەکایەوە، بۆ ئەوەی چ مێژوومانو چ ڕێبەرانی ڕابردووی کورد هەڵسەنگاندنی تەواو زانستییان بە دوور لە ئایدیای حیزبی بۆ بکرێت.

ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنیو دانسقانەی کە لە کەسێتیی د.عبدالرەحمانی قاسموودا هەبووەو، تا ئێستا هەندێک لەو تایبەتمەندییانە لە ئاستی جیهاندا لە هیچ ڕێبەرێکدا نەبووەو هەندێکیشی تەواو دانسقەن لە ئاست ڕێبەرانی کوردو جیهانی

ڕۆژهەڵاتدا:

١- "قاسملوو" تاکه ڕێبەر بووه لەسەر زەویداو تاکه نەفەری یەکەمی حیزبێک بووه له ئاست تەواوی نەفەری یەکەمو سەرکردەی یەکەمی حیزبەکانی ووڵاتاندا له جیهاندا که زیاتر له "١٠" زمانی زانیبێت، زمانەکانیش (فەرەنسی، ئینگلیزی، ڕوسی، عربی، فارسی، تورکی،چیکی، سلۆڤاکی، ئازەری، کوردی) بوون.

ڕوونه که له ناو کورد دا هیچ ڕێبەرێک نەبووه که ده زمانی زیندووی جیهانی بزانێت، بەڵام قاسملوو زانیوویەتی، وەک ئەوەی که خۆشم ماستەرم له: "ستراتیژی بەریتانیا له ئەمەریکا له زانکۆی لەندەن"دا هەیەو ئاشنای مێژووی ئەوروپا و ئەمریکاو بزاووته شۆڕشگێڕییەکانیانمو به دیقەتەوه کەسایەتی نەفەری یەکەمی شۆڕشەکانیانم هەڵسەنگاندووه، ئەوا بۆم دەرکەوتووەو ئەشی سەلمێنم، که قاسملوو تاکه نەفەری یەکەمی حیزبێک بووه له ئاست تەواوی سەرۆکی یەکەمی وڵاتانو ڕێبەرانی یەکەمی پارته سیاسییەکان له جیهاندا که ده زمانی زانیبێت.

٢- له ڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیو هەڵچوونەوه، قاسملوو تاکه ڕێبەرێک بووه له کوردو بەگشتیش له جیهانی ڕۆژهەڵاتدا که بۆ ماوەی نزیک به ٣٠ ساڵ (١٩٨٩ - ١٩٧٠)، ڕێبەرایەتی جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بەهێزی کردبێت که جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات له سەردەمی قاسملوودا به برشتر بوو له ئێستا، ئەوا تاکه ڕێبەری کورد و جیهانی ڕۆژهەڵات بووه که "جنێو و ووشەی ناپەسەندی کۆمەڵایەتیی" هەرگیز بۆ هیچ یەکێک له نەیارەکانی بەکارنەهێناوه، له کاتێکدا به سەدان ووتاری جۆشدەری نەتەوەیی هەیه له شەڕەکان دا دژ به دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران، بەڵام قاسملوو تاکه ڕێبەرێک بووه که ئەتەکێتی گفتوگۆو لێدوانو وتاره حەماسییەکانی زۆر به ئەدەبانه بووەو، وتارەکانی له سەخترین ساتی شەڕەکانیشدا به دوور بووه له هەر جۆره بەکارهێنانێکی وشەی نەشیاوی کۆمەڵایەتیی.

٣- قاسملوو پێچەوانەی ڕێبەرانی دیکەی کوردەوه زۆر دژی "فەرد پەرستی له ناو حیزبەکان"دا بوو، هەر بۆیه قاسملوو تاکه ڕێبەری کورد بووه که هەڵواسینی وێنەکانیو شیعارو هوتافدانی "بژی قاسملوو"ی له نێو ڕیزەکانی حیزبەکەیدا قەدەغه کردبوو، که بۆ سەلماندنی ئەم تایبەتمەندییه ناوازەیەی قاسملووش به سەدان ڤیدیۆو دۆکیۆمێنتی بەردەست هەن. بەلای قاسملووەوه نرخو بەهای "گشت" هەمیشه له پێشتردا بووه هەتا هی "تاک"، با ئەو تاکەش "سەرکردە" بوویێ! ئەمەشی تەنها له پێناوی نرخ گەڕاندنەوه بۆ "گشت ئەندامان" دادەناو ، قاسملوو پێیوابوو "بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست به خۆبەزلزانینو خۆپەرستییەوه بنیادنانرێ، بەڵکوو به شەرعیەتدان بۆ گشت کۆمەڵگا بنیاد ئەنرێ".

٤- له ڕووی خیانەتی نەتەوەییەوه، قاسملوو تاکه ڕێبەری کورد بووه که له پاش ساڵانی ١٩٧٠ وەک نەفەری یەکەمی حیزبێک له مەیدانی سیاسیدا بوویێ هەتا ١٩٨٩، که دەکاته نزیک به ٣٠ ساڵی سەرکردایەتی جووڵانەوەی چەکداری دژ به ڕژێمی ئێران، کەچی به هیچ جۆره خیانەتێکی نەتەوەییەوه تێوه نەگلاوه! بەتایبەت هەموو بەڵگه مێژووییەکان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن که له سەردەمی


قاسملوودا "هیچ کوردێک بۆ ڕژێمێکی داگیرکەر نەکوژراو تیرۆر نەکرا" لەلایەن حیزبەکەی قاسملووەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی قاسملوو هێندە زانایانەو لێزانانە سیاسەتی ئەکرد کە هەرگیز بە زیان گەیاندن بە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی بەشەکانی دیکەی کوردستان (باشوور، باکوورو ڕۆژئاوا) نەدەشکایەوەو هیچ خیانەتێکی نەتەوەیی بەردەست لە تەواوی ژیانی قاسملوو دا ناتوانین بەدەست بێنین.

٥- قاسملوو تاکە ڕێبەری سیاسیی کوردە کە توانای داهێنانی تێزی سیاسیی هەبووەو ئەشتوانم بڵێم کە" تاکە بیرمەندێکی سیاسیی کوردە" ، ئەو کۆمەڵە تێزەی کە قاسملوو هێناویەتیە نێو کایەی سیاسەتەوە یان داهێنانێکی نوێی لە جێبەجێکردنیاندا خستووەتەڕوو بریتین لە :( سەربەخۆیی بڕیاردان، ئەخلاق لە سیاسەتدا، بەرپرسیارێتی، دیموکراسیی ڕاستەقینە، سۆسیالیزمی دیموکراتیک) کە ئەگەر بە وردی لێی بتوێژینەوە ئەوا بۆمان دەرئەکەوێ کە تێزەکانی تا چەندێک پڕبایەخن بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بۆ نموونە ئەگەر بە کورتی لە تێزەکانی فەیلەسووفێکی وەک "ماکیاڤێلی"و بیرمەندێکی وەک "قاسملوو" بڕوانین، ئەوا قورسایی تێزەکانی قاسملوومان بۆ ئەسەلمێ کە یەکەمیان "ماکیاڤێلی" وەک نموونەی فەیلەسوفێکی سیاسی لە تێزەکانیدا "مۆراڵ" لە کایەی سیاسیدا ون ئەکاو، دووەمیشیان "قاسملوو" وەک بیرمەندێکی سیاسی لە تیۆرییەکانیدا "مرۆڤگەرایی"و مۆراڵ دەکاتە پێوەری جووڵەو تایبەتمەندیی مرۆڤی سیاسەتوان. ئەم مشتومڕە ئەیەوێ زیاتر لێکدانەوە و شیکاری لە نێوان تێزەکانی ئەو دوو بیرمەندە دا لەسەر بکرێ، وەلێ بە شارەزایی دەقیق لە تێز و نووسینەکانی هەردوولایان و هەڵسەنگاندنی بێلایەنانەوە.

ئەم خاڵانەی کە خستمەڕوو بە دوورن لە هەر سۆزو عاتیفەیەک بۆ نەتەوەکەم کە نەتەوەی کوردە، یان لانی کەم بۆ ڕێبەرێکی نەتەوەی کورد کە "قاسملوو"ە، بەڵکو بە دیقەتەوە ئەم تایبەتمەندییانەم لە خوێندنەوەی تێزەکانی قاسملوو و بەراوردکردن لەگەڵ ڕێبەرانی جیهانو کورد دا ئەنجامم دا، هەر پێشنیارو ڕەخنەیەکیش لەسەر ئەم بابەتەم هەبێ، سوپاس بۆ هەر بەڕێزێک کە لە ڕێی فەیسبووکەوە پێم بگەیەنێت.

شەریف هەژاری "ماستەر لە ستراتیژی بەریتانیا لە خاکی ئەمریکا لە زانکۆی لەندەن"

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٤



# دوکتۆر قاسملوو، ڕێبەرێکی کاریزما و سیاسەتمەدارێکی ئاشتیخواز



هیوا ئەحمەدی

### سەرەتا کورتەیەک لە ژیانی دوکتۆر قاسملوو

دوکتۆر قاسملوو، شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ای هەتاوی واتە دیسامبری ١٩٣٠ای زایینی لە بنەماڵەیەکی خاوەن مڵک و دەسترۆیشتووی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو. باوکی مەمەد ئاغای قاسملوو، مالیکی ( بەگ و خاوەن مڵک) گووندی قاسملوو و پیاوێکی بەناو بانگ بوو. هۆز و عەشیرەتەکانی دەوروبەری ڕێزێکی تایبەتیان لێدەگرت و زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لای ئەو چارەسەر دەکرد.

دوکتۆر قاسملوو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری ورمێ تەواو کرد و بۆ درێژەدان بە خوێندن واتە قۆناخی دوواناوەندی ڕووی لە تاران کرد. ناوبراو لە منداڵییەوە دەگەڵ پرسە سیاسیەکان تێکەڵ بوو. خۆی لەو بوارەوە لە کتێبی " چلساڵ خەبات لە پێناو ئازادی"دا لە باسی سەفەری سی کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لەسەر داوای ڕەسمی شورەوی دەنووسێ : هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆوڤیەتییەکان قەند و تفەنگ و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەتەکە. بە تایبەتی قەند زۆر بە نرخ بوو. چونکە زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ ماف و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێهات؟"

(چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووهەم، ١٣٦٧ لاپەری ٦٢. ٦١ )

دوکتۆر قاسملوو به دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دێموکرات له شاری ورمێ لـه سـاڵی ١٣٢٤ ی هـەتاوی، تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێکرد. ساڵی دواتر واته ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦) پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان له مهاباد، بۆ خوێندن چووه تـاران و لەوێشـەوه ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژەی خوێندن ڕووی کرده وڵاتی فرانسه و له شاری پاریس نیشتەجێ بوو. هـەر ئـەو سـاڵه لـه زانستگای تـاران لـه لایەن خوێندکارانی ئەو زانسگایه تەقه له شای ئێران کرا. بەو بۆنـەوه کۆبوونەوەیـەکی خێـرا لـه نێـوان خوێنـدکاره ئێرانییـەکان لـه پاریس پێکهات که دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا به درێژی له دژی شای ئێران و ڕژیمەکەی قسەی کرد. ئەو کـاره بوو به هۆی گۆشاری باڵوێزی ئێران و تەنانەت حکوومەتی فەڕانسه بۆ سـەر دوکتـۆر قـاسملوو و لـه ئاکامـدا لـه پـاریس دەرکـرا. لـەو کاتـەدا لـه ڕێگەی بورسیەی یـەکێتی نێونەتـەوەیی خوێندکارانـەوه ڕووی کـرده پـراگ . پێتـەختی وڵاتـی چێکوسلۆواکی . و لـه وێ لـه ڕشتەی ئیقتسادی سیاسی درێژەی به خوێندن دا.

ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی، بوو به نوێنـەری خوێنـدکارانی ئێـران و هـەر ئەوساڵه لـه کۆنفرانسـی دووهـەمی فیدراسیۆنی جیهـانی لاوان لـه شاری بوداپێست پێتەختی مەجارستان واته هەنگاری . بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ له سـەردەمی حکـوومەتی میللیـی دوکتـۆر موسـەدیقدا پـاش ئـەوەی لـه پـراگ لیسـانس واتـه بـاچلۆری یـا باکـالۆری زانسته کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی وەرگرت، گەڕایەوه ئێران که ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ حیزبی تودەی ئێران هاوپێوەندی تەشکیلاتی هەبوو. به جۆرێک که حیزبـی دێمـوکراتی بـه تـەواوەتی لـه ژێـر کاریگـەری حیزبـی تـودەی ئێرانـدا بـوو. لـەو هەلومەرجەدا دوکتۆر قاسملوو پاش نیوەساڵێک تێکۆشان له تاران گەڕایەوه مهاباد و بەرپرسایەتی کاروباری حیزبی وەئەستۆ گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو به تەواوی خۆی بشارێتەوه و به نهێنی له تاران و له کوردستان خەریکی کـاری حیزبـی بێت. لەو مـاوەیەدا دوکتـۆر عەبـدولرەحمان قـاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگـانی کۆمیتـەی نـاوەنـدی وەئەستۆ گرتبوو که ئەوکات تەنیا پێنج ژمارەی به نهێنی لێچاپ کرابوو.

ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی (١٩٥٧) پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لـه ئێـران و کوردستـان، جـارێکی دیکـه گەڕایـەوه چێکوسلۆواکی و ساڵێک دواتـر واتـه سـاڵی ١٣٣٧ ( ١٩٥٨) پـاش سـەرکەوتنی شۆڕشـی عێـراق و بوژانـەوەی بزووتنـەوەی کـورد لـه کوردسـتانی عێـراق گەڕایەوه عێراق و به هاوکاری چەند ئەندامی لێهاتووی دیکەی حیزب، هەوڵی وەجووڵه خستنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێکومراتیـان دا کـه بەداخـەوه بـه هـۆی کارشکێنی دەورووبـەر هەوڵەکـه سـەر نەکـەوت . دوو سـاڵ دواتـر واتـه سـاڵی ١٣٣٩ی هـەتاوی بـه فـەرمانی حکوومەتی عێراق، دوکتۆر قاسملوو له عێراق دەر کرا و دیسان گەڕایەوه وڵاتـی چێکوسلۆواکی. لـەوێ درێـژەی بـه خوێنـدن دا و سـاڵێ ١٣٤١ی هەتاوی واته ١٩٦٢ی زایینی له زانستگەی پراگ دوکتۆرای زانستی ئـابووری سیاسـی وەرگـرت و تـا سـاڵی ١٣٤٩ لـەو زانستگەیه دەرسی ئابووری سەرمایەداری و سوسیالیستی و تئۆری گەشەی ئابووری گووتەوه.

ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس و ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد له کوردستانی عێراق و

دەوڵەتی ئەو وڵاتە ،هەل و دەرفەتی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستان زیاتر بوو. لەو کاتەدا دوکتۆر قاسملوو لە ئوروپاوە گەڕایەوە کوردستان و لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا کە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی گیرا بەشداری کرد. لەو کۆنفرانسەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشانیش بە سکرتێری حیزبی دێموکرات هەڵبژێردرا. لەو کاتەوە تا کاتی شەهید بوونی وەک سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب مایەوە..

## تیرۆری دوکتۆر قاسملوو

لە ٢٢ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی واتە ١٣ جولای یا ژوئیەی ١٩٨٩ی زایینی لە سامناکترین و فێلاویترین رووداوەکانی مێژووی کورددا لە ڤیێن . پێتەختی وڵاتی ئوتریش . دوکتۆر قاسملوو . سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران . دەگەڵ عەبدوڵای قادریئازەر . نوێنەری حیزب لە ئوروپا . و دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ . مامۆستای زانکۆ و کوردی باشوور . لە سەر میزی وتوویژ لە گەڵ دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کەوتنە داو و پیلانی ئەو تیرۆریستانە و ناجوانمێرانە لەشیان بە گوللەی نەیارانی ئاشتی و دێموکراسی خەڵتانی خوێن کرا. بەو جۆرە هەر سێکیان گیانی پاکیان پێشکێشی بارەگای ئازادی و بەختەوەری خەڵکی کورد کرد.

## بۆ ئوتریش

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان وڵاتی ئۆتریشیان بۆ ئەو عەمەلیاتە هەڵبژارد بوو. دەیانزانی کاک دوکتۆر بە ئەنجام دانی وتوویژ لە هیچ کام لە وڵاتانی ناوچە ڕازی نابێ، متمانەشی بە وڵاتانی بلوکی شەرق . کە تازە توشی شێوان ببون . نییە، بۆیە لە ناو وڵاتانی ئوروپای ڕۆژاوادا، شوێنێکیان بۆ وتوویژ یا باشترە بلێین بۆ تیرۆر دۆزیوە. وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆربەیان یا خاوەنی دەسەلاتێکی سیاسی بەهێز بوون کە کۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی کاربەدەستەکانیان بکڕێ یا ئەوەی کە خاوەنی دەزگایەکی قەزایی بەهێز بوون کە سەر بەخۆییان هەبوو و بۆ کردەوەی تێرۆریستی پڕ مەترسی بوون. بەڵام وڵاتی ئۆتریش لە چەندین بوارەوە بۆ کۆماری ئیسلامی شوێنێکی لەبار بوو.

جوغرافیای ئۆتریش و سیستمە ئابووری و سیاسییەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی ناسراو بوو. ئەو وڵاتە بە رواڵەت لە جوغرافیای سیاسی ئوروپای ڕۆژئاوادا هەڵکەوتبوو. بەڵام تایبەتمەندی ئەو وڵاتە ئەوە بوو کە ئابوورێکی بەهێز و سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی قەزایی نەبوو.

ئۆتریش وڵاتێکی بچوک بە ئابوورێکی لاوازەوە، لە باری سیاسی و ئابوورییەوە بە ئاڵمانی ڕۆژئاواوە بەسترا بۆوە. ئاڵمانیش کە دابەش کرابوو، لە سەنگەری یەکەمی شەری سارد هەڵکەوتبوو. بە گەرمبوونی کێشەی وڵاتانی ئوروپای شەرقی ئەو قورساییە زۆرتر ببوو. ئۆتریش وابەستە بە وڵاتیک بوو کە لەو قۆناخەدا بۆخۆی دەیان کێشەی هەبوو ،بەگشتی مەجالی لۆبی تێرۆر و موعامەلە لە

سیستمی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتە لەبار بوو.

لە هەموی ئەوانە گرنگتر شەخسی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە پێوەندی و ڕابردوویەکی سەیر و کەموێنەی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو. رابردووی ئاشنایەتی "کۆرت والدهایم" دەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لە کاتی تێرۆری دوکتور قاسملودا سەرۆک کۆماری ئۆتریش بوو، دەگەڕایەوە بۆ چەند ساڵ پێشتر. واتە ئەو کات کە لە نیۆیۆرک سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوە کان بوو. کاتیک دوای روداوی بە بارمتەگرتنی کارمەندانی باڵوێزی ئامریکا لە تاران، ئەنجومەنی ئاسایش بە تێگرای دەنگ بریارنامەیەکی سەبارەت بە مەحکوم کردنی ئێران و پێویستی ئازاد کردنی بارمتەکان پەسند کرد، مەئمورییەت بە کۆرت والدهایم درا کە وەک سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی ئێران بکات و بۆ چارەسەریی کێشەکە حەول بدات .سەرەتا خومەینی بۆ سەفەری والدهایم و سەردانی لە جەماران موافقەتی کرد، بەڵام دوای گەیشتنی بە تاران خومەینی حازر نەبوو ئیزنی چاوپێکەوتنی بداتێ و بە بریارێکی سەیر و سەمەرە ئەمری کرد کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ببەن بۆ بەهەشتی "زەهرا "تا گۆری شەهیدانی شۆرشی ئیسلامی ببینێ!!

کۆرت والدهایم کە بەتەواوی سەری سورمابوو بەو هیوایە کە لانی کەم دوای سەردانی لە بەهەشت زەهرا ئیزنی چاوپێکەوتن بە خومەینی بدرێتێ، سەردانی گۆرستانەکەی کرد، بەڵام دوای گەرانەوەی، دیسان بە ئەمری خومەینی سواری فرۆکە کراوە و ناردرایەوە بۆ نیۆیۆرک!! ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی و رێبەرەکەی، شۆێنی لە سەر والد هایم دانابوو. دەکرێ بلێین لە باری سایکۆلۆژی و رەوانناسی سیاسییەوە هەبیەتی رواڵەتیی کۆماری ئیسلامی سکرتێری نەتەوە یەکگرتۆکانی گرتبوو. دوای کێشەی بارمتەکان جارێکی دیکە سەردانی ئێرانی کرد بوو، بەڵام دیسان نەیتوانی خومەینی ببینێ و تەنیا دەگەڵ رەجایی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران، چاویان پێککەوتبوو. دوای تەواو بونی ئەرکەکەی لە نەتەوە یەکگرتۆکانیش و گەرانەوەی بۆ وڵاتی خۆشی دیسان هەر هەوڵی دامەزراندنی پێوەندی سیاسی و ئابووری لە نێوان ڤییەن و تاراندا دەدا..

هەر چەند بەڵگەیەکی مەحکەمە پەسەند سەبارەت بەدەوری کۆرت والدهایم لە روداوی تێرۆری دوکتور قاسملوودا بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەوەی کە ئەو رووداوە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ناوبراودا رویداوە، بایەخی وردبونەوە و لێکۆلینەوەی زیاتری هەیە.

## کات و ساتی تێرۆری دوکتور قاسملوو بە هەڵکەوت نەبوو !

بەداخەوە کۆماری ئیسلامی توانی رۆژ، مانگ، ساڵ و ساتی تیرۆرەکە، خۆی دیاری بکات. دوکتور قاسملوو بۆ رۆژی ١٤ی جولای، یانی تەنیا رۆژێک دوای تێرۆرەکە لە پاریس بۆ بەشداری لە جێژنی دووسەد ساڵەی شۆرشی فەرانسە بانگهێشت کرا بوو کە بەداخەوە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی مەجالی بەشداریان پێنەدا.

ئەگەر هاوکاتبوونی رۆژی تێرۆرەکە دەگەڵ جێژنی قوربان بەهەڵکەوت بووبێ، بە دڵنیاییەوە هاوکاتبونی دەگەڵ چلەی مەرگی خومەینی بە هەڵکەوت نەبوو. دەزانین کە خومەینی فتوای قەتڵی کاک دوکتۆری دابوو. بۆ کاربەدەستانی تێرۆر، تێرۆری دوکتور

قاسملوو لە چلەی خومەینیدا مانایەکی سەمبولیکی هەبوو. بەڵام ئەگەر لە ڕۆژ و مانگەکەی گەڕێین و هەموو ئەو ڕووداوانە بە هەڵکەوت دابنێین، هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەڵبژاردنێکی بە ئەنقەست و بە بەرنامە بوو.

هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەو ساڵە ساڵێکی پڕ ڕووداو دەبێ، ساڵێک کە ڕووداوە گرنگەکان لە نێوان ڕووداوە گرنگترەکاندا دەشاردرێنەوە. ساڵێک کە بەشێک لە ئوروپا بە تەواوی شڵەژا بوو و بەشەکەی دیکەش نەیدەزانی چۆن خۆی دەگەڵ ڕەوتی خێرای ئاڵوگۆڕەکاندا بگونجێنێ. لەو بوارەشدا دیسان هەڵبژاردنی ئۆتریش هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بوو، ئۆتریش لە ساڵی ١٩٨٩ دا، لە ئاوری ئاڵمانی شەرقیدا دەسوتا. ئاڵمانی ڕۆژئاوا هەستی دەکرد برایەکی خۆی بە نەخۆشی دۆزیوەتەوە، ئاڵمان سەرخۆشی ئەگەری یەکگرتنەوە و پەرۆشی رووخانی ئابووری بوو. مەجالی بۆ چاودێری و یارمەتی هیچ وڵاتێک نەمابوو. بەداخەوە ئەو ڕەوشە نالەبارەی ئۆتریش و بەگشتی زۆر بوون و خێرا بوونی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩ی ئوروپا، باشترین هەلی بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساند و دڵنیای کردن کە بە موعامەلەیەکی ئابووریی، بەرپرسانی ئۆتریش ڕازی دەکەن و بیروڕای گشتی جیهانیش زۆر ناپرژێتە سەر ئەو جنایەتە. بەکردەوەش هەر وای لێهات. کۆماری ئیسلامی توانی هەم تێرۆرەکە ئەنجام بدات و هەم تاکوو ئێستاش خۆی لە ئاکامەکانی ئەو جنایەتە بدزێتەوە.

## ڕەهەندەکانی ژیانی دوکتۆر قاسملوو

هەرچەند شرۆڤە و شەرحی کەسایەتیی و ڕەهەندەکانی ژیانی مامۆستای مەزن دوکتۆر قاسملوو لە توانای وتارێکی کورتی لەو چەشنەدا نییە بەڵام ئەگەر بە کورتیش بێ ئاماژە کردن بە هیندێک خاڵ وەک بەرچاوترین ڕەهەندەکانی ژیانی ناوبراو بە پێویست دەزاندرێت.

ئەگەر لایەنی زانستی و پڕاگماتیکی بیر و هزری دوکتۆر قاسملوو لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە شەرح و شرۆڤە بکرێ، بە کردەوە دەتوانین لە پێگەییاندنی نەسڵێکی تەندروست و بەهێز لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک سەرچاوەییەکی بە هێزی ڕاهێنان کەڵکی پێویستی لێوەرگرین.

دوکتۆر قاسملو باوەڕێکی قوڵی بە بنەما و پرەنسیپە گشتییەکانی دیموکراسی هەبوو. ئەو پێی وابوو دیموکراسی دەبێ وەک ساختارێکی واقعی و زەهنی لە بنەماڵە، گەرەک، وانە، یانە، یەکێتییە پیشەییەکانەوە تا دەگاتە نەتەوە و گەل و وڵات، ڕەنگ بداتەوە. لەو باوەڕەدابوو کە هەموو تاکێک لە ماوەی ژیانی خۆیدا، هەم باوەری پێی بێ، هەم کاری بۆ بکا و هەم بە کردەوە لە هەڵسووکەوتە ئەرێنییەکانی خۆیدا پراکتیزەی بکات.

دوکتۆر پێیوابوو کە ئامانجەکانی دێموکڕاسی نابێ لە گەڵ ئەو یاسا و ریسایانە لە قەناعەت و تەبایی دابێ کە زەربە لە پێناسە و بێچمی دێموکراسی دەدەن و تا ڕادەیەک دیموکراسی تەنگەبەر دەکەن. ئەو پێی وابوو یاسای ژیانی ئینسان لە سیستمە

دێموکراتیکەکاندا، پێوەندی بە چەشنی بڕیاندانی بە کۆمەڵ هەیە کە لەوێدا دێموکراسی لە چەمکی خۆیدا نیشانەی ئەو ئەنجامانەیە کە لە کۆمەڵگادا کاریگەریان دەبێت. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە گرینگی بە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بدرێ و ڕا و بۆچوونی تاکەکان لە پرسە گشتی و نەتەوەییەکاندا بە مافێکی یەکسان لەبەرچاو بگیرێت.

لە بواری میدیاییەوە بەڕێزیان پێیوابوو ڕاگەیەنەگشتییەکان کاتێک دەتوانن ئەرکی دێموکراتیک و بێلایەنانەی خۆیان بەجێ بێنن کە تەواو سەربەخۆ بن و بە هیچ شێوەیەک لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت یا بەرژەوەندی شەخسیدا نەبن.

ڕەهەندێکی دیکەی زانستی دکتۆر قاسملوو، کە بەتەوای خۆی تێدا دەبینییەوە، شارەزایی لە بواری ئابووری بوو. ئەو ئابووری ناسێکی دەوران و سەردەمی خۆی بوو. وەک کەسێکی شارەزا و ئیلیتێکی کاریگەر پێداگری لە سەر خودکەفایی و بەرهەم هێنانی خۆماڵی دەکرد. پێیوا بوو کەڵک وەرگرتن لە ئابووری بازاری ئازاد، لە خزمەتی سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی دایە. چوونکە مۆنۆپۆل نەکردنی بازاری ئازاد و ئابووری ئازاد وەک چەمکێکی زانستی، دەتوانێ، ڕێگە خۆشکەر بێ بۆ کردنەوەی سروشتی بازاری هەمە چەشنە کە لە وێدا مرۆڤەکان جگە لە ئابووری بازار، دەتوانن دەرەتانێک پێکبێنن کە هەر کات بیانهەوێ، بتوانن مەیدانی دەسەڵاتی دەوڵەت تەنگەبەر بکەن..

دکتۆر شارەزاییەکی ڕیشەیی لە ناسینی کۆمەڵگاکەی خۆیدا هەبوو. ئەو هەناوی پێکهاتە و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای خۆی دەناسی و بەوپێیە پلان و سیاسەتی کاریی خۆی دادەڕشت. پێیوابوو کە سنوور دانان لە نێوان خەڵک و حیزب، هەروەها خەڵک و دەسەڵات، بۆشاییەکی گەورە دەخولقێنێ کە سەر ئەنجام وەک ئانتی تێزێکی کاریگەر لە سەر هەموو جومگەکانی پانتایی ژیانی کۆمەڵگا دەردەکەوێت. ئەو پێی وابوو هەر ئەندازە ئێمە زانیاریمان سەبارەت بە خۆمان و ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆمان هەبێ، فاکتۆرێکی چارەنووس‌ساز و ئەرێنی بۆ ئاشنایەتی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵاییەتی خۆمان درووست دەکەین. چوونکە هەم دەتوانین دەردەکان بناسین و هەمیش دەرمانی تایبەت بە خۆیان بۆ بدۆزینەوە.

(ئەو چەند بۆچوونەی خوارەوەم لە دیواری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی هاوڕێیەک وەرگرتووە)

بۆچوونی د. قاسملوو لە سەر چارەسەربی پرسی کورد بە پێی هەلو مەرجی تایبەتی ژیانی خۆی : " مەسەلەی کورد دەبێ لە سەر بناخەی هەلومەرجی تایبەتی ژیانی نەتەوەی کورد و وەزعی وڵاتەکە چارەسەر بکرێ و پێویستە رادەی گەشە کردنی ئابووریی وڵاتەکە و گیروگرفتەکانی داب و شوێنی فەرهەنگی و ئایینیی گەلی کورد لە بەر چاو بگیرێن. وەشوێن کەوتنی کوێرانە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا زیانی زۆر گەورەی بۆ ئامانجی دوارۆژ تێدا دەبێ." (ک. ک. ل . ٣٢٦) {٩٨}

بۆچوونی د. قاسملوو لە سەر شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست و ناسیونالیزمی نەتەوەی ژێر دەست: " ئەوەی پێویستی بە ماوەیەکی درێژتر هەیە، گۆڕینی چەشنی بیرکردنەوەی خەڵک لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتییەوەیە، واتە خۆبەزل گرتن و شۆوێنیزم لە مێشکی

ڕۆڵەکانی نەتەوەی گەورەدا و ناسیۆنالیزم و دژۆنگی له دڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی چکۆلەدا. کەوابوو، لابردنی نابەرامبەری له نێوان نەتەوەکاندا وەختێکی زۆر و هەوڵ و تەقەلایەکی بەردەوامی پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک به گیانێکی ئەنترناسیۆنالیستی پەروەردەبکرێن." (ک. ک. ل.٣٢٠) {٩٧}

بۆچوونی د. قاسملوو له سەر سەربەخۆیی بەشێک له کوردستان :" ئایا دەگونجێ تەنیا بەشێکی کوردستان ڕزگاری بێ و دەوڵەتێکی سەر بەخۆ دابمەزرێ؟ شتی وا کەم چاوەڕوان دەکرێ، له گەڵ ئەوەی که زۆریش به دوور نازانرێ.."

بۆچوونی د. قاسملوو له سەر پێکەوە ژیانی گەلان: " له پێشەوە گوتمان گەلی کورد یەک دەگرێتەوە، بەڵام مەبەستمان ئەوە نیه که گەلی کورد له نەتەوەکانی دراوسێی جیا بێتەوە. چونکه زۆر وێ دەچێ یەکیەتی یەکی دڵخوازانەی زۆر گەورەتر پێک بێ که بەقازانجی گەلی کوردو نەتەوەکانی دیکەش تەواو بێ. بۆیه ئەو سنوورانەی ئێستا له داهاتوو دا ئیتر ئەوەندە گرنگ نابن." (ک. ک. ل . ٣١٨ - ٣١٩) {٩٦}

ژێدەر:

بەڵگەنامەکان، له پەراوێزی هیندێک وتار و بابەتدا، ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە / ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٤



## قاسملو هێمای نەتەوەیەک یان خودی نەتەوە.!



حیسام دەست پیش

به هۆی تێکەڵ بوونی قاسملوو لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی کورد،ئەستەمە بتوانین  کورد و قاسملوو لەیەک جیا بکەینەوە!

سیمبول یان هێما یەکێک لەو بوارانەیە کە رۆڵێکی گرینگی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەبووە، ئەم کاریگەرییە تا رادەیەکە کە مرۆڤ خۆی بۆ ئەو هێمایانە فیدا دەکات و لە هەمان کاتدا ژیانی خۆی بەو پێیە رێکدەخات. ئەگەر ئاورێک لە ژیانی خۆمان بدەینەوە دەتوانین ئەم سیمبۆلانە لە تەواوی بەشەکانی ژیانماندا ببینینەوە. هەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکوو ژیانی سیاسی، هێما توانیویەتی قورساییی خۆی بەسەر ژیانی مرۆڤدا بچەسپێنێ، بە شێوەیەک کە رۆژانە ئێمە و سیمبۆل، لە تێکهەڵچوون و یەکگرتنداین. لە لایەکەوە هەوڵی پاراستنی دەدەین لە لایێکی ترەوە هەوڵی زاڵ کردنی، لە لایێکەوە زیندووی دەکەینەوە لە لایێکی ترەوە پێیدا دەچینەوە. بەڵام خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە مرۆڤ و هێما هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتیەوە لە گەڵ یەکدا ژیاون، لە گەڵ یەکدا گەشەیان کردووە و لە گەڵ یەکدا نوێ بوونەوەتە. لەم هەڵچوون و داچوونەدا ئەم راستیانە بۆ ئێمە ئاشکرا بووە کە سیمبول کۆمان دەکاتەوە، لەیەکمان دەترازێنێ، ئاشتماندەکاتەوە، دەمان تۆرێنی، وەگەڕمان دەخات، راستیەکانمان پێشان دەدا و بە گشتی تەسەورێکمان دەداتێ کە خۆمانی تێدا ببینینەوە، چ وەک مرۆڤێکی ئایینی، کەسایەتیکی سیاسی، نەتەوەیەک و لایانەکانی تر.

چ لە دونیای کۆن و چ لە دونیای مۆدێرندا هێچ لایەنێک نەیانتوانیوە کە بە بێ سیمبول مانا ببەخشنە کۆمەڵگا. بە واتایەکی تر ئەوە سیمبولەکانن کە پێوەندیی مرۆڤ بە بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە رادەگرن و مانای پێ دەبەخشن.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا سیمبول لە خۆدی خۆیدا توانای ئەوەی هەیە کە مانا ببەخشێتە کۆمەڵگا یان ئەوە مرۆڤەکانن کە مانا دەبەخشنە ئەو سیمبولانە، کۆمەڵگاش لە گەڵیان ژیانی خۆی رێک دەخات. پرسیاری لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ئایا هەموو تاکێکی کۆمەڵگا توانای ئەوەی هەیە کە بەرهەمهێنەری هێما بێت بۆ کۆمەڵگاکەی یان تەنیا کەسانی تایبەتن کە ئەو توانایەیان

هەیە؟

سادەترین وڵام بۆ ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە ئەوە نووخبەکان یان سەرچڵەکانی کۆمەڵگان کە خولقێنەری سیمبولەکانن. ئەوانن کە ژیانی مرۆڤ سیمبۆلایز دەکەن و مانای پێ دەبەخشن. ئەوان مرۆڤ لە بوونی خۆی ئاگادار دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا هوشیاری دەکەنەوە کە مافەکانیان چین و چۆن دەبێ سیمبۆلایزیان بکەن.

بەڵام پرسیار لێردا ئەوەیە کە ئەی ئەگەر سەرچڵێک کە کۆچی دوایی کردووە چۆنە کە خودی ئەو مرۆڤە دەبێتە هێما یان سیمبول؟

لێرەدایە کە دەتوانین رۆڵ و کاریگەریی کۆمەڵگا رەچاو بکەین. کۆمەڵگایەک کە خەیاڵ و ئەفسانەکانی، ماف و داخوازییەکانی، ئەمرۆ و سبەی، رابردوو و خەونەکانی لە لایان سەرچڵەکانیەوە هێما کرابێ، کە واتە لە ناخی خۆیدا بزووتنەوەیەکی بەرهەم هێناوە کە دەبێتە پاڵپشتی رەورەوەی ژیانی و لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیاندا پشتیان پێ دەبەستێ. کۆمەڵگا لەم ئاستەدا جوان دەزانێ کە کێن ئەوانەی کە سیمبولی ئازادی، رزگاری و یەکسانی پێ ناساندن و کێن ئەوانەی کە دەبنە هێمای خەون و خەیاڵەکانیان. کە واتە تاک و کۆمەڵگا لە تێکەڵاوێکی بەردەوامدان تاکوو هێماکانیان بە زیندوویی بمێنێتەوە، بە شێوەیێک کە نەوە لە دوای نەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لە چیرۆکی زارەکییەوە تاکوو نووسراو، لە هێمای سروشتیەوە تاکوو بینراو هێماکانیان دەستاو دەس دەکەن و ناهێڵن کە کۆمەڵگاکەیان دابچران بەخۆیەوە ببینێ.

بەم پێشەکییە کورتە دەچینە ناو جیهانی سیمبول و هێماکانی کۆمەڵگای کوردی کە زیاتر لە سەدەیێکە لە کاروانی خەباتی نەپساوەی کورد کات لەدوای کات لە زیندوو بوونەوەدا بووە. کاروانێک کە هەزاران مرۆڤی تێدا قوربانی بووە، سەدان رێبەری وەک هێمایەک لە داخوازیەکانی بە مێژوو سپاردووە، سەرما و گەرمای زۆری چێشتووە، جینۆساید و کۆمەڵکوژی بۆتە بەشێک لە رابردووی، تیرۆر و سێدارە بۆتە بەشێک لە سیمبولەکانی، ئەشکەنجە و زیندان بۆتە ئاسایی ترین وڵام بۆ داخوازییەکانی و ئاوارە بوون و ماڵ وێرانی بۆتە بەشێک لە ژیانی ئاسایی. لە هەلوومەرجێکی ئاوادا کۆمەڵگای کوردی هێشتا هێماکانی لە بیر نەکردووە، ئەو هێمایانە کە بەشێکی گرینگیان رێبەرەکانیەتی، ئەمرۆشی لە گەڵدا بێ سەرچاوەیەکن بۆ هیوا بە ژیان، ئاماژەیەکن بۆ سەرهەڵدان، خەونێکن بۆ دوارۆژ و سیمایەکن لە زانیاری و مرۆڤایەتی.

لێرەدا دەمانهەوێ کە ئاورێک لە مامۆستا فرەزاناکەی دیموکرات بدەینەوە، ئەو مامۆستایە کە ئەمرۆ پاش ٢٥ ساڵ لە شەهید بوونی هێشتا هەر سەرچاوەی هیوایە، سەرچاوەی سەرهەڵدانە، سەرپۆپەی زانایییە، گەورە دیپلۆماتەکەی کوردە، زمانە هەمیشە نەسراوەکەی کوردستانە، ئاشتیخوازە وەفادارەکەی دیمۆکراسییە و هەزاران هێمای تر کە قاسملوو لە مێشکی مرۆڤی کورددا نوێنەرایەتیی دەکات. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆ قاسملوو هێشتا هەر وەک هێما و سیمبۆلی گەلی کورد دەناسرێت و تاکی کورد ئەو بە هێمای ئەمرۆ و دوارۆژی خۆی دەزانێ؟

## قاسملو ئاوێنەی مرۆڤی کورد

بۆ ئەوەی راستی سیمبول بوونی رێبەری فرە زانامان لا ئاشکرا بێ پێویستە کە ئاورێک لە ژیانی قاسملوو بدەینەوە کە تا چ رادەیەک وەک ژیانی کۆمەڵگای کوردی دەچێ. ژیانی دکتور قاسملوو هێمایەکە لە ژیانی مرڤی کورد، گەورە بوونی لە گەڵ کۆماری کورستان، سەفەر بۆ وڵاتی غەریب و دیتنی خەیاڵ و ئاوتی گەلانی جیهان، گەرانەوە بۆ کوردستان و هێنانەوەی ئەفسانەی وڵاتانی تر، رێبەرایەتی کردنی نەتەوەیەک بۆ نزیک بە دوو دەیە و لە کۆتایی دا شەهید بوون بۆ داخوازیی کۆمەڵگایەکی پەراوێز کراو. کۆی ئەم قۆناخانە هیچ کات بێ بەری نەبوون لە خەون و ئاواتەکانی کۆمەڵگای کوردی، قاسملو وەک کۆمەڵگای کوردی بە دوای پرسیارێکی بێ ولام لەم جیهانەدا دەگەرێ،بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە وڵات بە وڵات ئاوارە دەبێ، بیر دەکاتەوە، شۆرش ساز دەکات و لە کۆتایی دا هێمایەکی تر ساز دەکات. ئەو وەک کۆمەڵگای کوردی هەوڵی تاقی کردنەوەی خەونە یەک لە دوای یەکەکان دەدات، لە گەڵ عەرەب و عەجەم تێکدەچی و یەکدەگرێ بۆ هێنانەدی هیوایەک. لێرەدا قاسملوو تاکێکی پەرتەوازە لە کۆمەڵگای کوردی نیە، لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەژی، هەر بۆیە ئێمە دەتوانین وەک هێمایەک لە وڵاتی بێ ئاڵا ناوی ببەین. قاسملوو سیمبولە چوونکە ئێمە دەتوانین بە ئاوردانەوە لە ژیانی خودی ئەو، کۆمەڵگای کوردی ببینینەوە. قاسملوو لە سەردەمی منداڵی دا لە گەڵ هێما و خەیاڵەکانی کۆماری کوردستان دا گەورە دەبێ. لەم قۆناغەدا وەک هەموو تاکێکی کورد خۆی سیمبۆڵ نیە بەلکوو خەیاڵێک لە مێشکدا ساز دەکات بۆ دوارۆژ، لە کاتی گەنجیدا بەرەبەرە گەراکانی قاسملوی دوارۆژ لە مێشکیدا وەک زۆربەی رێبەرانی جیهان لە ئەرووپا سەرهەڵدەدەن لێرە بەم لاوەیە کە قاسملو لە ئاوێنەی وڵاتانی جیهانەوە سەیری کوردستان دەکات و بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن جارێکی تر سەرهەڵدانی کورد سیمبۆلایز بکات، کە واتە پرسیاری کورد لە مێشکی ئەودا بەردەم بوونی دەبێ وەک ئەوەی کە لە کوردستان ژیا بێ. رێبەری فرە زانا جوان دەزانێ کە خەڵکی کوردستان چیرۆک و داستانی کۆمار دەگێرنەوە و تێدەگات کە ئەم کاروانە وزە و گەرما دەبەخشێتە کەسانی وەک ئەو، هەر بۆیە لە دەرەوەی بازنەی کۆمار بیر ناکاتەوە و چاک دەزانێ کە ئەمە تاکە رێگای تێکەڵ بوون لە گەڵ ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانە.

کاروانی خەباتی کورد پاش کۆماری کوردستان کۆمەڵێک مانا و هێمای بە جێ هێشت کە ئەو هێمایانە چووبوونە ناو جەستەی مرۆڤی کوردەوە و بزوتنەوەیەکیان بەرهەم هێنا بوو کە وزە و توانای دەبەخشیە نەوەکانی دوارۆژی خۆی کە گڕ و تینێک بەرهەم بێنن. لێرەدا نەوەکانی پاش پێشەوا خاوەن بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتین کە پێویستیان بە هێما و مانای نوێ هەیە. قاسملو وەک سەرچڵێک هەڵکەوتوو ئەم راستییە دەزانێ چونکوو تێیدا گەورە بووە و خۆی نمونەیەکی راستەقینەی ئەم نەوەیەیە. بە خوێدنەوەیەکی نوێ و بە ئەقلیەتێکی تر دێتە ناو گۆرەپانەکەوە، هاواری مانا نوستوەکانی کورد لە چوارچرای مەهابادەوە بەرز دەکاتەوە و دەیهەوێ بڵێ کە ئێمە دەنگە نووستوەکانی چوارچرا هاتوینەوە کە پەیامێکی نوێتان پێ بگەیەنین، ئەویش هەستانەوەی مرۆڤی کوردە. بۆ دەرخستنی ئەم راستییە ئەو نوینەرایەتیی حیزبێک دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردیدا غەریب نیە و ناسراوە بۆ پەیرەوکردنی داخوازییە نەتەوەییەکان. هەوڵەکانی دوکتور بۆ خۆ گرێدان بە خەڵکی کوردەوە دەتوانین ئاوا ناو ببەین: وەگەڕ خستەنەوەی حیزبی دیموکرات وەک میراتی کۆمار، پەیرەوکردنی شوناسی کوردی وەک ئاوێنەی سیاسەتەکانی، مەڵبەند کردنی مەهاباد وەک ناوەندی بریاری سیاسی

کورد، فۆرمۆلیزه کردنی داخوازی گەلەکەی، سیما کوردانەکەی، سازکردنی بەرەی کوردستانی بۆ دانوستاندن لە گەڵ داگیرکەر، پەیرەو نەکردنی هیچ ئایدۆلۆژیایەک بۆ حیزبەکەی و تەسک کردنەوەی لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکی دیاریکراودا، پێناسە کردنی حیزب وەک حیزبێکی نەتەوەیی، واقیع بینی و تێگەیشتن لەو واقیعانە، پشت بەستن بە مانا نووستوەکانی خودی کۆمەڵگای کوردی و لە هەمووان گرینگتر تێپەر نەبوون لە هێما نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان، ئەمانە پەیامێکن بۆ خەڵکی کوردستان کە من لە ئێوەم و جیاواز لە خەیالەکانی ئێوە بیرناکەمەوە. لە کۆبەندی ئەم تایبەتمەندیانەیە کە قاسملوو متمانەی خەڵک بەدەس دێنێ و دەبێتە ئاوێنەی خەیاڵ و داخوازیەکانیان.

لە گەرمی شمشاڵەکەی قالەمەرەوە تاکوو پێشمەرگەی کوردستان، لە دیارکردنی ئیلام و کرماشانەوە تاکوو خۆی و ماکوو وسەلماسەوە، لە ئەقلیەتە مۆدێرنەکەیەوە تاکوو وەفاداربوونی بە دیمۆکراسی، لە فیداکاریەکانییەوە تاکوو نەسرەوتن تا سەرکەوتن، و لە دوورەروانیەوە تاکوو خۆشی و ناخۆشیەکانی حیزبەکەی، لە زانا بوونیەوە تاکوو ناساندنی کورد بە جیهانی دەرەوە، مانا گەلێکی دەبەخشیە کۆمەڵگاکەی کە من هێما و سیمبۆلی ئاواتەکانی ئێوەم. هەر بەم بۆنەیەوە بوو کە قاسملوو ئێستاشی لە گەڵدا بێ هەر قاسملوویە و خەونی هەزاران رۆلە گەلەکەیەتی.

سەرەنجام

باسکردن لەوەی کە رێبەری شەهید سیمبۆلی خەباتی خەڵکی کوردستانە شتێکی حاشا هەڵنەگرە و راستی ئەم باسە لەوەدا دەردەکەوێ کە نەوەکانی ئەمرۆی کوردستان ئەو وەک هێمای خۆیان دەزانن، هەرچەند قاسملوو بە جەستە لە کۆمەڵگای کوردی باری کردووە، بەڵام بە هێما هێشتا هەر لە گەڵ خەڵکی کوردستاندایە. هەروەها کە پێشتر باسمان کرد بە هۆی تێکەڵ بوونی قاسملوو لە گەڵ خەون و ئاواتەکانی کوردەوە ئەستەمە بتوانین کورد و قاسملو لەیەک جیا بکەینەوە، هەر بۆیە بە سیمبۆڵ بوون و مانەوەی، ئەم راستیە ئاشکرا دەکا کە رێبەرانی کورد وەک هێمایەک بۆ ئەم نەتەوە هێشتا هەر سەرچاوەی وزە و سەرهەڵدانن و ئەگەر بلێین کە ئەم رێبەرانە نە تەنیا سیمبول نین بەلکوو خودی نەتەوەکەن پێم وا نیە کە لە راستیەوە بە دوور بێ، لە بەر ئەوەی ئەوان ئاوێنەی راستەقینەی ژیان، بەسەرهات و ئاواتەکانی ئەو نەتەوەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە / ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٤

# مەرگی قاسملوو ، مەرگی خۆرە تاوە...



ئەحمەد شێربەگی

گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
فریشتەکان دەبینن،
هەموو شەوێ نیشتمانم بۆ لای دەفڕێ،
دەچێتە ژوور سەری،
دڵنەوایی دەداتەوە.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
بەهاری هەموو ساڵێک،
نیرگزەکان چەپک چەپک، دەچنە سەری رادەوەستن،
لە تاسەی مردنی دا،
شەونم ئاسا،
زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەیان دڕژێتە خوار،
هۆن هۆن فرمێسک هەڵدەڕێژن.
لەم هەوارە دوور دەستەدا،
گۆڕێک هەیە،
هەموو جارێک کە ئازادی لە گەڕان دا شەکەت دەبێ،
دەچێتە لای ئۆقرە دەگرێ.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،

نەتەوەیەک لە تامەزرۆی دیتنی دا،
بۆی دەسووتێ و ئاور دەگرێ.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
پێغەمبەرێک تێیدا خەوتوو،
شۆڕەسوارێکە گلاوە،
کەڵەمێرێکە پێکراوە،
لە سەر کێلەکەی نووسراوە،
کە من مردم، کورد نامرێ.
هۆ قاسملوو! هۆ پێغەمبەرە پێکراوەکەی کورد!
تۆ کێ بووی کە پەیڤەکانت لە ئامێزی دایکم گەرمتر،
هەناسەکانت لە شنەبای ئازادی فێنکتر،
خەندەکانت لە هەرچی مۆسیقایە خۆشتر،
خۆزگە بتزانیبا ژیان بە بێ تۆ چ ئاوازێکی حەزینە و
چ نەغمەیەکی غەمگینە.
مامۆستا گۆڕ غەریبەکەم!
گیانە شیرینەکەم!
من چیم هەیە لە ساڵرۆژی نەبوونت دا پێشکەشت کەم،
تەنیا جەستەیەکی لاوازی گڕ گرتوو نەبێ،
کە ئەویشم ساڵانێکە کردۆتە، خەڵاتی سووری ڕێبازەکەت.
ئەمشەو گەرمە شینە،
هەنووکە دایە پیرەم ڕاسپاردووە بێتە دەرێ،
بەرۆکی خۆی دابدڕێ، شین بگێڕێ،
پرسەی گشتی ڕاگەیێنێ،
منیش لێرە، دوور لە زێدو کاشانەکەم،
لە سەر بستە خاکێکی سەر ئەم ئەستێرە نامۆیە،
دەستی هەرچی کێژ و کوڕە دەگرم،
دەیکەمە ڕەشبەڵکی گریان و
ڕوو بە پێرلاشێز،
سروودی ئەبەدی دەڵێینەوە.
ئێمە خەڵکی وڵاتێکی بێ ناسنامەین،

دەمانکوژن،

دەمانبڕن،

قرمان دەکەن،

سێدارەمان بۆ هەڵدەخەن.

قاسملوو!

هاتنت لە پشکوتنی هەلاڵە برایمە و

ئۆغر کردنت لە گوڵزاری پەپولەیەک دەچوو،

کوێر بن کە تۆیان کوشت،

ژیانیشیان کوشت،

کە تۆیان کوشت جوانیشیان کوشت،

هەرچی پێکەنین و بزە بوو تۆرا،

کۆترەکان لە گمە کەوتن،

هەمووی هەڵفرینە تاریکی،

کاتژمێرەکان کرپۆی کەوتن.

قاسملووی کورد

تکا کارتین

بگەرێوە چاوەرێتین،

کفنی سپیت بدرێنە،

سینگی زەوی شەق کە

بگەرێوە بە یەکجاری،

کوردستانم لە بێ نازی دا دەخنکێ

ڕزگاری کە،

بگەرێوە بە یەکجاری، کوردستانم لە بێ نازی دا دەخنکێ ڕزگاری کە،

ڕزگاری کە..

چارەگە سەدەیەک لە مەرگی سوورت تێپەری کەچی خۆری

قەندیلەکەی ناو دڵمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٧ی جووڵای ٢٠١٤

## ژیان و تێکۆشانی خەباتکاری شەهید کاک عەبدوڵا قادری ئازەر لە ڕێگایەک بەروخۆڕدا.



ڤییەن!

عەبدوڵا قادری ئازەر
بەفرێکی لووتکەی مانگ بەسەر
غوبارێ لە هەرەتی هاژە هاژا
سردووێکی سوور لە گڤە گڤەی دڵ و زەمانا
عەبدوڵا قادری ئازەر
گەنجێک لە شێوەی گوڵە عەتری تێکەڵ بە مۆرگ و
پاریسی بۆنخۆشتر کردبوو
یاقووتێ بە گردنی شەوێکی سپییەوە
کەناری زیوی جریوەدار کردبوو

بەشێک لە هۆنراوەی " قاسملوو تاڤگەیەک لە گوڵاڵە و دڵێ پەمۆ" لە نووسینی شاعیرەی ناوداری کورد مامۆستا شێرکۆ بێکەس-ی نەمر بۆ شەهیدانی ڤییەن

...........

پووشپەری زامی زەمەندەی پڕ لە گوڵ
چەندە بەو زامەت دڵم هاتۆتە کوڵ
جەرگی کورد سووتا بە گوللەی زوڵمەوە
هات و دەریای خەم ڕژایە دڵمەوە
ڕێبەرم، تاجی سەرەم، ئوستوورەکەم

پەیکی ئازادی گەلم، دوکتورەکەم
ئێمە شانازی بە بیر و ڕات دەکەین
گیان فیدای ڕێبازی دێموکرات دەکەین




تیرۆر لەسەر خوانی ئاشتی نەریتی بە میراتی دیکتاتۆرە خۆ سەپێنەکانی زاڵ بەسەر خەڵکی کوردستان لە ئێرانی کاولگەی بن دەسەڵاتیانە. ئەو زاڵم و زۆردارانەی لە مێژوودا قەت نەیان توانی بەسەر ئیرادەی و دڵ و هەستی خەڵکی کوردستان دا زاڵ بن، بە خوێن ڕشتن و شیر کێشان، چەک و تفەنگیان نیشتمانی کوردیان دەخستە بن چنگیان . زۆر بوون ئەوانەی بۆ تواندنەوەی ئەو گەلە سەری سەردارانیان بڕی و دڵی سەرکردەکانیان سمی، نەمان و لە توولی مێژوودا ون بوون، بەڵام ئەم سەردار و ڕێبەرانەی بە خوێنیان و بە خەباتیان گەلەکەیان پاراست، نیشتمانەکەیان ڕەنگاند، لە ڕووپەڕەکانی مێژوویی ئەم نەتەوەیەدا هەر مان و بوونە ڕەمزی خەبات بۆ هەڵدانی ئاڵای ئاواتمان و تێ هەڵکردنی سروودی سەربەستی لە هەموو خاکی نیشتمانەوە. ئەوا ئەمڕۆ ئێمە مورک و واژۆی گەلێک گەورە پیاوی ڕێبەر و پێشەوامان بە چاوان دەبینین کە بە تۆماری هەرمانی کوردستانەکەمانەوە دەدرەوشێنەوە. زۆر جار دوژمنانمان قڕان و قەڵاچۆیان گرتە بەر، خەڵکی ئەم خاک و ئاوەیان بە کۆمەڵ گرت و بە کۆمەڵ برد و بە کۆمەڵ کوشت، بەڵام ڕۆڵەکانیان هەر لەسەر هەڵدان و سەربەرز کردنەوە نەوەستان و پاش چوونی هەموو زستانێ لە گەڵ بارانی هەموو بەهارێک دا دەڕوێنەوە.

لە مێژوویی نزیکماندا و لەسەر خوانی ئاشتی بۆ بە هێمنی ژیان و پێکەوە نانێکی ئاوەدان دوژمنان ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان دەکوشتین و سەری سەردارەکانیان دەبڕین. لە تایەفولحییەل و کەمەندی تەدبیر و سیاسەت کردن، داو و تەڵەکەی دزێوی دوژمن بوون بۆ لە نێو بردنی ڕێبەرکانی بزووتنەوەی کوردستان و هەموو کات شانازییان پێوە کردوون.

تیرۆری فیدراسیۆنی هۆزەکانی بڵباس "باپیر ئاغای گەورە " لەسەر خوانی خانەخوێ، وێرای کۆمەڵێک سەرۆک و سەرکردە بە فێڵی پاشای ئێران لە خەوی ئاشتی دا کرا.
کەمەندی تەدبیر و لە تایەفولحییەل هەر لەسەر خواستی دوژمنان بۆ ئاشت بوونەوە و سازان، تیرۆری سوپای شێخ عوبەیدوڵای نەهری، هەمزاغای مەنگوڕی هەر لەسەر دەستی شای تاران کرایە پیلان.

شای خۆ بە بەهێزی سەفەوی کە هەمبەر هێزی موکریان کەوتە سەرچۆکان، کەوتە تەدبیری تیرۆری سەرکردەکانیان. لە وتووێژدا ئەمیر خانی برادۆس و عەبداڵ خانی مامەشیان شەهید کرد و هەر لەسەر خوانی ئاشتی بوداغ خانی میری موکریان لە بارەگای شا تیرۆر کرد. دوای ئەوانەش تیرۆر و تۆقاندن بوونە سیاسەتی رەسمی حکوومەتەکانی ئێران، رێبەران و مەزنە پیاوانی کوردیان بۆ چاو ترسێن کردنی گەل دەخستنە ناو سیاسەت و تەکبیریان، شەهیدیان دەکردن.

جەعفەر ئاغای شکاک لە کۆشکی شازادە، لە بانگهێشتی گفتی ئاشتی دا تیرۆر کرا و سمکۆی گەورە بە پیلانی پەهلەوی یەکەم لەبەر سەکۆی دانوستاندا تیرۆر و شەهیدیان کرد.




پێشەوا "سەرۆک کۆماری کوردستان" بە بەڵێنی بە ئاشتی و بە ئازادی و پێکەوە ژیان، بە فەرمانی شای دووهەمی پەهلەوی لە تاران لە هۆڵی وتووێژ و لێدوان، بە مەبەستی تیرۆر و تۆقاندنی گەلەکەمان شەهید کران.

تیرۆری بێ پسانەوەی حکوومەتی لە ئێران قەت هەوداکانی بە دارزانی رێژیمەکانی نەپساند. ئەوە تەنیا میراتێکی لە مێژینە بوو کە پشتاوپشت بۆیان هەرمان کە رێژیمەکانی پاشایەتیش یەک لە دوای یەک رووخان، کەمەندی تەدبیر و لە تایەفولحیبەڵ هەر مان و کۆماری ئیسلامی ئێران کردییە پیشەی دەوڵەتەکانی و لە گیانی خەڵکی کوردستان و ئازادی خوازانی ئێرانی بەردان. لە سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن دا ئامانجیان سەری سەرکردەکانی بزووتنەوە و گیانی رێبەرانمان بوو .

شەهیدی رێبەر، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆنەی شەهید کرانی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو-ی مەزن دا فەرمووی:" بە درێژایی مێژوو، دوژمنانی گەلی کورد، دوژمنانی ئێمە، تاکتیکیان ئەوە بووە، نەقشەیان ئەوە بووە کە سەری ئێمە لێ بدەن، و ئەو جارەش بەداخەوە ئەوەیان کرد. ئارەزوو و هیوای وان هەمیشە ئەوە بووە کە سەرمان نەما، بەدەن ئیدی حەرەکەتی نامێنێ. ئێستاش هەر ئەو ئومەدەیان هەیە، بەڵام تەواوی رەنج و زەحمەت و تێکۆشانی دوکتور قاسملووی نەمر ئەوە بوو کە ئێمە وا بار بێنێ لە پێشدا هاورێیانی حیزبی




کە لەسەر پێی خۆمان بین، موتتەکی بە نەفسی خۆمان بین، موستەقیل بین، چاومان هەڵبرین و لە یەک نەفەر نەبێ، تەواوی هیوا و هومێد و ئارەزووی ئەوە بوو کە ژیانیشی لەسەر ئەو رێگایە دانا، کە میللەتی کورد بگاتە ئەو قۆناغەی کە کامڵ بێ، چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بگرێ".

کادری رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاورێی شەهیدمان کاک عەبدوڵای قادری ئازەر کە لە پەنا و وێرایی رێبەری

مەزنی حیزب و گەلەکەمان لە لایەن تیرۆریستانی تیرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرا ، لەسەر مێزی وتووێژ و لە پێناو ئاشتی و ئازادی دا گیانی بەخشی.

بەهاری ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی عەبدوڵا لە شاری نەغەدە و بۆ رووباری گادەری دەروانی. گادەر لەفکەی دەستماڵە زێوینەکەی کوێستانەکانی داڵانپەڕ و بۆزی سینا لە تەشک و داوێنی مەزرای شنۆیە دەهاڵا و لوول دەبۆوە دەشتەکەی سندووس، بە بەر ماڵی عەوڵادا خۆی با دەدا. دەیدیت کە سەرێکی لەبەر سینگەی حەسنلوو دەسوێ و شۆڕ دەبێتەوە دوورگە سەنگی و لە گردە قیت بووبەمیندەوە بەرەو داوێنی کێوی گەنمان دەخشێتە بن هێلانەی مەلە باڵ سوێرەکانی تالاو و عەبدوڵا خەیالی دەکردە بازێک و بەسەر پەلکەزێرینەدا دەفڕییە دەشت و لێلاوت و گرد و کۆی باوەشی و لە تەپکی قەلات و سەرئالان و سوڵتان یاقووبی دەڕوانی.
لە حەوت کانیانەوە پیر ناسر و باڵخچی، داشان قەلا و مەهدی خان، مەخاکوو و فەرەنگی لە ئامێزی نیگای دەگرت. کە گەورە بوو گەلێک بە خۆی دەنازی کە چاوی بە چۆمی گادەر دەشوا و بە گەنمی سندووس و ڕێواسی سەر شاخان گەیوەتێ و سەری بە کۆچکەی ئاسمانەوە ناوە.

عەبدوڵا لە نەگەدە چووە مەدرەسە، پۆلە سەرەتاییەکانی هەر لەوێ خوێند و ناوەندیشی تێپەڕاند. ئەو زەحمەتی بنەماڵەکەی کردە ئەمەگی خۆ پێ گەیاندن. پاش خوێندنی سێهەمی ناوەندی چووە دەبیرستانی سەنعەتی لە ورمێ و لە ماوەی سێ ساڵ دا دیپلۆمی وەر گرت. لە باتی ئیجباری کرایە سوپای دانش و ئەرکی مامۆستایی کەوتە سەرشان لە ئەلەمووتی قەزوین، پاش دوو ساڵان گەڕایەوە نەغەدە. کاک عەبدوڵا دوو ساڵیش لە نەغەدە مامۆستا بوو. ئۆگرییەکی زۆری بە هونەر هەبوو، هەر بۆیە بۆ خوێندن چووە دانیشسەرای هونەر لە تاران و فەوقە دیپلۆمی هونەری لەوێ وەرگرت و بە سەرکەوتنەوە گەڕایەوە نەغەدەی زێدی و لەوێ بوو بە مامۆستای دەبیسرتانەکانی شاری نەغەدە.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرنامە و پەیڕەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاتە یاسایی خەباتی دوارۆژی و دەبێتە ئەندامی حیزب و لە ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرا لە لایەن حیزبەوە کاک عەبدوڵا دەبێتە ئەندامی کومیتەی شارەستانی نەغەدە و هەموو توانا و کاتی بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجی حیزبەکەی تەرخان دەکا.

کاک عەبدوڵا کادرێکی ڕووناکبیر، تێکۆشەر و ماندوو نەناسی حیزبەکەی بوو. لە ماوەی خەبات و تێکۆشانی دا زۆر ئەرکی گرینگی گرتە ئەستۆ و بە لێوەشاویی بەڕێوەی بردن. ئەخلاق و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەی کاک عەبدوڵا سەر مەشقی هاورێکانی بوو. ئەندامی کومیتەی شارەستانی نەغەدە بوو، پاشان لە بەشی تدارەکاتی هێزی پێشمەرگەدا تێکۆشا، لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ئەرکی گرتە ئەستۆ، لە کموسیۆنی ماڵی حیزب کاری کرد و کرایە بەرپرسی کومیتەی شارستانی نەغەدە. کاک عەبدوڵا کادرێکی خوێندەواری خاوەن هەڵوێست و لێکدانەوە بوو کە جێگەی هیوا و هومێدی حیزبەکەی بوو. لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب دا پاش ئەوەی متمانەی هاورێکانی بۆ نوێنەرایەتی کۆنگرە وەرگرتبوو، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا. لە


دابەش کردن و ئەرک و پێ ئەسپێردراوەکانی حیزب دا کاک عەبدوڵا لە بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب ئەرکی بۆ دیاری کرا و دواتر وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات دیاری کرا و لە دەفتەری پاریسی حیزب دەستی بە تێکۆشان کرد. کاک عەبدوڵا لەو ماوەیەدا کە ئەرکی نوێنەرایەتی حیزبی لە پاریس بە ئەستۆوە بوو، لە ژێر رێنوێنی رێبەری شەهید دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و هاورێکانی دیکەی دا توانی خزمەتی گەورە بە بەرەو پێش چوونی پیوەندییەکانی حیزبەکەی لەگەڵ حیزب و لایەن و کەسایەتی و نوێنەرانی وڵاتان و دەوڵەتەکاندا بکات. ئەو رۆژ لەگەڵ رۆژ بەرەو پێش دەچوو ،ببوە روخسارێکی ناسراوی حیزب و بزووتنەوەکەی لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکاندا. مخابن تیرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە پیلانێکی دزێودا لە ژێر پەردەی وتوویژ بۆ ئاشتی و ئازادی دا دەستیان بە خوێنی ئەو و مامۆستاکەی کە لە کوردستانەوە بە هیوای وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی کە جگە لە ئازادی، لە ئاشتی، لە ئاوەدانی و پێکەوە ژیانی هێمنانە نەبوو، سوور کرد و ئاواتەکانیان ئاوێتەی خوێنی گەشیان بوون بەرەنگی سەرەوەی ئالای کوردستان و ساڵەهایە بە بەرچاومانەوە دەشەکێتەوە.

پووشپەری زامی زەمەندەی پڕ لە گوڵ
چەندە بەو زامەت دڵم هاتۆتە کوڵ
جەرگی کورد سووتا بە گوللەی زوڵمەوە
هات و دەریای خەم رژایە دڵمەوە
رێبەرم، تاجی سەرەم ، ئوستوورەکەم
پەیکی ئازادی گەلم، دوکتورەکەم
تاکوو خوێنی گەل لە سەنگەر هەڵ نەچێ
کەی خەبات و شۆرشی بۆ پێش دەچێ
سەنگەرت تەنیا قەڵەم بوو بۆ دژان
هێڵی سوورت نایە بەر دەم خوێن مژان
کورد و جوغرافی و خەباتی هەر یەکە
چارەنووس و دەسەڵاتی هەر یەکە
ئێمە شانازی بە بیر و راِت دەکەین
گیان فیدای رێبازی دێموکرات دەکەین
پێت دەبەخشین تامی دونیای پێکەنین
فێر دەبووین مانای ژیانی پڕ ئەوین
باوەڕ و ئیمان بە رێ و رێبازەکەت
هەر لە رێدایە گەلە بێ نازەکەت
تۆ لە لووتکەی گەورەیی دا بووی کە بوویی
وەک شەهیدێک گەورەتر ببووی کاتێک چوویی

خۆ فیدا کردن لە ڕێی گەل پێگەیین
گەورەییتە ، گەورەییتە باش تێگەیین
تۆ لە ئاشتی و خۆشەویستیدا تەژی
تۆ لە ناو ڕۆحی هەموو کوردێک دەژی
دوژمنان داویان لە ڕێت دانایەوە
کورسی ڕاوێژیان لەبەر پێت نایەوە
هەست بە گەل دۆستی وەهای ساد کردبوویی
زوو لە بیرمان چوو ، ئەوەی سا کردبوویی
ئەو خەبات و ڕێیە، ڕێگای قازییە
مردنی ڕێی ویستی گەل شانازییە
تۆش قوتابی ئەو کەسە مەزنانە بوویی
بۆیە بۆ ئازادی گەل مەستانە چوویی
پووشپەری مەینەت وەکوو تۆقی بەڵا
دایرنی خونچە و چڕۆ و پەلک و گەڵا
پەیکەری پێغەمبەری ئاشتی وڵات
ناوی پیرۆزی شەهید بوو خەلات
کۆتری ئاشتی بە چەک پەڕ پەڕ کرا
بەرگی کوردستان هەموو ڕەش هەڵگەرا
مەرگی قاسملوو ئەرووپای گرتەوە
ناوی کورد و ئاشتی واتای گرتەوە
ناوی پیرۆزی لە دونیا دەر کەوت
بەم شەهید بوونە لە بەرزی سەرکەوت
دوژمنانی کورد بزانن ، ڕێبەرم
ئێسە ئالایەک براوە بۆ بەرم
بێت بە مزگێنی لە سایەی گۆڕەکەت
تیشکە، ئەنگاوتوویەتی پاپۆڕەکەت
موژدە ئالامان لە دونیا هەڵکرا
دەنگی حیزبی تۆ لە دونیا بیسترا

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی: ٦ی جووڵای ٢٠١٤

# له نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟




## قادر وریا

له ٢٢ی پووشپەڕی داهاتوو دا(کەمتر له مانگێکی دیکه) ٢٥ سال بە سەر تیرۆری د.قاسملووو هاوڕێیانی بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رادەبرێ. ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە د.محەممەد سەدیق کەبوودوەند چەند ساڵ لەمەوبەر له پەیامێکی تایبەت دا له بەندیخانەی ئێوینەوە،بە ڕۆژی دژایەتی له گەڵ تیرۆری دەوڵەتی ناودێری کرد.

له نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠ی هەتاوییەوە، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە هیندێک شار و ناوچەکان، بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، لەم ڕۆژە دا بیزاریی خۆیان له تیرۆری دەوڵەتی و وەفای خۆیان بۆ ئەم ڕێبەرە شەهیدە پێشان دەدا. بەڵام دامو دەزگای سەرکوتی ڕێژیم،بە کەلکوەرگرتن له هەڕەشەو سزای جۆراوجۆر، سال بە ساڵ توندتر بەرەوڕووی ئەو خەڵکە دەبوونەوە کە بەشداری ئەو مانگرتنە گشتیە دەبوون‌و تێچووی ئەم جۆرە نارەزایەتیدەربڕینەیان جاربەجار پتر دەبردە سەر. ساڵانی دواتریش ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە شەهیدەو بیزاری دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی لە رۆژی تێرۆری ئەو ڕیبەرە کوردە دا،بە شیوەی دیکە دریژەی هەبووە. بەڵام ئاشکرایە شوێنەواری زاڵبوونی سەرکوت‌وکەشوهەوای ئەمنییەتیی ئێرانی پێوە دیار بووە.

ئەم یادە(تیرۆری د.قاسملوو) هەر تەنیا هی دیموکراتەکان نییەو خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی ئەندامان و لایەنگران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات هۆگرو لایەنگری ڕێگاو ئامانجەکان وکەسایەتیی ئەو ڕێبەرە گەورەیەن‌و هەر لەو کاتە دا،دەیانەوێ لە دەرفەتی گونجاودا کارنامەی تیرۆریستی‌و سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. هەروەها ئەم ڕۆژەو ئەم یادە لە مێژ ساڵە تیکەڵ بە جۆرێک له نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆیە جێی خۆیەتی له بازنەیەکی گەورەتردا قسە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ساڵانەی ئەم یادە بکرێ ولە بەر ڕووناکایی ئەزموون و ئیدەی جۆراوجۆر،کردەییترین‌و گونجاوترین پێشنیارەکان


بۆ چۆنیەتیی بەڕیوەبردنی یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو ئامادە بکرێ.

شاراوە نییە کە باسکردن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم یادە، باری ئەمنیەتیشی هەیە کە بێگومان،ڕەچاوکردنی پێویستە. بەلام هەر لەو کاتەدا، هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکانی ڕابردوو، لێکدانەوەی دروستی باروڎۆخی نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر تاکتیکەکانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی کەموکوڕییەکانی رابردوو وخستنەرووی ئیدەی داهینەرانەش بەشێکن لە پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی ئەم یادە.

لەم ڕوانگەیەوە،هاوفکری لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەم یادە دەدەن، بە پێویست دەزانم. ورووژاندنی ئەم باسەو هینانەگۆڕی ئەم پرسیارەی سەرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، یارمەتیمان دەدا کارێک کە پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە هەیە، نەک لە بازنەیەکی بچووک،بەلکوولەبەر ڕووناکایی باس وبیروراگۆڕینەوەیەکی خەسارناسانە وداهێنەرانە دا، بڕیاری لە سەر بدرێ. بەو هیوایەی بە هاوفکری و هاوبەشیی دلسۆزانەی هەموو ئەو کەسانەی ئەم یادە لای ئەوان،گرنگی و جێگایەکی تایبەتی هەیە، ئەمساڵ بە شێوەیەکی دیارتر،بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ لە نێوخۆی ولات دا بەڕێوە ببەین.

جێگای وەبیرهێناوەیە کەسانێک کە پێشنیار و ئیدەیەکی تایبەتیان هەیە و بە هۆی ئەمنیەتی نایانهەوێ لە شوێنی گشتی دا باسی بکەن، دەتوانن بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنەکان و راگەیەنەکانی حیزبی دیموکراتی بنێرن تا بە تێبینییەوە باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لە سەر بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤



## مانگرتنێکی جیاواز! (لە پەراوێزی بانگەوازەکەی ئەمساڵی حدک بۆ ٢٢ی پووشپەڕ)



ناسر باباخانی

نافەرمانی مەدەنی بریتییە لە دەنگ هەڵبڕین و مانگرتنێکی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەبێ توندوتیژی لەهەمبەر سیاسەت و یاساکانی ئەم دەسەڵاتەدا. ڕەنگە دیارترین سیمای بیردۆزی نافەرمانی مەدەنی "جین شارپ" بێ کە تێزە بنەڕەتییەکەی بریتییە لەمە کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵیی خەڵک وەردەگرن و شارۆمەندانی ئەم وڵاتە دەتوانن بە خۆ قوتار کردن و دەرباز بوون لەم گوێ لە مست بوونە ببنە هۆی ڕووخانی حکوومەت یان لانیکەم ئاڵوگۆڕی جیددیی تێدا ساز بکەن. ئەو پێی وایە لەسەر بنەمای خۆبواردن لە توندوتیژی بە ڕەچاو کردنی هەندێ میکانیزمی تایبەتی دەکرێ خەباتی خەڵک سەرکەوێ. دیارە خۆی کوتەنی ئەمە شەڕی نەرم نییە، هەرچەند لە هەندێ ڕوووەوە وێکچوونێکی زاتی هەیە لەگەڵ بیردۆزییەکەی جۆزێف نای واتە هێزی هۆشمەند (smart power) کە تێکەڵاوێکە لە هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) کە بۆ حکوومەتی ئەمریکا پێشنیار کرابوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکتاتۆری بەتایبەتی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەڵام جیاوازییەکە لەمەدایە کە بەردەنگی جین شارپ خەڵکی ئەم وڵاتانەن کە لە ژێر زەخت و گوشاری دیکتاتۆرەکاندا دەناڵێنن.

***

بێگومان دیارە کەم نین ئەم ڕۆژانەی کە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا دەدرەوشێنەوە و کوردیش وەک میراتێکی بەنرخ هەتا هەنووکە پاراستوونی. بەڵام جیاوازی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لەگەڵ ڕۆژەکانی تردا لەمەدایە کە ئەم ڕۆژە بۆتە سیمبولێک بۆ نافەرمانی مەدەنی لە کوردستان و لە هەمان کاتیشدا یەکڕێزی و یەکدەنگی خەڵکی کوردستان لەهەمبەر ئیدانەی تیرۆریزمی دەوڵەتی. هەر بۆیە

***حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گەلاڵەی تایبەتی هەیە بۆ ئەم رۆژە و بە هەموو شێوەکانی هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) بەرەنگاری ئەم ڕۆژە دەبێتەوە!***

***

***بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو. یەکەم داواکاریی ئەم حیزبە لە بانگەوازەکەیدا بەم شێوەیە: خەڵکی شار و گوند لە چەند ڕۆژ پێشترەوە پێداویستییەکانی خۆیان لە بازاڕ دابین بکەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، دانیشتووانی شار لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە و ڕوو لە بازاڕ نەکەن و خەڵکی دێهاتیش لە چوون بۆ شار خۆ بپارێزن. دیارە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام حیزبی دیموکرات داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووە کە بە بۆنەی ئەم ڕۆژە بێزاری خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی بەشێوەی مانگرتنی گشتی وەک داخستنی دووکان و بازاڕ، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ چەند خولەک، دەبەر کردنی جلەبەرگی کوردی و... دەرببڕن و خەڵکیش بەوپەڕی توانایان بەرەوپیری ئەم بانگەوازانە چوون و کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ئاستی ناوچەییدا هەبوو. ئەم مانگرتنە وەک نافەرمانییەکی مەدەنی زۆر جاران هەزینەیەکی زۆری سیاسی بە سەر دەسەڵات دا سەپاندووە، بەڵام دیارە دەسەڵاتیش لەهەمبەر ئەم کردەوە مەدەنییەی خەڵک دژکردەوەی لە خۆی نواندوە بۆ پێشگیری لەم دەنگ هەڵبڕینە هێمنانایە، بۆیە دەستی دە کرد بە بانگ کردن و هەڕەشە و تۆقاندن و دەسبەسەر کردنی خەڵک بۆ ئەوەی هەزینەی ئەم نافەرمانییە ئەوەندە بەرز کاتەوە کە خەڵک واز لە مانگرتن بێنن. هەر بۆیە بە تایبەتی لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا دەسەڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو و توندی ئەمنییەتی لەگەڵ سەرجەم ئەم کەسانە هەڵسوکەوتی کرد کە دەوریان هەبووە لە داخستنی دووکان و بازاڕدا و خۆیان و بنەماڵەکانیانی تووشی ئەزیەت و ئازار کرد. کە دەڵێم بانگەوازی ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو دەگەڕێتەوە سەر واقیعبینیی دەقی بانگەوازەکە کە بەرپرسانە سەرەتا ئاسایش و کێشە و گرفت ساز نەبوونی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەچاو کردووە و دواجار بە پێی هەلومەرجی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم شێوە نافەرمانییە مەدەنییەی وەک گونجاوترین ڕێکار بۆ دەربڕینی ڕق و بێزاری لە تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردوە، چونکە لە هەمان کاتدا کە هەزینەیەکی زۆر لە باری سیاسییەوە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵات لە هەمان کاتیشدا کەمترین گرفت بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ساز دەکا. بێتوو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردی، میدیا، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، نووسەران و ڕۆشنبیرانی ناوخۆ لە سەر ئەم داواکارییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان مانۆڕێکی گشتگیر بدەن لەم ماوەی ئەم یەک هەفتەیەدا، هەروەها خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لە ماڵ نەیەنەدەر، بێگومان دەبێتە خاڵ گۆڕانێکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەمان. ئەم مانگرتنە گشتییە (مانەوە لە ماڵەکانماندا) لانیکەم لە ئێستادا دەکرێ وەک ئیستراتیژییەکی مەزن سەیر بکرێ کە دەکرێ وەک گونجاوترین میتۆد بۆ نافەرمانی مەدەنی نەک تەنیا بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ بەڵکوو بۆ هەر چەشنە دەنگ هەڵبڕینێک لە کوردستان کەلکی لێوەرگیرێ.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠١٤***

# کۆماری ئیسلامی چۆن بەرەوڕووی ٢٢ی پووشپەڕبۆوە؟!




(ڕاپۆرتێک لە هەنگاوە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەروو بوونەوە لە گەڵ چالاکییەکانی پیوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕەوە)

دامودەزگا ئیتلاعاتیو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە ئاگاداری لەو ڕاستییە کە خەڵکی کوردستان، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆری د.قاسملوو بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر کۆماری ئیسلامیو نوێکردنەوەی وەفاداری لە گەڵ ئەو ڕێبەرە سەهیدە بەکار دێنن، هەموو ساڵی بە ئامادە کاریی نوێوە بەرەو ئەو ڕۆژە دەچن.

ئەمساڵ بەو هۆیەوە کە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بووو حیزبی دیموکراتی کوردستانو تەلەڤیزیۆنی کوردکانالیش زووتر لە ساڵانی پێشوو بەرەو ئەو یادەوە چوون، هەر وەها بە هۆی کۆمەڵێک ڕووداوو ئاڵوگۆڕ لە ئاستی ناوچە داو کاریگەرییان لەسەر هەستو بیرکردنەوەوهەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامییش بە هەستیاریی زیاترەوە خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی چالاکییەکانی پێوەندیدار بەو یادە ئامادە کرد. دەتوانین بەم جۆرە ئاماژە بە قاییمکاریو هەنگاوە ئەمنییەتییەکانی دامو دەزگا ئیتلاعاتیو سەرکوتکەراکانی ڕێژیم بکەین:

* لە ڕۆژانی پێش ٢٢ی پووشپەڕ، لە شارەکانی سەر بە پارێزگای ورمێ کۆبوونەوەی تایبەت لە ئیدارەی ئیتلاعاتی هەر شارێک بە بەشداریی بەرپرسانی ئیتلاعاتیو ئینتیزامیی ئەو شارەو بە ئامادەبوونی نوێنەری ئیتلاعاتی ئوستان لە بارەی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ٢٢ی پووشپەڕ پێک هات. پرسی سەرەکی لەو کۆبوونەوانە دا چۆنیەتیی پێشگیری لە داخستنی دوکانو بازاڕو کۆنترۆڵی وەزعەکە لەو ڕۆژە دابووە. بۆ وێنە لە مەهاباد ئەم کۆبوونەوەیە ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ بەڕێوە چوو و هەر لەوێش سەرگورد کەرەمی سەرۆکی ئیدارەی ئەماکن ڕادەسپێردرێ بۆ کراوەڕاگرتنی دوکان و بازاڕ.

* بە پێی بڕیارو ڕێنوێنییەکانی ئەو کۆبوونەوانە، لەکاتژمێر ١١ی شەوی ٢١ی پووشپەڕەوە هەتا کاتژمێر ١٢ی شەوی ٢٣ی پووشپەڕ،

هێزی ئینتیزامی، سوپاو ئیتلاعات لە ئامادەباشدا بوون. لە مەهاباد شەوی ٢١ی پووشپەڕ، ١٦ ماشێنی ئیدارەی ئیتلاعات و سپاو هێزی ئینتیزامی هەتا بەیانی لە سەقامەکان و دەوروبەر خەریکی گەڕان و چاوەدێریی جموجۆڵەکان بوون.

* لە ڕۆژانی پێشترەوە بە تایبەتی ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ لە ڕێگای ئیدارەی بەرقەوە بە ژووری ئەسنافی شارەکان ڕاگەیەندرابوو کە هەر دوکاندارێک دوکانەکەی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ دابخا، لە گەڵ بڕینی بەرق بۆ ماوەیەکی نادیار بەرەوڕوو دەبێ. جگە لەمە لە ڕێگای دیکەشەوە ئیتلاعات و دامودەزگا سەرکوتکەرەکان هەڕەشەیان کردبوو کە دوکان داخستن جەریمەی قورسی ماڵیی بەدواوە دەبێ.

* هێزە ئینتیزامیەکانی هەر شارێک ڕاسپێردرابوون شەوانی شەممەو یەکشەمە ٢١ و ٢٢ی پووشپەڕ، لە کاتژمێر ا‌ی شەوەوە دوکانەکان دابخەن (بۆ ئەوەی کەسانێک بە بیانووی کار لەو دوکانانە و هاتوچۆ بۆ ئەوان، نەتوانن کاری تەبلیغی وسازماندەهیی مانگرتن بکەن).

* هاتوچۆ بۆ هێندێک شارەکان لە حەوتوویەک بەر لە ٢٢ی پووشپەڕەوە بە شیوەیەکی توندتر کۆنتڕۆڵ کراوە. شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، نەغەدە، ورمێ، مەهابادو بۆکان لە پارێزگەی ورمێ لەو شارانە بوون. لە پارێزگەی کوردستانیش هێندێک شار بۆ وێنە سەقز، بانە، مەریوان، کامیاران و سنە کۆنترۆلی وروودیی شارەکان زیاتر ببوو.

* لە گوندەکان، بەسیجییە چالاکەکان راسپێردرابوون بۆ کۆنترۆلی جموجۆلە تەبلیغی و ئێعترازییەکانی وەک دروشم نووسین، بلاوکردنەوەی تراکت و هەڵکردنی ئالای کوردستان. ئەو بەسیجییانە گەشتو گەڕانی شەوانەی لاوەکانیان خستبووە ژێر چاوەدێری و ڕاپۆرتی جموجۆلەکانیان دەدایەوە ئیدارەکانی بەسیج و ئیتلاعاتی ناوچەی خۆیان.

* تەلەفۆنەکانی ئێرانسێل لە ماوەی ٢٤ سەعاتی شەو و ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بە شێوەیەکی ناوبەناو دەپچران، پچرانەکە بە ئەنقەست و لە ناوەندی پارێزگاوە هیدایەت دەکران. جگە لەمەش خەتی ئەنترنێت لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی پووشپەڕ، هەم خێرایی کەم ببووە هەم لە گەل گرفتی دیکەی بەرەوڕوو بوو.

* لەهەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی لە هینێ شاری وەک کرماشان، پاوەو سنە لە چەند ڕۆژ پێش ٢٢ی پووشپەڕەوە کاناڵە تەلەڤیزیۆنییە کوردییەکان بە تایبەتی کوردکاناڵ، پارازیتیان دەخرایە سەر. کورد کاناڵ لە هێندێک شار و ناوچەی پارێزگەی ورمێ، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، چەند جار لە گەڵ پچرانی دەنگ و تەسویر بەرەوڕوو بوو.

* لە شاری مەهاباد و لە هێندێک شار و ناوچەی دیکەش هەم شەوی ٢١ی پووشپەڕ، هەم ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، بەرقی سەراسەری چەند جار قەتع کرا. دیار بوو ئەمە بۆ ئەوەیە چراکوژاندنەوەی گشتیی خەڵک لە کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ی پووشپەڕ، وەک کێشە و گرفتی تیکنیکیی ئیدارەی بەرق پێشان بدرێ.


* وێڕای ئەو هەنگاوە ئەمنییەتی و پۆلیسیانەش، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ژمارەی هێزە ئینتیزامییەکان و بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتو سوپا بە تایبەت لیباس سەخسییەکان لە زۆربەی شاروشارۆچکەکان زیاد کرابووو بە هاتوچۆو حاڵەتی هەڕەشە دەیانەویست خەڵک چاوترسێن بکەن.

سەرەڕای هەمووی ئەمانە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ٢٥ ساڵەی کارەساتی ڤییەن دا، لە بەشی زۆری شارو ناوچەکان بە کاری تەبلیغی،بایکۆتکردنی شەقام و بازاڕ، داخستنی دوکان، لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی، چوون بۆ سەردانی بنەماڵەی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان،کورتەنامەناردن بۆ یەکتر،و زۆر شێوەی ئیبتیکاریی دیکە، بیزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی، دووپات کردەوەو وەفاداریی خۆیان بە ڕێگا و ئامانجەکانی د.قاسملووی شەهید دووپات کردەوە. هەر بۆیە هەڵوێستی بوێرانە و ئەمەگناسانەیان جێگای سوپاس و پیزانینە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی
حیزبی دیموکراتی کوردستان

٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٤



# میراتی قاسملوو



ئیدریس ئەحمەدی

شوێندانانی ڕێبەرێک لە کاتی ڕێبەریکردنیدا و دواتر لە میراتی سیاسییدا دەردەکەوێ. قاسملوو هەم لە کاتی حەیاتیدا و هەم پاش مەرگی، بە شێوەیەکی بەرچاو باندۆری لەسەر نەتەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان داناوە و میراتێکی دەوڵەمەندی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

بە مانایەک، دەرککردنی میراتی ڕێبەرێک ساناترە تاکوو باسکردنی شوێندانانی لە کاتی حەیاتیدا. هێگل دەڵێ، " کاتێ تاریکایی دادێ، کوندەبووی مینێرڤا (کە هێمای زانینە لە میتۆلۆژیی ڕۆمیدا) باڵ دەگرێتەوە." ڕاستییەکان پاش وەپشتنانی قۆناغێکی مێژوویی ڕوونتر دەردەکەون.

د. قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی بەرهەمی دوو کولتوور بوو:" کولتووری ڕۆژهەڵات و کولتووری ڕۆژئاوا. پاش تەمەنی نۆزدە ساڵی، لە نێوان چەندین پانتایی جۆگرافی، کولتووری و سیاسیدا بەردەوام هاتوچۆی دەکرد. ئەگەر زۆر کەس دەرفەتی وەک ئەویان بۆ هەڵکەوێ، ڕەنگبێ بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانی شەخسیی خۆیان ئەو جۆرە هاتوچۆیانە بکەن. بەڵام قاسملوو بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەک بەردەوام لە سەفەرکردندا بوو.

دایکی مەسیحیی ئاسووری بوو و باوکی کوردی موسڵمان. هەر لە منداڵییەوە زمانی کوردی، ئازەری و فارسی لە ژیانیدا حوزووریان هەبوو. دواتر، پاش ئەوەی بۆ خوێندن ڕووی کردە ئورووپا، چەندین زمانی دیکە فێر بوو. ڤیتگێنشتیان دەڵێ، "سنووری زمانم بە واتای سنووری جیهانمە." سنووری زمان و سنووری جیهانی قاسملوو هەر لە منداڵییەوە لە خەڵکی دیکە بەرینتر بوو.

بە هۆی هەڵکەوتنی بەشێک لە کوردستان لە ئێراندا، قاسملوو لە سەرەتای ژیانیەوە لە گەڵ دوو کولتووری سیاسی ئاشنا دەبێ: "کولتووری سیاسیی کوردی و کولتووری سیاسیی فارسی". دواتر کە دەگاتە ئورووپا، لە گەڵ دوو کولتووری دیکە و دوو ئیدئۆلۆژی ئاشنا دەبێت: "کولتوور و ئیدئۆلۆژیی لیبراڵ دێموکراسیی ڕۆژئاوای ئورووپا و کولتوور و ئیدئۆلۆژیی سۆسیالیستیی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا. سنووری جیهانبینیی سیاسی و سنووری ئیدئۆلۆژیی قاسملوو هەر لە گەنجێتییەوە لە خەڵکی دیکە بەرینتر بوو.

قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: "بەرد لە شوێنی خۆیدا قورسە." بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لە سەفەرکردن و شوێنگۆڕیندابوو و سەرەڕای ئاشنابوونی لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییە زمانی، کولتووری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکانە، قاسملوو بە واتایەک هەرگیز کوردستانی بەجێ نەهێشت.

ژیان لە دوورخراوەییدا یان وا دەکا کەسانێک بۆ هەمیشە لە شوێنی خۆیان هەڵبکەندرێن و خۆیان ون کەن، یان ئەوەی لە ترسی جیاوازی لەگەڵ دەروروبەریان لە کولتووری خۆیاندا چەقبەستوو بمێننەوە. قاسملوو هیچکام لەمانەی نەکرد. چوونکە لە خۆی دڵنیا بوو، لەهەمبەر جیاوازیی کولتووری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیک سینگفراوان و کراوە بوو. دڵنیابوونی قاسملوو لە تایبەتمەندیی شەخسیی خۆی و کولتووری کوردەوارییەوە سەرچاوەی دەگرت. ڕەمزی سەرکەوتنیشی هەر لەوەدا بوو.

قاسملوو میراتگری حیزبێکی سیاسی بوو کە لە کاتی دامەزراندنیدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە کولتووری سیاسیی کوردەواریدا هاتبووە ئاراوە.

بەستێنی مێژوویی سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوو لە گەشەسەندنی کۆمەڵگای کوردەواری و هەلومەرجی لەباری نێودەوڵەتی. پرۆسەی شارنشینی و بە تایبەتی سەرهەڵدانی نوخبەیەکی مۆدێرن لە شاری مەهاباد، چەند ماکێکی ئەو بەستێنە بوو. ئەو نوخبەیە توانایی دامەزراندنی حیزبێکی مۆدێرنیان هەبوو. هاوکات توانیان کەڵک لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەرگرن بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و بنیاتنانی کولتوورێکی نوێی سیاسی لە کوردستاندا.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دواتر حکوومەتکردنی لە ماوەی یازدە مانگدا، پرۆسەیەک بوو کە بێ زێدەڕۆیی دەکرێ بە ڕێنێسانسێکی کولتووری و سیاسی لە قەڵەم بدرێت.

بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد، حیزبی دێموکرات توانی پارسەنگێک لە نێوان ناسیۆنالیزمی کورد، ئازادی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت. بە واتایەک، حیزبی دێموکرات توانی خۆی لە ئیدئۆلۆژیی باوی ئەودەم، دیکتاتۆرییەت لە ئێران و کۆمونیزمی یەکیەتیی سۆڤێت، دوور ڕابگرێت.

حیزبی دێموکرات هەر لەو کاتەوە تاکوو ئێستا لە بەرانبەر هیچ هێز و ڕەوتێکی ئیدئۆلۆژیکدا تەنازولی لە سەر مافی نەتەوایەتی،

ئازادی، دێموکراسی، بەرابەری و مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو نەکردووە.

لە دوو قۆناغدا، کاتێک کە حیزبی دێموکرات دەکەوێتە ژێر نفوزی حیزبی توده و دواتر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی عێراق، ڕیسکی ئەوە هەبوو کە حیزبی دێموکرات ناسنامەی خۆی لەدەست بدات. لە هەر دوو قۆناغدا، قاسملوو دەوری سەرەکیی هەبوو لە پاراستنی ناسنامە و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئەو حیزبەدا.

بە هۆی هێژمۆنی فیکری و سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، بەهاگەلێک وەک ئازادی، بەرابەری، دێموکراسی و یەکسانی، ناسنامەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێک دێنن. لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئێران لە ڕێفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩ دەنگیان دا بۆ کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد لە ئێران بە ڕێنوێنیی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو ئەو ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد.

گوتاری سیاسیی زاڵ لە ئێراندا کوردستان وەک هەرێمێکی "پەراوێزکەوتوو" لە بەرانبەر "ناوەند"دا پێناسە دەکا و هەر لەو پێوەندییەدا کوردستان وەک "دواکەوتوو" لە قەڵەم دەدا، بەڵام "ناوەندی" ئێران هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە تاکوو سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی بەدەست تایفەگەری، ستەمکاری و دیکتاتۆرییەتەوە گیرۆدە بووە. کوردستانی "پەراوێزکەوتوو" و "دواکەتوو" هەر لە کاتی کۆماری کوردستانەوە تاکوو ئیستا هەر کاتێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێ، شوێنێک بووە بۆ ئازادی و مەدەنییەت و تاقیکردنەوەی دێموکراسی. تەنانەت ئەو کاتەی حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداریی دەکرد، هەوڵی داوە شەڕ بە پێی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ بکات. بۆیە دوکتور قاسملوو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە پیشمەرگە نابێ دیلی شەڕ ئێعدام بکەن.

ئەو میراتە مۆدێرنەی کە لە کوردستان پارێزراوە، قاسملوو دەوری سەرەکیی هەبوو لە پاراستنیدا. زێدەڕۆیی نییە کە بڵێین ئەگەر قاسملوو پاش شۆڕشی ١٩٧٩ ڕێبەری کورد نەبایا، ئەستەم دەبوو ئەو میراتە سیاسییە ئەوا بپارێزرێت.

پاش لەنێوبردنی کۆماری کوردستان لە لایەن ئێرانەوە، ستەمکاریی ڕژیمی شاهەنشاهی ئەو میراتەی خستبووە مەترسییەوە. قاسملوو پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستانی عێراق و بەئەستۆگرتنی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، توانی ئەو میراتە لە گوتار و کرداری ئەو حیزبەدا بپارێزێت. هاوکات قاسملوو حیزبی دێموکراتی بووژاندەوە و ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی بەدامەزراوەیی کرد.

لە بەر ئەوەی کە سنووری جیهانبینیی سیاسی و سنووری ئیدئۆلۆژیی قاسملوو لە کەسانی دیکە بەرینتر بوو، ئەو ئەرکە قورس و چارەنووسسازانە هەر بە قاسملوو بەجێ دەگەیەندران.

قاسملوو لە مێژ ساڵە لە نێو گەلی کورد و حیزبی دێموکراتدا نەماوە. تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تەنیا تیرۆرکردنی ڕێبەرێکی کورد نەبووە، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ لەنێوبردنی نەتەوەیەک و ناسنامەی کولتووری و سیاسیی

ئەو نەتەوەیە. تیرۆرکردنی قاسملوو هەوڵێک بوو بۆ تیرۆرکردنی مەعنەویی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی ئەو میراتە دەوڵەمەندە کە قاسملوو سەرکەوتووانە پاراستبووی.

تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی کە پارێزەری میراتی قاسملوو بوو، هەوڵێکی دیکەی دزێو و ناجوامێرانەی ئێران بۆ سڕینەوەی میراتی قاسملوو بوو.

ڕاستە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پاش ئەو تیرۆرانە لاواز بووە، بەڵام میراتی قاسملوو دەوڵەمەند و زیندووە. ئەوڕۆ بە میلیۆنان کەس لە ڕێبواران و ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو لە کوردستاندا سنووری زمان و جیهانبینییان وەکوو سنووری زمان و جیهانبینیی قاسملوو بەرینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤



# کاک دوکتور



نووسین: ئەحمەد ڕەئفەت

وەرگێڕان: هیوا میرزایی

لە یەکەمین ساڵەکانی زانستگام لە ئیتالیا چاوم بە عەبدولڕەحمان قاسملوو کەوت. بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی کومۆنیستی ئیتالیا سەفەری بۆ ڕۆما کردبوو. سەرۆک کۆماری ئێستا، جیۆرجیۆ ناپۆلیتانۆ و جان کارلۆ پایێتتا، یەکێک لە بەرپرسانی پارتیزانەکان لە سەردەمی حکوومەتی مۆسوولینی کە دواتر بوو بە سیناتۆر، بەردەنگەکانی ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا بوون. ئەرکی وەرگێڕانی ئەم چاوپێکەوتنانە لە ئەستۆی یەکێک لە هاوڕێیانی کورد بوو، هەڵبەت تا ئەو کاتەی کە لە کاتی نان خواردنی شەو لە یەکێک لە ڕێستورانەکانی شاری ڕۆما، کە ئەو کات شوێنی گردبوونەوەی ئێرانییەکان بوو و گەورەترین کۆمپانیای ئابجۆسازیی ئیتالیا واتە پرۆنی تێدایە، لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. لە کاتی نان خواردندا کە دەرفەتێک بوو بۆ ئێمەی خوێندکار تاکوو لەگەڵیان ئاشنا بین و گوێ لە قسە و لێکدانەوەکانی لە مەڕ ئێران و ناوچە بگرین، باس لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینییە، دوکتور داوای لە من کە ئیتالیایی زمانی دایکیم بوو، کرد لە چاوپێکەوتنەکانی دواتریدا لەگەڵی بم. دوکتور قاسملوو دەیگوت، چوونکە من دوو فەرهەنگیم بە کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی ئێرانی لە ئەو بە باشی تێدەگەم و ئەو توانایییەم هەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی یان ئیتالیاییم، باشتر لەگەڵ بەردەنگەکاندا پێوەندی دروست بکەم و قسەکانی ئەو بگوازمەوە.

نازانم ئەم مەسەلەیە چەندە ڕاستە، بەڵام بێگومان دەتوانم بڵێم کە دوکتور قاسملوو لە وەرگێڕانی من و جۆری پێوەندییەک کە من لەگەڵ بەردەنگەکاندا دروستم دەکرد، ڕازی بوو. منیش شانازیم بەوە دەکرد کە وەرگێڕانی قسەکانی یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی ئیتالیام لە ئەستۆیە و پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێم کە زۆر کەس ئەو هەڵبژاردنەی دوکتور قاسملوویان پێ ناخۆش بوو، چوونکە من خوێندکارێکی لاو بووم و ئەزموونی سیاسیم زۆر کەم

بوو. لەو ساڵانەدا بۆ چەند جار دوکتور قاسملووم لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئیتالیا هاوڕێیەتی کرد و ئەمە دەرفەتێکی بێ وێنە بوو بۆ من کە لەگەڵ بۆچوون و کەسایەتیی ئەو کە بە بڕوای من تەنیا ڕێبەری گرینگترین حیزبی کوردستانی ئێران نەبوو، بەڵکوو یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسییە دەگمەنانە بوو کە دەیتوانی گۆڕانکاری لە ئێراندا دروست بکا، لە نزیکەوە ئاشنا بم و ئەمە پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێم کە ئەم چاوپێکەوتنانە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە گەشە و تێگەیشتنی سیاسی مندا.

لە کاک دوکتور، ناوێک کە من و بەشێک لە خوێندکارانی ئەو کات بۆ قسەکردن لەگەڵ قاسملوو کەڵکمان لێ وەردەگرت، چەند شت فێربووم کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەشی دانەبڕاوی باوەڕە سیاسییەکانی منە. یەکەم ئەوەی کە تەنیا ڕێزگرتنی بەرانبەری ئێتنیک و نەتەوەکانە کە دەتوانێ هەلی پێکەوەژیان بڕەخسێنێ و تا کاتێک هەر مرۆڤ، ئێتنیک یان نەتەوەیەک خۆی بە هەر هۆیەک لە سەرەوەتر بزانێت، ئەم پێکەوەژیانە بێگومان زۆرەملی و بە کەڵکوەرگرتن لە زۆری یەکێک بە سەر ئەوانی دیکەدا دەبێ. لە کاک دوکتور هەروەها فێر بووم کە لە وڵاتێک وەکوو ئێراندا کە لە ئێتنیک، نەتەوە، زمان و ئایینگەلی جۆراوجۆر پێک هاتووە، ناکرێ باس لە دێموکراسی و ئازادی بکەین، ئەگەر یەکێک لەم ئێتنیک و نەتەوانە یان زمان و ئایینانە بیانهەوێ خۆیان بە سەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن. لە بیرمان نەچێ کە لەو ساڵانەدا باسکردن لە ئازادی زۆر بوو، بەڵام لە کۆبوونەوە سیاسی و خوێندکارییەکانی چەپەکاندا کەسێک باسی لە دێموکراسی نەدەکرد و هێندێک تەنانەت دێموکراسییان بە دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان دەزانی. دوکتور قاسملوو هەرچەند بیرکردنەوەی سۆسیالیستیی هەبوو یان بە زمانی ئەمڕۆیی سۆسیال دێموکرات بوو، بەڵام سەرەڕای ئەمە بە تەواوی باوەڕی بە دێموکراسی لە هەر ئاستێکدا لە بنەماڵە و حیزبەوە بگرە تاکوو کۆمەڵگا و سیستمی وڵات هەبوو. ئەم باوەڕە تا ئەو ڕادەیە بوو کە هێندێک جار زۆریەک لە ئێمە لاوە چەپ و بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕەکان بە سەرنجدان بەوەی کە قاسملوو لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش نەبوو، بە بوورژوامان دەزانی. یەکێکی دیکە لەو وانانەی کە لە دوکتور قاسملوو فێر بووم، سەرنجدان بە پرسەکانی ناوچە و جیهان بوو. قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە لە سەدەی بیستەمدا هیچ نەتەوە و خەڵکێک ناتوانن خەمسارد بن و بە بێ سەرنجدان و بە لە بەرچاونەگرتنی ئەو شتانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان ڕوو دەدەن، بۆ داهاتوویان بەرنامە دابڕێژن. ئەمڕۆ ئەم بابەتە کە ناوی گلۆبالیزاسیۆن "بە جیهانی بوون"ی لێ نراوە، بە شتێکی نوێ نایەتە بەرچاو، بەڵام لەو سەردەمەدا بەم شێوەیە باسی لێ نەدەکرا. بە کورتی دەتوانم بڵێم، زۆریەک لە قسەکانی قاسملوو ئەو کات تەنانەت بۆ بەردەنگە ئورووپاییەکانیش لە ڕادە بەدەر مودێڕن و دووربینانە بوو، چ بگات بە ئێمە لاوانی وڵاتێکی لە حاڵی پەرەسەندندا وەک ئێران بە حکوومەتێکی نادێموکراتیکەوە. کاک دوکتور باوەڕێکی قووڵی بە پێویستیی هاوپێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هەبوو. دەیگووت ئێمە ئێرانییەکان چوونکە لە ژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەدا ژیان دەکەین، چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە کە نەتەوەکانی دیکە هاوسۆزیی خۆیان بۆ ئێمە دەر ببڕن، بەڵام کەمتر هەنگاو بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە هەڵدێنین. ئەمە ڕاستییەکە کە بەداخەوە ئەمڕۆکەش گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و هەر وایە. کەمتر ئێرانییەکان لەگەڵ سوورییەکان کە لە ناوچەی ئێمە ژیان دەکەن و یان بۆ نموونە لەگەڵ ڕواندا لە ئەفریقا هاوپێوەندی دەردەبڕن، لە حاڵێکدا کە ئەگەر ئەم یان ئەو وڵاتی ڕۆژئاوایی و ئاسیایی سەرنج نەداتە خەباتی ئێمە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا، تووشی هەڵچوون دەبین.

***کاک دوکتور نەک هەر کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە زانست و کۆمەڵناسی هەڵسەنگاندنی بۆ هەڵکەوتە سیاسییەکان دەکرد، بەڵکوو مامۆستایەکی هونەری ژیانیش بوو. ئامادە بوو گوێ لە گرفتە تاکەکەسییەکانی کەسانێک بگرێ کە شەویان لە بەرامبەر پەیکێک شەرابی سوور تێدەپەڕاند و وەک مامۆستایەکی هێدی ئەوانی ڕێنوێنی دەکرد. لە ماوەی نیو سەدە چالاکیی سیاسی و ڕۆژنامەوانیدا کەمتر ڕێبەرێکی سیاسیم دیتووە کە ئامادەیی ئەوەی هەبێ بە هێمنییەوە گوێ لە گرفتە تاکەکەسییەکان و شک و گومانەکانی لاوێک ڕابگرێ و وەکوو هاوڕێیەک ڕێنوینیی بکات. هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵ لاوان هەبوو کە هەموو جیاوازییە تەمەنییەکانی کاڵ دەکردەوە. ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لەو هەڵسوکەوتانەی کە من لە دوکتور قاسملوو فێر بووم و ئێستاشی لە گەڵدا بێ، هەوڵ دەدەم لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمدا پەیڕەویی لێ بکەم. نەبوونی دوکتور قاسملوو تەنیا خەسارێکی قەرەبووهەڵنەگری لە کوردەکانی ئێران نەدا، بەڵکوو لەو بڕوایەدام کە هەموو ئێرانییەکانی لە هەبوونی ڕێبەرێکی زانا، مافخواز و پراگماتیک بێبەش کرد. دوایین جار دوکتور قاسملووم پاش چەندین ساڵ لە پاریس و لە یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بینی. من ئیتر خوێندکار نەبووم و سەرقاڵی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بووم و بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتالیایی کارم دەکرد، وتووێژێکی سیاسیم هەر بۆ ئەم ڕۆژنامەیە ئەنجام دا و لە کاتی ماڵئاوایی، ماڵئاواییەک کە هیچکات لەو بڕوایەدا نەبووم کۆتایی دوایین چاوپێکەوتنم بێ لەگەڵ کاک دوکتور، پێی وتم هەوڵ بدە هەمیشە ڕاستییەکان هەر بەو شێوەیە کە دەیانبینی و بەو شێوەیە کە بیر دەکەیتەوە، بگوازیتەوە بۆ خوێنەرەکانت.***

***ڕۆحی شاد بێت.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤***






***کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی***

***گەلاوێژی ٢٠١٦ی کوردی - ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی***